

# دیوانی تەلانی

ئامادەکردن و توێژینەوەی

د. هاوژین صلیوه

شـــیعر

# دیوانی تەلانی

ئامادەکردن و توێژینەوە:


د. هاوژین صلیوە

ناوی کتێب:  دیوانی تەلانی
ئامادەکردن و توێژینەوە: د. هاوژین صلیوە
بابەت:  شیعر
خۆشنووسی بەرگ: نەوزاد محەمەد کۆیی
دیزاین و بەرگ: توانا ئەحمەد
فۆتۆی بەرگ: دەریا زرار
چاپخانە:
ساڵ: ٢٠٢٤
تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر، ژمارەی سپاردنی (٧٨٢) ی لە (١٢ / ٧ / ٢٠٢٣) پێدراوە.

لە بەرکی ( زیرەك کەمال ) چاپ کراوە

# پێڕست


بەندی یەکەم:........................................ ٨
پێشەکی........................................ ٩
ژیاننامەی تەلانی........................................ ٢٠
سەرنج و کورتە توێژینەوەیەك........................................ ٢٣
تەلانی لە دیدی ڕووناکبیراندا........................................ ٣٣
چەند وشەیەک بۆ کۆچی نامیق تەلانی شاعیر........................................ ٣٣
بایز مستەفا........................................ ٣٣
نامیق تەلانی بەهەژاری ژیا و بە هەژاری ........................................ ٣٥
کۆچی دوایی کرد........................................ ٣٥
دانا حاجی عەبدوڵلا........................................ ٣٥
وەفایەك بۆتەلانی........................................ ٣٦
زانا حوسێن........................................ ٣٦
یەك دوو وتە لەبارەی نامیق تەلانی........................................ ٣٧
دێدەوان یەعقوب........................................ ٣٧
نامیق تەلانی لە دیدی منەوە........................................ ٣٨
ڕۆکان گوریل شەعیا........................................ ٣٨
ئاشنایەتیم لەگەڵ تەلانی........................................ ٣٩
سارێژ ئەڤینی........................................ ٣٩
شاعیرێکی غەمگین وەك هەور ........................................ ٣٩
عیماد غەفووری ........................................ ٣٩
نامیق تەلانی، ئەو کۆترە قەلاشەی، خەمیش پێی
ماڵی نەکرا!........................................ ٤٢
فازیل شەورۆ ـ دوبلن........................................ ٤٢
مەرگ زەردەخەنەی سەر لێوی کوژاندەوە........................................ ٤٤
مەولود ژاکاو........................................ ٤٤
باربەرێك پڕ لەبەرائەت و هەست و سۆز ........................................ ٤٥
محەمەد دارياس........................................ ٤٥
بەندی دووەم ........................................ ٤٦
دیوانی تەلانی ........................................ ٤٦
**١-شیعری دڵداری**........................................ ٤٧
کە ئێوارە دێیتە سەر ڕێم........................................ ٤٨
سەفەری عەشق........................................ ٤٩
وڕێنەیەك........................................ ٥٠
زۆر دەترسم نەتبینمەوە ........................................ ٥١
ڕەشماڵی ئەگریجە ........................................ ٥٣
گریان........................................ ٥٤
ئێوارە........................................ ٥٥
بە دڵ لە گەڵتام ........................................ ٥٦
تاریکی شەو ........................................ ٥٧
سەفەری دووری ........................................ ٥٨
دەترسم نەتبینمەوە........................................ ٥٩
دڵمی داگیرکردووە........................................ ٥٩
بەجێت هێشتم ........................................ ٦٠
کۆتایی ئازارەکان ........................................ ٦١
میوان........................................ ٦٢
بادە و شەرابم ........................................ ٦٣
ناوێرم ... نا........................................ ٦٤
گوتم با دڵمان بگۆڕینەوە ........................................ ٦٤
داخی دڵ ........................................ ٦٥
چاوەڕوانی ........................................ ٦٨
ئەمشەو دێم ........................................ ٦٩
ئەمجارە بڕیارم داوە ........................................ ٧٠
عەشق و مناڵی ........................................ ٧١
خۆشەویستم ........................................ ٧٢
کە تۆ نایێی ........................................ ٧٣
دوو ماچ ........................................ ٧٤
بێ تۆ ناژیم ........................................ ٧٥
تۆی بێدەنگ ........................................ ٧٦
خەت و خاڵ ........................................ ٧٧
شیعرەکانم خەوتوون ........................................ ٧٨
بە من چی؟........................................ ٧٩
دڵی تینووم ........................................ ٨٠
عەشقێکی ون ........................................ ٨١
نیگا........................................ ٨١
پەشیمانی ........................................ ٨٢
بۆ کۆچ دەکەی ........................................ ٨٣

شەوێك ........................................ ٨٣
خۆم پێناساند ..................................... ٨٤
زامێکی بەسۆ..................................... ٨٥
هیچ .............................................. ٨٦
نەفامی............................................ ٨٧
کە دەتبینم ........................................ ٨٧
هەواڵی مەرگ...................................... ٨٨
من هاتووم........................................ ٨٩
هەڵخەڵەتاندن .................................... ٩٠
بیرمکە ........................................... ٩٠
سوێندم .......................................... ٩١
جوانی باڵات...................................... ٩٢
ئەو خەمەی عەشقەکەی کوشت .................. ٩٣
لێم ببوورە........................................ ٩٤
شاعیر و کچێ ................................... ٩٥
ئەو ئێوارەیە .................................... ٩٨
بوونم پابەندە بە عەشقی تۆ ..................... ٩٩
خەیاڵ............................................ ١٠٠
شیرینی شیعر لای عاشق ......................... ١٠١
ساردی یار لە زستانا............................. ١٠٢
عەشق باری ..................................... ١٠٣
ئاخ لە دەست تۆ ................................. ١٠٤
خەم و جەفا ..................................... ١٠٥
ڕووخساری یار.................................. ١٠٦
بێ عەشقی تۆ ناژیم ............................. ١٠٧
من و شیعر....................................... ١٠٨
جوانی وشەی لێو................................ ١٠٩
ڕاموسان......................................... ١١٠
یادەوەری........................................ ١١١
ڕووباری خەم.................................... ١١٢
دڵنەوایی گەنجێك............................... ١١٣
دەروونی......................................... ١١٤
هەموو ژیانم .................................... ١١٤
چاوەڕوانی تا پیربوون........................... ١١٥
ماچ .............................................. ١١٦
لێوی بێ ماچ..................................... ١١٧
گوڵی سوور...................................... ١١٨
دوور لە خۆشی ................................. ١١٩
شەرت و پەیمانت .............................. ١٢٠
ناحەزی گوڵ .................................... ١٢١
بۆ ئەهێڵی بەتەنیا بم؟............................ ١٢٢
شێت بوون بۆ کچێ ............................ ١٢٣
ڕووی کچێك .................................... ١٢٤
پەنجە............................................. ١٢٥
دڵ................................................. ١٢٥
مەمك ............................................. ١٢٦
لێوەکانت ......................................... ١٢٧
گەر بتەوێ ....................................... ١٢٨
ئەشێ ............................................. ١٢٨
تۆ.................................................. ١٢٩
تاوەباران.......................................... ١٣٠
ئەی دڵ............................................ ١٣١
نەمزانی........................................... ١٣٢
دڵ لەتاوی دووری ............................... ١٣٢
عەشقێکی هەڵە ................................... ١٣٣
کەشتی دڵم ....................................... ١٣٤
خۆشترین شت لەم ژینەدا........................ ١٣٥
چۆن پێت بڵێم.................................... ١٣٦
شەرت و پەیمانت................................. ١٣٧
ئاخۆ ئێستا........................................ ١٣٨
ژیان .............................................. ١٣٩
چەپکە گوڵی ئەویندار ی ......................... ١٤٠
ئەشێ.............................................. ١٤١
عەشقێکی هەڵە ................................... ١٤٢
سەفەری دوور ................................... ١٤٣
سزادان............................................ ١٤٤
دوور لە خۆشی.................................... ١٤٥
ئەمشەو دێم...................................... ١٤٦
چاوەڕوانی یار.................................... ١٤٧
گیانە دەوەرەوە................................... ١٤٨
نامەیەك بۆ....................................... ١٤٩
لە وەسفی جوانی کچێك......................... ١٥٠
شەوە نیوەشەوە ................................. ١٥١
نەمزانی........................................... ١٥١

دابڕان لە دوو ...... ١٥٢
شیرینەکەم ...... ١٥٣
ئەمشەو بەکوڵ دەگریم...... ١٥٤
دوو ماچ...... ١٥٥
هەناسەیەکی پڕ لە ئازار...... ١٥٦
کۆتایی ئازارەکان ...... ١٥٧
شەو ...... ١٥٨
باوەشی سپی تەنیا من بوم ...... ١٥٩
خیانەتە لە عەشق...... ١٦٠
تۆ!...... ١٦١
تەنیایی ...... ١٦٢
دابڕان ...... ١٦٣
وا ئەمجارەش جەژن هات ...... ١٦٤
خۆشەویستیت...... ١٦٤
تینووی ژووان ...... ١٦٥
لە چاو جوانیت ...... ١٦٦
ئاوڕێك و ئاوڕێك...... ١٦٧
ئەزیزم ...... ١٦٩
دابڕان ...... ١٧٠
نەمزانی...... ١٧١
شەو ...... ١٧٢
تەنیایی ...... ١٧٣
سەفەرمەکە ...... ١٧٤
خەیاڵی ویساڵ...... ١٧٥
گڕ و گەپ...... ١٧٦
قژی سپی ...... ١٧٧
تۆ شك دەبەم ...... ١٧٧
دڵی شکاو...... ١٧٨
سەیران ...... ١٧٩
نەورۆز...... ١٨٠
بێ دەنگی نهێنییەك ...... ١٨١
دەمی ماچم چرۆدەکا ...... ١٨٢
منت خۆش نەوێ ...... ١٨٥
وشەی لێو ...... ١٨٦
بەندیخانە...... ١٨٧
بێ گوناهم ...... ١٨٨
ئارام بژی ...... ١٨٩
قاوە...... ١٩٠
ترس...... ١٩١
پێم نەوتی...... ١٩١
ئەفسوس...... ١٩٢
بۆیە خۆشم ئەوێیت ...... ١٩٣
دووری گوڵ...... ١٩٤
حەزێکی تر ...... ١٩٥
زامێکی بەسۆ...... ١٩٦
خونچەیەکی نەپشکوتوو...... ١٩٧
بڕوام نەبوو ...... ١٩٨
گریانی بە کوڵ ...... ١٩٩
یادەکانی شاعیر...... ٢٠٠
مەمسووتێنە ...... ٢٠١
شەوێکی ڕەش...... ٢٠٢
میوەیەکی نادیار ...... ٢٠٣
گریان...... ٢٠٤
خەم ...... ٢٠٥
فرمێسك...... ٢٠٥
نەمدەزانی ...... ٢٠٦
تازە دوای چی...... ٢٠٧
نەهاتی بۆلام...... ٢٠٨
خۆشم ئەوێیت ...... ٢٠٩
چۆن لەبیرت کەم؟...... ٢١٠
چرای عەشق...... ٢١١
مەست بوون...... ٢١٢
ڕۆحێکی شێت ...... ٢١٣
دڵی حەزین...... ٢١٤
بێ وەفا...... ٢١٥
سوێندی عەشق...... ٢١٦
عەشق...... ٢١٦
ئەی تۆ نەتوت ...... ٢١٧
پێش تۆ...... ٢١٨
کچێ مەڕوانە...... ٢١٩
چیت بیستووە...... ٢٢٠
بێ بەختی ...... ٢٢٠
ناسینی عەشق...... ٢٢١
دڵی شکاو...... ٢٢١

مۆمی ئەوین..................................................٢٢٢
چیت بیستووە ..............................................٢٢٣
عەشقێکی پاك ...........................................٢٢٤
خیانەت لە عیشق.........................................٢٢٥
بەیانی ......................................................٢٢٦
وێنەی یار...................................................٢٢٧
نازی گوڵ....................................................٢٢٧
جوانی کچێ................................................٢٢٨
لێوەکانت ....................................................٢٢٨
ماڵێک لە دڵ...............................................٢٢٩
خەم .........................................................٢٣٠
دوا تەمەن..................................................٢٣١
پەنجە .......................................................٢٣٢
چ مانایەك.................................................٢٣٢
کەسی بێکەس............................................٢٣٣
یاد............................................................٢٣٣
عاشقی تووڕە..............................................٢٣٤
بگەڕێوە مەڕۆ...............................................٢٣٤
سۆز و وەفا..................................................٢٣٥
مناڵ بووم...................................................٢٣٦
بێ ناونیشان ...............................................٢٣٦
نازانم.........................................................٢٣٧
بارانی عەشق ...............................................٢٣٨
خۆزگەیەکی دوور.........................................٢٣٩
وەفا و هەستەکانم .......................................٢٤٠
ئەمشەو .....................................................٢٤٠
شەو ..........................................................٢٤١
ئاوازێکی دانەنراو .........................................٢٤٢
پاڕانەوە......................................................٢٤٣
تاڵێک پرچت................................................٢٤٤
دوا سەرنجت ...............................................٢٤٥
لە یادت ناکەم .............................................٢٤٥
ئەو کچەی دڵی دا پێم...................................٢٤٦
خەو ..........................................................٢٤٧
خەم عاشقە یان عاشق خەمە ........................٢٤٨
نامەی جودایی .............................................٢٤٨
ڕۆحی وشکم لەبەر بارانی غوربەتا ...................٢٤٩
دەمی ماچم چرۆ دەکا...................................٢٥٢
منت خۆشنەوێ..............................................٢٥٤
بۆ کۆچ دەکەی ..............................................٢٥٥
تەنیا من بووم...............................................٢٥٥
لەپاش چی؟...................................................٢٥٦
ناحەزی گوڵ ..................................................٢٥٧
عەشق و مناڵی................................................٢٥٨
گۆڕینەوەی ملوانکەیەک.....................................٢٥٩
چاوت جوانە ...................................................٢٦٠
مەرگی تۆ نا مەرگی خۆم....................................٢٦١
من و خۆم.......................................................٢٦٣
عەشق دڵداری دڵشکاوە.....................................٢٦٤
ژیانی عەشق.....................................................٢٦٥
تەنیا من بووم...................................................٢٦٥
دڵم تەنگە .......................................................٢٦٦
کەی دێیتەوە؟...................................................٢٦٧
ئاشتبوونەوە......................................................٢٦٨
ڕۆحی مانگ .....................................................٢٦٩
نیازم...............................................................٢٧٠
پیاچوونەوەی تەمەن.........................................٢٧١
پەشیمانی دادت نادات......................................٢٧٣
شەپۆل.............................................................٢٧٤
مەستی.............................................................٢٧٥
زیزبوون.............................................................٢٧٥
پێشنیار .............................................................٢٧٦
عەشقێکی هەڵە ..................................................٢٧٧
شەو لە خەیاڵی ڕۆژێکی نوێدا ..............................٢٧٨
بارینی خەم .......................................................٢٧٩
میوەیەکی نادیار .................................................٢٨٠
نامەی خۆشەویستی.............................................٢٨١
دابڕان ..............................................................٢٨٣
چۆن پێت بڵێم؟...................................................٢٨٤
چاوەڕوانییەک.....................................................٢٨٥
تارامیی کچێک ....................................................٢٨٦
خۆشەویستیت......................................................٢٨٧
پرسەی گەڵا.........................................................٢٨٨
هەناسەیەک..........................................................٢٨٩

ئێوارەیەکی ڕەنگ ئەرخەوانی........................ ٢٩٠
بۆ مەرگی نازدارێک........................ ٢٩٣
چاوەڕێم ........................ ٢٩٥
تۆ کۆچت کرد ........................ ٢٩٦
پەشیمان ئەبیتەوە ........................ ٢٩٧
چاوی ماچ ........................ ٢٩٨
دووری........................ ٢٩٩
زمانی دڵ........................ ٣٠٠
ناوێرم ........................ ٣٠١
شۆخ........................ ٣٠٢
هەڵوەرینی خەمەکان ........................ ٣٠٢
خیانەت لە عەشق ........................ ٣٠٣
خوێندنەوەیەک بۆ پڕبوون لە عەشق ........................ ٣٠٤
بێدەنگی نهێنییەک ........................ ٣٠٥
وەفای عەشق........................ ٣٠٦
کە دەهاتی........................ ٣٠٦
**٢-شـیعری کۆمەڵایەتی** ........................ ٣٠٧
کاری ئێستام ........................ ٣٠٨
پارە ........................ ٣٠٩
ماڵ و سامان........................ ٣١٠
گەلێك شیرن ........................ ٣١٠
کۆچی ناوادەی مامۆستا سەردار........................ ٣١١
ئاورێك و ئاورێك........................ ٣١٢
من حەماڵم........................ ٣١٣
هەتاو ........................ ٣١٤
عەشق سیمای ژیانە ........................ ٣١٥
ئەنفال ........................ ٣١٧
بەخت ڕەش ........................ ٣١٨
دایە گیان ........................ ٣١٩
هیچ ........................ ٣٢٠
دونیای بێوەفا ........................ ٣٢٠
کێ دڵی خۆشە بەم جەژنە؟........................ ٣٢١
باسی نەوت........................ ٣٢٢
پیاوێکی ڕیش سپی........................ ٣٢٤
دەستەڵات ........................ ٣٢٦
بۆ مەلیحەی هاوسەرم ........................ ٣٢٧
من حەماڵم ........................ ٣٢٨
بیرتان دەکەم........................ ٣٢٩
دیارییەک بۆ کاک نامیق تەلانی........................ ٣٣٠
**٣-تـەنـزە شـیعر** ........................ ٣٣٣
حەزم لە کۆشتە........................ ٣٣٤
مەدرەسە........................ ٣٣٥
لەپەناتا ........................ ٣٣٦
پیرزین ........................ ٣٣٨
شیعری تەعلیق ........................ ٣٣٩
کارەبا........................ ٣٤١
گفت و گۆی کچ و کوڕێك ........................ ٣٤٤
دۆلار ........................ ٣٤٦
**٤-شـیعری وەسفی سـروشت**........................ ٣٤٧
چنارۆك........................ ٣٤٨
شاری کۆیە ........................ ٣٥٠
**٥-شیعری نیشتمانی** ........................ ٣٥١
ڕابن........................ ٣٥٢
کاتێك........................ ٣٥٢
ئاگرە سوورە ........................ ٣٥٣
**٦-شـیعری ئایینی**........................ ٣٥٤
لە مجنوونم مەپرسن کە ........................ ٣٥٥
کە تۆ هاتی ........................ ٣٥٦
**٧-چوارینەکانی تەلانی**........................ ٣٥٨
ئەرشـیفە وێنــە........................ ٤٣٩

# بەندی یەکەم:

# پێشەکی

نامیق تەلانی کەسێکی بەهرەمەندی شاری کۆیە بوو، خەڵکی کۆیە زیاتر لەڕێی ئەو شیعرانەوە ناسیبوویان کە تەلانی بۆ ئەم و ئەوی دەوت و لە فەیسبووك بڵاودەکرانەوە و سنووری کۆیەشی دەبەزاند و گوێگرانی زۆر بوون. شیعرەکان لە سۆزێکی پاك هەڵدەقوڵان و بە زمانێکی پاراو و سادە دەخرانە ڕوو. ئەو زۆربەی شیعرەکانی خۆی لەبەربوو، هەر جارەی کە دەمبینی حەزی دەکرد شیعرێکی خۆیم بۆ بڵێ، زۆر جار تۆمارم دەکردن، چەند جارێکیش لە گۆڤاری کەکۆن بۆم بڵاو کردەوە. پەتای کۆڕۆنا زۆر کەسی ئازیز و زۆر هونەرمەند و شاعیر و نووسەری ڕاپێچی خاك کرد. تەلانی لە تەمەنی گەنجیدا بەو ڤایرۆسە گیانی سپارد.

کۆتایی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ بوو، چەند کتێبێکم بۆ هاوڕێی ئازیزم کاك سمکۆ محەمەد دانابوو، وارێککەوتبووین بیگەیێنمە (کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆیەی حزبی شیوعی کوردستان)، کاتێ کە چووم هاوڕێ ئومێد تۆفیق لەوێ بوو، پاش کەمێك دانیشتن، وتی: هاوڕێیەکمان کە ناوی شێرکۆ جاسم مستەفایە و دراوسێی نەعمان کەریم ڕەشیدەی برای نامیق تەلانییە، لەڕێی ئەوەوە هەفتەیەك دەبێ شیعرەکانی لە خێزانەکەی تەلانی وەرگرتووە، دایتیانە ئاراس خالید سابیر کە ئەویش داویەتییە سەنگەر عەباس سابیر بۆئەوەی تایپی بکات. ئەگەر بۆت دەگونجێ پێمان باشە شیعرەکانت دەخەینە بەردەست و ئامادەی بکە، منیش قبوڵم کرد، دوای ئەوەی دوو سجلی دەست نووسی شیعرەکانیان دامێ و لە هەمان کاتیش بەتایپکراویش بۆیان ناردم. سەرنجم دایێ و هەندێکم خوێندەوە، داوام کرد کە پێویستە ماڵی نامیق تەلانی ببینم و لە نزیکەوە خێزانەکەیی و براکانی ببینم بۆ ئەوەی زانیارییان لێوەربگرم، ئەوەبوو لە ٢٠٢١/٢/٧ لەگەڵ شێرکۆ جاسم مستەفا، سەردانی ماڵی (نامیق تەلانی)مان کرد و لە نزیکەوە برایەکانی و خێزانی و چەند خزمێکم بینی و کۆمەڵێ پرسیارم لێکردن و هەندێ وێنەم گرت و داوام

لێکـردن ئەلبوومـی وێنەکانـی تەلانیـم بخەنـە بەردەسـت، هـەر هەمـان ڕۆژ گۆڵبژێـری کۆمەڵـێ وێنـەم کـرد کـە وێستگە وێـستگە ژیانـی تەلانـی پیشـان دەدا، داوام لێکـردن وێنـەی دایـك و باوکـی تەلانیـم بدەنـێ و لـە ماڵـی یـەك لـە کوڕەکانـی بۆیانپەیـدا کـردم، هەمـان ڕۆژ لەگـەڵ بـرای نامیـق تەلانـی: نەعمـان کەریـم ڕەشـید و کەسـێکی تـر بەنـاوی شـێرکۆ جاسـم سـەردانی گـۆڕی تەلانیمـان کـرد و لەوێـش چەنـد وێنەیەکمـان گـرت. کاتـێ کـە بینیـم زانیـاری و وێنـە و شـیعرەکانیم کەوتـە بەردەسـت بەرنامـەی ئیشـکردنەکەم داڕشـت، هەرچەنـدە دوو کتێبـم لەبەردەسـت بـوو زۆر سـەرقاڵ بـووم، بـەڵام هەمـوو هەوڵێکـی خـۆم خسـتە گـەڕ بـۆ ئـەوەی پێـش پڕۆژەکانـی دیکـە ئـەم پڕۆژەیـە بـە ئەنجـام بگەیێنـم. جگـە لـە پێشـەکی، کورتـە توێژینەوەیەکـم نووسـی، دواتـر گۆشـەی تەلانـی لەدیـدی ڕووناکبیرانـم بـە زەیـن داهـات، کـە داوام لـە کۆمەڵـێ نووسـەر و ئەدیبـی کۆیـە کـرد، کورتـە وتارێـك لـە بـارەی تەلانـی بنووسـن، ئینجـا ئـەو کات شـیعرەکانم کـردە پێنـج تـەوەرە: شـیعری دڵـداری، شـیعری کۆمەڵایەتـی، تەنزەشـیعر، سروشـت، چوارینـەکان. دواتـر پاشـکۆی وێنـەکان و نموونـەی چەنـد دەسنووسـێك، تەنهـا ئـەوە مابـوو بـەدوای ئـەو شـیعرانەدا بگەڕێـم کـە تەلانـی لـە فەیـس بـووك و یوتیـوب بـڵاوی کردبوونـەوە، یـان بـۆ کەسـێکی وتـوون و بـڵاو بووبوونـەوە، بـۆ ئـەوەی لـەوە دڵنیـا بـم نـەوەك شـیعری هەبـێ و لـەو سـجلانە نەنووسـرابن، دێـڕ بەدێـڕی شـیعرەکانم لەگـەڵ تایپکـراوەکان بـەراورد کـرد و هەڵەبڕیـم بۆکـردن و لایەنـی زمانەوانـی و خاڵبەندیـم خاسـکردن. بـۆم بەدەرکـەوت کـە لـە سـجلی یەکـەم (٢٢)شـیعری تایـپ نەکرابـوون، تایپـم کـردن. سـجلی دووەم کـە تایبـەت بـوو بـە چوارینەکانـی هیـچ شـیعرێکی لێتایـپ نەکرابـوو، ئەوانیشـم هەمـوو تایـپ کـرد.

خووێکـم هەیـە زۆر جـار سـێ چـوار پـڕۆژە لەسـەر کۆمپیوتەرەکـەم دەبـێ و ئیشـیان لەسـەر دەکـەم کـە تـەواو بـوون ئینجـا دەیانخەمـە سـەر هـاردی خاریجـی و لـە دوو شـوێن خەزنیـان دەکـەم. بەداخـەوە بەهـۆی هەڵەیەکـی تەکنیکـی کـە بـە cut (بڕیـن) ئـەم چەنـد نووسـینەم لـە مەلەفێکـەوە گواسـتەوە مەلەفێکـی تـر، دواتـر پەشـیمان بوومـەوە لـە

گواستنەوەی پێم باش بوو هەر لە مەلەفەکەی خۆی بمێنێتەوە، بۆیە مەلەفی دووەمم ڕەش کردەوە، وام هەست کردبوو بە کۆپی هێناومە، تەنانەت لە (ڕیسایکل بین)یش ڕەشم کردبووەوە، کاتێ گەڕامەوە سەر مەلەفەکە تووشی شۆك بووم و هیچی تێدانەمابوو. دیوانەکەی نامیق تەلانی و سێ چوار پڕۆژەی تری نیوەچڵ و چەندان وتار و شیعرم لێڕەش بووەوە. دوای ئەوە هەوڵێکی زۆرمان لەگەڵ داو پیشانی چەندان کەسی شارەزام داو لەڕێی بەرنامەی (ڕیکۆڤەری)، هەندێك شتم بۆ گەڕایەوە، بەس دیوانی تەلانیم بۆ نەگەڕایەوە، زۆر خەفەتبارم بووم، ماوەك بێتاقەتی دایگرتم، خۆ من سەرجەم شیعرەکانیم لەبەردەست بوو، بەڵام پێم وابوو سەختە بەهەمان حەز و کڕووتینەوە بتوانم ئەم دیوانە بنووسمەوە و ئەو شیعرانەی تایپ نەکراون تایپیان بکەمەوە. دوای ماوەیەك ناوی خوام لێهێنایەوە و لەخاڵی سفرەوە دەستم پێکردەوە و بە سێبەری کارەکەی پێشتر داچوومەوە و دەستم کرد بە کۆکردنەوەی ئەو وتارانەی کە ئەو هاوڕێیانە لەڕێی فەیس بووك بۆیان ناردبووم، یان بەدەست نووس بۆیان هێنابووم، سیدی وێنە سکان کراوەکانم مابوو. باسی ئەو پڕۆژەیەم بۆ (م. پەیوەست خۆشناو)کرد، ئەویش زاری هەڵێناو وتی: دەفتەرە شیعرێکی (نامیق)م لەلایە، کاتی خۆی پێی داوم، مادام تۆ دەستت بەو ئیشە کردووە، دەفتەرەکەت دەدەمێ. ئەوە بوو لە ڕێکەوتی ١٥/ ٧/ ٢٠٢١ دەفتەرە شیعرەکەی پێدام. بەراوردم کرد لەگەڵ شیعرەکانی بەدەرکەوت شتی نوێن بۆمن، لەوەوە کەوتمەوە گومان نووسینێکم لەفەیس بوك بڵاوکردەوە، داوام لە هاوڕێیان کرد، کە هەرکەسێك شیعرێکی تۆمارکراوی دەنگی یان دەست نووسی لەلایە هاوکاریمان بکات پێمان بدات، چەند شتێکم بە دەست گەیشت، برای نامیق کە ناوی (تۆفیق)ە کۆمەڵێ ڤیدیۆی بۆناردم، دواتر گوێم لە شیعرە تۆمارکراوەکانی گرت، بۆ ئەوەی وابکەین سەرجەم بەرهەمەکانی بخەینە دووتوێی دیوانەکەی. (زامدار ئەحمەد) لە ٢٠٢١/١١/٤ کۆمەڵێ شیعری نامیق تەلانی خستە بەردەستم، کە لە دوای ئەم پێشەکییە، بەوردی خۆی بابەتەکە دەخاتە ڕوو. بەڵام دەتوانم بڵێم، هەندێکی دووبارەبوون و بەشی زۆریشیان نوێ بوون، بەڵام نووسخە ئەسڵییەکە

نەبوو، بەڵکو بەشێوەی کۆپی بوو، کە واپێدەچێ لە دوو سجلەوە کۆپی کرابن، بەڵام پازدە دانە لە شیعرەکانم بۆ نەخوێندرایەوە، چونکە لەکاتی کۆپی کردندا شیعرەکان بڕابوون، خوازیارم لە داهاتوو ئەو سجلانەشم بکەونە بەردەست و ئەو شیعرانەش بخەینە نێو دیوانەکەی، کەواتە ئەوەی کەوتۆتە بەردەستی من پێنج سجلە، واتا دوو سجل لەلایەن بنەماڵەکەیەوە پێم دراوە، سیجلێکیش پەیوەست خۆشناو پێی داوم، ئەوەی زامدار ئەحەمەد بای دوو سجل شیعری کۆپی کراو بوون، جگە لەوەش لە ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە نامیلکەیەکی ٥٣ لاپەڕیی بەناوی(وەرە ناو ماڵی چاومەوە) بۆ تەلانی چاپ کراوە، ئەوانیشم تایپ کرد، هەندێ کەسیش قەولیان پێدایـن چەند شیعرێکی تەلانیم پێبدەن، بەڵام پێیان نەدایـن، جا نازنم هەر ئەو نووسخانەن لەلای من هەن یان شیعری دیکەن، هەرچەندە هونەرمەندی گۆرانی بێژ میرۆز کۆیی لە ٢٠٢٣/٦/٣ پێی وتم: ((نامیق زۆر حەزی لەوە بوو شیعرەکانی پەرت بکاتەوە، کاتێ کچ و کوڕ دەورەیان دەدا، شیعری بۆ دەوتن، ئەوەی ئەقڵی بیگرتایە پێی دەوت دەفتەرێکم بدەیێ شیعری خۆمت بۆ دەنووسم، زۆر کەس دەفتەریان دەدایێ پاشی دوو ڕۆژ پڕی دەکرد لە شیعر و دەیدایە ئەو کەسەی دەفتەرەکەی پێداوە، دوو دەفتەری داوەتە من بەس نازانم لە کوێم داناون))، وا هەست دەکەم لە سجلەکەی خۆیەوە شیعرەکانی نەقڵ کردبێ و پێی دابن، دوریش نییە شیعر هەبێ تەنها لە یەك سجل تۆمار کرابێ، لە داهاتوو ئەو دەست نووسانەش بکەونە بەردەست زۆر گرنگە بۆ بەراورد کردنیان لە گەڵ دیوانەکەی. ئەوەی بەلای منەوە زۆر تاقەت پڕووکێن بوو، ئەوەبوو، تەلانی بەدەیان شیعری شاعیرانی لەسجلەکانی خۆی نووسیبووە و ئاماژەی بۆنەکردوە هی چ شاعیرێکە؟! تاوەکو ئەمانەم ساغ کردەوە ئارەقەی شین و مۆری پێکردم، ئێستاش گومانم هەیە چەند شتێکم بەسەر تێپەڕ بووبێ. لە٢٠٢٣/٧/٩ ئاراس سابیر دەست نووسی دیوانەکەی خۆی دامێ کە بەناوی (لە ژێر تارای خەم و خۆشی) بوو، بۆئەوەی پێدابچمەوە، شیعرێکم بەرچاو کەوت هەستم کرد لە نێو شیعرەکانی نامیق هەیە، شیعرەکە بەناوی (پرسیم لە هەور)بوو، کە

ئـاراس سـابیر لـە ١٩٩٣/٨/٣ نووسـیویەتی، لـە ٢٠٢٣/٧/٩تەلەفۆنـم بـۆ کاك ئـاراس کـرد و لێـم پرسـی نامیـق تەلانیـت دەناسـی، یەکسـەر وتـی: «کـوڕە قەڵەوەکـە... کاتـی خـۆی لـە سـاڵی ١٩٩٥ لـە سـکرتاریەت لەگەڵمـان بـوو، وتـم شـیعرت پێـداوە. وتـی: زۆر جـار دەهاتـە لام و دەیـوت لـە شـیعر نووسـین یارمەتیـم بـدە، بەڵـێ شیعریشـی لێوەرگرتـووم». بۆیـە منیـش لـە دیوانەکـە شـیعرەکەم ڕەش کـردەوە. شـیعرێکی ئەمیـر هێـور و شـیعرێکی یـادی ئەمیـر هێـور کـە ئەمانـە چاپیـش نەبوویـن، بـەڵام ئەمیـر هێـور و یـادی ئەمیـر لـە شـوێنێك بۆیـان خوێندبوومـەوە، بۆیـە لەدیوانەکـە ڕەشـم کردنـەوە. چەنـد شـیعرێکی ڕەهبـەری سـەید برایـم و نالـی و سـالم و کـوردی و حەریـق و حەسـیب قەرەداغـی و فەرەیـدوون عەبـدول بەرزنجـی و پیرەمێـرد و هـەردی و زاری (١٩٠٥-١٩٨٢) ...دەیـان شـاعیری تـر وەکـو کەشـکۆڵێك لـە نێـو سـجلەکەی خـۆی نووسـیبوون و لەگـەڵ شـیعری خـۆی تێکـەڵ ببـوون. دەسـت نووسـەکانم وەك خـۆی پاراسـتووە، چونکـە لـەدوای چاپـی دیوانـی شـیعریش دەسـت نـووس قیمەتـی خـۆی دەبـێ، بۆیـە زۆر بـە وردی ئیشـم لەسـەر دەسـت نووسـەکان کـردووە، ئـەو شـیعرەی دووبارەبـێ نووسـیومە دووبارەیـە، ئـەوەی وەرگیـراوە نـاوی شـاعیرەکەم نووسـیوە. خـۆ شـیعرە دوو بـارەو چەنـد بارەکانـی خـۆی سەریەشـەی زۆری بۆدروسـت کـردم و چەنـد جـار نووسـیومن و ڕەشـم کردۆتنـەوە.

خـۆ ئەگـەر کاك ئـاراس دەسـت نووسـەکەی خـۆی نەدابمایـێ ئەوەشـم بەسـەر تێپـەڕ دەبـوو. کوردەواری وتەنـی: (جوزانـم خـۆ دەسـتی خۆمـم بـۆن نەکـردووە.) نامیـق لـە ژیـان بمابایـە و دیوانەکـەی چاپببوایـە کارەکـە زۆر ئاسـان دەبـوو، چونکـە دەیتوانـی زەربێـك بەسـەر ئـەو شـیعرانە دابێنـێ کـە هـی خـۆی نییـە، چونکـە لـەو نامیلکەیـەی کـە سـەنتەری چـاپ و پەخشـی کۆیـە سـاڵی ٢٠٠٩ بۆیـان چـاپ کـردووە، سـەرجەم شـیعرەکان هـی خۆیتـی. شـیتێکی دیکـەش، جـاری وەهـا هەیـە تاقـە شـیعرێکی زیاتـر لـە جارێـك نووسـیوەتەوە، ئەوەنـدەی بـۆم کرابـێ دووبارەکانـم لابـردووە.

زۆرم حەزدەکـرد لـە سـاڵڕۆژی کۆچـی دوایـی تەلانـی کتێبەکـە چـاپ بکـرێ، بـەڵام ئەمـەم بۆنەکـرا و بـەو شـێوەیە بـۆم ئامـادە نەکرابـوو کـە

ئۆخژنـی دڵـم بـێ، بـەڵام توانیمـان لەڕێـی (ڕێکخـراوی ڕۆشـنبیریی کۆیـە)، لـە سـاڵڕۆژی کۆچکردنەکـەی لـە ڕێکەوتـی ٢٠٢١/١٢/١١ مەراسـیمێکی تایبـەت بـۆ قسـەکردن لەبـارەی شـاعیری کۆچکـرد و سـازبدەین، کـە خـۆم قسـەم لەبـارەی شـیعرەکانی تەلانـی کـرد، کۆڕەکـە لەلایـەن م. فازیـل شـەوڕۆ بەڕێـوە چـوو، کـە ئەویـش وتـاری خـۆی پێشـکەش کـرد. خەڵکێکـی زۆر لەخـزم و دۆسـت و ئـەدەب دۆسـتان ئامادەبـوون، دوای کۆڕەکـەش تێکـڕا چوینـە سـەر گـۆڕی تەلانـی و چەپکـە گوڵمـان لەسـەر گۆڕەکـەی دانـا.

بـە هەوڵێکـی زۆر و بـە دواداچوونێکـی ورد، لـە هەنـگاوی یەکـەم هـەر ئەوەنـدەم بـۆ کۆکرایـەوە و دیوانەکـە هاتـە ئـەوەی تـەواو ئامـادە بکـەم، بەهـۆی سـەرقاڵی خـۆم بـەکار و بـاری زانکـۆ و مـاوەك پشـتم لێـی ڕەق بـوو، لە دەرفەتێـك دەگـەڕام کـە جارێکـی دیکـە تێهەڵبچمـەوە و دیوانەکـەی پوختـە و ئامـادە بکـەم و هەڵـە ڕێنووسـییەکانی چـاك بکـەم، ئـەوە بـوو لـە سـەرەتای سـاڵی ٢٠٢٣ یەکـەم پـڕۆژەم تەواوکردنـی ئـەم دیوانـە بـوو، لـە ٢٠٢٣/٧/١٤ پێشـەکییەکەم نووسـی پێـم وابـوو ئیتـر تـەواو بـووە و ئامـادەی چاپـە، دواتـر دیزانمـان کـرد، چاپەکـەی دواکـەوت، ئیجـا دوو سـجلی تـرم دەسـت کـەوت یەکـەم: لـە ٢٠٢٣/١٠/٥ ئـەو سـجلەی لـە (سـوارە محەمـەد تۆفیـق) م وەرگـرت، بەشـێکی زۆری چواریـن بـوو، زۆری دووبـارە بـوون و پێشـتر تۆمـارم کردبـوون و لـە سـجلەکانی لای خـۆم هەبـوون، بـەڵام ٧٧چوارینیـان پێشـتر تۆمـار نەکرابـوون و نـوێ بـوون و تۆمـارم کـردن. شـیعرە درێـژەکان هەمـووی دووبـارە بـوون و پشـتر تۆمـارم کردبـوون.

دووەم: ئـەو سـجلەم لـە ٢٠٢٣/١٠/١٥ لـە (بـارزان شـیوەجانی)م وەرگـرت، سـەد شیعری تێـدا نووسـرابوو، هـەژدە شـیعری تێدابـوو، کـە پێشـتر تۆمـارم نەکردبـوون، بـەڵام تـەواوی شـیعرەکاتی تـر، واتـا هەشـتا و دوو شـیعرەکەی تـر دووبـارە بـوون و لـە سـجلەکانی تـر نووسـرابوون و پێشـتر تایپـم کردبوون. ئـەو هـەڵاواردن و تایـپ کـردن و بینـەو بەردەیـەش کاتێکـی زۆر و جوهدێکـی زۆری ویسـت. واتـا هەمـوو شـیعرەکان لـە حـەوت سـجل و نامیلکەیـەك وەرگیـراون.

ئـەوا ئێسـتا دیوانەکەتـان لەبـەر دەسـتە، خوازیـارم ئەگـەر هـەر کـەم و کورپییەکـی هەبـێ، شـیعرێك، دەسـتە شـیعرێکی تەلانـی لـەلای کەسـانێك هەبـن بیخەنـە بەردەسـتم بـۆ ئـەوەی لـە چاپـی دووەمـی دیوانەکـە بـڵاوی بکەینـەوە، ئـەم دیوانـە کۆمەڵـێ پەراوێـزی لـە خـۆی گرتـووە، کـە زیاتـر ڕوونکردنـەوەن. لـە یوتیـوب زۆر بـەوردی گوێـم بـۆ ئـەو شـیعرانەی تەلانـی ڕاگـرت، چ ئەوانـەی لەکاتـی خـۆی بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ (لایـڤ) گوتوویەتـی و بڵاوبۆتـەوە، چ ئەوانـەی کـە بۆیـان تۆمـار کـردووە، بـۆم بـەدەر کـەوت حـەوت شـیعریان لـە هیـچ کام لـەو سـجلانەی لـەلای مـن نەبـوون، بۆیـە تۆمـارم کـردن و لـە پەراوێـز ئامـاژەم بـەوە کـردووە کـە سـاڵی چەنـد و لەلایـەن کـێ بڵاوکراونەتـەوە. هەروەهـا سـەرنجم دایـێ هەندێـك شـیعری بـە ڤیدیـۆ بڵاوکراونەتـەوە لـە گـەڵ ئـەم نووسـخەیەی لـەلای منن جیـاوازن، لـە ڤیدیـۆکان جـاری وا هەیـە چەنـد دێڕێکـی زیاتـرە، بۆیـە دێـڕە زیادەکانـم تۆمـار کـردن و لـە پەراوێـز ئامـاژەم بـەوە داوە کـە لـە یوتیـوب وەرم گرتـووە.

لەمـەوە بـۆم بەدەردەکـەوێ ئـەو دیوانـەی بـە چاپمـان گەیانـدووە، سـەرجەم شـیعرەکانی (تەلانی)نیـن و شـیعری لـەلای خەڵـك هەیـە، بەتایبەتـی ئەدیـب و نووسـەرانی کۆیـە، هەرچەنـدە غـەدری کـردووە شـیعرەکانی بەخشـیوە و نووسـخەی هەنـدێ شـیعری لای خـۆی نەمـاوە، بـەڵام بـە مەبەسـت ئـەو سـجلانەی بـە هەنـدێ ئەدیبـی کۆیـە داوە بـەو هیوایـەی لەڕێـی ئەوانـەوە چـاپ بکرێـت.

ئـەوا جارێکـی دیکـە داوا دەکـەم هەرکەسـێك شـیعری (تەلانی)لایـە و لـەو دیوانـە بڵاونەبۆتـەوە، بیگەیێنێتـە دەسـتم، ئـەوا لـە چاپـی دووەم دەیخەمـە نێـو دیوانەکەیـی و وەك ئەمانەتێکـی زانسـتی نـاوی کەسـەکەش دەنووسـم. ئەگـەر سجلەکەشـم نەداتـێ بـە شـێوەی کۆپیـش بگاتـە دەسـتم زۆر باشـە.

دوای ڕەنـج و ماندووبوونێکـی زۆر، توانیـم دیوانـی تەلانـی ئامادەبکـەم، پـڕ بـە سـییەکانم هەناسـەیەکی ئارامـم هەڵمـژی و هەسـتم کـرد ئەرکـە مێژوویەکـەی خـۆم جێبەجـێ کـردووە و بەسـەر تەنگەژەکانـدا زاڵبـووم، لەلایـەك زۆرم پێناخـۆش بـوو کـە بەدەسـت ئـەم دیوانـەوە توشـی چەرمەسـەری زۆر بـووم، نزیکـەی سـێ سـاڵی ویسـت، بـەڵام درەنـگ

بڵاوكردنەوەشـی خێـری تێدابـوو، چونكـە توانیـم شـیعری دیكـەی بخەمـە سـەر و بەدواداچوونـی وردتـری بـۆ بكـەم.

سوپاسـی مامۆسـتا (فازیـل شـەورۆ) دەكـەم، كـە پێداچوونـەوەی بـۆ پێشـەكی و ئـەو بیسـت سـی لاپەڕەیەیـی تـا دەگاتـە شـیعرەكان كـردووە، لـە كۆتایـدا دەڵێـم تەلانـی شـاعیرێكی جواننـووس و عاشـق و بەهرەمەنـد بـوو، شـیعرەكانی شـایەنی ئـەوەن چەنـدان توێژینـەوەی زانسـتیان لـە بـارەوە بنووسـرێ، هەڵبەتـە شـیعرە دڵدارییەكانـی پانتاییەكـی زۆری دیوانەكـەی گرتـووە، بـە زمانێكـی پـڕ سـۆز و خەیـاڵ و مۆسـیقا دایڕشـتوون، شـایەنی ئـەوەن ئاوازیـان بـۆ دابنـدرێ و بكرێنـە گۆرانـی، هیـوادارم ئاوازدانـەران و هونەرمەنـدان ئاوڕێـك لـەم شـیعرە ناسـكانەی بدەنـەوە. لەگـەڵ چەپكـێ گوڵـی خۆشەویسـتی بۆسـەر گـۆڕی تەلانـی جوانەمـەرگ، درود بۆگیانـی پـاك و بێگـەردی، سـڵاویش لـە ئێـوەی هێـژا.

كۆیە- هەرمۆتە

٢٠٢٣/١١/٢١

# دەستنووسەکانی نامیق تەلانی

زامدار ئەحمەد

کاتژمێر حەوت و پێنج خولەکی ئێوارە، لەگەڵ کاك کاوە کوێخا مەمەند، دەربارەی کتێبی «کوێخا مەمەند (جوامێری چاکەخوازی و بەخشندەیی و ئاشتەوایی ١٩٢٠- ١٩٩٥)» دەدواین. لە ئەنجامی گفتوگۆکە بڕیاردرا دواجار کتێبەکە بدرێ بە دکتۆر هاوژین صلیوە، بە مەبەستی هەڵەچنی و پێداچوونەوە بە ڕێنووس و هەڵسەنگاندنی کتێبەکە. دەستبەجێ تەلەفۆنمان بۆ دکتۆر هاوژین کرد و وتمان: ئەگەر لەماڵەوەی و دەرفەتت هەیە، دەمانەوێ چەند خولەکێك لە کاتی بەڕێزتان بگرین، وەك هەمیشە بەوپەڕی دڵسۆزی و گەورەییەوە فەرمووی لێکردین.

بەرەو ماڵی دکتۆر هاوژین وەڕێکەوتین، لەبەر دەرگا دەربارەی کتێبەکە قسەمان لەگەڵی کرد، لە وەڵامدا وتی: ئێستا توێژینەوەیەکی ماستەر و تێزێکی دکتۆرام لەبەردەستە، کە بڕیارە بەم نزیکانە وەك ئەندامی لیژنەی گفتوگۆ تێیدا بەشدار بم، هەروەها سەرقاڵم بە نووسین و توێژینەوە، لە نێویاندا دیوانە شیعری نامیق تەلانی تێدایە و خەریکی هەڵاوێر کردن و بژار کردنی شیعرەکانیم. کاتێك گوێم لە دیوانە شیعری نامیق تەلانی بوو، ڕاستەوخۆ کۆبیرم بەرەو ئەو دەستنووسە شیعرییانە چوو، کە ساڵی ٢٠١٥ نامیق تەلانی پێیدام بە مەبەستی چاپکردن و دۆزینەوەی سپۆنسەر، تا چاپ بکرێ. کاتێك وتم: دکتۆر هاوژین، من ژمارەیەك دەستنووسی (نامیق تەلانی)م لایە، یەکسەر وتی: ئەگەر بە لاتەوە ئاساییە پێمی بدە، بەراوردی شیعرەکان دەکەم و لە دیوانە شیعرییەکە دایدەنێم، ئاماژە بەناوت دەکەم. لە کۆتایی ئەو یەکدی بینینە، ڕێککەوتین بەوەی دواتر بە وردی قسەی لە بارەیەوە بکەین.

گەڕامـەوە مـاڵ، سـەیری دەستنووسـە شـیعرییەکانم کـرد، ٢٨٣ شـیعر بـوو، لەگـەڵ تەنیـا لاپەڕەیەکـی ژیاننامـەی نامیـق تەلانـی. ڕوونـە پسـپۆڕی مـن زمـان و ئەدەبیاتـی کـوردی نییـە، ئەگـەر خـۆم کاری لەسـەر بکـەم، دەشـێ بەرهەمێکـی کـرچ و کاڵـی لـێ دەرچـێ، دکتـۆر هاوژیـن باشـتر بەسـەر ئـەم بابەتـەدا زاڵـە و دەتوانـی بـەراوردی شیعرەکانی بـکات، چـون نامیـق تەلانـی لـە بەشـێك لـە شـیعرەکانیدا دێڕێـك، یـان دوو دێـڕە شـیعری شـاعیرانی کلاسـیکی و شـاعیرانی دواتـری بەکارهێنـاوە، بـە بـێ ئامـاژە پێـدان، لـە هەنـدێ شـوێنیش شـیعری شـاعیرانی تـری نووسـیوەتەوە، ئـەم کارەش بـۆ دکتـۆر هاوژیـن ئاسـانتر و ساناترە، لـە لایـەك پسـۆڕی ئەدەبیاتـی کوردییـە، لـە لایەکـی دیکـە ژمارەیەکـی زۆری شـیعری ئەزبـەرە و ئاشـنایەتی باشـی بـە شـیعری شـاعیران هەیـە، بـاوەڕ دەکـەم، هیـچ شـیعرێکی نامیـق تەلانـی بەسـەریدا تێناپـەڕێ، کـە دێڕێـك یـان دوو دێـڕ، یـان زیاتـری لـە شـاعیرێکی دیکـە وەرگرتبـێ.

**سەرگوزەشتەی ئەم دیوانە شیعرییەی نامیق تەلانی:**

لـە سـەردەمی کردنـەوەی کتێبخانـەی مەسعوود محەممەد لـە مانگـی ئابـی سـاڵی ٢٠١٤ەوە ئاشـنایەتی و دۆسـتایەتیم لـە ڕێـی کتێبخانـەوە لەگـەڵ نامیـق تەلانـی پەیـدا بـوو، جارجـار سـەردانی کتێبخانـەی دەکـرد و سـەبارەت بـە شـیعرەکانی و چاپکردنیـان قسـەمان دەکـرد، بـەدەر لـە کتێبخانـەش هـەر کاتێـك و لـە هـەر شـوێنێك یەکدیمـان دیتبوایـە –بـە تایبەتـی لە بازاڕ- بەشـێك لـە قسـەکانی چاپکردنـی شیعرەکانی بـوو، هەمیشـە دەمگـوت هـەوڵ دەدەم، هـەر دەزگا و ناوەنـد و کەسـێك ئامـادە بـوو، دەسـتبەجێ پێـت دەڵێـم، ئەڵبەتـە هەوڵەکانـم بـێ ئەنجـام بـوو، نەمتوانـی سپۆنسـەری بـۆ پەیـدا بکـەم.

لـە نێوەڕاسـتی مانگـی هاوینـی سـاڵی ٢٠١٥ لـە نزیـك فلکـەی کۆمەڵـەی سـەوز، لای پارکـی سـەید برایـم، دیسـانەوە نامیـق تەلانیـم بینـی، لـە دوای سـڵاو و چاکوچۆنـی، وتـی: دیوانـە شـیعرێکم دانـاوە، لـە دەرفەتێکـدا پێتـی دەدەم، ئەگـەر لات بـێ، باشـترە و دەشـێ سپۆنسـەری بـۆ پەیـدا ببـێ، لـە دوای ئـەو

دیداره هەفتەیەکی نەبرد، نامیق تەلانی تەلەفۆنی کرد و وتی: دەمەوێ دەستنووسەکانت پێ بدەم، لە هەمان شوێنی پێشتر کە یەکدیمان لێ بینی، دیسانەوە لەوێ یەکدیمان بینی و دەستنووسە شیعرییەکانی پێمدا، کە لە نێو فایلێکی سەوزی دانابوو، دیسانەوە هیوای خواست کە سپۆنسەر بۆ دیوانە شیعرییەکەی پەیدا بێ و بەرهەمی هەست و ناخی خۆی ببینێ. بەداخەوە، نەمتوانی سپۆنسەر بۆ چاپکردنی دیوانە شیعرییەکەی پەیدا بکەم.

لە ڕاستیدا ناوبراو زۆر بە ئاواتی چاپکردنی شیعرەکانی بوو، لەمبارەیەوە لە دیدارێکی ڕادیۆی دیموکراسی دەڵێ: «بە ڕاستی خەڵکی شاری کۆیە، شاعیرێکی دیکەی وەك منی دەست ناکەوێتەوە، بەڵام زۆر حەیف بۆ ئەو حکومەتە بایەخ بە من نادا و کتێبێکم بۆ چاپ ناکا، دوای ئەوەی کە مردم لە پاڕکی خوشکە فریشتە پەیکەرێکم بۆ دەکا، من چ لە پەیکەرێکی ڕەق و تەق بکەم، ئێستا تەمەنم ٤٤ ساڵە، تۆغیانی گەنجایەتیمە، با ژیانم دابین بکات، من کوڕە هەژارم، شاعیرێکی زۆر موهیمم، کاتی خۆی شاعیرەکانیش هەر هێندەی منیان زانیوە، کتێبیان هەیە و ئێستا ناویان لە زانکۆکان بڵاوبۆتەوە. ئەگەر گوێتان لە شیعرەکانم بێت، ئەوسا دەزانن نامیق تەلانی چ شاعیرێکە. هیوادارم خەڵکی شاری کۆیە بایەخ بە من بدات. با بە جلوبەرگ تێنەکەوت، چونکە دەڵێ: مەڕوانە مرۆڤ بە جلوبەرگی، بە چەتەبازی و عەقڵ و بە ڕەنگی، تاقیکەرەوە بە دڵ و بە گیان، ئەوسا بۆی دانێ قورسایی و سەنگی».

ئەو ٢٨٣ شیعرەی نامیق تەلانی بەشێوەی کۆپی کە لای بەندە بووە، نازانم لای خەڵکی دیکە هەبووە، یا نا؟ ئەم ئەرك و ماندووبوونە دەکەوێتە سەر شانی دکتۆر هاوژین سڵیوە، بە بەراورد کردن و پێکگرتن و ساغکردنەوەی شیعرەکانی نامیق تەلانی.

دەستخۆشی زۆرم بۆ ئەرك و ماندووبوونی دکتۆر هاوژین صلیوە هەیە، لە پای هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ خزمەتی نووسین و توێژینەوە.

٢٠٢١/١١/١١

# ژیاننامەی تەلانی

**١٩٧٧ ـ ٢٠٢٠**

نامیق کەریم ڕەشید، ناسراوە بە نامیق تەلانی، لە (١٩٧٧/٧/١)لە گەڕەکی بەفریقەدی لە شاری کۆیە لەدایکبووە، لە عەشیرەتی (ئاغا سووری) یە، باوکی خەڵکی گوندی(شیواشۆکی سەرەوە)یە لە کۆیە، ساڵی ١٩٧٠ هاتۆتە شار، دایکی ناوی(سوڵتان هاوار نامیق)ە. نامیقی شاعیر ساڵی (١٩٩٠) قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی باواجی تەواوکردووە، لەبەر نەبوونی تەنها قوناغی سەرەتایی بڕیوە و نەیتوانیوە دێژە بەخوێندن بدات، بۆتە کرێکار و حەماڵ. سەرەتای شیعر نووسینی ساڵی(١٩٩٣)بووە، ساڵی (١٩٩٥)بۆتە پێشمەرگە، ساڵی(١٩٩٩)واز لەپێشمەرگایەتی دەهێنێ و دەبێتە حەماڵ لە گومرگی کۆیە، ساڵی (٢٠٠٤)لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە بە کارگوزار دامەزراوە، تەلانی لە ماوەی ئەم شەش ساڵەی خوێندنی توانیویەتی بە باشی زانستەکان وەربگرێت و شیعرەکانی خۆی بەدەست خەتێکی زۆر خۆش لە دوتوێی دەفتەرەکانی بنووسێتەوە. تەلانی چوار برا و دوو خوشکی هەیە، برایەکانی بەناوی: عەبدولڕەحمان، ساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کردووە، نەعمان، تۆفیق، شەفیق. خوشکەکانی بەناوی: گوڵەباغ، بەهار. تەلانی ساڵی ١٩٩٧ هاوسەرگیری لەگەڵ (حەلیمە ستار جەلال)کردووە، کە خەڵکی گوندی (شێخ حاجی)یە لە قەزای دوکان. خێزانی تەلانی لەدایك بووی (١٩٧١) نەچۆتە قوتابخانە و هیچ منالێکیشی لە نامیق تەلانی نییە. نامیق نازناوی تەلانی بۆخۆی هەڵبژاردووە، هەرچەندە وا باوبوو گوایە خێزانەکەی لە گوندی (تەلان)ی نزیك دوکانە، بۆیە ئەم نازناوەی هەڵبژاردووە، بەڵام دوای بەدواداچوون وتیان: لەبەر ئەوەی کاریگەری ئەو شیعرەی هێمنی بەسەر بووە، کە دەڵێ: عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن، بۆیە ئەم نازناوەی بۆخۆی هەڵبژاردووە، تەنانەت ئەم زانیارییەی لە

سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە بە شێخ تالب وتبوو. بەڵام دواتر لە چوارینێکیم کەوتەبەرچاو کە دەڵێ:

دوێنێ ڕۆیی نایەتەوە قەت ئاخی بۆ هەڵمەڕێژن

با برۆین بۆ قەزای دوکان گوێم لێیە هەرچیم بوێژن

وەسیەتی (نامیق) ئەوەیە چەند ڕۆژێ پێش مردنی

بەخزم و کەسم گوتووە لە گوندی تەلان بمنێژن.

لەمەوە بۆمدەرکەوت کە نازناوی تەلانی لەوگوندەی کە کەوتۆتە ناحیەی دوکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی هاتووە، جا هۆکارەکەی ئەوەیە دەبێ چیرۆکێکی لە پشت بێ و ئێمە نەیزانین.

لە ساڵی ٢٠١٣ شیعرێکی بەناوی (کۆتایی ئازارەکان)نووسیوە، لە کۆتایی شیعرەکە نووسیویەتی(نامیق تینوو)، بەڵام تەنا لەم شیعرەدا وای نووسیوە، بۆخۆشی هەرپێ خۆش بووە پێی بڵێن نامیق تەلانی.

ناوبراو زۆر حەزی لە گۆڕی شیعری و گوێگرتنی شیعر بووە، لە کۆیە بەشداری چەندان گۆڕی هاوبەش و بەتەنیای کردووە، لەبەر باری قورسی ژیانی کەمتر پرژاوەتە سەر خوێندنەوەی کتێبان، بەڵام زاکیرەیەکی تیژی هەبووە، هەر شیعرێکی پێجوان بووبێ مێشکی خۆی لێساوداوە و لەبەری کردووە، یان تێهەڵکێشی شیعرەکانی خۆی کردووە، یان بیر و بەهرەی هەڵمژیوە و بەشێوەیەکی تر ڕەنگرێژی کردووە. کەسێکی سادە و خاکەڕابووە، بەهرەو زانینەکەی لووتی پێبەرز نەکردووە، تەنانەت بۆ منداڵێکیش دەدواو شیعری بۆدەوت. بۆ مەرگی ئازیزانیش کەف و کوڵی خۆی بە شیعر دەربڕیوە. شیعرەکانی لێوانلێون لە هەستی خۆشەویستی، لایەنی کۆمەڵایەتی و ژیانی تایبەتی خۆیی و خانەوادەکەی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. لە بەشێکی شیعرەکانی شێوازی تەنزە شیعر و شیلەبزە بەخشی پەیڕەوکردووە. تەلانی شاعیرێکی بیرتیژی میللیە، زمانەکەی، زمانێکی سادە و جوان

و سـفت و سـۆڵە، وێنـە شـیعرییەکانی بـۆن و بەرامـەی فۆلکلۆریـان لێـدێ، وێنەکانـی وەك ئـاوی کانیاوەکانـی کوردسـتان سـادەو سـاکار و ڕوونـن. زۆر بەجوانـی گرنگـی بـە مۆسـیقای نـاوە و دەرەوەی شـیعرەکانی داوە. لـە خەیاڵدانـی خۆیـەوە وێنـەی نوێـی بەرهـەم هێنـاوە، ئەمـەش خاڵێکـی جوانـی شـیعرەکانیەتی. بەشـێك لـە شـیعرەکانی چیرۆکـە شـیعرن، یـان بەسـەرهاتێکی ڕاسـتەقینەیان لەپشـتە، واتـە بەرهەمەکانـی لـە هەسـت و سـۆزی جەمـاوەرەوە هەڵدەقـوڵان و ڕەنگڕێژیدەکـردن و بـە بەرگێکـی نـوێ پێشکەشـی دەکـردن، جگـە لـە گۆڤـاری کەکـۆن نەمدیـوە لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـی دیکـە شـیعری بڵاوکردبێتـەوە. تەلانـی لـە ڕۆژی هەینـی ڕێکەوتـی ٢٠٢٠/١٢/١١ لـە نەخۆشـخانەی کۆیـە بەهـۆی ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا کۆچـی دوایـی کـردووە، هەمانـڕۆژ لەلایـەن مـەلا هاشـم عەبدوڵـڵا شـیرەیی تەلقیـن دراوەوە و لەبـەر ئـەم بـار و زرووفـە زۆر بەغەریبـی لـە گۆڕسـتانی دەرویـش خـدر لـە کۆیـە ئەسپاردەی خاکـی نیشـتمان کـراوە. لـە ٢٠٢١/١/٢١ لەسـەر ئەرکـی سـەردار ئەنـوەر ڕەشـید گـۆڕی نامیـق تەلانـی هەڵبەسـتراوە.

# سەرنج و کورتە توێژینەوەیەك

تەلانی شاعیرێکی پڕ بەرهەمە، بەردەوام لە نێو پڕۆسەی خۆ خوێندنەوەو و پڕۆسەی شیعر نووسین بووە، شیعرەکانی ئاوێتەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق کردووە، ئاگاداری ئەدەبی کوردی بووە، بەتایبەتیش لە ڕێی بیستنەوە، واتا زۆر شیعری شاعیرانی کوردی لەسجلەکان نووسیوە، وەك سەرنجم دابێ زیاتر ئەو شیعرانەن کە تۆمار کراون و یان بەسیدی یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کراونەتەوە، هەندێ جاریش دێڕە شیعری ئاوێتەی شیعرەکانی کردوون، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی کە کراونەتە گۆرانی، واتا تەلانی بیسەرێکی باشی شیعر و گۆرانی کوردی بووە و بەهرەی لێوەرگرتوون، کاتێ سەردانی ماڵی تەلانیم کرد تەنها پێنج شەش کتێبی لەماڵەوە هەبوو، ئەوانیش زیاتر ئەو کتێبانەبوون کە بەدیاری پێیان دابوون و زۆر لە شیعر و بابەتی ئەدەبییەوە نزیك نەبوون، بەهۆی سەختی باری ژیانی ئەو هەلەی بۆنەڕەخسابوو کتێبخانەیەکی خنجیلانەی لە ماڵەوە هەبێ و کتێب بخوێنێتەوە، بەڵام جارێکی دیکەش دەیڵێمەوە لەڕێی بیستنەوە شتەکانی وەرگرتووە، زۆر کەس کە گوێی لە شیعری میللی دەبێ واتێدەگا شیعری سادە و ئاسان و بێکەڵکن، وەك چۆن لە شیعری کلاسیکی و شیعری نوێ و هاوچەرخ، شیعری باش و خراپ هەیە، لاواز و بەهێز هەیە، بۆیە دەتوانم بڵێم لە شیعری میلیش وایە، شیعرەکانی: فەقێ تەیران و عەلی حەریری و قانیع نموونەی بەرزی شاعیری میللین، تەلانیش بە زمانێکی جوان و بە مۆسیقایەکی ڕەوان و بەسۆزێکی گەرم بە خەیاڵێکی داهێنەرانە شیعرەکانی نمایش کردووە، هەڵبەتە دیدوانی هەر شاعیرێك وەربگرین شیعرەکان دابەشی سێ ئاست دەبن، شیعری باش، شیعری مامناوەند، شیعری لاواز و خراپ، شاعیری سەرکەوتووش ئەو شاعیرەیە، کە شیعرە

باشــەکانی پانتاییەکــی زۆری دیوانەکــەی گرتبــێ، ئەوەنــدە جــوان و ســەنج ڕاکێـش بـن تەنانـەت کـەم و کـوڕی شـیعرە لاوازەکانـت لـە بیربباتـەوە، دەتوانم بڵێـم شـیعرە بـاش و جوانەکانـی تەلانـی پانتاییەکـی فراوانـی دیوانەکـەی گرتــووە، شــیعرەکانی لــە ســۆزێکی پــاك و کەتواریەتــەوە ســەرچاوەیان گرتــووە و بــە کــەف و کوڵێکــی ڕاســتەقینە هاتوونەتــە جــۆش، کــە خوێنــەر لەبــەردەم ئاوێنــەی شــیعرەکانی خــۆی دەدۆزێتــەوە، چونکــە حــەز و خولیــا و مەشــاعیرەکانی مــرۆڤ لێکنزیکــن، بەشــێکی بەرچــاوی شــیعرەکانی تەلانـی شـایەنی ئـەوەن ئاوازیـان بـۆ دابنـدرێ و بکرێنـە گۆرانـی، ئـەو سـۆزە بەکـوڵ و گـەرم و کـوڕەی لـە شـیعرەکانیدایە پردێکـی بـۆ خوێنـەر دروسـت کـردووە و بـە زوویـی دەیگاتـێ. بـەڵام ئەزموونـی نووسـینی ئـەو شـیعرانەی لـە نامیلکـەی (وەرە نـاو ماڵـی چاومەوە)بـڵاو کردۆتـەوە، زۆربەیـان شـیعری لاوازن و هێــز و پێــزی ئەدەبیــان کەمــە، شــیعری زۆر لاواز لــە دووتوێــی ســجلەکانی هــەن، بــەڵام گوڵبژێــری ناکەیــن و بەچــاك و خــراپ هەمــووی بڵاودەکەینــەوە. دەتوانــم بڵێــم شــیعرە باشــەکانی لــە دوای ســاڵی ٢٠١٣ نووسـیوە، هەسـت دەکـرێ ئەزموونەکـەی باشـتر هەڵکشـاوە، تەلانـی لـە شـیعری (ژیـان)دا دەڵـێ:

ژیان بەبێ یار وەکو زەریایە

ئەو ژیانە خۆشە کە یاری تیایە

بۆیە نامەوێ بەبێ یار بژیم

چونکە مەعلومە هەر خوا تەنیایە

(بەهاری عومرم بێ بارانی بوو

وەرزی دڵداریم هەر گرانی بوو

نەمامی هیوام چرۆی هەڵوەری

گوڵێکی گەشی نەدا لەسەری)    ٢٠١٣

شـاعیر هەسـت و سـۆزی خـۆی خسـتۆتە ڕوو، دیـارە دوو دێـڕی کۆتایـی هـی حەسـیب قەرەداغییـە، ئـاواز و وتنـی سـەلاح محەمـەدە، بەبـێ

ئـەوەی ئامـاژە بـە شـاعیر بـدات، یـان دوو دێڕەکـەی کۆتایـی بخاتـە نێـو کەوانـەوە، ئاوێتـەی شـیعرەکەی خـۆی کـردووە، لـە زۆر شـوێنیش شـیعری شـاعیرانی دیکـەی لـە سـجلەکانی نووسـیوە و ئامـاژەی بـەوە نەکـردووە کـە هـی کێیـە!؟ بۆیـە ئیـش کـردن لـەو دەسـت نووسـانە وردییەکـی زۆری ویسـتووە، واتـا شـاعیر هـەر شـیعرێك یـان گۆرانییەکـی بـەدڵ بووبـێ بەشـێکی لێنووسـیوەتەوە، هەڵبەتـە ڕەنگـە گـەر شـاعیر خـۆی دیوانەکـەی چـاپ بکردایـە، ئـەو شـتانەی لێهەڵاویـر بکردایـە، چونکـە لـەدوو سـێ شـوێن پێشـەکی نووسـیوە بـەو مەبەسـتەی کـە دیوانەکـەی خـۆی چـاپ بـکات، بەداخـەوە مـەرگ مـەودای نـەدا. منیـش ئەوەنـدەی بۆمکرابـێ ئـەو شیعرانەی هـی خـۆی نیـن نەمخسـتۆتە نێـو دیوانەکـەی، لـەو شـوێنانەش کـە شـیعری شـاعیرانی تـری تێهەڵکێـش و ئاوێتـەی شـیعرەکانی کـردووە خسـتوومنەتە کەوانـە و ئامـاژەم بۆکـردووە.

شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

ئەی دڵ

ئەی دڵ بەسیەتی مەمکە خەجاڵەت

دەورەیان داوم هەزاران مەینەت

دڵ هاتە وەڵام گوتی ڕاست دەکەی

خەتای من نییە گەر باوەڕ دەکەی

خەتای من نییە و گشت خەتای چاوە

گەر چاو پێم نەڵێ ئەو کچە قەشەنگە

دڵ ئاگای لە چییە لەم شوێنە تەنگە.(٢٠١٣)

شـاعیر سـوودی لـە شـیعرێکی فۆلکلـۆر وەرگرتـووە و بەشـێوەیەکی دیکـە ڕەنگڕێـژی کـردووە و دایڕشـتۆتەوە بەتایبەتـی لەدێـڕی کۆتایـدا، لـە فۆلکلـۆری کـوردی واهاتـووە:

خەتای دڵ نییە گشت خەتای چاوە

بە شەو و بەڕۆژ خەریکی ڕاوە

گەر چاو نەڵێ جوان و قەشەنگە
دڵ چی ئەزانێ لەوشوێنە تەنگە.
لە شیعری (کە ئێوارە دێیتە سەر ڕێم)دا دەڵێ:
کە ئێواران دێتە سەر ڕێم
بە پێکەنین و نازەوە
دڵۆپ دڵۆپ دەتوێمەوە
بەدەم شیعرێکی تازەوە
کچێ ئەڵێ ڕۆحەکەت
چۆتە لاشەی پەپولەوە
دەیان بمکە بەو زنجیرەی
کە دیارە بە گەردنتەوە
یاخود حەرفەکەی سەر سینگت
بکە بەناوی منەوە
کە دەستی هاوڕێکەت دەگری
ئێواران بەرەو ماڵەوە
لە کەنارێکی من دەچی
بەو قژە زەرد و کاڵەوە
تۆ هەقە کچی شارێك بیت
شەقامەکانی شوشە بن
ئەو خەڵکانەی تێیدا دەژین
مرۆڤی بووکەشوشە بن.(٢٠١٣)

دەبینیـن تەلانـی بەهەسـت و سـۆزێکی ڕاسـتەقینە و بەمۆسـیقایەکی جـوان و کۆمەڵـێ وێنـەی ناسـك و سادە و نـوێ هەسـتەکانی خـۆی دەربڕیـوە، ئـەم شـیعرە هـی ئەوەیـە بکرێتـە گۆرانـی، چونکـە هەشـت بڕگەییـە و بیسـەر

لەگەڵـی هاوسـۆز دەبێـت.

تەلانـی گرنگییەکـی زۆری بـە چواریـن داوە، بەشـێکی چوارینەکانـی ئاوێتـەی پەنـدی پێشـینان کـردووە، ئەوەتـا لـەم چوارینـە دەڵـێ:

هاتومەوە تا بمبەخشی بە ڕووناکی چاوەکانت

گەرچی (نامیق) تاوانبارە لەبەردەرگای یادەکانت

ئەمجارەیان هاتومەوە فرمێسکی چاوم بۆ بسڕیت

لە ژوانێکدا دابنیشین بۆ چەند ساتێك گوێم بۆ بگریت.

دەبینیـن هەسـت و سـۆزی بـە چەنـد وشـەیەکی سـادە دەربڕیـوە، کێشـی شـازدە بڕگەیـی کـە ٤+٤+٤+٤ بەکارهێنـاوە و قافییـەی هەمـوو نیـوە دێرەکانـی یەکگرتـوون، سـجلێکی تەنهـا بـۆ شـیعری چواریـن تەرخـان کـردووە.

لە چوارینەیەکی دیکە دەڵێ:

ئەوەی بەبرسییەتی بنوێ خەو بەخۆراکێ دەبینێ

هەرکەس وڵاتی خۆش بووێ دەبێ ناسۆری ببینێ

زۆرن ئەوانەی وەکو من سەوداسەری نیشتمانن

لە گۆشەی کۆمەڵگا بێدەنگ هەژاری بۆیان دەخوێنێ.

لـەم چوارینـەدا هـەژاری و خۆشەویسـتی نیشـتمانی پێکـەوە ئاوێتـە کـردووە، وەك چـۆن هـەژار خـەون بـە نانـەوە دەبینـێ، بەهەمـان شـێوە خـەون بـە نیشـتمان دەبینـێ و سەوداسـەریەتی، توانیویەتـی سـوود لـە پەنـدی پێشـینان وەربگرێـت.

سەبارەت بە تەنزە شیعر ئەوا نامیق کۆمەڵێ شیعری تەنز ئامێزی نووسیوە، کە زیاتر تەعبیر لەژیانی خۆیی و کۆمەڵگاکەی دەکات، زیاتر تەنزی تاڵن، واتا دیاردەیەك لەڕێی تەنزەوە دەخاتە ڕوو، لە شیعری (کارەبا)دا دەڵێ:

عەمر و چاوم کارەبا

چۆنی باشی مەرەبا

مەرحەبا بەم هاوینە
وەرە حاڵم ببینە
بینین یەعنی تەماشا
ئەم وەزعە تەڕەماشا
تەڕەماشیش خواردنە
گشت ڕۆژێکمان مردنە...
کاریگـەری شـاعیرانی کـورد بەسـەر شـیعرەکانی تەلانـی دیـارە، لـەم دوو چوارینـە شـیعرە کاریگـەری شـیعری (هێمـن)ی بەسـەرەوەیە، هێمـن دەڵـێ:
لەورۆژەوەی دڵم لێیداوە بۆژوان
من دێوانەی چاوی جوانم چاوی جوان....
تەلانیش لەبەر ئامێزی ئەو شیعرەی هێنی ئەم دوو چوارینەی نووسیوە.
لەو ڕۆژەی چاوەکانم شەیدابوو بەو چاوە جوانە
لەو ڕۆژەوەی خۆشەویستیت ڕازێکی بەرزوو پەنهانە
لەو ساتەوە پەنجەکانم نۆتەی ئاوازێ دادەنێت
بۆ یەکەم ڕۆژی ئاهەنگت خەندەیەك بدات بەولێوانە.
***
لەوکاتەوەی تارای خاکم بە ڕەنگی گوڵاڵە سوورە
لەوکاتەوەی کانیاوەکان ڕازی کچیان دووربەدوورە
لەوکاتەوەی کزەی شەماڵ تێکەڵ بە گڕی دەروون بوو
لەوساتەوە لاشەی بێگیان ئاوارەی ئەو دیو سنوور بوو.
تەلانی داهێنەری وێنەی نوێی شیعرییە لەم چوارینەدا دەڵێ:
خۆزگە منیش وەك فرمێسکی چاوەکانت دەهاتمە دەر
هەموو تەمەنی بەختیاریم لەسەر گۆنات دەبردە سەر
هێندە ژیان بایەخدار بوو نزیك بام لە ڕووخساری تۆ

بێباك بووم لەو كفنە مەرگەی بەدیار لێوت دەمكردەبەر.

تەلانی پرسیاری فەلسەفی دەكات لە ژیان ڕادەمێنێ و دەڵێ:

سەرم سوڕماوە لە باسی مەلێكی سەر زەوی ئادەم
گەلێ جار زڕخەوی كردوم كاتی تەنیایم دەم نادەم
هەزار و یەك پرسیار دەكەم زۆربەیان بێ وەڵام ماون
هەڵەی ئەویان یاساییە دەبێ من باجی ئەو بدەم.

لەم چوارینەدا خەیام ئاسا دواوە و كۆمەڵێ پرسیار و سەرسووڕمانی خۆی بەرامبەر بە كەون و مرۆڤ خستۆتە ڕوو، كە ئەو هەزارەها پرسیاری هەیە، بەڵام هەمووی بێ وەڵامن.

لە كۆپلە شیعرێكی دیكە تێڕامان و سەرسامی خۆی دەردەبڕێ و لە هەمان كات سوودی لە فۆلكلۆر وەرگرتووەو دەڵێ:

گەڵێ جار پێم وایە مەستم باوەڕ بە هەندێ شت ناكەم
باوەشی دایك بە سۆزە چۆن دەبێ لەو هەستە ڕاكەم
ماسی لە ئاوی لێڵ ناژی هەرچەند شیرین و سازگاربێ
دەڵێن جام پڕبوو لێی دەڕژێ هەرچەندە باوەڕیش ناكەم.

لە پەندی پێشینانی كوردی واهاتووە: جام كە پڕبوو لێی دەڕژێ. بەڵام شاعیر دژی ئەو پەندەش دەوەستێتەوە، كە زەمەنەكە هێند گۆڕاوە كە قەناعەتی بەوە هاتووە، ئەگەر جامیش پڕبێ ئەوە لێی نارژێ. واتا شاعیر پەندەكەی ئاوەژوو كردۆتەوە و بۆچوونێكی تری هەیە.

ئەو ڕۆژگارە نەما باوی خەڵكی گوێ لە قسەی تۆ بگرێ
بێزاربووە لەو پەندە پووچەی لەكوێ پسا بیدەی گرێ
ئێستا تێگەییەوە و شێواوە هەموو ژیانی گرێ كوێرە
وەك بەرماڵی سۆفی ڕزیوە پێوەی نەما پینە بكرێ.

شاعیر لەم شیعرەشدا سوودی لە ئیدیۆم وەرگرتووە، بەڵام توانیوویەتی وێنەی نوێی لێهەڵێنجێ و ئاوەژووی بكاتەوە. لە كوردەواری وا هاتووە:

لەکـوێ پسـا لـەوێ گرێـی بـدە. بـەڵام شـاعیر قەناعەتـی بـەوە نەمـاوە، بەڵکـو پێـی وایـە زەمەنەکـەی بەسـەرچووە، واتـا لـە کـوێ پسـا لـەوێ گرێـی ناداتـەوە و بـەردەوام بـێ، بەڵکـو لـە هـۆکاری پسـانی دەکۆڵێتـەوە و لێـی ورد دەبێتـەوە.

گوتیان بۆچی بێدەنگ نابی چیت لەو خەڵکانە زیاترە

کێ لە خەمی میللەت دایە وازبێنە زمانت بگرە

زۆربوون ئەوانەی وەکو تۆ دەیاننووسی ئێستا لە کوێن

منداڵت بێ باوك مەکە و بای دێ کڵاوەکەت بگرە.

لەم شیعرەشیان سوودی لە پەندی کوردی وەرگرتووە کە دەڵێ:(دەست بە کڵاوی خۆت بگرە با نەیبات).

لەسەر و ژێری تەمەن دام، چاو بۆهەورازێ دەگێڕم

نیشانەی پیری دەرکەوتن چیتر ناتوانم وەیشێرم

ژیانی مرۆڤ کۆڵنەدانە کێ خۆی بۆمردن داناوە

بۆ دەربڕینی ئەو ڕازەش ئێوە بە تەمەن دەسپێرم.

لـەم شـیعرەدا شـاعیر سـوودی لـە ئیدیۆمـی کـوردی وەرگرتـووە، ئیدیـۆم ئـەم وتـە ئامادەکراوەیـە، کـە بۆڕازاندنـەوەی هۆنـدراوە سـوودیان لێوەردەگیـرێ، کـە پێشـتر گوتـراون، لـە گوتـەی: کـێ خـۆی بۆمـردن دانـاوە. دەبینـدرێ.

ئەو ڕۆژگارە نەماباوی بڵێن وسبە دێ شەولەبان

کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵك بکرن وەك جامباز لە گەڕ و مەیدان

فشە و درۆتان دەرکەوتن تێگەیشتین هەر خوێن خۆرن

جیاوازییەکمان لێتان نەدی جیاوازبێت لە پێخوسەکان.

شـاعیر سـوودی لـە فۆلکلـۆری کـوردی وەرگرتـووە، شـەولەبانی تەوزیفـی نێـو شـیعرەکەی کـردووە، بـەڵام تەعنـەی لێدەگـرێ و بـاوەڕی پێـی نییـە، چونکـە وشـیاری مـرۆڤ بـەرەو پێـش چـووە و لـە ڕاسـتی شـتەکان دەگات. شـاعیر سـوودی لـە زۆر بابەتـی فۆلکلـۆری کـوردی وەرگرتـووە، سـوودی

لەشـیعری فۆلکلـۆر و پەنـد و ئیدیـۆم و ئەفسـانە وەرگرتـووە... بـەڵام توانیوویەتـی خـودی خـۆی لەنێـو ئـەم کەرەسـتە و بابەتانـە بدۆزێتـەوە.

لـە شـیعرەکانی شـاعیر دەردی هـەژاری و نەبوونـی بەتەواوەتـی ڕەنگـی داوەتـەوە، نـەك لـە شـیعرە کۆمەڵایەتییەکانـی، بەڵکـو لـە شـیعرە دڵدارییەکانیشـی. تەلانـی دەڵـێ:

من نامەوێ فریوتدەم بە درۆ ژیانت دڵخۆش کەم

من هەژارم قەت ناتوانم لەگەڵ تۆدا چرا هەڵکەم

خودا شادی بە تۆ داوە، بەڵام بە منناڵە و گریان

جا چۆن بژیم لەگەڵ کچێ کە نەیدیبێ ئازار و ژان.(٢٠١٣)

شـاعیر تەنهـا گرنگـی بەشـیعری کێـش و سـەرواداری نـەداوە، بەڵکـو لـە شیعرەکانیدا مۆسیقای تێکەڵـی بـەکار هێنـاوە، زۆربـەی وێنـە شـیعرییەکانی لـە ژیانـە سـادەکەی خـۆی هەڵبـژاردووە و شـیعریەتی پێبەخشـیون، تەنانـەت چەنـد پەخشـانە شیعرێکیشـی نووسـیوە لـە شـیعری (بـێ دەنگـی نهێنییـەك)دا دەڵـێ:

تا لێواری دێوانەی مەرگ پەلکێشت دەکردم

یان تا ئەبەد لەم ژینەدا بمسڕیتەوە

لە دۆزەخی تەنیایی ناخی خۆمدا نغرۆم بکەیت

تۆ گەر دەتزانی چ نهێنییەکی ئەبەدیم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرتووە

لە دووتوێی شیعر.

زمانی شاعیر زمانێکی پوخت و پاراو و سادەیە، زمانێکی پەتییە، ئاوێتەی ئیدیۆم و پەندی پێشینان و قسەی نەستەقە، زمانێکە گوزارشت لە ژیانی سادە و هەژاری خۆی دەکات. هۆگربوونی ئەو بە شیعر، هۆگر بوون بوو بە ستاتیکا و جوانی، لە ڕێی ڤیدیۆ بڵاوکراوەکانی هەمیشە پردی سۆزی دەکردە ڕایەڵەی نێوان خۆیی و خەڵك.

شـاعیر کۆمەڵـێ وێنـەی جوانـی لـە دووتوێـی شـیعرەکانی خسـتۆتە

ڕوو بۆنموونــه لەوانــە: (ماچــی خەســتی تاوەبــاران، شــەقامی شووشــە، سـێدارەی پرچەکانــت، شــاری تەنیایــی، شــەپۆلی خەمــی چاوەکانــت، خەنجـەری گریـان، ڕووبـاری دەریـای دڵپاکیـم، گیانـی برسـیم زگـی دەکوشـی، داری خەمــی لــە دڵ دەبــڕم ـ نەمامــی شــادی دەڕوێنــم، گــەر ئێوارەیــەك ســەری بێســەری خــۆم هەڵگــرت، فەرشــی خــەم، جــادەی مێخــەك، هێشــووی خــەم، ڕووبــاری کــۆچ، بــازی خەیاڵــم، خاکــی دڵــم، خــەم خانەخوێــی فیکــرە، تەمـەن باڵـی لێکنـا...)

شــاعیر خەیاڵــی کردۆتــە ڕێــگای ســەفەرە ڕۆحییەکانــی خــۆی، ئــەو ســەفەری بــۆ هیــچ کام لــە وڵاتــان نەکــرد، نەتیوانــی تەنانــەت زۆر لــە شــارەکانی هەرێــی کوردســتانیش ببینــێ، بــەڵام لەڕێــی خەیاڵــەوە ئــەو هەمیشــە لــە ســەفەری ڕۆحــی دابــوو، شــیعر بــۆ تەلانــی چێــژ و خۆشــی بەخــش و گەمەیەکــی زمانەوانــی گرنــگ بــوو.

# تەلانی لە دیدی ڕووناکبیراندا

## چەند وشەیەک بۆ کۆچی نامیق تەلانی شاعیر

بایز مستەفا

نۆتینگهام، ٢٠٢١/٢/٢

شاعیرە میللییەکان کەسانێکن لەڕەنگ و بۆی کۆڵان و شەقام و گەڕەکەکانن، بە زمانێک هۆنراوە پێشکەش بە خەڵکی ئاسایی دەکەن، خەڵکە ئاساییەکەش هەستدەکەن ئەوە هەمان ئەو زمانەیە کە ڕۆژانە قسەی پێدەکەن لە ئەنجامدانی ئیش و کاری ڕۆژانەیاندا، لەگەڵ خانەوادە و هاوڕێ و هاوگەڕەک و هاوپیشەکانییاندا، بۆیە شاعیری میللی هێندەی نزیکە لە خەڵکەوە، هێندە نزیک نییە لە ڕێزمان و ڕێبازە ئەدەبییەکان، بەڵام خۆ شیعری میللییش هەروا شتێکی ئاسان نییە کە هەر بابایەک هەستێت و پشتی لە عەرز بدات. شیعری میللیش کەسی خۆی دەوێت کە مەرجەکانی بۆ جێبەجێبکات، ئینجا باوەشی فراوانی مێژووی خۆی بۆ دەکاتەوە و ڕەزامەندی لەسەر ئەوە دەردەبڕێ کە شاعیر خۆی بە یەکێک لە شوێنکەوتوانی بناسێنێت.

من شاعیری کۆچکردووم تەنیا لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ناسیوە و لە فەیسبوک هاوڕێم بووە، هەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش زۆر جار گوێبیستی شیعرەکانی دەبووم، کە زۆربەی جار هەر بە دەنگی

خـۆی پێشکەشـی دەکـردن بـە کۆمەڵێـک بـرادەر و ناسـیاوی خـۆی.

مـن وایدەبینـم نامیـق تەلانـی شـاعیرێکی میللـی بـە توانابـوو، ئێـش و ئـازار و پێکەنیـن و حـەز و خولیـا و باسـو خواسـی ڕۆژانـەی خەڵکـی لە شـیعرەکانی بەرجەسـتەدەکرد. دواتـر بـە شـێوە دارشـتنێکی میللییانـەی زۆر جـوان و بـە هەمـوو ئـەو مەرجانـەی کـە لـە تەکنیکـی شـیعری میللیـدا هەیـە، بـە خەڵکـی بەخشـیوەتەوە.

شـیعرەکانی نامیـق تەلانیـی بـە هەمەڕەنگـی نـاوەرۆک و سـادەیی بابەتـەکان و کێـش و سـەرواى شـارەزایانە، شـیعری میللـی بـێ خـەوش بـوون و تەلانییـش شـاعیرێکی میللـی بـە توانابـوو. لـە کۆتاییـدا داوام لـە دامـودەزگا پەیوەندیـدارەکان و کۆمەڵـە و ڕێکخـراوە هونەری و ئەدەبییەکانی کوردسـتان بـە گشـتی و شـاری کۆیـە بـە تایبەتـی ئەوەیـە، کـە گرنگیبـدەن بـەم گەنجینـە ئەدەبیـی و میللییانـەی گەلەکەمـان و لـە فەوتان بیانپارێـزن و بەرهەمەکانییان بـۆ چاپبکـەن و لـە تۆمـاری مێـژووی شـاردا بیانناسـێنن.

گیانـی شـاعیری کۆچکـردووی شـارەکەمان نامیـق تەلانـی ئاسـودەبێت و سـەبوری و ئارامـی بـۆ خانـەوادە و کەسـوکار و هاوڕێیانـی، یـادی بـەرز و بەڕێزبێـت.

## نامیق تەلانی بەهەژاری ژیا و بە هەژاری

## کۆچی دوایی کرد

دانا حاجی عەبدوڵڵا

مرۆڤ کاتێ دەوڵەمەندە کە دڵی دەوڵەمەند بێت، نەوەك تەنها گیرفانی پڕبێت. زۆرن ئەوانەی سەرمایەداربوون و کەمردن ناو بزر بوون. زۆرن ئەوانەی گیرفانیان پڕن دەوڵەمەندن، بەڵام گەدەیان بەتاڵ و برسین. هەژاران یەك خەمیان هەیە ئەویش نەبوونییە، بەڵام لەوانەیە بەختەوەربن، چونکە بەختەوەری بە پارەو پول نییە. هاوڕێیەکی دێرینم کە کاتی خۆی هەژار بوو ئێستا پارەدارە گوتی: خۆزگەم بەوکاتەی کە نانی ئێوارەم نەبوو. بەس ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو هەموو کەسە ناودارەکان فەیلەسوفەکان داهێنەرەکان پیاوە مەزنەکان ڕابەر و سەرکردەکان هەژار بوون بەهەژاریش مردن، بەڵام تا دونیا ماوە ناویان بە بەرزی و شکۆمەندییەوە دەمێنێت. نامیق تەلانی ئەو پیاوە روح سوك و خۆشەویستە بوو، کە بەخەندە و قسەخۆشەکانی دڵی بەرامبەرەکەی ڕادەکێشا.

خۆش مەجلیس و قسە خۆش بوو، هەموو کات زەردەخەنە میوانی لێوەکانی بوو. نامیق هەژار بوو، بەڵام خۆشەویست بوو خاوەن کەسایەتی بوو. نامیق عاشقی شیعر بوو شاعێریکی عاشقیش بوو. ئەو دڵی ڕەش نەبوو چاوی پیس نەبوو هەموو بیری لای ژەمی دوایی بوو. نامیق بۆ ئەوکاتە دەژیا کە تیایبوو، بیری لە هەفتە و مانگ و ساڵی داهاتووی نەبوو. لە بواری نووسینی شیعریشەوە ئەوەندەی کە گوێم بۆ دەگرت و شیعرەکانی بۆ دەخوێندمەوە لای من پڕ مانا و بەهێز بوون، جۆری خوێندەوە و دەربڕینەکانی بەڕاستی سەرنج ڕاکێش بوون، وای لە

بەرامبەرەکانی ئەکرد کە تا دوا دێڕی شیعرەکە گوێی بۆ بگرن، نامیق تەلانی بەهەزاری سەری نایەوە، بەڵام ناوی بەزیندویی و بەگەورەیی دەمێنێتەوە. هەزار دورود و سڵاو بۆ ڕۆحی پاکت نامیق تەلانی شاعیری خۆشەویست.

## وەفایەك بۆتەلانی

زانا حوسێن

من ئەدیب و نووسەر نیم، سەروکارم لەگەڵ ئەدەبیات زۆر نییە و زیاتر بۆ خەڵکی تایبەت ئەم بوارە جێدێڵم و خۆمی پێشۆڕناکەمەوە، بەڵام وەك ڕێزێك دەمەوێ چەند وتەیەك بخەمەڕوو، هەرچەندە من خوێنەرێکی بەردەوامی بەرهەمە ئەدەبییەکانم، بەتایبەتی ئەوانەی شاری کۆیە، ئەوەی منی هاندا، چەند وشەیەك بۆ ڕۆحی پاکی تەلانی بنووسم، د. هاوژین سڵیوەی هاوڕێم بوو، کە باسی ئەو بابەتەی کرد هەندێ شتم لەبارەی نامیق تەلانی خستە ڕوو، دنەی دام کە گەڵاڵەی بکەم و ئەو چەند قسەیەی کە لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنی کردم بینووسمەوە. نامیق تەلانی سەربازێکی ونە، من نامیقم لە نزیکەوە دەناسی چەند جارێك گوێم لێڕاگرتووە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بینیومە، چەند ڕۆژێك بەر لە کۆچی دوایی لە نزیك دوکانی دیاری قادراغای حەوێزی بینیم و سڵاوێکی گەرمم لێکرد، ئەو زۆربەی ڕۆژەکان لەوێ دادەنیشت، نامیق تەلانی پیاوێك بوو لێوان لێو لە بەرائەت و عیشق و خۆشەویستی، هەستێکی ناسك و بەسۆزی هەبوو، بەڵام داخەکەم لەباری بژێوی ئابووری توانای زۆر سنوور دار بوو، چەندی بنووسی و هەوڵبدەیی و داهێنانیش بکەیت، کەس گوێت لێڕاناگرێ، کورد وتەنی:

ئەگـەر شـیرت هەوانیـش دابهێنـی، کـە فەقیـر بـووی پولـەك نـاکا. کـە بـێ پشـت و پەنابـی بەهیـچ ناچـێ. شـاعیر هەیـە کـە لەسـەدا یەکـی نامیـق تەلانـی بەهـرەی نەبـووە، کەچـی دیوانـی بـۆ چاپکـراوە، لـە کاتـی مردنیشـی ئەگـەر کۆڤیـد بیسـت و یەکیـش هەبووایـە، پشـت و پەنـای هەبوایـە وا بـە غەیبـی نەدەنێـژرا، دواتـر خەڵکـی هـەژار و بـێ پشـت و پەنـا زۆریـان پێیـە، کەسـانێکی وەکـو تەلانـی شـیعری ئاسـت بـەرزی دەخسـتەڕوو، لـە دیوێکـی دیکـەوە وەك دەڵێـن ماڵـی دونیـا چڵکـی دەسـتە، بۆیـە ئـەوەی لـەدوای بەجێما تەنهـا شـیعرەکانی بـوو، پیاوێـك بـوو بـە جـل و بەرگـی سـادە، بـەڵام هەسـت و سـۆزێکی زۆر جوانـی هەبـوو، لـە بوارەکـەی خۆیـدا داهێنـەر بـوو، خەڵـك هەیـە لەپـارە زیاتـر هیچـی تـری نییـە، پـارەی لێبسـتێنیتەوە هیچـی تـری نییـە، بـەس ئـەم وانەبـوو، توانایەکـی هەبـوو خەڵکـی دیکـە نەیبـوو، ئەگـەر تـۆڕی کۆمەڵایەتـی نەبوایـە، دەبـووە سـەربازی ون. مرۆڤێکـی بەڕێـز و هـەژار بـوو. خۆڕسـك و سـادە و خۆشەویسـت بـوو لەنـاو خەڵـك، درود بـۆ گیانـی پاکـی.

## یەك دوو وتە لەبارەی نامیق تەلانی

دێدەوان یەعقوب

نامیـق تەلانـی شـاعیری میللـی، چەنـد تایبەتمەندێکـی خـۆی هەبـوو کـە ڕەنگـە شـایانی باسـبن و لەخەڵکـی شـاعیردا نەبـن و یـان کەمبـن.

زۆرینـەی هۆنراوەکانـی خـۆی لەبەربـوو. ئامادەبـوو بـۆ هەمـوو کـەس کـە داوایـان لێکردبـا هۆنـراوەی دەخوێنـدەوە. هۆنرەوەکانـی بەسـاکاری دادەڕشـت خاڵکـی تریـش دەیانتوانـی لەبەریـان کـەن. لایەکیتـر لەبابەتـی تەلانـی ڕەحمەتـی، دارشـتنی شـیعری تەنـز و تێکەڵکێشـی تایبـەت بـوو، کـە زۆر لێزانانـە و سـەرکەوتووانە بـوو لـەم بـوارەدا.

# نامیق تەلانی لە دیدی منەوە

رۆکان گوریل شەعیا

نامیـق تەلانـی وەکـو کەسـایەتییەکی ناسـراوی شـاری کۆیـە، بـە شـیعر و قسەخۆشـەکانی وەکـو شـاعیرێکی میللـی و گـەل نـاوی دەرکردبـوو، چونکـە وشـە و دەربڕینەکانـی لـە ڕووی زمانـی ئەدەبـی شـیعرییەوە سـادەییان پێوەدیـارە، بابـەت و مەبەسـتە شـیعرییەکانی زیاتـر ڕەنگدانـەوەی ژیانـی خۆیـی و خەڵکەکە بـووە، وەکـو شـاعیرێک خۆشەویسـت بـووە لای خەڵکەکە، لـە هەرکوێبێـت خۆشەویسـتان و عاشـقانی لـە دەوری کۆدەبونـەوە لـە هەمـان کاتیشـدا بەسـەرهات و شـیعرەکانی خـۆی پێشکەشـدەکردن، بـە شـیعرە جـوان و دڵڕفێنەکانـی وای لـە خەڵکەکـە کردبـوو خۆشـیان دەویسـت و ڕێزێکـی تایبەتـی هەبـووە لەنێـو خەڵکەکەیـدا، هەروەهـا یـەک لـە سـیفاتەکانی لەبـارەی نووسـینی شـیعرەوە ئەوەبـوو زوو شـیعری بـۆ دەهـات و توانایەکـی باشـی هەبـوو لـە چنینـی وشـەکان و ڕیزکردنـی کەرەسـتەکان، هەروەهـا خاسـییەتێکی تـری ئـەم شـاعیرە میللییـە ئەوەبـوو شـیعرەکانی گاڵتەئامێـز و تەنزئامێـز بـوو، ئەمـەش وایکـرد زوو بچنـە ناخـی خەڵکەکـەوە، لـەڕوی فۆڕمـی شیعریشـەوە زۆربـەی شـیعرەکانی لەسـەر کێشـی بڕگەیـی و خۆماڵـی بنیاتنرابـوون، سـەبارەت بـە سـەروای شـیعری زیاتـر مەوسـنەوی «جـوت سـەروا»ی بەکاردەهێنـا، لـە ڕووی زمانـی شیعریشـەوە زمانێکـی سـادەی بەکاردەهێنـا ئەمـەش یەکێـک لـە تایبەتییەکانـی شـاعیرانی میللـی کـە خۆیـان لـە خەڵکەکـە جیانەدەکـردەوە و خوێنـەران بـە ئاسـانی لـە واتـای شـیعر و مەبەسـتەکانی دەگەیەشـتن.

## ئاشنایەتیم لەگەڵ تەلانی

سارێژ ئەڤینی

ئاشنایەتیم لەگەڵ خودا لێیخۆشبێ دەگەڕێتەوە بۆساڵی ٢٠٠٨، هەڵبەت ئەوسا لە دورەوە چەند شتێکم لەسەری بیستبوو سەبارەت بە نووسینی شیعر و کارامەیی لە وشەسازی و لێکدانی وشەکان بەیەکترییەوە.

هەر ئەمەش وایلێکردم هەوڵبدەم تابتوانم کەمێك زیاتر لێی نزیك ببمەوە، بەهەرحاڵ توانیم لەدەفەتێك چاوم پێیبکەوێت، کوڕێکی ڕۆح سووك و خاوەن دەروونێکی پاك، ئەمەش وایلێکردم تا بەرنامەیەکی ڕادیۆیی بۆ بەئەنجام بگەیێنم، لەمبوارە نووسینەیدا کارامەیەکی تەواوی هەبوو، باوەڕیشم وابوو کە بیسەرێکی باشە و توانای ئەزبەرکردنی زۆر باش بوو.

## شاعیرێکی غەمگین وەك هەور

عیماد غەفووری

نامیق تەلانی، شاعیرێکی غەمگین وەک هەورا لەبری فرمێسکی، ئازار و مەینەتییەکانی ڕۆژگاری سەختی ژیانی بە شیعر دادەباراند، تەلانی وەک ئەو جوانە ڕاستەقینەبوو هەموو دەمانێک وەک خۆی بوو، هەرگیز پێچەوانەی مرۆڤە ماسک دارەکان نواندنی نەدەکرد، هەرچەندە لە هەموو شوێنێک کۆڕ و کۆبونەوەکانی سەر شەقام و ناوبازاڕ و دوکانداره سەرسام بووەکانی جمەیان دەهات، جوانی دەربڕینی هەست و سۆز و ناسکی

پڕاوپـڕی تێکسـتە شـیعرییەکانی زۆر نایـاب بـوون. لایلایەیـان بـۆ دەروون دەکـرد، ئەندێشـە و خەیاڵـی لەنـاو لانکـی ئارامیانـدا رادەژانـد، ئەگـەر بـە زمانـی شـارەزایانی شـیعر زانـان پۆلێـن بـۆ شـیعرەکانی ئـەو شـاعیرە بکرێـت، لـە بـواری نووسـینی شـیعری میللـی لـە شـاری کۆیـە، تەلانـی دەچێتـە ڕیـزی ئـەو شـاعیرە میللییـە پایـە بەرزانـەی کوردسـتانی گـەورە، ئـەو ئەزموونـە شـیعرییەی تەلانـی هـەروا بەئاسـانی نەهاتبـوە ئـاراوە، لەوسـەردەمەدا بەڕاستی تەلانـی لـە لوتکـە دەبینـرا، بـەراورد بەشـاعیرانی میللـی لـە ئێسـتادا، چەنـد سـاڵێکی بەتامەزرۆییـەوە بـە نووسـینی شـیعرە میللیەکانـی بەسـەربرد، بـەڵام بەداخــەوە وەک پێویسـت خوێندنـەوە و پێوانـەی شایسـتەبوونی خـۆی بۆنەکـرا، هاوارەکانـی دەیگەیشـتە ڕۆحـی هەمووەمـان، بـەڵام لـە ئاستی بەتەنگەوەهاتنی هەمووەمان کـەڕ و لاڵ بویـن. لـە کۆتایـدا خەمەکانـی وەک شـۆڕەبی بەخۆیـدا شـۆڕ دەکـردەوە، چونکـە هەمـوو ڕۆژێـک کـە دەگەیشـتەوە کۆڵانـی ماڵەکـەی بەڕاسـتی دەیزانـی ئـەو ڕۆژەش بـۆ ئـەو ڕۆژی دڵ شـکان بـووە، هـەر بۆیـە لەگـەڵ خـۆی بـار و قەتارێکـی خەنـدە و خۆشـی دەبـردەوە ماڵـی سارد و سڕی بـە شـیعر گەرمـی دەکردەوە، لەوەرزی سـەرما و سـۆڵەدا، جگـە لـە شـانی پـڕ ئـازاری ڕۆژانـەی کارە قورسـەکەی لـە دەوام، لەکاتـی دەرکەوتنـی لـە شـوێنە گشـتییەکان، تێکسـتە شـیعرییەکانی وای کردبـوو لـە هەمـوو لایـەک بانگهێشـت دەکـرا، بـەڵام لـە زۆر شـوێن هەڵوەسـتەی دەکـرد و خاڵێکـی بۆخـۆی دادەنـا! ئـەو دەیزانـی دانانـی خـاڵ باشـترە لـە جیاتـی ئـەوەی بۆشـایت پـێ پڕبکەنـەوە و بـۆ ئەوشـوێنە گونجـاو نیـت. تەلانـی دەیویسـت بەشـکۆوە درێـژە بەخوێندنـەوەی شـیعر بـدات و ئاهـوو حەسـرەتەکانی ژیانـی خـۆی و میللەتـی کـورد و ئـەو قەیرانـە دروسـت کـراوەی دارایـی هەرێـم بەشـێوەی مەیدانـی بەهـاوکاری سۆشـیال میدیـا، بەهەمـوو جیهـان ڕابگەیەنێـت کاریگـەری تێکسـتە شـعرییەکانی کردبویـە کەسـێکی ناسـراو لـە سەرئاسـتی کوردسـتان. هەمـوو کەسـێکی ئاشـنا کردبـوو بەنـاوی تەلانـی. دەیویسـت هەمـوو چـاوە تەڵـخ بووەکانـی گـەورەیـی خێـزان و ئاشـتی و ئارامـی و تەبایـی نادیـدە ناگـرن ڕۆشـنیان بکاتـەوە. تەلانـی دەیویسـت لـە ڕێـگای شـیعرە میللییـە کاریگەرییەکانـی شـۆڕشـێکی سـپی وشـیاری کۆمەڵـگا ڕابگەیەنێـت، بۆئـەوەی لەوخـەوە قوڵـەی بێئاگایـی ڕایـان

بچڵەکێنێت، هەروەک ئەکتەری گەورەی جیهانی (چارلی چاپلن) وتەیەکی بەنرخی هەیە کە دەڵێت:((حەز دەکەم هەمووڕۆژێک باران بێت بۆئەوەی خەڵک فرمێسکەکانم نەبینێت لەکاتی گریاندا.))، بەڵام هەموو دونیاشی دڵ خۆش دەکرد. لە ڕاسیشدا لە ناخ و هەناوی قەتیس ماویدا هەمیشە وەک بورکان لەدڵ و دەروونیدا ئاگر و بڵێسەی بێبەزەیی ڕۆژگار تەنگی پێهەڵچنیبوو. تەلانی دەیویست سۆشیال میدیا بکاتە میمبەرێکی بەئاگا هاتنەوەی هاوڵاتیان بەگشتی هەروەک چۆن شاعیری دەقەری ڕاپەڕین (ئەحمەد شێواو )لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان ڕۆژانە تێکستە شیعرێکی لەسەر تەختەڕەشێک دەنووسی، کە هەر قۆناغێک و بابەتێکی هەنوکەیی دەخستەبەرچاوی دانیشتوانەکەی بۆ بەئاگاهاتنەوە و وشیار کردنەوەی هاوڵاتیانی شاری ڕانیەی خۆشەویست. بۆیە لەگەڵ خێزانە بەڕێزەکەی هەردووکیان بە ئازارەوە لەسەر قاچەکانی خۆیان وەستابوون.

شکۆی خێزانە خنجیلانەکەی لەباوەشی میهرەبانی کردبوو و دەیانپاراست تاکۆتایی بەبەرچاوی هەموومان ئەو مرۆڤە مەزنەی بواری شیعر و ئەدەبی میللی کوردی گیانی زۆر بەسارد و سڕی سپارد، ئینجا هەموومان دەستی پەشیمانیمان دەگەست کە وەک پێویست نەمانویست ببینە بەشێک لە کەمکردنەوەی ئازار و مەینەتییەکانی کە بەردەوام دەیناڵاند بەهۆی نەخۆشی درێژ خایەنی و دەست کورتی و هەژاری و نەدارییەکەی بەبێ ماڵ ئاوایی ئەو شارەی کۆیەی جێهشت، کە چەند شانازی پێوە دەکرد. بۆیە دەڵێم (نامیق)گیان ئێستاش هەموومان دوای کۆچەکەت شانازیت پێوە دەکەین، چونکە (زیندوکوژی مردو پەرستین) ماڵئاوا.

## ناميق تەلانی، ئەو کۆترە قەلاشەی، خەمیش پێی ماڵی نەکرا!

فازیل شــەورۆ ـ دوبلن

دیــوان و دیوەخانــی کــوردەواری، لــە هەمــوو ســەردەمێکدا، گۆشــە و ســەرپەڕگی جــوان و قــورس و گرانــی بــە شــاعیرە میللییــەکان، پــڕ جــۆش و خــرۆش بــوون. شــیعری میللــی هێنــدە ڕەوان و خۆشــخوانە لەســەر زاری بێژەرەکانــی، وەک بڵێــی ئــەو زمانــە هــەر بــۆ ئــەو شــیعر و ئاوازنــە خولقــاوە. هــەزارەی ســێیەم، لــە وراتــی کۆیــە، بــە ســەدای شــیعرەکانی شــاعیرێکی میللــی هێنــدە ڕۆحسووک، چــاوی گەشــی هەڵێنــا، کــە بــووە جێگــەی فەخــر و ئیفتخــاری هەمــووان.

ناميـق تەلانـی، هـەر نـاوی ڕێنجبەرێکی دەشـتەکی خاکـی و خەمهەڵگـر نییە، ئـەو تەلانییەکـی ئـەو وراتـە پـڕ زام و خوێـن و گۆڕەیـە، کـە لـە تەنیایـدا هـەر لـە هـەور دەچـوو، لـە عەشـقدا فەرهادێکـی شـیرین گومکـراو بـوو، لـە سـۆزدا چامـە بەهارییەکـەی حاجـی قـادری کۆیـی بـوو، لـە خۆشەویسـتیشـدا هـەر بەتەنهـا خـۆی بـوو، بـەڵام وڵاتێکـی بـە کۆڵـی خـۆی دادابـوو. ئـەو مرۆڤـەی کـە قـەت سـەری بـە پۆلێکـی پەیمانـگا و زانکۆیـەک دانەگرتبـوو، هـەر بـاری قـورس و کۆڵەپشـتە قـورس و تۆربـەی قورسـی بەپشـتەوە بـوو، شـیعری کـردە دەنگـی خـۆی. بـە شـیعر هانـای بـردە بـەر خوداوەنـدی خـۆی. لەوەشـدا لـە نێـو دوو جیهانـدا دەکـوڵا، جیهانـی ناميـق تەلانـی و جیهانـی نیشـتمانی ناميـق تەلانـی. لـە دەقـە شـیعرە ئـاوازە میللییەکانیـدا، لەیـەک ئـان و سـاتدا: ژانـی نیشـتیمانی لـە سـەر سـینەی خۆیـدا دەنەخشـاند و زامـی خۆشـی دەکـردە پشـکۆی تەنـدووری داگیرسـاوی ئـەو نیشـتمانە. زەحمـەت بـوو تەلانـی و نیشـتمان لێـک جیابکەیتـەوە. لـە سـووتانیدا لـە شـیعرێکی زاتـی، ڕۆمانسـی، خەمـاوی خۆیـدا، نیشـتمانی دەلاوانـدەوە. لـە دەقێکـی ئاگرینـی کوردستانیشـدا، خـۆی شـینی خـۆی دەگێـڕا. سـەرەڕای برسییەتی و بێ جێـی

و ئاوارەیی لە زێدی خۆیدا، بە وشەیەک، ئەنتی نیشتمانی و بێزاری خۆی دەرنەبڕی. ئەو کە بەڵێنیدا، گۆڕەکەی خۆی هەڵداتەوە و بێ پەیکەرەکەی خۆی بشکێنێ، لە تاو سینە سووتاوی خۆی نەبوو، ناڕەزایی ئەو بوو، لە دژی ئەوانەی گەنجەکانی هاوتەمەنی ئەویان دەستخەڕۆ دەکرد و فریو دەدا.

ئەو شاعیرە حەماڵەی، خەمی وڵاتێکی بە کۆڵی خۆی دادابوو، لەبەر چرا ڕەشکەی شەوانی، توانی دەنگ و ڕەنگی خۆی لە ڕێی تەکنەلۆژیای سەردەمدا بەگەیێنێتە ئەو پەڕی دونیا. من لە دوبلنەوە، زۆر شەوان دەچوومە ژوورە ساردوسورەکەی و بە ماتەمی بەدیارییەوە دادەنیشتم. شاعیر، ژیرانە، نەیهێشت وەک بەرهەمە میللییەکانی کۆن، شیعرەکانی بزربن و کەس نەبێ تۆماریانکات، یان بچنە ژێرگڵ لەگەڵ خاوەنەکانیان.. تەلانی خەونی زۆری هەبوو، چونکە خەمی زۆری هەبوو. زمانەکەی تامی هەنگوینی دەداو رەوانییەکەی دەشتەکییانە بوو، وێنە هونەرییەکانی سدق و سادقانە بوون، وەک دڵەکەی خۆی. لە گوێگرتن لە شیعرەکانی، هەستت دەکرد کە بێژەرێکی خۆش ئاوازی لێزانە، دەقەکانی ئاوێنەی بێ غەشن، ئاخەکانی، هی ئەو کەسانەن کە شەوان خەم ڕادەژن و پشکۆی ئومێد گەش دەکەنەوە، هەژاریی، بە مەرگیش، غەردی لە تەلانی کرد، ئاخر ئەو بۆخۆی یەکێک بوو لە قوربانییەکانی ناداپەروەردەی و جەور و ستەمی کوردی. تەلانی کۆترە قەڵاشیکی دەشتی کۆیە بوو، بەکەس ماڵی نەکرا، تەنانەت بە خەمەکانی خۆشی.

## مەرگ زەردەخەنەی سەر لێوی کوژاندەوە

مەولود ژاکاو

من نامیقم من میللیمە

لەناو گەلا هەڵقوڵاوم

کوردم و وەك میللەتی کورد

پەرێشان و ماف خوراوم

هەر بۆیە میللیانە بۆم نووسیوی

ئەو هەستەی خۆم

بۆ کۆچەکەت دڵ سوتاو و

جەرگ بەسۆم.

(نامیق تەلانی) ئەو پیاوەی کە زەردەخەنە لە سەر لێوی نەدەکوژایەوە، مخابن مەرگ کوژاندیەوە. شاعیرێکی میللی و شاعیرێکی وەسف جوانیش بوو، دیارە شاعیری میللی هەڵقوڵاوی ناو میللەتە و هەمو ئاستەنگ و کێشەکانی لەبەرچاو دەگرێ و لەناو شیعرەکانی بەهەست و جۆشێکی قەشەنگ دەریدەبڕێ و دەیخاتە ڕوو و چارەی بۆ دەدۆزێتەوە، بۆیە ڕەشە خەڵکەکە ئەو جۆرە شیعر و بابەتە ئەدەبیانەیان پێ خۆشە و چاك لێی تێدەگەن و بەنوێنەر و زمان حاڵی خۆیانی دەزانن، بەداخەوە کاك نامیق کەم ژیاو مەرگ مەودای نەدا وەك خۆی پێی خۆش بوو لەناو میللەتەکەی دەرکەوێ، ئەو کەسێکی نەفس بەرزبوو، بۆیە کاری دەکرد

و خـۆی مانـدوو دەکـرد لەپێنـاو بژێـوی ژیانـی تاکـو بەسـەر فـرازی بـژی و دەسـت لەبـەر کـەس پاننەکاتـەوە، درود و یـاد بـۆ شـاعیری میللـی نامیـق تەلانـی.

## باربەرێك پڕ لەبەرائەت و هەست و سۆز

محەمەد دارياس

ئـاخ مەرگـی دڕنـدەی مـرۆڤ خـۆر، تاوانبـاری بێوێنـە، دەسـت و داسـت بـڕزی بۆئـەو دروێنـە. تاکـەی بەسـیيە ئیتـر دەواز بێنـە، پیشـەت هـەر فەوتانـدن و لەناوبردنـە، پەلکێشـی هەرکەسـێ بکـەی بـەرەو مردنـە.

(ناميق)ێکـی گەنـج و لاو، هێرشـت کـردە سـەری زۆر بەتـاو، نـە دنيـای ديبـوو نـە ژيـان، شـەکەت و مانـدو بەگيـان، لـە بەهـاری تەمەنـی خەزانـت بۆهانـی، مـەرگ بـوو بـە ناونيشـانی، ماڵئـاوا ئـەی هێمـای هـەژاری، ئـەی شـاعيرەکەی وەسـف و دڵـداری، ئـەی دوور لـە خۆشـی و بەختيـاری، توخـوا پێـم بڵـێ: چەنـد هيـوات لـە دڵ بـوو؟ چەنـد خۆزگـەت بولبولـی سـەرچڵ بـوو؟ بەداخـەوە هەمـوو ئاخەکانـت بۆنـاو گڵ بـوو. خواحافيـز بنـوو چاولێکنـێ کاکـە، هەمـوو جيهـان لـە ئاسـت هـەژار بێباکـە، ڕاکشـێ گەردەنـت خـۆش و ئـازاد بێـت، ڕۆحـت لـە باخـی بەهەشـت ئـارام بێـت.

# بەندی دووەم

# دیوانی تەلانی

(١)

# شـــيعری دڵـداری

## کە ئێوارە دێیتە سەر ڕێم

کە ئێواران دێیتە سەر ڕێم
بە پێکەنین و نازەوە
دڵۆپ دڵۆپ دەتوێمەوە
بەدەم شیعرێکی تازەوە
کچێ ئەڵێی ڕۆحەکەت
چۆتە لاشەی پەپولەوە
دەیان بمکە بەو زنجیرەی
کە دیارە بە گەردنتەوە
یاخود حەرفەکەی سەر سینگت
بکە بەناوی منەوە
کە دەستی هاوڕێکەت دەگری
ئێواران بەرەو ماڵەوە
لە کەنارێکی من دەچی
بەو قژە زەرد و کاڵەوە
تۆ هەقە کچی شارێك بیت
شەقامەکانی شوشە بن
ئەو خەڵکانەی تێیدا دەژین
مرۆڤی بوکەشوشە بن.(٢٠١٣)

## سەفەری عەشق

ئازیزەکەم بۆ دواجارە ئەم پەیمان و ئەم بەڵێنە
عەشقت بەرگەی سەفەر ناگرێ واز لە ڕۆیشتن بێنە
کە هەر دەڕۆی بۆچی هاتووی بە من دەڵێی لێم ببورە
لە دوای دابڕانی ئەمڕۆت شادی ڕێگایەکی دوورە
ئێستا زانیم خۆشەویستیت پڕ لە ئازار و درۆیە
زامی برینی دڵی من جێگای گشت سەفەری تۆیە
تۆ لە قوڵایی پێکەنین من لە نێو دەریای خەما
تا دوێنێ ئاسۆ ڕون بویت ئومێد هیوای پێم نەما
پەیمانم بێ جارێکی تر ڕێگای وا ناگرمە بەر
کاتی لاویم هەموو ڕۆیی تاجی پیریم خستە سەر
تازە عەشقت بە من چی لە دوای ئەم کۆچ و ژانە
کەوا هەموو ژینم ڕۆیشت پڕ لە فرمێسك و گریانە(٢٠١٣)

## وڕێنەیەك[1]

بۆ هەر لایەك پەل ئەهاوم خەیاڵم بۆ نەوی نابێ
ئەتۆرێ لە هەستم وشە کێش و سەروا کەوی نابێ
لەخۆڕا فێری ئاوابی دەنا ئاوا نەبووی جاران
تا شك بەرم پڕشنگی ڕووت ڕۆژگارم بۆ شەوی نابێ
لە فیردەوسی بەرین دابم بتەنرێ حۆری بە دەورم
لەلام بێ(مەلیحە)ی یارم بە ساتێ بێ ئەوی نابێ
هەتا خەیاڵی ئامێزت لە ئامێزی خەیاڵم بێ
بێ دار دەبێ(نامیق)تاکو قیامەت خەوی نابێ
دەستی نزا داناگرم هەتا گیرا دەبێ دوعام
چاکە لە ئاهم بەجارێ ئاسمان تەختی زەوی نابێ
بیپشکنم چی فەرهەنگە سەدان هۆنراوە داڕێژم
بەهیچ ناچێ بە دوو دێڕی شیعری شاعیران نابێ.

هەینی ٢٠٢٠/١١/٢٠

١) بە گوێرەی ڕێکەوتی نووسینی ئەم شیعرەبێ بیست و یەك ڕۆژ پێش مردنی ئەم شیعرەی نووسیوە، بەڵام ساڵێك بەر لەو ڕێکەوتە شاعیر ئەم شیعرەی بۆ وتووم، کەواتە ٢٠٢٠/١١/٢٠ تۆماری کردووە، یان لەلاپەڕەو دەفتەری تربووە و هێناویەتییە نێو ئەم سجلە.

## زۆر دەترسم نەتبینمەوە

زۆر دەترسێم نەت بینمەوە
جارێکی تر بتدوێنم
لە ئامێزی خۆمت بگرم ماچێ لە
لێوت بستێنم
چونکە گیانە زۆر بێ زارم
دڵم تەنگە بەم ژیانە
بۆ نازانی من ڕۆژ و شەو
پیشە و کارم هەر گریانە
من قەت خۆش نابم لەو کەسەی
کە دڵمی داگیر کردوە
هەتا ئێستا چاوەڕوانم
یەك وشەی پێم نەوتووە
وا هەست دەکەم دڵەی شێتم
شوێن عەشقی مردوو کەوتوە
تۆ خاوەنی عەشق نیت
عەشق ڕێگەی پێت گرتوە
توخوا گیانە وەرە بۆ لام

برینی دڵم سارێژ کە
چاوەڕێی نیگایەکی تۆم
تەنیا جارێ تەماشام کە
هەموو ڕۆژێك چاوەڕوانم
لەگەڵ خۆردا تۆش دەرکەوی
لە ڕۆژئاوابوون ناترسم
چونکە تۆ ئەستێرەی شەوی
هیچ کاتێ لێت دانابڕێم
ئەو ساتانەی کە دەشخەوی
دڵی خۆمت بۆ ڕادەخەم
تۆ بارانی و منیش زەوی.

# ڕەشماڵی ئەگریجە

لەپاڵ ڕەشماڵی ئەگریجەی خاوتا
کانی نەزۆکی شیعرم تەقییەوە
پەنجەرەی شادیم لە ڕووکراوە
تەمی نامۆیم لە ڕوو ڕەوییەوە
گوڵ و گوڵزاری ژاکاوی شیعرم
بەخەندەی لێوی تۆ هاتنەوە گەشە
لاولاوی سیس بووی تافی لاویەتیم
خۆی ئاڵاندووە ئەستۆی وەنەوشە. (٢٠١٨)

## گریان

ئەمشەو مەیلی گریان دەکەم بۆ ڕۆژانی بەهەدەر چووم
هەی بێوەفا بۆ بیرت چوو هەناسە و ژیانت من بووم
هەر خۆت وتت ئەگەر ڕۆژێ گوێم لە چرپەی دەنگت نەبێ
ئەوکاتە مەرگ خۆشترە کە تۆ نەبی دەبا ئەوبێ
ئەگەر ڕۆژێ زیز بوومایە دەستی هانات بۆ ئەبردم
لە چاوانم تێرنەئەبووی لێوەکانت ماچ ئەکردم
سەیرە ئێستاش هەر ئەو دڵە بێوەفایی دەوری داوە
تا دوێنێ گشت کەست من بووم ئێستاش منت بیرنەماوە.

## ئێواره

ئێوارەیه و مات و بێدەنگ
لەسەر ڕێگات ڕاوەستاوم
تامەزرۆی بینینێکی تۆم
گلێنەی چاوی گریاوم
هاتووم وەکو پەپوولەیەك
بۆنی هەناسەت وەرگرم
له چاوانتا سەفەر بکەم
لەناو دڵتا ئارام بگرم
ئاگام لێیه شەقامەکەش
هەروەکو من چاوەڕوانه
فەرشی سووری ڕاخستووه
بۆ پێشوازی لەم ژوانه
درەختەکانی سەرەڕێش
دەستیان لەملی یەك دایه
چاوەڕێی هاتنی ئێمەن
بۆمان بوون به کەپر و سایه
دەدەرکەوه هەناسەکەم

بینینت خەم دەڕەوێنێت
نیگای چاوت زۆر بەتینە
خۆشەویستی بەسەردڵی
نامیقی شاعیر دەبارێنێت.(٢٠١١)

## بە دڵ لە گەڵتام

هەی ئەو مانگەی هەموو شەوێ دڵی من دەکەی بە ئاسمان
لێوم پڕ دەکەی لە تریفە و هەستم دەکەی بە چراخان
چەند دەترسم پەڵەهەورێ ڕووی تابانی تۆم لێبگرێ
دیسان لەمن بشارتەوە و خەندەم لەسەر لێوان بمرێ.
پشکۆی حەزم دائەگیرسێ بەیەك شوعلەی نیگای چاوت
کاتی گەنجیم هەرچی هەیە هەمووی دەڕوا بەتای خاوت
ماڵی بێتۆ ئاسەواری دوای هەرەسی شۆڕش و جەنگە
بەهار بەرگی مەرکانێکە پڕ لە گوڵی بەبێ ڕەنگە
خوێنم هەمووی بوو بە شیعر و شیعریش بادەی شەوی تەنیام
هەرچەند کە تۆ بێمروەت بووی وەلی بەدڵ هەر لەگەڵتام
ئەمشەو دڵم بێ باڵای تۆ وەکو شێتە و بێئاگایە
بۆ بینینی هەواڵێکت هەمیشە دەرگای واڵایە.(٢٠١٨)

## تاریکی شەو

کاتێ کە تاریکی شەو دێ

بەبێزاری دێم و دەڕۆم

دڵم تەنگە و نیگەرانم

هەر چاوەڕێی هاتنەوەی تۆم

سەرهەڵبڕم بۆکام جێگا

کە یادگاری تۆی تیانەبێ

بە مردنیش بیرم ناچێ

تا ترپەیەك لە دڵ مابێ

هەموو شەوێ لەگەڵ گریان

ئەڵێم ئاخۆ کەی بێتەوە

ئەگەر ژیان هەمووی شەو بێ

ئاخر کەی ڕۆژ ئەبێتەوە

گەڕانەوەت خەیاڵیش بێ

دەست بەو ئومێدەوە دەگرم

گەر بێت و نەگەڕێیتەوە

منیش تەنیا و بێکەس دەمرم.(٢٠١٩)

## سەفەری دووری

ئەم سەفەرە گفتی خۆت بوو
مەڵێ قەدەر لێکی کردین
بگەڕێوە ئازیزەکەم
با بەتاسەی دووری نەمرین
ئێستاش سۆمای چاوەکانم
پڕ فرمێسك و دووری تۆیە
لە دەروازەی لێوی ماتم
ناڵە و گریان و ڕۆڕۆیە
لە ئەدرەسی شیعری منا
گوڵێ نەماوە نەژاکێ
یادێك نەبوو هەتا ئەمشەو
تاکو سەبووریم بداتێ
دەوەرەوە هەتاکوکەی
شیعری گریان بنووسمەوە
هەر چاوەڕێی دیدارێکتم
بە ماچێکت بشنێمەوە.

## دەترسم نەتبینمەوە

زۆر دەترسێم نەتبینمەوە
جارێکی تر بتدوێنم
لە ئامێزی خۆمت بگرم
ماچێ لە لێوت بسێنم
چونکە گیانە زۆر بێزارم
دڵم تەنگە بەم ژیانە
بۆنازانی من ڕۆژ و شەو
پیشە و کارم هەر گریانە.

## دڵمی داگیرکردووە

من قەت خۆش نابم لەوکەسەی
کە دڵمی داگیر کردووە
هەتا ئێستا چاوەڕوانم
یەك وشەی پێم نەوتووە
وا هەست دەکەم دڵەی شێتم
شوێن عەشقی مردوو کەوتووە
تۆ خاوەنی عەشق نیت و
عەشق ڕێگای پێت گرتووە.

# بەجێت هێشتم

لەو ڕۆژەوەی بەجێت هێشتم
ماڵی دڵم بووە بە کەلاوە
وێنەی بەستەڵەکی بەستوو
شەیدای کەمێ تیشکی تاوە
دڵم لەتاوی دووری تۆ
وەختە بفڕێ بەرەو ئاسمان
بێزار بووە لەسەر زەوی
هێندەی بچێژێ دابڕان.

## کۆتایی ئازارەکان

کاتێك سەفەری دووریت کرد
وەك مەلێکی دڵشکاو کەوتمە ژێر دارێکەوە
وەکو ماسی لە دەریادا بەبێ ئاو دەمردم و دەژیامەوە
هەروەك بەهار بەبێ باران گوڵە سوورەکانی بوەرێت
یان وەك پایز لە سەوزیدا گەڵاکانی بپرژێنێت
ئاوەرە با بێزاریم بەهار ئەمساڵم بێ گوڵ نەکات
وشە و شیعرم لە دووری تۆ هەموو لە خەیاڵ ون نەکات
ڕاستە تازە کوچت و گەڕانەوەت ئاسان نییە
بەڵام یادگاریت زۆرە لام کە دەتگوت کۆچم لانییە
ئەی بێوەفا بۆچی وازوو سەفەرت کرد و جێت هێشتم
لەبەر دووری و زۆری خەمت شەرابی تاڵت پێنۆشتم
بەڵام ئەوەی کە دووربێ قەت لە دوور ناحەسێتەوە
سەرچاوەی دوورییەکانی تۆش بێ وەفایی دەیگرێتەوە.(٢٠١٣نامیق تینوو)

## میوان[٢]

بەدەروازەی نیگاکانت وەرە ناو ماڵی چاومەوە

گەڵای شیعرم بۆ ڕاخستووی وەرە دڵ و هەناومەوە

سەیری گریانی شەوانم پێکی حەزم ئەخواتەوە

بە تەنیا بەس گریانی تۆ شەوگاری من دەباتەوە

نەبوو کچێ دەستی سۆزی دانێ لەسەر سنگی نەرم[٣]

کەسێ نەهات گوێ ڕادێرێ بۆ ئازاری دڵی گەرم

گەر میوانی شەوێکم بیت هەستی بەزەیت دەبزوێت

لەناو باخچەی ژیانمدا چرۆی ئازار ئەپشکوێت

تەنها ساتێ میوانم بە سکاڵامت بۆ دەربڕم

ئای چەند خۆشە! فرمێسکی دوو چاوم بسڕم.[٤](٢٠١٣)

٢) لە ناميلكەی (وەرە نێوماڵی چاومەوە) ساڵی٢٠٠٩ چاپکراوە. کەچی لە دەست نووسەکەی ساڵی ٢٠١٣ نووسراوە.
٣) کاریگەری شیعرێکی هەردی بەم دێڕەوە دیارە.
٤) ئەم شیعرەی تەلانی بۆنی ئەم شیعرەی هەردی لێدێ:
لە تەنیایی شەوی ژینە ئەنێم هەنگاوی کوێرانە
نییە دەستێك دەرم بێنێ لەنێو ئەم گۆڕە وێرانە
نییە جوانێك سەری کێژم بنێمە سەر دڵی گەرمی
کە هیلاکی لەشم دەرکا خەوی سەرباوەشی گەرمی....

## بادە و شەرابم

بادەو شەرابم بۆچییە؟ لێوی تۆ بێت بەشەرابم
عومری نووحم بۆچییە؟ ساتێك لەگەڵ تۆدابم
ماڵی دونیام بۆچییە؟ تۆ سەرچاوەی سامانی
گوڵاڵەی بەهارم ناوێ تۆ خۆت گوڵی کوێستانی
ئازیزەکەم ژینم بێ تۆ گۆڕستانێکی ماتەمە
ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەش بەبێ تۆ هەر هەور و تەمە
دەتۆش وەرە وەکو باران بباریێ بەسەر خاکی دڵ
با بەبێ تۆ نەتلێمەوە هیواکانم نەچنە ژێر گڵ.

## ناوێرم ... نا

ناوێرم نا ئەم پەنجانە
بۆ کۆتری دەنووك ئاڵی
مەمکت بکەم بە هێلانە.
ناشوێرم دەمت ماچ بکەم
ئەڵێم نەکا ڕۆژێ شوێن ماچی تۆ
لەسەر لێوم بناسنەوە.
من ناتوانم جێژوانەکان بڕووخێنم
چونکە سیمای شار تێکدەچێ
من ناتوانم شوێن ماچی تۆ
له سەر  لێوم بسووتێنم
چونکە خۆشەویستت سەرتاپا دەسووتێ.

## گوتم با دڵمان بگۆڕینەوە

گوتم با دڵمان بگۆڕینەوە
بەرلەوەی لەیەکتر جیابینەوە
گوتم بادڵمان لەلای یەك یادگاربێ
گوتی گەر لامان وابێ دوودڵین
نابێ بە خۆمان بڵێین عاقڵین
کە دڵێك یەك بێت ناگۆڕێتەوە
دوو لەش بەدڵێ ناسووڕێتەوە.(٢٠١٣)

## داخی دڵ

ئەی بێ ئابڕوو چەتە و ڕێگر
ڕووتکەرەوەی گشت گەنج و لاو
برژانگت لێکردم بەتیر
زوولفت لێکردمە تەڵە و داو
من وامزانی بەڵێنەکەت
هەتا مردن لەگەڵ منە
کەچی لەپڕێکدا گۆڕای
ئێستا منت لا دوژمنە
فریوم خوارد منی شاعیر
بە خەندەی سەر لێوی ئاڵت
بە ماچی بێوەفایت و
بە مژینی گۆنای ئاڵت
بە ڕوانینی حیلەبازی و
بە ئیشارەی چاوی کاڵت
مردم هێندە هاتووچۆکەم
بە بەردەرگا و قاپی ماڵت
چەندەها جار سوێندت دەخوارد

له تۆ زیاتر نییە هاوڕاز
تا بەو قسانە داخت کرد
جەرگ و سینەی دڵەی ئاراز
ئەی بێوەفا چۆن توانیت
ڕازی دڵم پێشێل بکەی
من ئەو کەسەم کە خۆت
خۆتت بەڕازی دڵم بۆ هەڵبژارد
بە ڕابردوو و نامەی جوان
هەزارەها جار ڕاتدەسپارد
تا کردمتە ئەلقەی پەنجە و
بە ئارەزووی هیواکانت
چی داوات بوو جێ بەجێم کرد
لە پێناو خۆشی و ژیانت
لە یەکەمجار واتنیشاندا
لە دڵدارییا بەهێزی
بەڵام سەد داخ لە کۆتایی
نیشانتدا کە بێڕێزی
من دڵم ساوابوو گیانە
چونکە ڕاست بوو بەڵێنەکەم

بەڵێنم پێدای تا مردن
ئاشنایی هیچ کچێك نەکەم
بەڵام گیانە من تۆم دەوێ
قەت تۆم لەبەرچاو ناکەوێ
یان خاك لەباوەشم دەگرێ و
یان لە باوەشما دەخەوی
هەرچەندە تۆ بێوەفابی
بەرامبەری منی دڵ سووتاو
لەبەر تانە و قسەی بەدکار
ئەبێ هەر لێت بکەم سڵاو
چونکە ڕۆژێ پەشیمانی
بەدڵ دادێ بەرامبەرم
ئەوسا دەزانی لە دونیا
بەڕاستی من بۆت هاوسەرم
هەڕەشەی هۆنراوەی منیش
هەمووی دەرد و هەمووی ژانە
لە داخی بێوەفایت و
لەداخی دەردی زەمانە.

# چاوەڕوانی

منت کوشت بەچاوەڕوانی گیانە توخوا ئیتر بەسە
تۆ بۆیە ئاوام لێدەکەی ئەزانی دڵم بێکەسە
بڕوابکە حەزم ئەکرد ئێستا لات بم
تۆ فێری ئیرەیت کردم،
حەزدەکەم بەس خۆم شەیدات بم
دە کەواتە خێرا وەرە ئامێزتم بۆ بکەرەوە
هەرچی خەمێك لە دڵمایە گیانەکەم بیرمی بەرەوە
توخوا گیانە لەمە زیاتر مەمکوژە بە چاوەڕوانی
من تا ئێستا نەمزانی بوو تۆ بەم ئاستە بێویژدانی
ئاخر تاکەی چاوەڕوانی هاتنی پڕ لە تاسەت بم
هەموو تەمەنم پێت بەخشی بە قوربانی هەناسەت بم
دەزوو وەرە بۆدەتەوێ لەمە زیاتر دڵم بۆ ژوانت بێهۆش بێ
بڕواناکەم کەسێ هەبێ لەم دونیایە بەنیوەی تۆ ماچی خۆش بێ.

## ئەمشەو دێم

ئەی تۆ نەتوت ئەمشەو دێم و
خەمەکانت گشتی یەك یەك
لە سێدارەی پرچەکانم دەخنكێنم،
ئەی تۆ نەتوت ئەمشەو دێم و
پەڵەهەوری ساتەکانم
بە سەر لێوە سوورەکانتا دەبارێنم،
ئەی بۆچی نەهاتی؟
نەتدەزانی نەهاتنی تۆ پشكۆیەك بوو
چەرگ و دڵی شاعیری برژاند و قرچاند.

## ئەمجارە بڕیارم داوە

ئەم جارە بڕیارم داوە بەبێ ترس بێم بۆلای تۆ
بێشەرم بلێم خۆشم دەوێیت ڕازیش نەبی نامکوژی خۆ
کڕی عەشقی ئەوینی تۆ هێدی هێدی ئەمسووتێنێ
نەدرکانی ئەم وشەیەت ئازارێکە هەموو شەوێك دەمتاسێنێ
دڵ ناتوانێ لەمە زیاتر ئەم وشەیە لای خۆی بهێڵێ
حەز دەکەم بێکەوە نان کەین هەردووك لەسەر یەك سێڵێ
تیرۆك لەمن خوانە لەتۆ هەویریش پێکەوە دەشێلین
ئەو نانەی پێکەوە دیکەین ناحەزی پێ دەفەوتێنین.(٢٠١٣)

## عەشق و مناڵی [٥]

جارێ ناوی عەشق مەبە گیانە هێشتا تۆ مناڵی
عەشق زوو پڕ خەم ئەبێت تۆش کاسەیەکی بەتاڵی
تەمەنی تۆ زۆری ماوە بەرگەی ئەم ئازارە بگرێ
ڕەنگە دڵی بێخەیاڵت لە شەوێکی غوربەت بمرێ
زۆری وەك تۆ بە منالی ڕێگەی ئەم عەشقەیان بڕی
بەڵام نەگەشتن بە ئاوات پەشیمانییان دەربڕی
وا تێمەگە چاوەکانت هیچ فرمێسکیان نەبینیوە
ڕۆژێك دادێ گوڵی هیوات لە باغی ژین هەڵوەریوە
تۆ جارێ دڵت گەورەبێ و نهێنی ئەوین بزانە
چونکە عەشق بە منداڵی باخچەیەکی بەر زریانە.

٥) سەهەد کۆیی ساڵی ٢٠١٢ بۆی تۆمار کردووە، لە یوتیوب وەرم گرتووە.

## خۆشەویستم [٦]

خۆشەویستم خۆزگە ئەچویتە ناو دڵم سەیرت ئەکرد
کە دڵی من پڕە لە سەنگەری خۆشەویستی
چۆن خواناسێك لە شەونوێژ
لە ترسی خوا و خواپەرستی بۆ دین دەگری،
باوەڕت بێ منیش بەم شێوە خۆشم ویستی.
نەمدەزانی کە دڵی تۆ خۆشەویستی تیا نەڕواوە
نەمزانی بەس ئەو کاتە منت خۆش دەوێ
کە وێنەکەمت وا لەبەر چاوە.
زوریر مەبە من هەڵە نیم
گەر خۆشەویستیت منم،
بۆ ناوەستی بەرامبەری ئەو کەسانەی
کە تۆ دەکەن بە دووژمنم
ڕاستە ئەوان دڵسۆزتن
بەڵام من لەوان دڵسۆزتر
ئەگەر ساڵێك لەوان دوور بی ئارام دەگرن،
بەڵام باوەڕت بێ خۆشەویستم
یەك سات لەمن دووربی یەکسەر دەمرم.

---

٦) یوتیوب ـ لایفی ڕاستەوخۆی نامیق تەلانی ٢٠١٨

## که تۆ نایێی [٧]

که تۆنایێی دەروازەکانی سنوورم لەسەر دادەخرێت
که تۆ نایەت جانتاکەی شانم پڕدەبێ لە مەراق
که تۆ نایێی فێرم دەکەی وەك خۆت وابم
تا لەپاڵ دیواری سێشەمەیەکدا
تابووتی مەرگ چاوەڕوانم بێ
که تۆ نایەت منیش بەدیار مەراقی
پەڕەسێلکەیەکەوە دانانیشم،
تۆ جگە لە ڕووت بوونەوە لە عەشق
هیچ تەفسیرێکت نییە
که تۆ نایەیت شەوێکی بێمانگەشەوە لای من
کەی سەر دەدەیتەوە
لە چاوی چاوەڕوانیدا چاوەکانم چاوەروانن بۆهاتنت
که تۆ نایەیت دەنگی دواهەمین هەنگاوەکانت دەبیستم
بۆیە نایەی تۆ لە باوەشی دەریای عەشق بازی دەکەیت
من لەم هاتنەی تۆ دوودڵم
که تۆ دیار نیت

---

٧) یوتیوب، بڵاوکردنەوەی محەمەد سوارە.

ئەشێ ئەوکاتە بێت ئیرەیت بێت بە کۆترێك و

بە باڵای سنەوبەرێك...

بێ هاتنت پەنجەرەکان بەڕووی دارAندا ناکرێنەوە

بێ هاتنت خۆر لە ڕووناکی بزر دەبێت

بێ هاتنت نیشتمانەکەم تەمێکی زەرد دایدەپۆشێ

کە تۆ نایەیت منی هەژار وەك کەنارێك

بەدەم پۆشینی ڕۆژگارێکەوە دەناڵم

کە تۆ نایەت منی شاعیر نیشتمانێکم لە تەم.

## دوو ماچ [٨]

کە ویستت بڕۆی دەرگام لێگرتی

بە ترس و شەرم ماچێکم کردی

سووراوی لێوت نیشتە سەرلێوم

تامی ماچەکەش دەستەسڕ بردی

پێت وتم خێرا بەو دەستەسڕە

سوواوی لێوم لە لێوان بسڕە

نەبا یەکێ بێ پێمانبزانێ

سووراو بۆکچە لە لێوی کوڕە.

٨) لە نامیلکەی (وەرە نێوماڵی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩، ل ٦

## بێ تۆ ناژیم [9]

شەوە نیوە شەوە لە ژێر تریفەی مانگەشەوە[10]
دەستم خستۆتە ژێر چەنەی خەیاڵەوە
بیرم لەوە دەکردەوە
کە زۆر جار کاکەی شوان لەسەر بەردێکی سپی بەرز
دەست لە شمشاڵ دەبزوێنێ
بەدەیان ئاواز دەدرکێنێ
وا هەست دەکەم لەگەڵ دەنگی تەزووی
ئەو شمشاڵە هەستی خۆشەویستی منە.
لەوکاتەوەی کە دوورم لێت خوێناوە خواردنم
خەفەت و چاو لێکنان پیشەمە
گەر بۆمن نەبیت حاڵم پەرێشانە
بێ شك بە ئەمرمەوە
گەر جێم بهێڵی لەدوای باڵات
منی شاعیر دەستی لێ بگرمەوە.

---

٩) لە ناميلكەی (وەرە نێومالی چاومەوە)وەرم گرتووە، سالی چاپ٢٠٠٩، ل ٦
١٠) کاریگەری گۆرانی شاعیری پێوەدیارە. گۆران: شەوە دونیا چۆڵ و خامۆش
دێتە گوێم ئاهەنگێکی خۆش....

## تۆی بێدەنگ [11]

نەما ژینم لەدوای تۆ چەند پێم وتی یار مەڕۆ

ژینم هەموو لێتاڵ بوو شادی و ئاوات لە دەست چوو

فرمێسکم هاتە خوارێ ڕۆژ ئاوابوو بەجارێ

لە سێبەرت کردم بێتاوان دونیات لەمن شڵەژاند

ماڵی منت وێران کرد هۆش و دڵمت بەتاڵان برد

ئێستا داماو و بێهۆشم بەتبەخت و چارە ڕەشم

ئازیزەکەم ئاواتی من وڵاتێکی یەکجار دوورە

خونچەی گوڵی تیا نارِوێ لە دڕکیشا بێ سنوورە

بەرەو لوتکە هەنگاو دەنێم کە ڕێگاکەی بەرەو ژوورە

ئاخ زۆرم ئازار چێشت لە ژین، بەڵام ئێستا لێم ببوورە

هەرچەند دڵی شاعیر بەرەو سەوزایی کەوتەڕێ

بەڵام ڕێی چاوەکانی تۆ بۆماڵی(نامیق)زۆر دوورە.

١١) لە نامیلکەی (وەرە نێوماڵی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩، ل ١٧

## خەت و خاڵ [12]

شەیدای کردم خەت و خاڵ بەس تەمەنم زیندان کە
کە من عەشقی گوڵزارم وەرە دەردم تیمارکە
لە گەنجیا خۆشیم نەدیت تەمەن وا گەیشتە نیوە
باوەڕ بە دڵی کچ ناکەم هەمووی درۆ و فریوە
ئەسیری زولفی یارم ڕەش ئەسمەر و خوێن شیرین
ئەگەر ڕۆژێ نەیبینم جەرگم ئەبێ بە برین
ڕۆشنایت دڵگەش ئەکات ئەتۆی جوانی بێوێنە
دەتۆش سەرێکم لێدە و وەرە لام بمدوێنە
سووێند بەوخاڵەی لەسەر ڕووت کە جوانین جوانتر دەکات
(نامیق)دەست هەڵناگرێ لێت، مەگەر تەرکی دونیاکات.

١٢) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩، ل ٢٢

## شیعرەکانم خەوتوون [١٣]

لەناخمەوە پێتان دەڵێمماڵی دڵم فراوانە
واهەست دەکەم شیعرەکانم ساڵانێکە لەوێ خەوتوون
هەنگاوەکان وازیادئەکەن وردە وردە
بەرەو ڕێگا کەوتوونە ڕێ فیکر و بیرم واڵا کردوون
لەناو باخ و جەنەتێکن پڕ لە گوڵی زەرد و سوورە
بۆیە عاشقانی ئێستاکە بۆ هۆنراوە وا سەرسام بوون
لەخەوما چووم بۆجەنەت جەنەتێك پڕ لە فیکری جوانە
بەدوای گوڵێك دائەگەڕام
تووشی بووم گوتی: شیعرەکانت خەوتوون
لەوکاتەوەی سۆز و ئەوین لە دڵما خۆی حەشارداوە
هۆنراوەکان سەمای مەرگی ئەرخەوانی بە کوڵ ئەکەن
لەگەڵ یەکەم ڕۆژی نەورۆز کە جەژنێکی گەلی کوردە
شیعرەکانم دێتە بەرهەم بۆهەتاهەتایە زیندوون.

١٣) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، سالّی چاپ٢٠٠٩.، ل٢٣

## به من چی؟

که تۆ دوور بی خۆشەویستی دونیا بە من چی؟

با هەر بگریم گریانی من بە تۆ چی؟

با یادگاری ڕۆژانی زووشمان هەبێت

که نەتبینم نامەی بێگیان بە من چی؟

مەڕوانە مرۆڤ بە جلوبەرگی

بە چەندبازی و عەقڵ و بە ڕەنگی

تاقیبکەوە بە دڵ و بە گیان

ئینجا بۆی دانێ قورسایی و سەنگی. ٢٠١١/١١/١١ هەینی

## دڵی تینووم [١٤]

زۆر حەزدەکەم دڵی تینووم لەم بیابانە ڕزگار بکەی
نەك بەخەون تۆ بەڕاستی عەشقی دڵم ئاوێزان کەی
منیش دائیم تۆم لەیادە وەك وێنەکانی ناوچاوم
ڕۆژ نییە من بیرت نەکەم لەو ڕۆژەی لێتدابڕاوم
من عەشقی تۆ لەیادناکەم دائیمە ڕاستی تۆم لە یادە
حەزدەم لەگەڵ دابژیم خەمی دڵم گشت بەبادە
ماوەیەك لەیەك دوورین وادەزانم بەند کراوم
بۆئەوەی هەر لەیادم بیت هەوارگەت بێنە ناو چاوم
هەر لەو ڕۆژەی وێنەم گرتووی وێنەکانم لەلاماوە
دڵی من بێ تۆ ئەسیرە(نامیق)تۆی هەر لەیاد ماوە.

---

١٤) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ ٢٠٠٩. ل٢٥

## عەشقێکی ون

ڕۆژگارێکە بەدوای عەشق و
خۆشەویستی تۆدا وێڵم
وەکو مەلە بێماڵەکان
گەرمیان و کوێستان ئەکێڵم
هەرچەندە نادیار و ونی
بۆنی کوردستانت لێدێ
بۆیە ناتوانم بۆساتێك
تۆ و ئەم خاکە بەجێبێڵم.

## نیگا

چاوەڕوانیت بەسە گوڵم
بەخوا دڵم ئۆقرەی نەما
ژیان بێ تۆ نامۆیە لام
ڕۆحە وا لە پەیکەری خەما
هەتا مردن خۆشم ئەوێت
مەگەر مەرگ لەتۆم بکات
یاخوا ئەو مەرگەی ڕوو لە تۆ دەکات
سەری لێتێکچێ و ڕۆحی من دەرکات
دڵ هاواری برد بۆ نیگا
تا هەواڵم بەتۆ بدا.

## پەشیمانی

تازە دوای چی دڵی تەنیام
ئاوێزانی شادی دەکەی،
ماڵی وێرانی ڕووخاوم
تازە چلۆن دروست دەکەی،
خۆشەویستی دڵی ساردم
بە چ تینێك گەرم دەکەی،
دڵی بەهاری بێ گوڵم
بە چ ڕازێك نەرم دەکەی،
گوڵی جوانیم کە هەڵوەری
ئیتر بۆچی ئاوی ئەدەی.

## بۆ کۆچ دەکەی

بۆ کۆچ دەکەی کە دەزانی دڵ ئەبێتە ماڵێ بۆ خەم
بۆ جێم دێڵی ئەی نازانی بێ تۆ ناژیم بۆ یەك دەم
سەفەر مەکە و ئاسمانی ژینم مەکە بەتەم
کە ئەزانی لە دونیادا هەر تۆی ژیان و هەناسەم
لەلام مەڕۆ چاك ئەزانم ئاهی عەشق ئەمسوتێنێ
پەیمان دەدەم لەدوای جوانیت هیچ جوانێ نەمبزوێنێ
کە هەر ئەڕۆیت ئازیزەکەم با تاوێ لێوت بمژم
وێنەیەکتم بۆ جێبێڵە و تاکو مردن بمێنێ لام.

## شەوێك

شوێك خەمبار و شەوێك دڵخۆشم
شەوێك وریام و شەوێك بێ هۆشم
شەوێك لەشساغ و شوێك نەخۆشم
شەوێك فریشتە و شەوێك ڕەشپۆشم
شەوێك ئاسایی و شەوێك سەرخۆشم
من ئەگەر ڕۆژێك شادی ببینم
ئەبێ بۆ یەك ساڵ هەر خەم بنۆشم
ئەی شۆخەکەی کەنار دیجلە
ئەمشەو خۆشترین یادم:
لە شەقامی بیرەوەری، وێنەکەت بوو.

## خۆم پێناساند

بەرلەوەی بە تەواوی خۆمت پێبناسێنم
دەشمزانی لە عەشقی تۆ هەرەس دێنم
دونیای پڕ تەل و تلی کۆم و موبایل
وای لەمن کرد بە نامەیەك ببم قائیل
خۆشم موفلیس کرد لەڕێی تەلەفۆن
ژیانی خۆم فەوتان بۆ کچێکی مۆن
هێشتا زمانی دەڵێی بیبەرە
ئەگاتە ئاستم حەزی لە شەڕە
داواکارییەکەی تەنها کارتێکە
کە داخیل ئەکا هەر ئەڵێی مێکە
ڕێزم بۆ هەندێك کچ
سەد نەحلەت لە تۆ
خۆت گوناحبار کرد
کوڕیش لەگەڵ تۆ.

## زامێکی بەسۆ

ئێستاش چاوی ماڵئاوایم ئەگری فرمێسکی لێئەتکێ

خۆت ئەزانی دڵی شاعیر شووشە ئاسایە زوو دەشکێ[15]

بڕوابکە دوای زیزبوونت شێتێکی شەقامەکانم

بەدیار زەردی خۆرئاواوە فرمێسکە هاوڕێکانم

خۆت فێری ئەوینت کردم، کەچی زۆر زووش لێم دابڕای

دڵی منت پڕکرد لەخەم خۆشت بێ خەم لە ژێر گەڵای

لاپەڕەی تەمەنم سووتا بە ئاگری ئەوینی تۆ

چیت بۆمنی نامیق جێهێشت بێجگە لە زامێکی بەسۆ.

---

١٥) دێڕی یەکەم بە کەمێك دەسکارییەوە لە شیعری (کەی ئەگەینە دوا بەندەری خۆشەویستی) فەریدوون عەبدول بەرزنجی وەرگرتووە،کە لە زستانی ساڵی ١٩٨٢ نووراوە، فەریدوون دەڵێ:

ئێستاش چاوی هۆنراوم
هۆن هۆن فرمێسکی لێئەتکێ
نەتئەزانی دڵی شاعیر
هێندە ناسکە زوو ئەشکێ؟
(دیوانی فەریدوون عەبدول بەرزنجی، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١١)

## هیچ

ئەگەر عاشق ئەگەر مەعشوق بووی ڕۆژگارێ دەبینی

هەموو شتێ بووە بە ئاوێنە تەنها خۆتی تیا ئەبینی

دەستی شەوت گرت تا نیشانتدا رێگای تەنیایی

بۆچی دیکەی پەشیمانی کە خەمت کردە ڕێگای خۆت

لە ڕووناکی غوربەتا کەسێ نەهات بگاتە لات

مردن خۆشترە لە ژیانێ کە موحیبەت بتترسێنی

چاوەکانت دابخە ژیان تاریك و ڕووناکە

ئاوێنەکە مەشکێنە لە گەنجییەوە زوو پیردەبی

ساتێ بێداری بووم، بەڵام خەوم بێ کۆتایی

کۆتایی بێ خەوم بەڵام، بوم بێداری ساتێ

دەڵێن شاری عیشق هەیە، بەڵام هەرگیز نەمبینی

شاری عەشق یەعنی موڵك و ماڵ

عەشقی جۆماڵ یەعنی (هیچ).

## نەفامی

لەبێ چارەیی سەرشێتیم ڕێگای تەنیایم کردە خەڵاتم
بەیادی ژینی پڕ خۆشەویستی خۆم سەرۆك خەمی شاری وڵاتم
ئەوین منی برد بۆ سەیرانێ خەم شووشەی سپی دڵی شکاندم
نەفامی سۆزی دڵی بێگەردم گوڵی ئاوات و خۆزگەی وەراندم
نە وەفام بینی نەئارامی دڵ لەناو داستانی عەشق و ئەوینا
تەمەنی لاویم هەمووی بەسەرچوو لە چاوەڕوانی وەفا لە ژینا
نە ئاسمانی دڵ بە ڕوونی ماوە نە ئەندێشەکان ڕاستی دەبینن
عەشق و ئاواتت دڵێ سووتاندم بۆیە چاوانم پڕ لە ئەسرینن.

## کە دەتبینم

کە دەتبینم تاریکی چەندین ساڵەی ژینم
بەخۆر هەتاوی دیدارت شەربەت ئاسا ڕووناك دەبێت
پەنجەرەی موحیبەتی ئەوینم لێ واڵا دەبێ
کە دەتبینم عەشق و ئەوین لە تابلۆی چاوەکانتا دەخوێنمەوە
ئایندەیەکی پڕ لە عەتر لە گوڵستانی باغی عومرت بەدیدەکەم
کە تۆم هەبێ نەسووتانی دۆزەخ و نە بەهەشتی ئەوێم دەوێ
گەر تۆم هەبێ نە گەڵای پایزی ئەمرۆ نە نێرگزی سبەینێم دەوێ
گەر تۆم هەبێ گوڵی سووری ڤالانتاین لە هیچ کچێ وەرناگرم
جەستەت هی منە و ڕۆحیش هی تۆ
عەشق و خوێنمان تێکەڵاوە بووین بە جوانترین سیناریۆ.٢٠٠٠/٢/١٤

# هەواڵی مەرگ

هەرچی ئەڵیم بۆ ئەوینت چیم نووسیوە بۆ دوو چاوت
هەرچەند بژیم با بسوتێ مۆمی تەمەن لە پێناوت
نە هۆگری تەمەن دەبم نە زەردەخەنەیەك بێ تۆ
نە بۆنی گوڵێ هەڵدەمژم نە دەژیم من لە دووری تۆ
هەناسەشم شنەیەکە لەم شەماڵەی لە لایێ دێ
ڕۆژێك هەواڵت نەزانم لێم شێواوە من سەرەڕێ
سۆز و نازی تۆ هەڵدەگرم تا ئەوڕۆژەی ماوم لە ژین
ڕۆژێك دووربم لەچاوی تۆ چاوم پڕدەبێ لە گرین
بێ باکانە تۆش جێم بهێڵی گوێ نادەیتە دڵ و ژانێ
دڵنیابە ڕۆژێك دواتر هەواڵی مەرگم دەزانێ.

## من هاتووم

ئەمشەو هاتووم
مۆمی حەزت بکوژێنمەوە
چرای تەمەنت خامۆش کەم
زامەکانت بکولێنمەوە
خۆشەویستم  خۆشم ئەوێیت
تۆی ڕووناکی ڕێگای ژینم
وەرە سەیری دڵم بکە
بەس دڵی تۆی تیا ئەبینم
لەناو دڵما تەنها هەر تۆی
خۆشەویستیت بێسنوورە
دائیم دڵم لەگەڵ دڵتە
نەڵێی لاشەم لە تۆ دوورە.

## هەڵخەڵەتاندن

خۆشەویستیم لەگەڵ تۆدا تەنها لەبەر کافتریایا
ئەڵێم نانم لەسەر تۆ بێت ئەو چوار ساڵەی لە پێشمایە
هەندێ جار بۆ حەزی خۆم نوکەیەکت بۆ دەکەم
تۆش ناچاری دەیکەیتەوە تا دەدەقە قسە بکەم
ئەگەر چی تۆ هەست پێناکەی لە زانکۆ قلم گرتووە
تۆم تەنها بۆ کەیف و سەفا بەدیار خۆما ڕاگرتووە
پاش دووسێ مانگ ئەتبینمەوە ئەلقە لە پەنجە ئەکەم
بۆ دواجار تۆش ئاقڵ ئەبی کە من چۆن کاڵتەت پێدەکەم.

## بیرمکە

ئەگەر شەوان بیرت کردم
پەنجەرەکانت دامەخە
لەناو دێری نامەیەکا
چاولێکبنێ و جێ ڕامەخە
زۆر شەوانە کە سەرمایە
دێمە لات و .....
نوینێك ئەدەم بەسەرتا
بە هێمنی ماچت دەکەم
ئەڵێم نەبا خەو بەرتدا.

## سوێندم[١٦]

سوێندم بەو شاخەی کە بەفری پێوە
بەو زامە سەختەی کەوا بەرێوە
بۆمنی (تەلانی) زریان کرێوە
جوانی نیگاکەت خاڵێکی لێوە
چەندم لا خۆشە بۆنی گوڵ بکەم
لە گۆنای سێوت ماچێکت بکەم
بەڵام داخەکەم دەستم لەرزۆکە
بێهێز و شرم حاڵم پەشۆکە.

١٦) کاریگەری گۆرانییەکی چۆپی فەتاح -ی پێوە دیارە کە دەڵێ:
سوێندم بەو خوایەی کە تەنیا و تاکە
لە حەوت ملیار کەس هەر تۆم پێچاکە.

## جوانی باڵات

که بەنازەوە سەر هەڵئەبڕیت

بە شەرمەوە سەیرم ئەکەی

چاو ئەبڕیتە ناو چاوانم

بە عەشقەوە سەرنج ئەدەی

کە بەخەندەی سەر لێوانت

بۆ من ئەدوێی

لەوکاتەدا هێندەی دووری

زەوی و ئاسمان خۆشم ئەوێی

ئەوەندە جوانی لەلای من

هێندەی جوانی هەموو تەمەن

گرنگ نییە چیم ناو ئەنێی

سیامەند، فەرهاد، یا ئەهری مەن.

## ئەو خەمەی عەشقەکەی کوشت

دوو پەپوولەی ڕەنگاڵە
لەناو دڕکا ئەخولانەوە
بەدوای گوڵدا ئەگەڕان
کەچی دڕکیان نەبینی
ئەو ڕۆژە خەم ئەباری
عاشق هەستی نەدەکرد
دڕکە بێزەمیرەکان
پەپوولەیان شەهید کرد
عاشق و پەپوولە بەیەك ڕۆژ
لە گۆڕستان نێژران
دڕك و داڵیش دوو قۆڵی
ئاهەنگیان بۆ دەگێڕان
مەعشوقەکان ئەگریان
خەمناك و ماتەمی بوون
ئاخ بۆ ئەو دوو پەپوولە
بەداخەوە شەهید بوون.

## لێم ببووره

وەره با ئاشت بینەوه داویی تەمەن زۆر ئاڵۆزه
ببینه گوڵاڵه سووره بۆ بەهاری ئەم نەورۆزه
به ئەپایی لێوت بێنه به خواستی دڵ ماچت بکەم
با ڕووخساری بێ تروسکەم بەچرای گۆنات ڕۆشن بکەم
وەره با ئاشت بینەوه ماچەکان زیندووکەینەوه
ئەم زستانه گەلێك سارده نەك بێ ئامێز ڕەق بینەوه
خۆت دەزانی بۆ ماچێکت ئیلهامێك وا دەمگرییێنێ
هەتا تێرتێر ماچت نەکەم هۆنراوەیەك نادرکێنێ
وەره با ئاشت بینەوه ئیتر نەهێڵم تووڕەبی
تۆ ببه به کانی ماچ و منیش دەبم به شۆڕەبی.

# شاعیر و کچێ [١٧]

ڕۆژێ دانیشتم لەسەر ڕووبارێ
لەڕێی قەبر، گەڕەك هەژارێ
ملی ڕێگام گرت ڕۆشتم بۆ ماڵ
بینیم وەستاوە کچی ڕووبەخاڵ
بەدەستییەوە بوو نوقڵ و نەبات
دەمی هێند جوان بوو لە شێوەی چوکلات
هەر گەیشتمە ئاستی کردم سەلامێ
فەرمووی لێکردم بەخۆش کەلامێ
وەرم گرت نوقڵ ئەو شیرین تر بوو
جوانی ئەو کچە لە شێوەی مانگ بوو
دوایی لێی پرسیم ئەی هاوڕێی ئازیز
بۆ وا داماوی بۆوا بووی عاجیز
گوتم گیانەکەم من زۆر شەیدای تۆم
ئەژنۆم وەستاوە و ناتوانم بڕۆم
- بەبینینی من وابووی شێت و وێت
بڕۆ وازبێنە نەدراوی تەربیەت

١٧) لەناميلكەی (وەرە نێومالی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩. ل٢٦-٢٩

کچ عاجزبێ لێت دەبێتە هاوڕێت

دەمە تەقێ بوو بەینی ئاقڵ و شێت

خۆم بەشێت دانا و ئەویش بە عاقڵ

جوابی نەداوە جوانی دەم نوقڵ

سێ هەنگاو جێم هێشت گوتی: ببورە

دڵت لە ئاست من گەلێ مەحزوورە

گوتم: بووراوی ئەی شۆخی ئازیز

دڵم لەئاستی تۆ هەرگیز نابێ زیز

زۆر بە ڕووخۆشی لەگەڵ یەك دواین

تەمەن خوا بیدا بیچێژین ژیان

لە دواییا گوتی ژمارەکەت چەندە

ئاسیا سانایە بڵێ ئەوەندە

گوتم ئاسیایە علوجەکانە

ژمارەکەم پێدا گوتم ها گیانە

پێنج سەد چل و سێ یازدە سفرێ

ئاگات لە خۆت بێ بەینمان نەپسێ

ئەگەر نوکەم کرد بزانە منم

دڵ شێتی تۆیە و منیش مەجنونم

وابووە بەشەو هەشتی تەواوە

لەگەڵ زەنگم کرد دڵم گەشاوە
پاش زۆر گفت و گۆ لەیەك بووین ڕازی
بەڵام بەوشەرتەی بێی بۆداخوازی
منیش قایل بووم لە پەیمانی تۆ
نەمشکاند یاسای عەشقی من و تۆ
هێندەی پێنەچوو مەرگ بووە میوانت
ئەجەل تۆی برد و من سەرگەردانت.

## ئەو ئێوارەیە [١٨]

ئەو ئێوارەیەی کە هاتم بۆ ناو ماڵی سارد و سڕت
زۆر ئەترسام لەو رۆژانەی کەوا بووم بە خەمی دڵت
زەمەنێك بوو بەتەنیایی لەگەڵ خەمی خۆم ئەگریام
چاوەڕێی ئەوساتەم نەکرد کە تۆی تیادا بوو بە خولیام
هەر ئەوساتەی هاتیە دڵم کلیلی دڵم دا دەست تۆ
دەتۆش بە خەم مەمسوتێنە مەمکە بەگڕی ئاگری پشکۆ
کە ئێوارەم خۆش ویستووە چونکە تۆم تیا ناسیوە
بۆیە منیش لەم هۆنراوە یادی تۆم تیاکردووە
تا دواهەناسەی ژیانم بەیادی جوانی تۆ ئەژیم
هاکا تەمەن باڵی لێکنا و گێژاوی خەم تەنیای کردم.

---

١٨)ناميلكـەی (وەرە نێوماڵـی چاومـەوە)وەرم گرتـووە، سـاڵی چـاپ٢٠٠٩. هەنـدێ لـە شـیعرەکانی ئـەم نامیلکەیـە لـە نێـو دەسـت نووسـەکانی هەبـوون و پێشـتر تاپیـم کردبـوون.

## بوونم پابەندە بە عەشقی تۆ [١٩]

تەمەنم ئاوێزانە بۆ ڕووخساری جوانت
تا مابم ناترەنجێنم تامابی لە ژیانت
کاتێ گفت و گۆ دەکەی لەسەرخۆ هێمنانە
سەدەها بولبوول لەسەر چڵ جریوە جریویانە
تۆی بارانی وەرزی بەهار خاکی دڵم سەوز دەکەی
شیعرەکانم بخوێنەوە ئەوجا نیگات تێکەڵ ئەکەی
چیت لێم دەوێ لەوە زیاتر  من بەرگەی دووریت ناگرم
دڵم دایە دەستی تۆ هەر ئەوسا خونچەی گوڵم
من دڵخۆشم بەو عەشقەت بە بەڵێ دەستی پێکرد
هەر لەوساوە خۆشم ویستی و دەرگای دڵم بۆت وڵاکرد.

١٩) لەناملیکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، سالّی چاپ٢٠٠٩.

## خەیاڵ[٢٠]

خەیاڵم دێتە پێش دڵم پڕخەمە
خۆشی جارانم ئێستاکە کەمە
هەر خەمە خانەخوێی فیکرە
هەر خەیاڵە نەپچڕاوە
ئەوینی تۆ سوتاندمی
تەمەن لە ژینما فەوتاوە.
نسحەت بۆ عاشقی سەردەم
قەت بیر لە خەیاڵ نەکەنەوە
خەیاڵە جەستەت ون دەکات
خەڵکی لە یادت ئەباتەوە
لەخەودا من لە خەیاڵام
خەیاڵ لەلام هەر زیندووە
لە خەیاڵێکی قوڵابووم
خەیاڵم بۆلای یار چووە
خەم نانمە خەیاڵیش بووە بە بەرگم
تیری خەیاڵ بێڕەحمانە چەقییە جەرگم.

٢٠) لە نامیلکەی (وەرە نێوماڵی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩.ل٣٢

## شیرینی شیعر لای عاشق [21]

دڵم هێندە خەمبارە، چونکە تۆم لێڕەنجاوە
کەمن عەشقی چاوت بووم بێفکرم من لەم ناوە
شێت دەبووم بەجارێ کە تۆ بۆساتێ دیار نەبای
من نازانم هۆی چی بوو تۆ بۆ چی وا لێم ڕەنجای
خۆتۆ هێندە شیرین بووی لای عاشقێکی وەکو من
دەوران تەمەن دەسێنێ کوێربێ بەدکار و دوژمن
کوڕ کە مەیلی کچ بکات ئەبێ سەیری گوڵ نەکات
بەڵام کچ جیاوازی کوڕ ئەو سەر لە کانی ئەدات
سەیری گوڵ لەوەی دایە هەر گوڵە و جۆرە ڕەنگێکە
بەڵام وا لەپێش چاوە هەر گوڵە و پڕ بە دڵێکە.

(٢١) لەناميلكەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩.ل٣٤

## ساردی یار له زستانا[22]

خۆشەویستیت هێندە شیرین بوو هەنگوینی لە من تاڵ کرد
لە جوانیا هێند ناسك بووی گشت گوڵی شەرمەزار کرد
شەماڵ ساردی زستان دەستم دێنێتە لەرزی
سەیری یارم کرد سبەی لێی پرسیم بۆ عادزی
پێی وتم تۆ شێواوی وەکو جاران نەماوی
ماوەیەکە لێم ونی زۆر تەعەجوب داماوی
چەند چرکەیەك بێدەنگ بووم پێم وت تازە ئەپرسی
نەهاتی سەردانم کەی وابزانم تۆ ئەترسی.
زۆر دەمێکە داماوم لەم عیشقەت سەرسوڕماوم
هەرچەند بیردەکەمەوە زۆر تەعەجوب ڕاماوم
زەمانێك بوو بەخۆشی ئەم عیشقەمان ڕائەبوارد
بەپێکەنین و خەندە سوێندمان بەسەری یەك ئەخوارد
بەڵام ئاخ لەدەست ڕۆژگار کەتۆی لەمن واگۆڕاند
بەشم هەر خەمبوو لەژین دڵم وەك مۆم ئەسووتاند
ڕۆژانمان ئەگوزەراند گریانیشمان ئەتۆراند
بەڵام زۆر بەداخەوە خۆشەویستیمان فەوتاند.

---

٢٢) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩.ل٣٥

# عەشق باری[٢٣]

عەشق باری بەسەرمدا
نازی هیچ کچم هەڵنەگرت
خۆشەویستی لە دونیادا
خولیای عەشقم پێوەردەگرت
خۆشەویستیم نەدەکرد
بە هیچ جۆرێ هەتا ئێستا
بەڵام کە جوانی تۆم دیت
ترپەی دڵم ڕاوەستا
ئەدرەسی عەشقی جوانیت
لەناو گلێنەی چاومایە
ناوی تۆی خۆشەویستیش
لەناو ڕۆح و دڵمایە
گەر لێم وەرگری ئەم گوڵە
کە تۆ منت خۆش بوێ
حەزم زۆر لەگەڵ تۆیە
گەر وازم لێبهێنی
ژیان لەلام درۆیە.

٢٣) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، سالّی چاپ٢٠٠٩.ل٣٧ـ٣٨

## ئاخ لە دەست تۆ[٢٤]

چۆن تێمناگەی کە پێتدەڵێم تۆم خۆش ناوێ
کە پێت دەڵێم مەبە بە گوڵ
لە بەهاری منا مەڕوێ
کە پێتدەڵێم مەبە بەمانگ
تا لەشەودا ڕووناکی تۆ دەرنەکەوێ
من خۆشحاڵم بەو شەوانەی کە تۆ چاوت دیار نابێ
بڕۆ تۆ بڕۆ وازم لێبێنە با چیتر نەسووتێم
بڕۆ لێم دووربە با خەم نەمکوژێ و بمرم
بەدیداری هەرجارێکت خەم لە دڵی من زیاد دەکات
گەر تۆ بڕۆیت و لێم زویر بی خەمماڵی دڵم چۆڵ ئەکات
ئەزانم لات ئاسان نییە تۆ وازم لێبهێنە
بۆ ناتوانی تۆ دوور لەمن ژیانت بەسەر بەری
بەڵام بۆمن و تۆ دابڕان نزیکە و چارەنووسمانە
چاك بزانە کە قەدەریش چاوەڕوانە و لەپێشمانە.

٢٤) لە نامیلکەی (وەرە نێوماڵی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩.ل٣٨ـ٣٩

# خەم و جەفا[٢٥]

دوارۆژم فەوتاوە لە ژین ئەی بێبەزەیی بێوەفا
ئەو دڵەم دائیم خەمبارە بەردەوامە لەدەست جەفا
ئەترسم بە ئاوات نەگەین بەشت هەتا سەر گریان بێ
ماوەیەك تەمەن بەسەرچوو جەستەم لە خەما سووتابێ
زۆر بێزارم لە ئاگری خەم ڕۆح و جەستەم بسووتێنێ
هەروەکو ڕەشەبای پایز لەداریدا و گەڵاکانی بوەرێنێ
من لە قوڵایی خەیاڵم هەرتۆی لە دونیای بێخەبەر
بۆ لەبەرچی لەمن زیاتر بەرگی ژانم بکرێتەوە
دڵی من زۆر پەرێشانە پەرێشانی دەستی خەمە
جەفاش دراوەتە ناخم جەستەشم لە شێوەی تەمە
زۆر دەترسێم وشەی وەفا لە ناخی دڵتا نەهێڵێ
بەختەوەرم خەم و جەفا باخی دڵم بەجێبێڵێ.

٢٥) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩.ل٤٢

# ڕووخساری یار[26]

لە ڕووخساری یارم ڕوانی بینیم وەکو گوڵ خەمڵیوە
تا ئێستاش لە ژیانا ئەژیم هیچ شۆخێکی وام نەدیوە
هەر نیگایەك كە یار ئەیکات هەزار گەنجی قاڕوون دێنێ
با ئەمڕۆ یار بمدوێنێ ئیشم چییە بە سبەینێ
لە وڕۆژەوەی تۆم ناسیوە عیشقت بەسەرما باریوە[27]
نیگای چاوت لەچاومایە، دڵم خۆشی لێباریوە
بەسەرگەردانی جوانیت بم هەموودەم و کات و ساتێ
شەیدات بووم و شەیدات کردم لە مەملەکەتی وڵاتێ
یادەوەریت لەیادناکەم لەنێو دڵما ئەینووسمەوە
ناوی جوانی پیرۆزی تۆ حەرفێکە وا بەملمەوە
خۆشەویستی لەگەڵ تۆدا وەك دەریایێ بێ سنوورە
دڵم وەك وەرزی بەهار بەردەوام پڕ گوڵی سوورە.

---

٢٦) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩.ل٤٣
٢٧) گۆرانی شاعیر دەڵێ: لەوڕۆژەوەی تۆم ناسیوە ـ عیشقت لە دڵما چەقیوە.

# بێ عەشقی تۆ ناژیم[٢٨]

بەعەشقی تۆم زۆر دەنازی نەڵێی نازم بەسەرچووە
گەرمن لەم ژینەدا شادبم نیوەی عومرم خۆشی تووە
بەڵام لەپڕدا بگۆڕێی تەمەنی من هەر یەك فووە
من لەو دونیا بێوەفایە تاڵی و سوێریم زۆر چێشتووە
بەدبەختیم هەر لەوە دیارە کەوا ئەوم جێهێشتووە
دڵ بریندارم لەدوای تۆ عومرم هەمووی بەبا چووە
دەستی قەدەر بەهۆی بەدکار کارێکی وای ڕەخساندووە
کەمن و تۆ لەجێی ژوانایین بەدکار بەهەلی گرتووە
بوونی نییە ئەم جێژوانە، چونکە ناحەز نەیهێشتووە
زۆر دوورە عەشقی من و تۆ دڕك لە نێومان شین بووە
شەرابی تاڵی دەنۆشم بۆتۆ فرمێسکم ڕشتووە
ڕەحمێ بکە بەحاڵی من لە گوڵزاری دڵی منا چیت بیستووە
گەر تۆ بەگوێی ناحەز بکەی ئاوا ڕێگات ون کردووە
من لە دونیا تۆم خۆشدەوێت دونیاش لەلام وەك خەوتووە.

---

٢٨) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، سالّی چاپ٢٠٠٩.ل٤٤

## من و شیعر[٢٩]

بۆ نازانی من بەبێ تۆ شیعرەکانم ناوەرۆکیان ناتەواوە

نەك هەر شیعر تەمەنیشم بۆ ئەوینی تۆ داناوە

بەهەناسەی تۆوە جوانە ئەم دونیایە و ئەم هەوارە

گەر تۆ بڕۆیت منی تەنیا کێ شك ئەبەم ئا لەم شارە

ئەمشەو یادت لە غوربەت دا ئەگریسێنم وەکو مۆمێك

دەریای عومرم شەپۆل ئەدات جەستەم ئەبات بەرەو مەرگێك

شاعیر هەستی زۆر ناسکە، ناسك تر لە گوڵی نێرگز

بۆیە ئەم شیعرەم بۆ نووسی بۆ ئەوەی زویر نەبی زویر

شیعر بەهرەیە و مەعنای زۆرە و خەمڕەوێنە

دەرگایەکە بۆ دڵداری و ژیان و هاوسەری پێکهێنە

شادوومانم وەرزی خەزان لەلای شاعیرەکان بەرزە

حەزدەکەم لەپایز بمرم، چونکە ئەو وەرزە لام ڕەمزە.

٢٩) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩.ل٤٣

## جوانی وشەی لێو[30]

ئەو وشانەی دەیدرکێنی لە لێوانت دێتە دەرێ
یادگارییەکی پڕ لە سۆزە تا مردن لە یادم ناچێ
خەمێك لە دڵم باریوە بە ئاوی لێونەبێت ناچێ
یادی تۆم لە دڵ نووستووە هەرگیز لە فکرم دەرناچێ
ئەگەرچی لێوەکانی من شەڕانی و شێتن[31]
هێندە شەیدای لێوەکانتن بۆیە وەها مەستانەتن
هیچ شەرابێکیش ناتوانێت وەك لێوی تۆ مەستم بکا
ئاخۆ ئەبێ جارێکی تر دەستم بەدەستت ڕابگا
سەردەمێك بوو من و تۆ بەئارامی ڕامان دەبوارد
بە فرمێسکی خۆشەویستی بناغەی عەشقمان دامەزراند.

---

٣٠) لەناميلكەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩.ل٤٦
٣١) ڕەنج سەنگاوی لە شیعرێکیدا دەڵێ:
دڵم نایە ماچت بکەم،
چونکە لێوم تا بڵێی شەڕانی و شێتە
ئەترسم وەها تێبگەی ڕقم لێتە.

## ڕاموسان[32]

تۆ جوتێ هەنارت پێیە منیش هەندێ خوێم لە مشتە

باخی سینەی تۆ فراوانە و ناخی دڵی منیش وشکە

ساتێ وەرە بۆجێژوان با کوڵمی سوورت ڕاموسم

من بووم بەشەیدای جوانییەکەت بە خوێنم ناوت ئەنووسم

دەشتایی دڵت گوڵزارە لە وێنەی باغی جەنەتە

هەوارگەی دڵم بێ گوڵە بەشی هەر دەرد و مەینەتە

بروسکەی پیرۆزبایی خۆم بۆ ڕاموسانی ڕۆح با بڕوات

لەگەڵ شەماڵ بووم بە هاوڕێ ئەم نووسراوەم وا بۆ ئەبات[33]

گەر خۆشیم لە دڵدانەبێت دونیا لام وەك گۆڕستانە

لەم بیابانە وشك و چۆڵە نامیقە وەکو دیوانە.

٣٢) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، سالّی چاپ٢٠٠٩.ل٤٧

٣٣)لە فۆلکلۆری کوردی واهاتووە:
نامە دەنووسم بە خوێنی دلّم ـ دەیدەم بە شەمالّ بیبا بۆگولّم

## یادەوەری[٣٤]

ئەگەر سەیری ڕابردووت کەیت یادەوەریت دێتەوە یاد

لەسەردەمی سەدەی بیستەم لە جێی ژوانە ئەهاتمەلات

گەر یەك پارچە بکرێیت بە زێڕ نابێ مردن بکەی لەیاد

کاتێك من و تۆ هاوڕێ بووین جارجار ئەتوت ڕۆحم فیدات

زۆر خۆشە هەروەکو جاران هەروەکو لەیادمەو لەیاد

یادگارییەکان لەیادناکەم لام شیرینە وێنەی نەبات

نامەکانت لەلام ماون لە خەیاڵیش نایکەم لەیاد

وەکو چۆن تۆم لەبیرە تۆش ئاوا من بکە خەڵات

خەڵاتەکەی تەنها گوڵ بێت هەردەم گوڵە ناچێ لەیاد

بۆیە ئەو دڵەی من شێتانە بەجارێ بۆتبووە شیدا

هەرچەندە تۆ دووربی لەمن بڕواناکەم بمکەی لەیاد

(نامیق)لە پێناو چاوت گیانی خۆی دەکا فیدات.

٣٤) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩.ل٤٩

# ڕووباری خەم[35]

ڕووباری خەم شەپۆلی نییە
شەوی دابڕان بەیانی نییە
نازانم چۆن بوو لە کوێ پەیدابووی
هیچ باخەوانێك سەری نەدابووی
ئێستا بووی بە گوڵ منت لەبیرچوو
شادیت بۆخەڵك خەمت بۆمن بوو
بەناسینی تۆ فێری ژیان بووم
لە دوای مەیلی تۆ فێری گریان بووم
وەسیەت بێ مردم لەسەر گۆڕەکەم
لەقەب (تەلان)بێ ناونیشانەکەم
کەسێ عاشق بێ بیخوێنێتەوە
فرمێسکی چاوی بۆم بسڕێتەوە.[36]

---

٣٥) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩.ل٤٣
٣٦) ئەم نیوە دێڕە خۆم بۆ زیادکردووە.

## دڵنەوایی گەنجێك[37]

کە گوڵ هەبێت لەم دونیایە

گوڵی بۆنخۆش هەر کابرایە

جوانی ئەم شۆخ و شەنگە

هەر لە بەژن و باڵای دایە

بۆیە داواکارم لەخوا

هەتاکو ژینم مایە

پێم ببەخشێ ئەم گوڵە سوورە

چونکە دڵم بۆی شەیدایە

ئەوجاکە عیبادەت فەرزە

چونکە خواستەکەم ڕەوایە

دین و دنیاش لەگەڵ ئەوا

تا قیامەت هەر خەزایە.

٣٧) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩.ل٥١

## دەروونی[٣٨]

هێندە چاوم لە جوانی بوو تاکو تووشی دەروونی بووم
نەخۆش و شل و شەکەت بووم وا لەسەرجێگا کەوتووم
هێزی نەماوە ئەژنۆم بۆ پیاسەی ئێوارانێ
تا ئێستاش پێنازانێ چاوی نازی چاوجوانێ
چاو کز بووم و دەست لەرزۆك خەم و خەفەت لەولاوە
گەر جارێ دیدەنیم کەی هیچ نەخۆشیم نەماوە
هێندە خەفەت لە جوانیت خوارد تا تووشی ئەم دەردە بووم
نەبوو چارەم لای دکتۆر بۆیە بەویش لەناوچووم
من خۆم دەست بەردارت نیم لەو دونیاش چاوم لێتە
با گشت خەڵك بزانێ و بڵێ(نامیق)شێت و وێتە.

## هەموو ژیانم

هەموو ژیانم بەدیار
دوو شووشە بەسەربرد
شووشەی مەرەکەب
شووشەی شەراب
بە یەکەمیان شیعرم دەنووسی
بە دووەمیشیان
خەمم بەبادا.

٣٨) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، سالّی چاپ٢٠٠٩.ل٥٢

## چاوەڕوانی تا پیربوون[٣٩]

له گەنجی دا چاوەڕێت بووم تەمەن بەرەو پیری دەڕوات
شەیدای کردووم تازە دوای چی دەست بۆ گۆچان پەنا دەبات
دڵم هەر چرکەیەك ئەکات بە دائیم هەر تۆم لەیادە
بەڵام تۆ بێوەفا دەرچووی عومری منت گشت بەبادا
ئاگر لەناخما ئەسووتێ سەرم بووە بە کوێستان بەفری سپی لێباریوە
کەچی لە دڵا دڵگەشم هەرچەند تەمەن تێپەڕیوە
تۆ نازانی باخچەی دڵم پڕ لە گوڵی دەست عاشقانە
ئای کە ئەو یارە بێڕەحمە و منیش کوژراوی زەمانە
لەناو باخی دڵی تۆدا زیندان هەیە منم دیلی ئەو زیندانەم
من بە گەنجی تۆم خۆشدەویست کەچی ئێستاکە دێوانەم
ڕەنگە بڵێن ژیان بۆمن تا هەتایە هەروا ئەڕوات
بەڵام ڕۆژێ ئەجەل دێت و بە سانیە ماوەت نادات
دەزانی تۆ دڵی عاشق بەس بە درۆ فریوداوە
من وایتێبگەم کە خوای گەورە دۆزەخی بۆ تۆ داناوە.

٣٩) له نامیلكەی (وەرە نێوماڵی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩.ل٥٣

## ماچ[40]

ماچێکی لێوت ببەخشە بە من

تاکو کەی لە من دەبی بە دوژمن

چونکە دڵی من عاشق بە تۆیە

عاشقیش بەبێ ماچ هەر ڕەنجەڕۆیە

سەفەرێ دەکەم هەولێر ببینم

بە یارم دەڵێم: چیت لەبۆ بێنم؟

جوابی دامەوە بە سەری زمان

وتی: ملوانکە و مل و مەمکدان

وتم: مەمکدان ئەندازەی چەند بێ؟

وتی: ئەوەندەی مەمکم لێ بەند بێ

وتم: ئەندازەی بگرە و بیپێوە

وتی: بە دەستت کەمت گوشیوە؟.2011

---

٤٠) تەلانی بیرۆکەی ئەم شیعرەی لە شیعرێکی عوسمان پشکۆ وەرگرتووە، شیعرەکە بەناوی (پرسەی بۆ گەشت)، کە شیعرێکی هەژدە دێڕییە و بەشێکی کراوەتە گۆرانی، واپێدەچێ تەلانی لەڕێی گۆرانییەوە وەریگرتبێ. عوسمان پشکۆ دەڵێ:

...چرپەی لێوی هات بەسەری زووبان
...وتی گەردەنە و ملە و مەمکدان
وتم مەمکدان ئەندازەی چەند بێ
وتی:هەر هێندی کە تێدا بەند بێ...(بڕوانە: دیوانی: بەهاری چل چیا، ئامادەکردن و توێژینەوەی: پەیوەست خۆشناو، ٢٠٢٠، ل١٥٥

## لێوی بێ ماچ[٤١]

کێ دەتوانێ خەمی سەختم لە چوارچێوەی دڵ دەربهێنێ؟
تەزرەی بەخت بەسەر گیانی پڕ زامیدا ببارێنێ
جیهانی من پڕ تاوانە دوور لە خەندە و شادی دەژیم
تروسکایی بەدی ناکەم، ڕەوایە گەر بڵێم: من نیم
نەمدی کەسێ دەستی سۆزی دانێ لەسەر سینگی نەرمم
کەسێ نەهات گوێ ڕادێرێ بۆ ئازاری دڵی گەرمم
هەتا ئێستا هیچ مرۆڤێک بادەی نازی نەنۆشیوە
نە ماچێک، نە زەردەخەنە تابلۆی لێوتی نەپۆشیوە. ٢٠١١

٤١) ئەم شیعرە لە شیعرەکەی پێش خۆی دەچێ، شیعری: میوان، بەڵام جیاوازیشە، دیارە کە کاریگەری ئەحمەد هەردی بەسەرەوەیە: هەردی دەڵێ: تروسکایی بەدی ناکەم سەرنجم چەندە لێداوە......

## گوڵی سوور[٤٢]

منیش شەیدای گوڵی سوورم

بۆیە وا ئازا و جەسوورم

بۆ هەر باغێک بڕۆم چەپکێ

گوڵی سوور ئەکەم بۆ هەڵپەڕکێ

گەر باغ تێیدا نەبوو گوڵی سوور

منیش ئەچم بۆ ڕێگای دوور

تا پێم لە دڕکێ ئەچەقێ

خوێن بەسەریا ئەپڕژێ

بە خوێنی خۆم ئەیکەم بە سوور

ئەیدەم بە یاری ئازیز و دوور. ٢٠١١/ کاتژمێر (٤٥: ٥) خولەک

٤٢) ئـەم شـیعرەی تەلانـی بۆنـی شـیعرێکی گۆرانـی لێـدێ کـە بەناوی(بۆکچێکـی بێگانـە) یـە، ورتریـش کاریگـەری ئـەو شـیعرەی بەسـەرەوەیە بەنـاوی (گوڵـی خوێناوی)کـە دەڵـێ:
گوڵ نەبێ بۆسەرم زەرد چەپکێ
نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ....بڕوانە دیوانی گۆران، ١٩٨٠، ل١٦-١٧

## دوور لە خۆشی

تەماشاکە دڵەی ماتم هەراسانی دەستی خەمە
سەهۆڵبەندانە ڕێی عەشقم ئاسمانی پڕ هەور و تەمە
هەرچی ئەکەم ناگەم بەوەی خۆشم ئەوێ زیاتر لەخۆم
گریانم دێت کە ئەبینم عاشقێکی وارەنجەڕۆم
خوایە گوناهی من چییە؟ بۆچی خۆشی نایێتەڕێم
ژیانم بۆتە دۆزەخێك بەبێ گوناح ئازار ئەدرێم
زۆر دەترسم بیرکردنەوەت باسی کۆچی تەنیایی بێت
بڕۆیت و دڵ بەجێ بهێڵی خۆشەویستی کۆتایی بێت
زۆر دەترسم لەدونیای دیش هەروەکو ئێستا خەمبار بم
ئەو ئاواتەم نەیێتە دی دوور لە خۆشی و چاوی یار بم.

## شەرت و پەیمانت

ئەگەر ئەمزانی شەرت و پەیمانت
وەك کاغەزێکە هاکا دڕاندت
ئەگەر ئەمزانی ئاوای لەگەڵما
جێم دەکردەوە لە دوتوێی دڵما
دڵم ئەدا بە سەگ نەمئەدا بەتۆ
ڕاستی و پەیمانت هەمووی بوون درۆ
یاران هەر ئەوها پەیمان شکێنن[٤٣]
هەروا بێوەعد و وا بێبەڵێنن
یاخود هەر تۆ وای تۆش لە بەختی من
ڕاستی و پەیمانت لێبووە بە دوژمن.

٤٣) لە گۆرانییەکی کوردی وەرگیراوە.

## ناحەزی گوڵ

دەردی خونچەیەك ناهێڵێ تۆم لە بیر بچێتەوە

کە ناتبینم دائیمە شەوە تاریکیش نابڕێتەوە

ئای ئەوە منم لە تاریکی بۆ چرایەك دەگەڕێم کە ون بووە

یان وەك خونچە گوڵێکی دوور

لە دڕك لەناو باخدا وا نووستووە

نازانم بۆچی عاشق ئەوەندە

شەیدای گوڵن، گوڵیش ئازاریان ئەدا

ئەو خونچانەی دوور لە دڕکن لەناو باخن

باخەوان بە شاگوڵ ناویان ئەبات

کەچی زۆر عاشقیشم دیت

گوڵیان بە گوڵدانەوە هەڵوەراند

لە بری ئەوەی گوڵ خزمەت کەن

بە ئاشکرا لە ژێرەوە چڵەکانیان دەقرتاند.

گوڵەکانی ئەو سەردەمە وەزی پشکوتنیان نەدیت[٤٤]

وای لەو پایزەی وەرزی نەسرەوتنیان تیابوو

ڕەنگە گوڵەکانی ئێرە

---

٤٤) ئەلێرەوە تا کۆتایی شیعرەکە لە یوتیوب وەرم گرتووە، کە لە ڕۆژی فەلاینتاین ٢٠١٩/٢/١٤ ڕۆژنامە نووس خالید چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردبوو، کە بەراوردم کردن بۆم بەدەر کەوت ئەوەی خوێندراوەتەوە زۆرترە لەوی لای منە.

بزیسکەکانی ئاگری جەهەندەمیان
لە یەخەکانی خۆیان دابێت
یان ئولفەتیان بە هەڵوەراندنی گوڵەوە گرتبێ
لە سەرماکانی زستان(٢٠١٣)

## بۆ ئەهێڵی بەتەنیا بم؟[٤٥]

بۆ ئەهێڵی بەتەنیا بم؟
بەڵێنت دا هەتا مردن لە دڵتابم
بۆ ئەهێڵی بەتەنیا بم؟
فێریان کردووی کە نەهێڵی لەگەڵتابم
بۆ ئەهێڵی بەتەنیا بم؟
من ناتوانم تەنها شەوێک لێت جودابم
بۆ ئەهێڵی بەتەنیا بم؟
بۆ هەمیشە تۆم کردووە بە میحرابم
بۆ ئەهێڵی بەتەنیا بم؟
ئەی مەهتابم نەتزانیوە؟
کە تۆ نەبیت منیش نابم.

---

٤٥) گومانم هەبوو ئەو شیعرە هی فەریدوون عەبدول بەرزنجی بێت، بۆیە لە ٢٠٢٣/٦/٤ تەلەفۆنم بۆکرد، وتی: ((وەك شیعری منەو هی منیش نییە))دواتر چەند شیعرێکی دیکەم بۆ خوێندەوە، زۆری پێ جوان بوو، بەتایبەتی کە شیعری (کە ئێوارە دێیتە سەرڕێم)م بۆخوندەوە، زۆر سەرسامی خۆی دەربڕی و زۆری پێچوان بوو.

## شێت بوون بۆ کچێ

کاتێ ئەڵێم خۆشم ئەوێی خەندە مەکە و پێم مەڵێ شێت
گەر تۆ شێت نیت ئاخر بۆچی شێتی وەك من تۆی خۆش دەوێت
بە وشەیەك شێتم مەکە ئاخر شێتی زۆر ئاستەمە
خۆ من هێندە خۆشم ئەوێی هەزار شێتیش بۆمن کەمە
وەکو شێتێ ڕەفتاردەکەم ساتێ کە دەستت لەناو دەستە
ئەوەی بەلای ئێمە ئەڕوا ئەڵێم ئەوە خۆشەویستمە
یەکەم جار بوو کە تۆم بینی پەردەی دڵم بۆت واڵابوو
ویستم یەکەم وشە بڵێم، بەڵام زمانم وەستابوو
ویستم دەستم بێنم بۆ دەستت هەستی جوڵەشم نەمابوو
ویستم بڵێم خۆشم ئەوێیت لەوکاتەدا خۆر ئاوابوو
دڵی من شێتە ئەزیزم دڵی تۆش شێتخانەیە
یاسای ژین وایە ئەزیزم جێگای شێت شێتخانەیە.(٢٠١٣)

# ڕووی کچێك

هەرچۆنێك خۆتم نیشاندەی

شای جوانانی گوڵەکەم

وێنەی تەلیسمی ڕووی تۆیە

گشت ئەلبوومی دڵەکەم

بۆتە وێردی نووکی خامەم

باسی شۆخ و شەنگی تۆ

نێرگزی بەهار چەند جوانە

لە جوانی ناگاتن بەتۆ

کۆلکە زێڕینەی پاش باران

حەدی نییە بگات بەتاڵی زولفی تۆ

شەونمی سەر گەڵای بەیان

شەرم ئەکات لە فرمێسکی چاوی تۆ

بەفری چیای کوێستانی قەندیل

بۆر دەنوێنێ لەبەر چاوم

لە چاو ڕووخسارەکەی تۆ

ئەو نامیقەی کە دەیبینی وەکو لاڵە

لە وەسفی جوانی کچێکی وەکو تۆ.(٢٠١٤)

## پەنجە

که دەستم خستە دەستەوە
پەنجەکانم لێبەجێما
شەوێ ویستم شیعرێکت بۆ بهۆنمەوە
پەنجەم نەبوو بینووسمەوە
بۆبەیانی یەکمان بینی
گوتت ئەو شیعرانەی کە دوێنێ بۆتنووسی بووم
ئەمشەو هەتاکو بەیانی بەناو قژما
بەدوای بۆنی هەناسەی تۆدا دەگەڕا.

## دڵ

دڵ دەناڵێنێ لە دووریت چەشنی نەی
توخوا نەکەی تۆ نەکەی تەفرەی نەدەی
لێم گەڕێ با تێر تەماشای ڕووت بکەم[٤٦]
دەست بگێڕم من لە باغی پڕ لەبەی
بۆ دزی دەستم لەنێو پرچت دەکەم
هێندە تامەزرۆم ئەتۆش قاوی نەدەی
وا نەزانی شەوڕنی بێستانی تۆم[٤٧]
من نامیقم پێم نەڵێی لاچۆ دز و چەتە و جەردەی.(٢٠١٣)

---

٤٦) لە دێڕە شیعرەێکی (موخلیس) وەرگیراوە کە دەڵێ:
لێم گەڕێ با بێم تەماشای سینەکەت کەم سینە باغ...
٤٧) لە دێڕە شیعرێکی هێمن واهاتووە: شەوڕنی بێستانی کورد....

## مەمك

ئەو مەمكە جوانەی لە دەست ڕادەكا

پیر وەكو منداڵ سەمای بۆدەكا

لەنجەی لە ترسی نەزانە

بەشاراوەیش دیمەنی جوانە

مەم هێندە جوانە

تاخۆی منداڵە

كەوتە دەست منداڵ سیحری بەتاڵە

مەمكەكانی دوو باڵاخانەی بەرز بوون

لە سێبتەمبەری ڕابردودا بەسەرما ڕما.

## لێوەکانت

لێوەکانت وەك گوڵەباغی ژێر باران
لە دوورەوە سوور دەچنەوە
تك تك ئاوی بێگەردییان لێدەبارێ
نمە نمەش ئاوی ئاگر بە لێواری
لێوە زەردەکانی منا دێتە خوارێ
کچەکە گیان تۆ بە مژێك و ماچێکی
لێوی لە شووشە لووسترن
دڵنیام هیچت لێنایە
بەڵام من بۆ ئەو مژ و ماچەت
هەر وەختە کوێرایم دایە.

## گەر بتەوێ

گەر بتەوێ هەموو ئەستێرەکان دەهێنم
دەیانکەم بە ملوانکێ بۆ گەردەنت
گەر دەوتەوێ هەموو تەوەرەکان دەهێنم
دەیانکەم بە ڕێچکە بۆ کۆچ کردنت
گەر بتەوێ پەلکەزێڕینە دەهێنم
دەیدەم لە قژی خاوت
گەر بتەوێ هەرچی پیتی کچی دونیا هەیە
دەیانهێنم سەریان دەبڕم دەیانسوتێنم
(مەلیحە)[٤٨]لەبەردەم یەك پیتێکی ناوت.

## ئەشێ

ئەشێ ئەهریمەن بەهەشتی خوای بەرکەوێ
ئەشێ ڕووبار ڕوو لە سەرکا و سەرکەوێ
ئەشێ مەم جارێکی تر زیندوبێتەوە
لەسەر سینگی زیندا بسرەوێ
بەڵام هەرگیز و هەرگیز ناشێ ئەوەی
کەمن خۆشم ئەوێ چنگم کەوێ،
دەستم کەوێ.

٤٨) ئەم شیعرە دوو جار نووسراوەتەوە، جاری دووەم لە سجلی سێیەم نووسیویەتییەوە ناوی مەلیحەی بۆزیاد کردووە، ئێمەش ئەومان دانا.

# تۆ

تۆ ئەو ئەستێرەی لەشەوە تاریکەکانی منا هەڵدێی
تۆ ئەو شەقامەی کە پیاسەی حەز و خۆشەویستی تیائەکەم
تۆ ئەو دیوانەی باسی خۆشەویستی من و تۆ دەکات
تۆ ئەو باخچەی کە ئاوێتە بووی لە گەڵ دڵی من
باخچەیەکی سەرشەقام و لە شەوێکدا ئەستێرەی گەشت دەبینم
بە ڕووناکییەکەی ئەم دیوانە دەخوێنمەوە
کە من و تۆی بەیەك گەیاند.

## تاوەباران

ویستم بمرم تۆ لام نەبووی
جار بەجارێ کەفی گۆشەی دەمم بسڕی
تۆ لام نەبووی دیوانەکەم دەربهێنی و
چەند شیعرێکی گەنجییەتیم بۆ بخوێنیتەوە
هەر کەجانتای دەستی چەپ و
تۆقەی دەستی ڕاستمان بینی
لە سەمای سەر زەوی کەوتین
لەوە ترسام دیوانەکەم
بکەوێتە بەردەست جەردە و
شەو کەوتووەکان
لەوەترسام پەڕەکانی
ببتە لوولەی گوڵەبەڕۆژەی
دەستی منداڵ لەوە ترسام
پەڕەکان وەك لەتێ نان
لە قوڕدا بخوسێن و بێیتە
ماچی خەستی تاوەباران.(٢٠١٤)

# ئەی دڵ

ئەی دڵ بەسیەتی مەمکە خەجاڵەت
دەورەیان داوم هەزاران مەینەت
دڵ هاتە وەڵام گوتی ڕاست دەکەی
خەتای من نییە گەر باوەڕ دەکەی
خەتای من نییە و گشت خەتای چاوە(٤٩)
گەر چاو پێم نەڵێ ئەو کچە قەشەنگە
دڵ ئاگای لە چییە لەم شوێنە تەنگە. (٢٠١٣)

٤٩) لە فۆلکلۆری کوردی واهاتووە: خەتای دڵ نییە گشت خەتای چاوە ـ بە شەو و بەڕۆژ خەریکی ڕاوە ـ گەر چاو نەڵێ جوان و قەشەنگە ـ دڵ چی ئەزانێ لەوشوێنە تەنگە.

## نەمزانی

نەمزانی تۆ هەوری ڕەشی ئەستێرەی ئاوات ون دەکەی
بەری ڕەنجم دەسوتێنی بە نەشتەر جەرگم کون دەکەی
وامزانی تۆ ئەو کەسەی ئەم گەردوونە ڕۆشن دەکەی
یان وەك تریفەی مانگەشەو جەرگ و دڵی شەو کون دەکەی
نەمزانی تۆ شەوەزەنگی کاروانی جن لە ڕێتایە
مەلی سپیت قەلی ڕەشە و کوندەپەپۆت هەڵۆی چیایە
وام دەزانی تۆ ئەو کەسەی پلەی ژیریت بێ هاوتایە
ئەزانی من بۆ تۆ چۆنم ئاواش سەنگی منت لایە.(٢٠١٤)

## دڵ لەتاوی دووری

لەو ڕۆژەوەی بەجێت هیشتوم
ماڵی دڵم بووە بە کەلاوە
وێنەی بەستەڵەکی بەستوو
شەیدای کەمێ تیشکی تاوە
دڵم لە تاوی دووری تۆ
وەختا بفڕێ بەرەو ئاسمان
بێ زار بووە لەسەر زەوی
هێندەی بچێژێ دابڕان.

## عەشقێکی هەڵە

جەنگەڵستانی عەشقە و خەم باریوەتە سەر دڵم
بووم بە پێوەری دووریت و بولبول نایەتە سەر چڵم
وشە نەما کە نەیهۆنم بۆ چاوی تۆ
بێتاوانم گەر هەڵەش بم لە عەشقی تۆ
سەمای زوڵفت بێ ئەندازە ئازارە بۆم
گەر ماچێکت هەنگوینیش بێ
تازە وەك بادە تاڵە بۆم
تۆ نەتزانی کە شەوانە زیکری عەشق بۆ تۆ دەکەم
من هەڵە بووم جارێکی تر دوعای عەشق بۆ کەس ناکەم
زۆر بە ناسکی ڕوانیمە زوڵفی زەرد و تێکئاڵاوت
بە وریایش گەڕامەوە ئەگینا ئەکەوتمە داوت
تێگەیشتم عەشقت کە گەیشت هاوڕێی عەشقێکی تر ناکات
سوپاسی ئەو دڵەت دەکەم کە خیانەت لە (نامیق) ناکات.

## کەشتی دڵم[50]

کەشتی دڵم نوقمی دەریای خەما
وا ئەمشەویش پێڵوی چاوم
شێت و هارە و بەری تەما
نە ئەوەتا تیشکی چاوت لێم هەڵبێت و
ئەم خەمە بڕەوێتەوە
نە ئەوەتا یادی دوریت
بمکوژێ و ترپەی دڵم ببڕێتەوە
ترپەی دڵم ببڕێتەوە.(٢٠١٨)

٥٠) وا هەست دەکەم لە گۆرانییەکی کوردی ئەوەم بەرگوێ کەوتووە، بەڵام هەر بە گومانم و بۆم یەکلایی نەبووەوە.

## خۆشترین شت لەم ژینەدا

خۆشترین شت لەم ژینەدا
بێ گومانم دڵدارییە،
دڵی خۆمت پێ دەبەخشم
بۆت دەکەم بەم یادگارییە.
ئەگەرچی ئامێزی
ژیان بێ گومانم
لەم ژینە تەنها دڵە
ئەگەر بێتو تۆ نەت هەوێ
منیش دڵم هەر بۆگڵە
کە لێوم نایە سەر لێوت[٥١]
ڕۆحیشم وا لەسەر لێوە
گەر بێت و لێوت لابەری
دڵیشم دەردەچێ پێوە.

٥١) وەرگیراوە.

# چۆن پێت بڵێم

چۆن پێت بڵێم ئەو وشەیەی لە دڵمایە
سنوری دڵی بڕیوم شەپۆلی وەکو زەریایە
نیگای چاوت هەموو شەوێك دەمتاسێنێ
وشەیەك بەسە بۆ وەڵامت بەڵام زمان نایدرکێنێ
ئاخۆ کەی بێ فڕێ بادە بە لێوی تۆ بخۆمەوە
ئاساییە مەجنون ئاسا لە کێوان دابمێنمەوە
من کە بۆ تۆ پێنوسی عەشق هەڵدەگرم
وەك شەهیدانی ئەم خاکە با لەڕێی عەشقدا بمرم
با بدرکێ ئەو وشەیە کە وەك خونچە دەپشکوێت
بۆ نەدرکێ ئەو وشەیە لە هەموو شت پیرۆزتر بێت
چیتر وشەی چاوەڕوانیت با لە دڵما نەخولێتەوە
یەکەم وشەی خۆشم دەوێت با هەر بەوەش ببڕێتەوە.

## شەرت و پەیمانت

ئەگەر ئەمزانی شەرت و پەیمانت
وەك كاغەزێکە هاکا دڕاندت
ئەگەر ئەمزانی ئاوای لەگەڵما
جێم نەدەکردیەوە لەناو دڵما
دڵم ئەدا بە سەگ نەم ئەدا بەتۆ
ڕاستی و پەیمانت هەمووی بوون بە درۆ
(یاران هەر ئەوها پەیمان شکێنن [52]
هەروا بێ وەعدە و وابێ بەڵێنن
یاخود هەر تۆ وای تۆش لە بەختی من
ڕاستی بەڵێنت لێ بووە بە دوژمن).

٥٢) وەرگیراوە.

## ئاخۆ ئێستا

ئاخۆ ئێستا لەکام سوچی ژورەکەتدا
بێ ناز کەوتوی
ئاخۆ ئێستا چۆن پەژارەی دڵ جێگای
مەینەتی بۆ ڕاخستوی
ئاخۆ ئێستا چۆن وەنەوس پێڵوی چاوی
پێ داخستوی
ئاخۆ ئێستا من چۆن بیر لە تۆ دەکەمەوە و
تۆش بیر لە من دەکەیتەوە
ئاخۆ ئێستا گەردەلوولی کام ئەندێشە
هەڵی گرتوی کام خەفەت لێك ئەدەیتەوە(٢٠١٣)

# ژیان

ژیان بەبێ یار وەکو زەریایە

ئەو ژیانە خۆشە کە یاری تیایە

بۆیە نامەوێ بەبێ یار بژیم

چونکە مەعلومە هەر خوا تەنیایە

بەهاری عومرم بێ بارانی بوو

وەرزی دڵداریم هەر گرانی بوو

(نەمامی هیوام چرۆی هەڵوەری

گوڵێکی گەشی نەدا لەسەری)[٥٣](٢٠١٣)

---

٥٣) ـوەرگیراوە.

## چەپکە گوڵی ئەویندارى

ئەمجارە بڕیارم داوە بە بێ ترسی بێم بۆ لای تۆ

بێ شەرم بڵێم خۆشم دەوێیت ڕازیش نەبی نامکوژی خۆ

گڕی عەشقی ئەوینی تۆ هێدی هێدی دەمسوتێنێ

نەدرکانی ئەم وشەیەت ئازارێکە هەموو شەوێك دەمتاسێنێ

دڵ ناتوانێ لەمە زیاتر ئەم وشەیە لای خۆی بهێڵێ.

حەزدەکەم بەیەکەوە نان کەین هەردووك لەسەر یەك سێڵێ

تیرۆگ لە من خوانە لە تۆ هەویریش پێکەوە دەشێلین

ئەو نانەی پێکەوە دەیکەین ناحەزی پێ دەفەوتێنین. (٢٠١٣)

## ئەشێ

ئەشێ ئەهریمەن بەهەشتی خوای بەربکەوێ
ئەشێ ڕووبار ڕوو لەسەرکا و سەرکەوێ
ئەشێ مەم جارێکی تر زیندوبێتەوە و
لەسەر سنگی زیندا بسرەوێ
بەڵام هەرگیزاوهەرگیز ناشێ ئەوەی
کە من خۆشم دەوێ چنگم کەوێ
دەستم کەوێ.

## عەشقێکی هەڵە

جەنگەڵستانی عەشقە و خەم باریوەتە سەر دڵم
بوم بە پێوەری دووریت و بولبول نایەتە سەر چڵم
وشە نەما کە نەیهۆنم بۆ چاوی تۆ
بێتاوانم گەر هەڵەش بم لە عەشقی تۆ
سەمای زوڵفت بێ ئەندازە ئازارە بۆم
گەر ماچێکت هەنگوینیش بێ
تازە وەك بادە تاڵە بۆم
تۆ نەتزانی کە شەوانە زیکری عەشق بۆ تۆ  دەکەم
من هەڵە بووم جارێکی تر دوعای عەشق بۆ کەس ناکەم
زۆر بە ناسکی ڕوانیمە زوڵفی زەرد و تێك ئاڵاوت
بە وریایش گەڕامەوە ئەگینا ئەکەوتمە داوت
تێگەیشتم عەشقت کە گەیشت هاوڕێی عەشقێکی تر ناکات
سوپاسی ئەو دڵەت دەکەم کە خیانەت لە عەشق ناکات؟

## سەفەری دوور

ئەم سەفەرە گفتی خۆت بوو مەڵێ
قەدەر لێکی کردین
بگەڕێوە ئازیزەکەم با بەتاسەی دووری نەمرین
ئێستاش سۆمای چاوەکانم
پڕ فرمێسك و دووری تۆیە
لە دەروازەی لێوی ماتم
ناڵە و گریان و ڕۆ ڕۆیە
لە ئەدرەسی شیعری منا
گوڵێ نەماوە نەژاکێ
یادێك نەبوو هەتا ئەمشەو
تاکوو سەبوریم بداتێ
دە وەرەوە هەتاکو کەی
شیعری گریان بنووسمەوە
هەر چاوەڕێی دیدارێکم
بە ماچێکت بشنێمەوە.(٢٠١٣)

## سزادان

گەلێك سزام دیت لە ڕوی زەمینا
گەلێك ناسۆریم چێشتوە لە ژینا
دەترسێم بەخوا لەو دونیاش وابم
ڕیسوا و سەرگەردان هەر ڕەنج بەبا بم
دووبارە ئەوسا ڕەنجەڕۆتر بم
خۆشی نەبینم دەست خەڕۆتر بم
خوا چارە ڕەحمێ بکەی بەحاڵم
یەکجار سوتاوم وەك کۆی زوخاڵم
تەنها یەك ئاوات ماوە بیخوازم
تو گەورەیی خوا مەییشکێنە نازم
ئەویش ئەوەیە لەدوای مردنم
لە دوای گیانەڵا و ڕوح دەرهاتنم
خۆزگە ئەبومە دارێك لە خواوە
دەڕوام لە تەنیشت گۆڕی لەیلاوە
بەڵکو بۆ حەشر زیندوو بیمەوە
بەگورجی دەستی یەك بگرینەوە
با لە ڕێی حەشرا لەیل دەلیلم بێ
بۆ پرس و جوابیش خۆی وەکیلم بێ
بۆ گوناهباریم تکاکارم بێ
شاهیدی سزای ڕۆژگارم بێ
ئەگەر وانەبێ هەی ماڵ وێرانم
نە لەپرس دەگەم نە جواب دەزانم.

## دوور لە خۆشی

تەماشاکە دڵەی ماتم هەرەسانی دەستی خەمە
سەهۆڵ بەندانە ڕێی عەشقم ئاسمانی پڕ هەور و تەمە
هەرچی ئەکەم ناگەم بەوەی خۆشم ئەوێ زیاتر لە خۆم
گریانم دێ کە ئەبینم عاشقێکی وا ڕەنجەڕۆم
خوایە گوناهی من چییە؟ بۆچی خۆشی نایەتە ڕێم
ژیانم بۆتە دۆزەخێك و بەبێ گوناە ئازار ئەدرێم
زۆر دەترسێم بیرکردنەوەت باسی کۆچی تەنیایی بێت
بڕۆیت و دڵ بەجێ بهێڵی خۆشەویستی کۆتایی بێت
زۆر دەترسێم لە دونیای دیش هەروەکو ئێستا خەمبار بم
ئەو ئاواتەم نەیەتەدی و دوور لە خۆشی و چاوی یار بم.

## ئەمشەو دێم

ئەی تۆ نەتوت ئەمشەو دێم و
خەمەكانت گشتی یەك یەك
لە سێدارەی پرچەكانت دەخنكێنم
ئەی تۆ نەت وت ئەمشەو دێم و
پەڵەهەوری ماچەكانم
بەسەر لێوە سورەكانتا دەبارێنم
ئەی بۆچی نەهاتی
نەتدەزانی نەهاتنی تۆ
پشكۆیەك بوو لە ئاگر
جەرگ و دڵی
شاعیری برژاند و قرچاند.

## چاوەڕوانی یار

منت کوشت بە چاوەڕوانی توخوا گیانە چیتر بەسە
تۆ بۆیە ئاوام لێ دەکەی ئەزانی دڵم بێ کەسە
بڕوا بکە حەزم ئەکرد ئێستا لات بم
تۆ فێری ئیرەیت کردم حەزدەکەم بەس خۆم شەیدات بم
دەکەواتە خێرا وەرە ئامێزتم بۆ بکەرەوە
هەرچی خەمێك لە دڵمایە گیانەکەم بیرمی بەرەوە
توخوا گیانە لەمە زیاتر مەمکوژە بە چاوەڕوانی
من تا ئێستا نەمزانی بوو تۆ بەو ئاستە بێ ویژدانی
ئاخر تا کەی چاوەڕوانی هاتنی پڕ لە تاسەت بم
هەموو تەمەنم پێت بەخشی بەقوربانی هەناسەت بم
دە زوو وەرە بۆ دەتەوەێ لەمە زیاتر دڵم بۆ ژوانت بێ هۆش بێ
بڕواناکەم کەسێ هەبێ لەم دنیایە بەنیوەی تۆ ماچی خۆش بێ.

## گیانە دەوەرەوە

گیانە دە وەرەوە خەمی دووریت کۆڕی شەوانی شێواندم
دەستی ڕقی یادەکانت پەڕی شیعرەکانی دڕاندم
خۆزگەم لە ڕێی ئەوینی تۆ وەکو بەهارێك کۆچی کرد
دەرگای نیگای چاوەڕوانیت لێوی تەنیایی ماچ کرد
هەنگاوێکم نەبوو لێرە کوچە و شارت بۆ نەگەڕێ
خونچەیەکی شادیم نەبوو ئەم کۆچەی تۆ هەڵنەوەرێ
کاتێ هاودەمی ژینم بوویت وەکو خونچەی گوڵ ساوابوویت
بە منالّی ئاشنای من بوویت ئێستا گەورە بووی جودا بووی(٢٠١٣)

## نامەیەك بۆ

گیانە پێش ئەوەی کە نوکی خامە
بهاومە سەر ڕووبەری نامە
پێش ئەو سڵاوەی کەوا لەلامە
کە شازە بەتۆ ئەم پەیامانە
(بە ناوی خودای گەورە و بەخشندە[٥٤]
لەسەر زارمە گریان و خەندە)
بۆ لای ئەو کچەی کە دڵم لەلای بەندە
گریان پێم دەڵێ دواڕۆژ سەربەستی
پێکەنین دەڵێ ئێستا ژێردەستی
وا بۆ یەکەم جار هەڵم گرت خامە
بۆ لای یاری خۆم بنوسم نامە
نامە بنوسم بەشێوەی شیرین
بە فرمێسکی چاو پاك بیکەم ڕەنگین
سڵاوی جوان و بۆن خۆشتر لە گوڵ
گەرم وەك کزەی ناخی جەرگ و دڵ.

---

٥٤) لە فۆلکلۆر وەرگیراوە.

## له وەسفی جوانی کچێك[٥٥]

به هەر شوێنێکدا تێپەڕیت ئەو جێگا گوڵ باران دەبێت
دونیا بۆنی عەتر دەگرێت دیمەنی سروشتی جوان دەبێت
نیگای چاوت چەشنی موتفەڕك خەڵکی سرەی بۆ گرتووە
ئەوەی تۆزێکی بەربکەوێ تا ماوە شادومان دەبێ
هەرچی بەرگێك تۆ دەیپۆشیت له خۆت جوانه و هەر له خۆت دێ
چونکه بێ شك لەوەی لەگەڵ جوانیت هاوشان دەبێ
نەغمەی دەنگت وەك مۆسیقا دڵ و دەروون دەکاتەوە
ئەوەی گوێ بیستی نەبوبێ بێ شك بەشی گریان دەبێ
پێکەنینت چەند لێ جوانه وەك شەپۆلی کەنار ڕووبار
بۆ تێنووی دڵی عاشق چەشنی نمەی باران دەبێ
ڕۆیشتنت چەند دڵگیره بەم هەموو عیشوە و نازەوە
دڵی عاشق له دوورەوە بەشی گڵپە و سوتان دەبێت
له وەسفی ئەم هەموو جوانی و لەنجەولاری باڵا و بەژنەت
زمان لاڵ و قەڵەم کول و (نامیق)یش دەستەوەستان دەبێت.

---

٥٥) لـه نامیلکـەی (وەره نێوماڵـی چاومـەوە)وەرم گرتـووە، سـاڵی چـاپ٢٠٠٩، ل ١٠ لەنێـو دەسنووسەکانیشـی  هەبـوو.

## شەوە نیوەشەوە [٥٦]

شەوە نیوەشەوە لەژێر تریفەی مانگەشەوە
دەستم خستۆتە چنگی خەیاڵەوە
بیرم لەوە دەکردەوە کە زۆر جار کاکەی شوان
دەستی بۆ شمشاڵەکەی دەبات  لەسەر بەردێکی
سپی بەرز بە دەیان ئاواز ئەدرکێنێ
وا هەست دەکەم ئەوە سۆزی هەستی تۆیە
بۆ من دێ
چونکە تۆنەکانی ئەم تەزوە لە دەنگە
ناسکەکەی تۆ ئەچێت.

## نەمزانی

نەمزانی تۆ هەوری ڕەشی ئەستێرەی ئاوات ون دەکەی
بەری ڕەنجم دەسوتێنی بە نەشتەر جەرگم کون دەکەی
وام زانی تۆ ئەو کەسەی ئەم گەردوونە ڕۆشن دەکەی
یان وەك تریفەی مانگەشەو جەرگ و دڵی شەو کون دەکەی
نەمزانی تۆ شەوەزەنگی کاروانی جن لە ڕێتایە
مەلی سپیت قەلی ڕەشە و کوندەپەپۆت هەڵۆی چیایە
وامدەزانی تۆ ئەو کەسەی پلەی ژیریت بێ هاوتایە
وەمزانی من بۆ تۆ چۆنم ئاواش سەنگی منت لایە.(٢٠١٤)

---

٥٦) بیرۆکەکەی لە شیعرێکی گۆران نزیکە کە بۆ شوان و بێری دیناوە.

## دابڕان لە دوو

بەر لەوەی کە بەجێم بهێڵی بت گوتایە گیانە تەواو
عەشقت دەهێنمە کۆتایی و سیمات ون دەکەم لەبەرچاو
خۆ من لێت زویر نەئەبوم گیانە هەر خۆشم دەویستی
عاشق لەیەك بێزار نابێت ئەگەر پاك بێت بری و هەستی
بەڵام سەد کەڕەت مخابن لەگەڵ زەردەپەڕی ئێوارانا
دابڕان وەك هەورێکی ڕەش باڵی کێشا بەسەرمانا
نازانم چۆن دڵت هات بمبەیتە شاری تەنیایی
بێ لە تۆ لەکەس تێ ناگەم بۆ ڕۆیشتی بێ ماڵاوایی
هەموو شەوێك خەو ئەبینم بەلای منا تێپەڕ ئەکەی
بەرەو دەرگاکەم ڕائەکەم وائەزانم بانگم ئەکەی
ئەو چۆلەکانەی ئەیان خوێند لەسەر چڵی دارەکانا
ئەوانیش وەك من خەمبارن گریان بۆ ئەو دابڕانە
کاتێك کە سەرم هەڵئەبڕم ئەوجا ئەزانم خەیاڵە
تۆ بەجۆرێك جێت هێشتم یەکگرتنەوەمان مەحاڵە.(٢٠١٤)

## شیرینەکەم

لە دەروازەی نائومێدی
خۆشەویستیت هەڵکوڕماوم
کزەبای خەم ڕائەژەنێ
بسکی بوکی دەروونی پڕ لە تاوم
بۆ نامدوێنی خۆ تۆ وتت
لە ناخمدای لە سوێی
عەشقت داگیرساوم
ئەی ئێستا بۆ بووی بەگڕ
دەمسوتێنی و
پەشیمانیت وەکو دیاری بۆ هێناوم.

## ئەمشەو بەکوڵ دەگریم

گیانە شیرینەکەم ئەم ئێوارەیە ئێوارەیەکی تاڵە
تاڵە چەشنی ساتەکانی دوریت و خەمناکە چەشنی حاڵە
ساتەکانی لێك ترازان و نائومێدی نازانم چۆن نامەی
ئەم دڵە خەمبارەی خۆمت بۆ بنووسم کە هاتی چاوەڕێت بووم
چەپکێ گوڵی بۆندارم بۆ بهێنی گیانە چاوەڕێت بووم
باوەشی سۆز و وەفام بۆ بهێنی، بەڵام نە خۆت هاتی و
نە گوڵت هێنا سەفەر دەکەی و
خۆت بە قوربانی کەرنەڤاڵی
سەفەرێکی دوور کرد.
کە ڕۆیشتی بەیانییەکان چەندە تاڵ بوون
کە ڕۆیشتی ئاگات لە ڕوخسارم بڕا
کە ڕۆیشتی یادگارییەکانت لەیاد کرد
وا ڕۆیشتی کە منت هەر نەشناسیبێ
منت لەسەر دەریایەکی پڕ لە فرمێسك جێ هێشت
نازانم دوای من چ شەقامێك؟ چ کۆڵانێك؟ چ ماڵێك؟
چ گەنجێك تۆی ناسکی لە باوەش گرتووە...
هەر چاوەڕێم بگەڕێیتەوە! دە بگەڕێوە کچی چیایی
جێم مەهێڵە بە تەنیایی...

## دوو ماچ

کەویستت بڕۆی دەرگام لێگرتی
بە ترس و شەرم ماچێکم کردی
سوراوی لێوت نیشتە سەر لێوم
تامی ماچەکەش دەستەسڕ بردی
پێت گوتم خێرا بەو دەستە سڕە
سوراوی لێوت لە لێوم بسڕە
نەبا یەکێ بێ و پێ بزانێ
سوراو بۆ کچە ئەو لێوە کوڕە.

## هەناسەیەکی پڕ لە ئازار

توخوا ئازیز لێم ببورە ناتوانم لەگەڵتا بژیم
خۆشی بۆ تۆ هەمیشەیە منیش لەدەست ئازار ئەگریم
شەپۆلی خەمی چاوانت چەندین کەناری پێکردم
لە ڕووی عەشقت توامەوە سیمای جوانیت شێتی کردوم
ڕاستە گیانە تۆم خۆش دەویست،
بەڵام چی بکەم لەگەڵ ڕۆژگار
بە خەیاڵیش ناگەم بە تۆ
لەدەست ناڵە و ئێش و ئازار
من نامەوێ فریوتدەم بە درۆ ژیانت دڵخۆش کەم
من هەژارم قەت ناتوانم لەگەڵ تۆدا چرا هەڵکەم
خودا شادی بە تۆ داوە بەڵام بە من ناڵە و گریان
جا چۆن بژیم لەگەڵ کچێ کە نەیدیبێ ئازار و ژان.(٢٠١٣)

## کۆتایی ئازارەکان

کاتێك سەفەری دووریت کرد

وەك مەلێکی باڵ شکاو

کەوتمە ژێر دارێکەوە،

وەکو ماسی لە دەریادا بێ ئاو دەمردم و دەژیامەوە

هەروەك بەهار کە بێ باران گوڵە سورەکان بوەرێت

یان وەك پایز لە سەوزی دا گەڵاکانی بپرژێنێت

ئاوەرە با بێزاریم بەهاری ئەمساڵم بێ گوڵ نەکات

ڕاستە تازە کۆچت کرد و گەڕانەوەت ئاسان نییە...

بەڵام یادگاریت زۆرە لام کە دەت وت کۆچم لا نییە

ئەی بێ وەفا بۆچی وا زوو سەفەرت کرد جێت هێشتم

لەبەر دووری و زۆری خەمت شەڕابی تاڵیت پێ نۆشتم

بەڵام ئەوەی کە دڵدار بێ قەت لە دوور ناحەسێتەوە

سەرچاوەی دوورییەکانی تۆش بێ وەفایی دەیگرێتەوە.(٢٠١٣)

## شەو

شەو بەیادت دەناڵم لە دووریت نازدارەکەم
بە تەنیا تۆم خۆشدەوێت تۆی لە کۆیە یارەکەم
لە خەواش دێیتە خەونم کە هەڵدەستم لە بەندم
جا بەیادی ڕابردوت دەناڵم پڕ بەدەنگم
کە دەرکەوتی لە دەرگا ڕۆژ لە ئاسمان ڕاوەستا
پەری هاتن بۆ سەیرت دەریا لە عیشقت وەستا
پیشەم بێ تۆ گریانە بۆچی لێم دوورکەوتیتەوە
ڕووناکی چاوانم بووی کە هاتی بۆچی دەچیتەوە.

## باوەشی سپی تەنیا من بوم

تەنیا من بوم دەرگای چاوم لە فرمێسکی ڕووت کردەوە
تەنیا من بوم بە باران و ڕژامە ناو ڕووباری وشکی دڵتەوە
لە ناوەختا شین بووم و کاتێك درەختێکی پاییزیشم
لە درۆی تۆدا نەکردەوە
تا خەنجەری گریانی خۆت خەندەکەمی کوشت
بە هێمنی ڕژایتە ناو شوشەی ڕەشی چاوانمەوە
ئەی شۆخەکەی کەنار دیجلە
ئەمشەو جوانترین شەوم
لە ژورە تاریکەکەم وێنەکەت بوو.

## خیانەتە لە عەشق

نەمزانی چۆن لەچاو ون بویت لە پڕ ڕۆیشتی
بە هەڵە چووم خۆشم ویستی
جاران پەناگەی دڵم بویت تۆ هەستم بویت
لوتکەیەکی کێوی بەرزی مەبەستم بویت
ئێستا وەك جاران نەماوی
نازانم بۆچی گۆڕاوی... تۆ دۆڕاوی
لە من لە خۆت لە ڕەوتی جوان
لە نەریتی کۆنی کوردان دابڕاوی
نەمزانی پارە منالی ساوایە
ئەتۆش تەنها بوکە شوشە
قسە و پەیمان و بەڵێنت لەبەردەم
ئاگری ڕاستی کۆڵێك پوشە
هاکا ئەم ئاگرەم بڵێسەی کرد
گەر دەشتۆرێیت
بەهۆی سادەیی و بێ باکیم
دەتخنکێنێ ڕوباری دەریای دڵ پاکیم.(٢٠١٣)

# تۆ!

تۆ ئەو ئەستێرەی لە شەوە تاریکەکانی منا هەڵدێی

تۆ ئەو شەقامەی کە پیاسەی حەز و خۆشەویستی تیا ئەکەم

تۆ ئەو دیوانەی باسی خۆشەویستی من و تۆ دەکات

تۆ ئەو باخچەیەی کە ئاوێتەبووی لەگەڵ دڵی من

باخچەیەکی سەر شەقام و لە شەوێکدا ئەستێرەی گەش دەبینم

بە ڕووناکییەکەی ئەم دیوانە دەخوێنمەوە

کە من و تۆی بەیەك گەیاندووە...

## تەنیایی

بۆچی بژیم گوڵستانم بیابان بێت
مەیە بێشکەی ئەو دڵەوە کە لانەی تەنیایی بێت
هەموو شەوێك فرمێسکم وەکو دەریا شەپۆل ئەدا
دڵی ماندوم بە کاروانی خۆزگەی دڵی تۆ ڕاناگا
کەسێك نەبوو بملاوێنێ بۆ شەوێکیش ئارام بگرم
گەر تۆ ساتێك لە من دووربی بەرگەی خەمی وا ناگرم
مناڵیم مۆمێکی کز بوو تازە تەمەن نایەتەوە
بێ ئەمەل بوو ڕۆژانی زۆر خۆشییەکانیان سڕیمەوە
نە کەسم ما نە گوڵی سوور هانا دەبەم پۆ پایزێك
گەر بەهاریش لێم زویر بێت لێم مەبڕە خونچەی گوڵێك
ئاسەواری ئەم عەشقەی تۆ گڕ و تینی دۆزەخێك بوو
سەوزایی تۆ دنیای تەنی، بەڵام بەشی من دڕك بوو.

# دابڕان

که دابڕای وات دەزانی هەموو شتێ هەر بۆ تۆیە
نەتدەزانی که تۆ بڕۆی دڵی من بێ تۆ نامۆیە
من بە شەوێك ئۆقرە ناگرم بە بینینی ڕوخساری تۆ
ڕۆژ بە هەموو ڕوخسارییەوە ناگات بە چاوی جوانی تۆ
که من ئەمڕۆ بۆ تۆ دەگریم، تۆش وەك جاران بگەڕێوە
که تۆ گوڵێك دەوەرێنیت هەزاران خونچە وا بەڕێوە
هەموو کات لەبەرچاومی وێنەکانت مەدالیامە
زنجیرەکەی سەدجار بپسێ مەدالیاکەی لە دڵمایە
من ئاواتم ئەو ڕۆژەیە که بەیەکتر شاد بینەوە
گەر تۆ بڕیارم پێ نادەی با لەیەکتر جیا بینەوە
من گوڵێکم خۆشویستوە سکاڵای دڵی خۆم دەڵێم
گەر تۆ یەك هەنگاو بێیتەپێش من سەد هەنگاوت بۆ دێم.(٢٠١٣)

## وا ئەمجارەش جەژن هات

وا ئەمجارەش بەبێ بوونت ئەم جەژنەشم لێتێپەڕی
ئاخۆ کەی بێ پیرۆزی کەم؟ جەژن لە تۆی ڕووخسار پەری
ئاخر جەژنم بێ تۆ ژانە گەر تۆ نەبیت پڕ بە دڵم
لە هیچ کەس ناکەم جەژنانە
ئەگەر جەژنێك تۆ بێیتە لام بەپەنهانی
نەوەك ئاژەڵ باوەڕبکەم خۆشەویستم
دڵم دەکەم بە قوربانی
بۆ دوو چاوی ڕەشی جوانی.(٢٠١٨)

## خۆشەویستیت

وا هەست دەکەم خۆشەویستیت
وەك دار لەناخما هەڵچووە
ڕەگ و ڕیشەی لەناو دڵما
بۆ هەموو لا ڕۆیشتووە
لەورۆژەوەی خۆشم دەوێیت
خەیاڵم هەر لەلای تۆیە
دڵنیابە باوەڕ بکە لەبەر تۆیە
شاری کۆیەم خۆشویستووە.(٢٠١٨)

## تینووی ژووان

زۆرم لە دەرگای ماڵتاندا
کەسێك نەهات بەدەنگمەوە
چەندە تینووی ژوانێکتم
ئەم بێهێزییەم کەمکاتەوە
تاوانی خۆمە ئێستاکە
سەوداسەر و سەرگەردانم
بەس ئامێزی تۆ دەتوانێ
کڵپەی دڵم کپ کاتەوە.(٢٠١٨)

## له چاو جوانیت

شیعر زۆر بێ نرخه لەچاو جوانیت
چۆنت پێخۆشه به ئارەزووی خۆت
لەتیکه ئەودڵەی شادی دەوێ بۆت
له چەقی ڕێگەم هەر لەبەر چاوم
بینێ ژێر پێیانم نامەی پێچراوم
شان بەشان بڕۆ قشتیله و نازدار
لەگەڵ دۆستێکی تازەی پایەدار
ئەو دۆستەی کەوا ناو لەزارانه
هەر هی تۆ نییه و هی هەزارارانه
بیلاوێنەو تێر بۆی پێبکەنه
له دڵما تۆ ناوی خۆت هەڵکەنه[٥٧]
قەیناکه گیانه مافی خۆته خۆ
ئەو ڕەفتار دەکا بەئارەزووی تۆ
بێبەشت ناکا له شێلانی لەش
له سکاڵای زۆر وەنەوزی باوەش
قەیناکا گیانه ڕاستی زۆر ڕاستی
پێم نەهاته جێ چی دڵت خواستی
تەنیا شیعر بوو ئەوەی من هەمبوو
بۆ قنیاتی تۆش شیعر زۆر کەم بوو .(٢٠١٨)

٥٧) سـاڵی ٢٠١٨ لـه یوتیوبـی محەمـەد سـواره ئـەم نیـوه دێـڕەی گۆڕیـوەو بـەم شـێوەیه وتوویەتـی: لەدڵمـا تـۆ نەخشـی یـادگار هەڵکەنـه

## ئاوڕێك و ئاوڕێك

بینیم كچێكی شۆخ و شەنگ لە شەقام دەپەڕییەوە
ڕووی وەك چرا ناوقەد باریك گوڵێكی جوان بەسەریەوە
سەرنجی جوان ڕاكێشابووم كراس تەنك بەبەریەوە
دڵ شێت دەبوو كە هەنگاوی دەهاویشت و ئەو مەمكانەی دەلەریەوە
كە بەلەنجە ئەو باڵایەی بۆ ئەملاو ئەولا دا دەبرد
لەرەی چوت بەی هەروەكو مەی لاوی بەجارێ مەست دەكرد
بەبێ باڵ بوو دەنا دەفڕی و ڕووی لەئاسمانا دەكرد
كە وتەكانیم كوێ لێدەبوو لایلایەی دڵمی دەنواند
داری خەمی لەدڵ دەبڕیم نەمامی شادی لێدەڕواند
نەیدەهێشت خەم ڕەگی خۆی داكوتێ بەجارێ لەبنەوە دەیپساند
كەجار و بار پێدەكەنی لێوی بەلێوی دەترازاند
هەر لەدوای بووم لە كۆگایەك دەوەستا بۆ سەیری شتی جوان
ملوانكەیەكی دڵی دیویست بەڵام ئاخ بەتاڵ بوو گیرفان
لەدوایدا پێمگوت بۆچی دڵی من ناكەیتە مل قوربان
تاكەی بڕۆم بەدواتەوە ئەی شۆخ و شەنگ پەری ئاسمان
كە ئاوڕێكی لێدامەوە سەیری كردم بەسەرسامی
گوتی ئەی لاو من دەزانم ماوەیەكە تۆ لەدوامی

شێتی منی و شەیدای منی لە داخی من دڵ پڕزامی
بەڵام هەوڵی تۆ بێسوودە ئەی لاو بەڕاستی نەفامی
ڕێی ڕێگام گرت بەداماوی تاماڵ ئاوڕم نەدایەوە
دڵ گڕی گرتوو لەداخان بەچەشنی مۆم دەتوایەوە
بەداماوی مێزم دانا و مێز بەشەراب ڕازایەوە
خۆم وا مەست کرد بەچاوی ئەو، چاوم تا ڕۆژ نەکرایەوە.(٢٠١٨)

## ئەزیزم

ئەزیزم تۆ دڵ ڕفێنی خەم ڕەوێنی
ڕووگەشی بەیانی
حەسوود کوێربێ لە ئاستت
تۆ کچی جوانی کۆیانی
مەڕێژە پێم ڕق و قینت
بەدڵ هاتوومە سەر دینت
قبوڵمە کێش و ئاینت
مەسیحی یان موسڵمانی
لە چاخی پیریا دیارە
وەها بۆتبووم بە پەتیارە
لەوانەم مل بدەم بەم کارە
کە کردی شێخی سەنعانی
لە چاخی پیریا دیارە
لەبەر بەژنی بڵند و ناسکت
حەقیانە سەرداخەن
چنار و لاولاو و عەرعەر
یان چیای قەندیل لە کوێستانی
لە شۆخ و شەنگیا وێنەم  شەرتە نازانم
لە حۆری هەڵبڕاوی یان لە فریشتەی ئاسمانی.

# دابڕان

که دابڕای واتدەزانی هەموو شتێ هەر بۆ تۆیە

نەتدەزانی کە تۆ دەڕۆی دڵی من بێ تۆ نامۆیە

تەنها شەوێك ئۆقرە ناگرم بێ بینینی ڕووخساری تۆ

ڕۆژ بە هەموو ڕوخسارییەوە ناگات بەچاوی جوانی تۆ

کە من ئەمڕۆ بۆتۆ دەگریم تۆش وەك جاران بگەڕێوە

کە تۆ گوڵێك دەوەرێنیت هەزار خونچە وا بەڕێوە

هەموو کاتێك لەبەرچاومی وێنەکانت مەدالیامە

زنجیرەکەی سەد جار بپسێ مەدالیاکەی لەسەر دڵمە

من ئاواتم ئەو ڕۆژەیە کە بەیەکتر شادبینەوە

فرمێسکی لێکدابڕانمان بە ماچی لێو بسڕینەوە.[٥٨]

٥٨) ئـەو نیـوە دێـڕەی کۆتایـی خـۆم بۆمزایدکـرد، چونکـە نیوەدێرێکـی کراوەبـوو لـە سـجلەکە.(د. هاوژیـن صلیـوە)

## نەمزانی

نەمزانی تۆ هەوری ڕەشی
ئەستێرەی ئاوات ون دەکەی
بەری ڕەنجیم دەسوتێنیێ و
بەنەشتەر جەرگم کون دەکەی
وامدەزانی تۆ ئەو کەسەیت
ئەم گەردوونە ڕۆشن دەکەی
یان وەك تریفەی مانگەشەو
جەرگ و دڵی شەو کون دەکەی
نەمزانی تۆ شەوەزەنگی و
کاروانی من لە ڕێتایە
مەلی سپیم قەلی ڕەشە و
کوندەپەپۆت هەڵۆی چیایە
وامدەزانی تۆ ئەوکەسەی
پلەی ژیرین بێهاوتایە
ئەزانی من بۆتۆ چۆنم
ئاواش سەنگی منت لایە!(٢٠١٨)

# شەو

شەو بەیادت دەناڵێنم

لە دووریت نازدارەکەم

بەتەنیا تۆم خۆش دەوێت

تۆی لە کۆیە یارەکەم

لەخەوداش دێیتە خەونم

کە هەڵدەستم لە بەندم

جا بەیادی ڕابردووت

دەناڵێم پڕ بە دەنگم

کە دەرکەوێ لەدەرگا

ڕۆژ لە ئاسمان ڕاوەستا

پەری هاتن بۆسەیرت

دەریا لە عیشقت وەستا

پیشەم بێتۆ گریانە

بۆچی لێم دوور کەوتییەوە؟

ڕووناکی چاونم بوویت

کەهاتی بۆ چوویتەوە.(٢٠١٨)

## تەنیایی

هەموو شەوێك فرمێسكم وەكو دەریا
شەپۆل ئەدات دڵی ماندووم
بەكاروانی خۆزگەی دڵی تۆ ڕاناگات
كەسێك نەبوو بملاوێنێ
بۆ شەوێكیش ئارام بگرم
گەر تۆ ساتێك لە من دوور بی
بەرگەی خەمی واناگرم
مناڵیم مۆمێكی كزبوو
تازە تەمەن نایێتەوە
بێ ئەمەل بوو ڕۆژانی زوو
خۆشییەكانیان سڕییەوە
نەكەسم ما نەگوڵی سوور
هانا دەبەم بۆ پایزێك.

## سەفەرمەکە

سەفەر مەکە و دڵم بەرگەی عەشقی تۆ ناگرێ
جێم مەهێڵە ئازیزەکەم خۆشەویستی واناکرێ
کۆتی مەرگ مەکە ملم(مەلیحە)گیان
من کوژراوی چاوەکانتم
سەردەمێکە تۆم خۆش دەوێ و
هەڵگری گشت نازەکانتم
هەڵگری گشت خەمەکانتم.(٢٠١٨)

## خەیاڵی ویساڵ

قوتی دڵم بە ماچی دەم و لێوی ئاڵتە
ژینم بە مەدحی خەمزەی دوو چاوی کاڵتە
سبحەینێ زوو لە مەشریقەوە ڕۆژ کە دێتە دەر
ڕەنگە بڵێم لە شوبهی شوعائی جەمالتە
فەرمووی بەسە دەبیبڕەوە بەسیە ناکۆکی
بۆ وەسڵی من بە سۆزی دەروون ناڵەناڵتە
هەرکەس کە عاشقی من ئەبێ چارەی مردنە
ئەی شێتە تۆ خەیاڵی شێتێکی مەحاڵتە
نادیدەم بەتامی خوسرەوی ئەو دەرك و قاپییە
جارجار کە گوێم لە جوێن و قسەی توند و تاڵە
یار تینووە بە خوێن و لە تەگبیری قەتلییە
(نامیق)ئەوەندە شێتە خەیاڵی ویساڵتە.

# گڕ و گەپ

هەرکەسێ عاشقی تۆ ئەبێ چارەی مردنە
یان شێتە یان خەیاڵی بۆ ماچی لێوی ئاڵتە
کە ئەبینم بەعیشووە و ناز خۆت ئەنوێنی
جارجارەش گوێم لە جوێن و قسەی تاڵتە
بەیانیان کە لە ئاسۆی کەل ڕۆژ دێتەدەر
ڕەنگە بڵێم لە ئاسۆی جوانی ڕووتە یان هی قژی کاڵتە
دەمم تینووی ماچێکی لێوی ئاڵتە
هەموو ژینم بەفیدای دوو چاوی کاڵتە
جوانیت نادەم بە پایتەختی کوردستان
بۆدیدەنیت سەر و ماڵم فیداتە
کە دەتبینم بەجارێ بیر و هۆشم نامێنێ
نامیق ئەوەندە شێتە خۆت توش مەیکە بەگاڵتە.

## قژی سپی

له قژی سپیم مەڕوانە دڵم وەك ناسكە هەرمێیە
كە تۆم بینی بڕوام هێنا هەوێنی ژیان هەر مێیە
كە مێ نەبێت دونیا وەكو تابلۆیەكی بێ ڕەنگە
كەمێ نەبێت ڕەوتی ژیان ڕەوتی ڕێبوارێكی لەنگە
تامێ نەبێت لە سروشتا هەرچی تامە تفت و تاڵە
تا مێ نەبێت لەناو دڵتا دڵ شووشەیەكی بەتاڵە
جامێ نەبێت چۆن بتوانم تێر بنۆشم جامی بادە؟
جامێ نەبێت ژیانی شاعیر پڕە لە مەرگی ناوادە.
جا مێ نەبێت چۆن بتوانم تێر بنۆشم تامی مەی[٥٩]
جا مێ نەبێت ژیانی شاعیر تاڵە وەك كاركە بەی.

## تۆ شك دەبەم

هەرتۆ شك دەبەم ئەمجارە
دەستم بگرە و فریام كەوە
چەندە تینووی ژوانێكتم
ئەم بێهێزیەم كەمكاتەوە
بۆیە ئێستا سەوداسەر و سەرگەردانم
بەس ئامێزی تۆ دەتوانێ
گڵپەی دڵم كپ كاتەوە.

٥٩) دوو جار ئەم شیعرەی نووسیبووەوە، لە جاری دووەم دێڕی كۆتاییەكەی بەم شێوەیە بوو، بۆیە تەنها زیادەكەم لەگەڵ دانا.

## دڵی شکاو

بۆچی واتکرد خۆشەویستم
بەیەکجاری دڵم بشکێ؟
خۆ دڵی من شووشە نییە
هەر کە شکا دەنگی هەبێ
تەنیا سەیری چاوم بکە
هەست پێدەکەی دڵشکاوم
چاوم وەکو گۆمی خوێنە
من هێندە بۆتۆ گریاوم
ئێستاش کە گوێم لەناوت بێت
چاو ئەگێڕم بزانم تۆیت
دڵی خۆتت بۆهێناوم
تا لای نامیق دیاری بێت
دەیپارێزم وەکو چاوم.
١٥/١٠/ ٢٠١٨

## سەیران

سەیران سەیری سەمای دڵی شاعیر بکە
سەیران سەوداسەری سەیرانی تۆم
بەو وەرزی سەیرانە هەر سەیرانمان سەوداسەرە
ئەتۆ سەیران ئەمن سەودا ئەتۆ سابات ئەمن سیتا
ئەگەر بە سەیرانی سەیری ماڵی ئێمە هاتووی
سەبر بگرە سەیران سەیرانمان سەیر ئەبێت
بەکەیف هاتم بۆسەیران سەیرانم دیت
کەچی سەیران سەیری پێمهات
من سەیران شەوانە سەر دەکەینە سەر سەرین
هەربۆیە من و سەیران بۆیەکتری سەوداسەرین
سەیران مەمسووتێنە بەشوعلەی ڕووت لەم سەیرانە
لەپاڵ کۆسار دانیشتووم مەنزڵم هەیبەسوڵتانە
من و سەیران لە زستانا سەما ئەکەین
گوێ لە دەنگی سۆزی کەمان ئەگرین
بۆدواین جار هەر سەیرانە سەرم ئەخوات
هەموو ساڵێ سەیرانم لای سەیران نیم.(٢٠١٤)

# نەورۆز

گوڵم هاتووم بۆ ژوانت بە پێکەنین و سۆزەوە
دیاری من چەپکێ نێرگزە بەهۆی جەژنی نەورۆزەوە
بابەخۆشی جەژنی نەورۆز ئاسمانی شار گوڵباران کەین
ڕۆژی نەورۆز وەك بەهەشت پڕ ڕووناکی و چراخان کەین
ئێستا لەگەڵ پێنووسەکەم دوو هەتیوی بەردەستی تۆین
بۆ دیداری جەژنی نەورۆز مات و مەلوول و مەستی تۆین
وشەکانم بێدەنگ دەگرین لەگەڵ هەست و سۆزی دڵما
وا تۆ گەیشتی خۆشەویستیت هەر زیندووە وا لەگەڵما
وەرە با ئاشت بینەوە دوای تەمەن زۆر ئاڵۆزە
با ببینە گوڵاڵە سوورە بۆ بەهاری ئەم نەورۆزە
نەورۆزەکەم تۆ کەوتیتە ناو دڵم و بووی بە دەست گیرانی شیعرم
وەرە لەنێو شەقامەکانی ڕۆحما پیاسەی حەز و خۆشی بکە
کەتۆ شێوەی گوڵی سوورت وەرگرتووە
دڵی عاشقانی ئەم کوردانەت لە ئامێزی خۆت گرتووە.(٢٠١٤)

# بێ دەنگی نهێنییەك

تا لێواری دێوانەی مەرگ پەلکێشت دەکردم
یان تا ئەبەد لەم ژینەدا بمسڕیتەوە
لە دۆزەخی تەنیایی ناخی خۆمدا نغرۆم بکەیت
تۆ گەر دەتزانی چ نهێنییەکی ئەبەدیم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرتووە
گەر لەڕۆژگارێکی سەوز یان ئەرخەوانی سپی و شینی
ئاسمانی بێ ڕەنگ بووم
بزانە لە ئاهی مەرگی بێدەنگی یاردا هەناسەم سپاردووە
نەك لە گەرمەی نهێنییەکانی تۆدا
گەر لەساتی فڕینی بەرزەخییەکانمدا
بۆناو ڕەنگەکان نەگەڕامەوە ئەوە بزانە کەیارم لێبزر بووە
نەك لە گەمە نهێنییە شەمەکانی تۆدا
گەر شەوێك لە خەوێکی یەکجار قوڵدا بەخەبەر نەهاتم
بزانە عەوداڵی شوێن پێییەکانی یارم کەچی هێشتا هەر لێم ونە
گەر ئێوارەیەك سەری بێ سەری خۆمم هەڵگرت
بزانە لە عەشقی یاردا من توشی جەفا بووم
ڕۆیشتووم وەك قەدەری شومی تۆ بەڕێی کردبم
تۆ بەردەوام یاری بە نهێنییەکانم دەکەیت
من لەگەڵ خۆمدا نهێنییەکم پاراستووە
کە تا ئەبەد لە ئەرشیفی پەناهی تۆ پەی پێنابات.(٢٠١١)

## دەمی ماچم چرۆدەکا

ئەوەی کە بەتەنیا بژی
لەڕۆژێکی ڕەشا ئەمرێ
چونکە ڕۆژ بەبێ ئەو هەڵدێ
ئەم عیشقەت هێندە گەورەیە
دەڵێی نیگای ئەستێرەکان
لەبەر ڕووناکی عەشقتا
بریسکەی دێ
هێندە ئاڵە دەڵێی خوێنی کوێستانییەکان
بە ڕووی شیرینتا ڕێچکەی دێ
بەجوانی یەکە تا ئەندازەی و
گشت سۆزێکی سیمای
بە نیگا چیڕاوێ پێ دەکەیە
سورمە ڕێژی ئەم کوێستانە
ئەوەندە دەمی سۆزم نایە ناخی
خەمەکانتەوە
تا وەك پەڕەکەم لە خوێنما
گیرسایەوە

ئەوە تاوەك فریشتەكان

گوڵاو پڕژێنیان كردی

بۆنی عەشقت لەخوێنما

گەورە ئەبێ و

هاكا ئەم پەڕكەمەی عەشق

سەری خواردم

بوكی بەفی لە گیانما گەورە بوویت و

تا تەمەنم بەرەو خەزانێكی وشك بڕوا

ڕەنگی عەشقت لە گیانی بێ تینما

گەورەتر و بەخش تر دەبێ

عەشقت زریانێكە كپە

چاوەڕوانم هەڵم گرێ

تا بگەمە ئەو سروشتەی

تێیدا ئەژین

چونكە تەنیام

تەنیایم گشت سوچێكی

ئەم جیهانەی گرتۆتەوە

بۆهەرلایەك

بۆهەر جێیەك

هەر وڵاتێك

مەللی هیوا تەنها هەڵنیشێ

نامۆیە بۆم چاوی حەزم

تەنیا نیگای

بەفری کوێستانەکەت ئەکا

دەمی ماچم بۆ چرۆی ڕوومەتی

بوکی بەفر پێئەکەنێ

هەناسەکەم بمخەوێنە

لەباوەشت بۆ هەتایی

چونکە تۆ جوانترین کچی

ئەم زەمینەی.

## منت خۆش نەوێ[٦٠]

برۆ وازبێنە منت خۆش نەوێ
با پڕوشکی هەناسمەمت بەرنەکەوێ
پێناسەی ژیانی من گران و سەختە
هەمووی نامۆیە و دوور لە بەختە
لە خاکی دڵی منا گوڵێ بەدی ناکەی
دڵی پاراوی خۆتی پێ خۆش بکەی
من دڵدارێکی بێئەزموونم لە درۆ
زۆر گوڵیان کردە دیاریم زۆر کچی وەك تۆ
کەچی وەڵامی دڵی من لەجێی گوڵ دڕك بوو دڕك
جا بۆیە برۆ وازم لێبێنە
خۆشەویستی لای ئێمە قومارێکە
دڵی کچان هەرساتە و میوانی لاوێکە.(٢٠١١)

٦٠) لەناميلكەی (وەرە نێوماڵی چاومەوە) ساڵی ٢٠٠٩كراوە، بەڵام ساڵی ٢٠١١ هەندێك دەسكاری كردووە.

## وشەی لێو

چی ڕووئەدات ئەگەر جارێ ژوانی دڵ ئاوەدان کەی
بە ماچی لێوی ئاڵی خۆت عەشقی دڵم ئاوێزان کەی
چ وشەیێ بۆم بنووسێ هیچ کات نابزوێنێ هەستم
من ئەو وشەیەم مەبەستە لە لێوی خۆتی ببیستم
چەندی بڵێی تۆم خۆش دەوێت لە نامەیا ڕاستی نییە
ئەو نامەیەی بۆم دەنێری کاغەزێکە و هەستی نییە
ئەڵێم ئازیز جارێ وەرە هەرچی وشە و هۆنراوەیە
بەلێوی خۆت بۆم دەربڕە منیش دەرگام کراوەیە. (٢٠١١)

## بەندیخانە

وەکو ئاوی بنی گۆمێ کە جێمابێ لە ڕووبارێ
وەکو بەردی سەر شاخێکە کە داندرابێ لە دیوارێ
وەکو گەڵای زەردی پایز کە دەستی بەربێ لە دارێ
من ئەو ئاوەی بنی گۆمم کە جێماوم لە ڕووبارم
من ئەو بەردەی سەری شاخم کە دیلی سیلەی دیوارم
ئاڵای زەردم مەیلی پیرم منم دڵداری زنجیرم
بیرتدێ کە نۆساڵە لە بەندیخانە یەخسیرم
لە تاریکی ژینما لە سوچی ساردی زیندانا
بە مۆرەی نەردی ناکامی بەجارێ عومری خۆم دانا
بەڵێ ئەو ساتە لاوێ بووم بەڵام ئێستاکە پیرم
نییە ساتێ خەمی خۆم بە کەساسی نەیەتە بیرم
قەڕەول دێ ڕادەبرێ شەوانی عومرم دەژمێرێ
بۆ ڕۆژێکیش وا منی بینی بەدەستی قەدەر من بسپێرێ.

## بێ گوناهم

کاتێ کە دێم بۆ دیدارت پێڵووی چاوتم لێدامەخە
دڵ ڕەق مەبە بەوێنەی بەرد فەرشی خەمم بۆ ڕامەخە
تەنها جارێ لێم بڕوانە دڵم سووتووی خۆڵەمێشە
ڕۆژگارێکە لە دووری تۆ هەنگاویشم پڕ لە ئێشە
هەموو کاتێ چاوەڕوانم گەر بەخەویش بێت بێتەوە
دەرگای دڵم بە دەستی خۆت جارێکی تر بکەیتەوە
بێ خەتا بووم ئا لەم عەشقە سامان هاتە بن کلێشەم
ڕۆژێك هەتا خۆر ئاوابوون شەیتان شێواندی ئەندێشەم
کەچی ئێستا لەمن دووری نامەکانت بۆمن بوو بە یادگاری
تەنها ئەو دڵە سەبەب بوو کە درکاندی بۆت هەژاری.(٢٠١١)

## ئارام بژی

دڵ ڕەق مەبە بەس مەڕەنجێ
بۆ ئەم جارە ئارام بگرە
ئەگەر زانیت کەسێك هەیە
تۆی خۆش دەوێ گوێی لێ بگرە
بەزەیت بێ، بێ ویژدان
با بەس بێ خەم ببڕێتەوە
ناخۆشی داگیری کردووم
بێزاریم نابڕێتەوە
زامی تاساوی دڵی من
تەنها و تەنها دووری تۆیە
گەر هەناسەم لەپڕ وەستا
مەڵێ ئەم کارە بێهۆیە. (٢٠١١)

# قاوە

قاوە تاڵەکانی ژیانت
شەونمی خونچەی ناسکیم
بەیانیان وەکو باران
تەڕی بکات هەموو گیانت
هێندە لات خۆم شیرین ئەکەم
قەت لەبەر چاوت ون نەبم
حەزی من هێندە چڵێسە
گەر دەریاش بی لێت تێرنابم
ئاسانە لام هەموو ساتێك
بە دیواری حەزەکانتا سەربکەوم
بە قەراغی ئەوینتەوە شۆڕببمەوە
باکم نییە ڕۆژی سەد جار
لەبەر بەستی شەرمەکانتا
هەڵبکەوم.

## ترس

بۆ ئازیزم چاوەکانت نامۆییان پێوەدیارە
چ سرێکت لەدڵ دایە خونچەی لێوت وا خەمبارە
زۆر دەترسێم بیرکردنەوەت باسی کۆچی تەنیایی بێت
بڕۆیت و دڵ بەجێ بهێڵی خۆشەویستی کۆتایی بێت
لەوکاتەوەی بێ هەواڵی کۆڕی شەوم بێزارییە
هەناسەی دڵ هەر ئاگرە و خەیاڵیشم خەمبارییە
ڕۆژگارێکە بەبێ ئاگا لەم شارەدا دێم و دەڕۆم
گشت هەنگاوێك وا ئەزانم پێ ئەنێمە سەر دڵی خۆم.(٢٠١١)

## پێم نەوتی

پێم نەوتی ئەو دڵەی من ئاسمانێکی بێبارانە
خونچەی هیوای قەت ناپشکوێ ڕێکەوتی نییە ئەم ژوانە
پێم نەوتی دەرگای عیشقم زۆر دەمێکە داخراوە
پاداشتی من مەخوێنەوە ناوی شاهێدی تیانەماوە
واتدەزانی دەرگای هەستم بە عیشقی تۆ دەکرێتەوە
من خەمێکم لە دڵ دایە قەت ئازاری نابڕێتەوە
بەڵام ئێستا پەشیمانی بە وتەی من بڕوات نەکرد
ئەو تەمەنەت بەفیڕۆ چوو کە هاوڕێیەتی منت نەکرد.(٢٠١١)

## ئەفسوس

کە هاتم بۆ زیارەتی ڕووت
نیازم نەبوو بێمەوە
ماڵئاوایی یەکجارەکیم
لە برژانگەکانی چاوت خواستبوو
بەنیاز بووم لەگەڵ گەردەن و
گۆنا و مەمانیش دیدار بکەم
هۆ مەلە هەڵفڕیوەکان
لەبەر ڕەنگە تۆخەکان و
سنوورە دەست کردەکان
عاشق  و یاسا ئاسمانییەکان
ڕێگام نەبوو بێمەوە
ناچار بەرەو ئۆقانووسی
چاوەکانت گەڕامەوە.

## بۆیە خۆشم ئەوێیت

چەندە خۆشە ئەوساتانەی
کە پێم ئەڵێی خۆشم ئەوێی
پێت ناخۆشە لێت ئەپرسم
منیش وەکو هەموو پیاوێك
دوو لێو و دوو چاو و یەك دڵم هەیە
بەڵام گیانە دوو چاوی تۆ پڕن لە
نهێنی و پڕن لە ڕەنگی تابلۆی سحراوی
دوو لێوت وەکو بۆڵە ترێیەکەی تەموز
تامی شەراب ئەدەن
دڵیشت کۆشکی میهرەبانییە و
دوو چاوەکانت دوو ڕاوچین
لە دارستانێکی چڕ منیان کێشاوە
دوو لێوت دوو کۆتری عاشقن
بانگی لێوەکانی من ئەکەن بۆماچ کردن
هەر بۆیە من خۆشم ئەوێیت هەناسەکەم.

## دووری گوڵ

دڵم دابێ بە هەرکەسێ عاقیبەتی دابڕانە
لەدوایدا خەم خواردن و دەردەسەری و ئاخ و ژانە
بگەڕێوە با وەك منداڵ لە باوەشتا بحەسێمەوە
لەورۆژەوەی بەجێت هێشتووم وەك زامدارێك ئەکولێمەوە
بڕواناکەم بەمنداڵی گریابێتم لە ئازارا
بەڵام ئێستا بەڕۆژ و شەو چاوبەگریان بۆ ئەمجارە
گەلێك هیوام بە عیشقت بوو، بەڵام گیانە هیوام نەما
زۆر هەوڵمدا بگەم بەتۆ نەگەیشتم پشتم چەما
بڕواناکەم لەدۆزەخا ئاگری تاوان بمسوتێنێ
ئاگری عەشقت سووتاندمی
خوا چۆن دووبارە دەمسووتێنێ.(٢٠١١)

## حەزێکی تر

لەو ڕۆژەوەی یەکترمان دی دڵمان ئاوێتەی یەکتر بوو
باخچەی دڵمان لەبەهاری ئەم ساڵەدا سەوزتربوو
تۆی مرۆڤی ئەندێشەکان خەیاڵی رۆحی من بووی
تۆ چرای ڕووناکی شەوە تاریکەکانی من بووی
تۆی گوڵی شەوگەشی باخچەی حەزەکانم
بۆیە منیش بەتاسەوە لەسەر ڕێگا بۆتدەڕوانم
هەر چاوەڕێی ئەو ساتانەم کە دێتەوە بۆ دڵداری
تا ئەو کاتە چاوەڕوانم گریانم لەچاو ئەباری
ڕووخساریشم بێ تۆ ئازیز سیمای مەرگی لێنیشتووە
ماڵی عەشق وێران بووە لە ژێر خەمێکا مردووە
شەقامەکان بێ رۆینی تۆ نامۆییان پێوەدیارە
دەئازیزم جارێ وەرە سەرێ بدە لەم دڵە تەنگ و دژوارە.(٢٠١١)

# زامێکی بەسۆ

ئێستاش چاوی ماڵئاوایم دەگری فرمێسکی لێئەتکێ

خۆت دەزانی دڵی شاعیر شووشە ئاساییە زوو ئەشکێ

بڕوابکە دوای زیزبوونت شێتێکی شەقامەکانم

بەدیار زەردەی خۆرئاواوە فرمێسکە هاوڕێکانم

خۆت فێری ئەوینت کردم کەچی زۆر زووش لێم دابڕای

دڵی منت پڕکرد لە زام خۆشت بێخەم لەژێر گەڵای

لاپەڕەی تەمەنم سووتا بە ئاگری ئەوینی تۆ

چیت بۆمنی نامیق بە جێهێشت جگە لە زامێکی بەسۆ. (٢٠١١)

## خونچەیەکی نەپشکوتوو

هەستم شووشەیەکی ناسك بوو

شکاندی بەردی تەنیایی،

لێوەکانم زەوی دێم بوون

بێ تۆی ماچ و بێ جوتیار بوون

له خاکی وشك هەڵاتووی دڕکاوی

تەمەنم گوڵی بەهار بوو

هەموو کاتێ شەونمی لێدەباری

ڕەشەبای خەم لولی کرد و بوو به یادگاری

بەڵام ئێستاش له لێواری بوون و نەبوون

دەستی هیوای خۆمم گرتووه

له پەنجەرەی شکاوی هەستی گۆشەگیرم

هەر عەرشی تۆم لەباوەش گرتووه

چاوەڕێی گاسنی سۆزم

خاکی لێوم بکێڵێت و

تۆی ماچ چەکەره بکات

لەدوای گوڵی تەمەنی ڕابردووم

هەزاران خونچه پێبکەنن

سەردەردێنێ و پێدەگات.(٢٠١١)

## بڕوام نەبوو

بڕوام نەبوو دڵم هێندە بێبەزەیی بێ لە ئاستم
شنەم بکاتە زریان و ڕایبماڵێ عەشقی ڕاستم
کوانێ خەندەی ئەو لێوانەت کە فرمێسکی ئەسڕیمەوە
لە گوڵزاری خەونەکانما دڕکی خەمی ئەبڕیمەوە
ئەی بۆ ئێستا وەك غەریبێ لە دوورەوە ئەڕوانی بۆم
هەر وەك هەرگیز نەتناسیبم پێت نەوتم من شەیدای تۆم
بیرت نایەت دەستەکانم لەسەر سینگت هەڵکورمابوو
ئەو ڕۆژانەت چۆن لەیادکرد ناوت لەناو یادگار مابوو.(٢٠١١)

## گریانی بە کوڵ

ئەمشەو بەکوڵ دەگریم
گیانە شیرینەکەم ئەم ئێوارەیە
ئێوارەیەکی تاڵە تاڵە چەشنی ساتەکانی دووریت و
خەمناکە چەشنی حاڵەتەکانی لێکترازان و نائومێدی
نازانم چۆن نامەی ئەم دڵە خەمبارەی خۆمت بۆ بنووسم
کە هاتی چاوەڕێت بووم چەپکێ گوڵی بۆندارم بۆ بهێنی
گیانە چاوەڕێت بووم بە باوەشی
سۆزەوە وەفام بۆبهێنی، بەڵام نە بۆخۆت هاتی
سەفەرەکەی خۆت بە قوربانی کەرنەڤاڵی سەفەرێکی دوور کرد
کە ڕۆیشتی بەیانییەکان چەند تاڵ بوون
کە ڕۆیشتی ئاگات لە ڕووخسارم بڕا
کە ڕۆیشتی وا ڕۆیشتی کە منت هەر نەشناسی
منت لەسەر دەریایەکی پڕ لە فرمێسك جێهێشت
چۆن دڵت هات لەدوای من
بزەی لێوە سوورەکانت پەخش بکەی
ئێستا نازانم چ وڵاتێك چ شارێك
چ شەقامێك تۆی ناسکی لە باوەش گرتووە
دەبگەڕێوە ئێستا گوێچکەکانم
بۆ چرپەی پێکانت هەڵخستووە.(٢٠١١)

## یادەکانی شاعیر

یادەکانم نووسی شەویش درەنگە
خەریکە دەگریم دڵم زۆر تەنگە
ئەگەر چی گریان دڵم خۆش دەکا
خەمی دڵی من فەرامۆش دەکا
گەر مردم توخوا لە یادم مەکە
لە خۆشی دڵم بێبەشم مەکە
من بێ تۆ سەحرایەکی وشك و چۆڵم
چۆن بتوانم لەبیرت کەم
کە من بێ تۆ مشتێ خۆڵم.(٢٠١١)

## مەمسووتێنە

سەفەر مەکە و هێشتا زووە چاوەکانم بۆت دەگریا
ئەی لەدوای تۆ کێ بیری بێ ئەو فرمێسکی منی تەنیا
سەفەر مەکە و نەوەك مردن ڕێتپێبگرێ و نەتبینمەوە
گوڵی خەم و نائومێدی بێتە ناوماڵی دڵمەوە
سەفەر مەکە و ئێوارەیە و کاتی کۆچت زۆر ناوەختە
ئەو ڕێگایەی تۆ گرتووتە ڕێگایەکی دوور و سەختە
سەفەر مەکە و دڵی تینووم بە ئاخەوە مەسووتێنە
تابلۆی هیوای ئەم عەشقەمان بە کۆچی دوور مەشێوێنە.(٢٠١١)

## شەوێکی ڕەش[61]

کە بێ یار بم خەم دامدەگرێ بێزارم لە شەوی یەلدا
شەرابی تاڵی دەنۆشم لە گشت شەوی تاك و جوتا
ئیتر تاکەی بارانی بێبەزەیی بەسەر گیانما دەبارێنی
هەوارگەت بێتە چاوم  هەردوکین چینی هەژاری
تاریکی ڕەشە شەو واهات هێرشی هێنا بۆ گیانم
خوایە گوناهی من چییە؟ من ئەوەندە بێویژدانم
شادی لە شەودا نابینم خۆشی من تەنها لە ڕۆژە
لەوساوە من و تۆ هاوڕێین کە خواردمان گوڵەبەڕۆژە
برینی دڵ سارێژ دەبێ کە هەر جارێك تۆ دێی بۆلام
کچێ تۆ لێم زویر نەبیت ناتوانم بێم لەبەر دەوام. (٢٠١١)

٦١) هەرچەندە لە سجلەکەی لەبن شیعرەکەی نووسیوە ٢٠١١، بەڵام لە نامیلکەی (وەرە ناوماڵی چاومەوە)کە ساڵی ٢٠٠٩ چاپ کراوە، ئەم شیعرە هەیە.

## میوەیەکی نادیار

هەمیشە بە ڕێگایەکدا
کە دێیتەوە سەر جادەی مێخەك
وەك جەنگاوەرێکی تەڕ بە نائومێدی
تا سەر ئەژنۆ بە قوڕ و زقوم و بڵێسەدا
بە پەڕۆیەکی سپییەوە دەگەڕێمەوە بۆلای تۆ
من بە جانتایەکەوە دەستم لەسەر دڵمە و
ئێوارەیەك خۆم دەکەمەوە بە جادەی مێخەکدا
دەگەڕێمەوە سنووری تۆ
دێمەوە ناو بارانی ماچەکانت
گەر ئەگریچەت بەهانام بێت
پێش ئەوەی نووسەران بێن
من دەتنووسمەوە
هەر تۆ براوەیت
من لە پەنجەرەی زیندانی زمانمەوە
لە باخچەی موعجیزەکانت دەڕوانم
تۆش درەختێکی بەلەزەتی
بنەچەت دەچێتەوە سەر مەجاز
تامێکی دیاری بۆ میوەیەکی نادیار و
بە غوباری گێرانەوەم نالەرزیت
میوە جۆراوجۆرەکانی تۆ
لە میوەی سەر ئەم زەمینە بەلەزەترە.

## گریان

زەمانێك بوو لێوەكانت بزەی شادیان ئەباراند
پڕشنگی نیگای چاوانت خەم و ئازاریان ئەتاراند
هەرگیز من بڕوام نەدەكرد ڕۆژانێ بێ بەجێم بێڵی
وشەی ئاخ و چاوەڕوانی لەسەر دڵم بنەخشێنی
ئێستا بێ تۆ گشت شەوگارێك بەسەر پەڕەی شیعرا ئەگریم
بۆ ئەو ژیانەی كەتێپەڕی بۆناو دونیای عەشقا ئەفڕیم
لەدوای كۆچت ڕۆشنایی من مۆمێكی ناو ژوورەكەمە
بیركردنەوەی شەوانیشم تەنها هیوا دووركەمەوە.(٢٠١١)

## خەم

لەوەتەی هەم هەتا ئێستا خۆشم نەدیوە لە ژیان
هەموو وەرزم لا پایزە بەهار لای من نابێ میوان
نازنم بۆ دڵەی مەحزوون بەدەستی خەم وا زەلیلە
شەوان ڕەنگی ئەستێرەکان لە هەواری من بێ مەیلە
ئەبێ سیمام پایز بێ یاخود مەیلی گریانم بێ
ئاوا هەردەم شیعری غەمگین ناونیشانی ژیانم بێ
لە حەسرەتا سەرم مەستی پیاڵەی مەی ئەکا
هەرچەند ئەکەم هاواریشم بە دەرگای هیچ دڵێ ناگا
وا هەست دەکەم تەنها خەمە هاوڕازی گشت شەوەکانم
بێ پەردە لەژین دەژیم بۆیە لە ژیان هەراسانم.

## فرمێسك

من کەسێکی زۆر سادەبووم
ناوی عەشقم نەدەزانی
کە تۆ هاتی بۆماڵی دڵ
تەنیا خەوت بۆمن هانی
بیرت نایەت ئەو ڕۆژانەی
بە نیگای خۆت منت هەژاند
سۆزی دڵت ئاواڵا کرد
منی لاوت پێ ئەبرژاند.(٢٠١١)

## نەمدەزانی

نەمدەزانی خۆشەویستی ئاوایە
ڕەگ و ڕیشەی لە داخی درۆدایە
نەمدەزانی ماسی ئاوی دڵدارم
بۆیەکتری هاوپەیمانی خەم خوارم
نەمدەزانی کاتێ دادێ شەوەزەنگ
ئەستێرەیەك ڕووی ئاسمان دەکات قەشەنگ
بۆ چەند ساتێك توانیم خۆم لە جوانیت تێرکەم
بەڵام وا چەندساڵێکە نازانم چۆن لەبیرت کەم.(٢٠١١)

# تازە دوای چی

نەمناسییایە باشتر بوو
نە هەستم هێشووی خەمی دەگرت و
نە هەنگم ئاشنای گوڵت دەبوو
نە هاوڕێی یەتیم لەگەڵ زەریا
نەمزانی... نا
دەنا قەت خۆم نەئەدا لە ڕووباری ئەم کۆچە
کێ دیزانم
کە من سینگم دەبێتە قەڵغانی
ئەم هەورە ڕەشانە و
لە تاریکیدا خۆم ئەدۆزمەوە؟
کەی دەمزانی ئەم نۆتانە
لە وەرزی کام کەمانجە هاتوون
بەکام ژێ بیانژەنم؟
بەکام کوێ گوێیان لێبگرم؟
کات بەسەر چووە و
ئاوازێکم بۆ ئەو خۆشەویستە لێنەدا
کات بەسەر چووە و
گوڵێکم نەخستە سەر گۆڕی ئەم عەشقە
تازە دوای چی گوڵ بخەمە سەر گۆڕی ئەم حەزە
تازە دوای چی ئازیزەکەم
نە هەنگ لێم خۆش دەبێ و
نە تۆش لێم دەبووریت.

## نەهاتی بۆلام

گەر تۆ نەیەیەت ئیتر منیش تەنیا نابم

هەروەك مانگی پەنا گرتە

لە کەناری دەریا ئەبم

گەر تۆ نەبیت پەنجەم بۆکێ پێنووس بگرێ

کام گەڵا بێ فرمێسك بۆ شیعرەکانم بسڕێ

بۆچی نایەیت بیرت ئەکەم؟

خۆمن هێشتاش چاوەڕوانم

بە خەندەوە دەستم بگریت

کچێ بێیتەوە ژوانم.(٢٠١١)

## خۆشم ئەوێیت

خۆشم ئەوێی هەناسەکەم
زۆر تامەزرۆم بۆ عەشقی تۆ
هەموو شەوێك خەیاڵ ئەمبات
بۆ ژوانێکی لەسەرخۆ
بەڵام چی بکەم کە خەیاڵیش
وەرزت ناکات و ناتوانێت
دووریت لەمن کەمکاتەوە
تا چاو لە نیگات بڕوانێ
من بۆتۆ دەسوتێم وەك مۆم
تۆش هێندە ناز مەفرۆشە پێم
ئەگەر عەشقت وەك دۆزەخ بێت
ئامادەم بۆ ئامێزت بێم.(٢٠١١)

## چۆن لەبیرت کەم؟

هەناسەکەم چۆن لەبیرکەم
کە وێنەکان هەمووی ماون
واتدەزانی کە ڕۆیشتی
ئیتر شادی لات میوانە
ئەی نازانی دەردی دووری
برینێکە و بێدەرمانە
من ناتوانم شوێن ماچی تۆ
لەسەر جەستەم بسووتێنم
چونکە خۆشەویستی سەرتاپا دەسووتێ
من ناتوانم جێژوانەکان بڕوخێنم
چونکە سیمای شار تێکدەچێ.

## چرای عەشق

چرای ئەم عەشقەت خامۆش کرد سڕیتەوە یادەکانم
خۆشەویستی منت لەیادکرد توانتەوە حەزەکانم
مانگەشەوت لێون کردم وا هەورێکی ڕەشت هێنا
بارانی خەمت داباراند بەسەر کێڵگەی دڵی منا
مەبەستم بوو چرایە بی بۆ دوارۆژی من
لە ئازاری گشت شەوانە سەبووری بی بۆ ئێشی من
چرای ئەم عەشقەت خامۆش کرد بویتە گریان بۆ ژیانم
بووی بە ئاگر بووی بە پشکۆ بۆ سووتانی نامەکانم
بەڵام گیانە کە ئەتبینم شەرمەزاری سەردائەخەی
سەیرە دەڵێی هەر تۆش نەبووی بە هەناسەم دەتوت ئۆخەی.

## مەست بوون

مەستی چاوێکی مەستی مەستم
مەستانەدار مەستم دەکات
دەبات هەستم بێ مەبەستم
بە مەستی چاوی مەستت
مەستی پێکێکی تاڵم
ساقی مەست و باقی مەست و منیش مەست
لە مەستیدا بێ ئاگابووی
لە مەبەستم هەناسەکەم
لە مەبەستی ئەستانەی دەر
ویستم دەرچم
ئەفسوونی نێرگزی چاوت
هێندە مەست بوو بەستی دەستم.

## ڕۆحێکی شێت

خەندەی پاکی خۆشویستیم لێوەرگرە
سەیری دەریای چاوانم کەو ڕێم لێمەگرە
ئاساییە رۆحم ڕاخەم بۆ پێشوازیت
هێندەی گیان خۆشم دەوێیت هەر ناشزانیت
ئەوکاتانەی بە هەناسەت گوڵی حەزم ئەشنێتەوە
بەفری خەم بەهەتاوی نیگای چاوت ئەتوێتەوە
بۆ پەرژینی چرای رۆحت من هەمیشە پەروانەی تۆم
دڵنیابە لێتزویر نابم تۆ فریشتەی بەهەشتی بۆم
شیعر بورکانی هەستێکە لە ناخی شاعیر دێتە دەر[٦٢]
هێزێك نییە پێشی بگرێ بێباك لە تانەی دەور و بەر
هەر کەسە و جۆرێك دەنووسێ هەر شاعیرە و لە ئاوازێ
کەلێك کەس سەرمەستی پارەن بەشەو ڕۆژ هەردەژمێرن
دەم بەستەن وەك بەرِۆژوو بن لە پیاوەتیش خۆ دەبوێرن
گەر خودا تەمەنم بدات ڕۆژێ یەك جار تۆ ببینم
دەیبەخشم ئەو پارەی هەمە بەو کەسانەی برسی و تینوون
بڕواناکەم لە دۆزەخا ئاگری تاوان جارێکی تر بمسوتێنێ
ئاگری عەشقت سوتاندمی خوا چۆن دوو جار دەمسوتێنێ.(٢٠١١)

٦٢) ئەلێرەوە تاکۆتایی شیعرەکە لە یوتیوب وەرگیراوە، تەنها ئاخیر دێڕ نەبێ. بڕوانە یوتیوب، شێخ محەمەد سوارە- ٢٠١٨

## دڵی حەزین

بادە و شەرابم بۆچییە لێوی تۆ بێ بەشەرابم
عومری نوحم بۆچییە ساتێك لەگەڵ تۆ دابم
بە سێدارەی لێوەکانت هەڵمواسە و بمدە لە خاچ
بەڵکو شوشەی لێوت بشکێ و دەمم پڕبێ لە وردە ماچ
ماڵی دونیام بۆچییە تۆ سەرچاوەی سامانی
گوڵاڵەی بەهارم ناوێت تۆ خۆت گوڵی کوێستانی
ئازیزەکەم ژینم بێ تۆ گۆڕستانێکی ماتەمە
ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەش بەبێ تۆ هەر هەور و تەمە
دەتۆش وەرە وەکو باران بباری بەسەر خاکی دڵ
با بەبێ تۆ نەتلێمەوە هیواکانم نەچنە ژێر گڵ.(٢٠١١)

# بێ وەفا

وامزانی لە دووری تۆ ژیان لە من تاڵ دەبێ
خواردن و خۆراك لێم بەژەهری مار دەبێ
ڕۆژێك لای من بەیەك ساڵ ئاوادەبێ
بەڵام گیانە لەوەتەی لێتدوورم مورتاحم
چاوم پێت ناکەوێ گوێ بۆ قسەکانت ناگرم
سەیرکردنت وەك بەرد وابو کە دڵمت شکاند
زەمەنێك بوو لێوەکانت بزەی شادیان ئەباراند
نازانم ئێستا چۆن ژیان بەسەر ئەبەی
وابزانم شەو و ڕۆژ تەنیا یادم ئەکەی
تازە تۆ لەناو دڵم جێگات نەماوە و مردووی
هێندە لوت بەرزبووی واتدەزانی هەر ئەتۆی
دڵم لەمێژە نەفرەتی لە بێوەفایت کردووە
تۆش بۆمن سەرچۆپی بێوەفایت گرتووە
منیش دڵم هەموو گیانم تەنها هۆنراوەیە
لە خامەیەکا نووسراوە و لە ژوورەکەت کەلاوەیە. (٢٠١٣)

## سوێندی عەشق

تۆ بووی ئەو گوڵە سوورەت پێشکەش کردم یەکەمجار
لە ئەلبوومی یادەوەریم کردت بە جوانترین یادگار
تۆ بوویت ئەونامانەی ساڵانێکە لەلام ماون
تۆ بوویت سوورمەی ئەو ماچانەی لە ڕووخسارم بەجێماون
تۆ بوویت ئەو خەمانەی لەسەرما بوون بە هێلانە
تۆ بوویت کۆرپەی ئەو ئەڤینەی دڵت کردم بە جۆلانە
جێممەهێڵە مەمدە دەست ئەم پایزە هەڵوەرێنە
لق و پۆپم وەك گەڵای دار وشك مەکە و مەوەرێنە.(٢٠١١)

## عەشق

لەم وڵاتە عەشق ناڕوێ خۆشەویستی چرۆناکات
ئەوین لێرە یاسایەکە تەنها درۆ پەیڕەو دەکات
کوا خۆشەویستی پڕ وەفا؟ کوا عەشقی پڕ لە ڕاستگۆیی؟
وەرزی جوانی و سۆز بەسەرچوو ئەوینی پاك نەما ڕۆیی
دڵی کێ سۆزی تیاماوە؟ کێ خۆشەویستی ئەزانێ؟
لەم وڵاتە پڕ درۆیە مانای خۆشەویستی کوانێ
هەزاران خۆزگەم بە وڵاتی عاشقایەتی لەیل و مەجنوون
خۆزگە خەڵکیش لەم وڵاتە فێری خۆشەویستی دەبوون.(٢٠١١)

# ئەی تۆ نەتوت

ئەی تۆ نەتوت من سوێند دەخۆم قەت باسی دابڕان ناکەم
ئەی تۆ نەتوت لەتۆ دووربم تۆ چیت بوێت هەروا دەکەم
ئەی تۆ نەتوت ئەڵقەم ناوێت زێڕ و گەوهەر چی لێبکەم؟
ئەی تۆ نەتوت من چاوەڕێم چۆن باسی شوکردن دەکەم
هەر خۆت وتت دڵ هی تۆیە تۆ بۆ هاوسەر دیاری دەکەم
ئەم هەموو وەعد و بەڵێنەت بۆکوێ چوو ئێستا من چی بکەم
ئازیزەکەم بۆ چێتهێشتم کام غوربەتی پەشیمانی قوڕگی گرتووی
ئەی نازانی بۆتۆ وێڵم کێ لە جێی من دەستی گرتووی
خوات لەگەڵ بێ بەسەلامەت دەستی عەشقتم ناتگاتێ
دڵم نایە دوعای لێبکەم چیت پێخۆشە خوابتداتێ
دڵی لاویمت شکاند نەتهێشت بتکەم بە هاوسەرم
بەڵام توخوا کاتێ مردم تۆ دانیشە لە ژوور سەرم
رۆژێك لە گۆڕ لێم نەپرسن کردەوەی دونیات چی بووە
دەڵێم کەسێکم هەڵبژارد عاشقی من بوو هەر ئەو بووە
ئەگەر گوتیان چی پێدەڵێی تۆڵەت چییە بۆدواین جار؟
منیش ئەڵێم خۆشم ئەوێ گەردەنی ئازادبێ هەزار جار
با یارم بێ گۆڕەکەم هەڵداتەوە و لاشەم بدات بەدەم باوە
بەم جۆرەش لێت زویر نابم سەرفرازبی لەلای خواوە
گفتەکەم پاك و بێگەردە وەك پۆشاکێك با لەلای بێ
نەوەك لە چلەی زستانە خودا نەکا یار سەرمای بێ.(٢٠١٢)

## پێش تۆ

لەوڕۆژەوەی دەرگای عیشقت بە ڕووی منا کردۆتەوە
هەزار خەونی ئازاراویت لە چاوانم کردۆتەوە
تەنها یادەکانی تۆیە خەندە لە لێوی ماڵ ئەکا
ئەگەرنا دڵی شیرینم بەس چاوەڕێی تاڵی ئەکا
نە هاوڕازی شەوم هەبوو نە ڕۆژگارم شادی تیابوو
هەرچی هاتە ناو دڵمەوە خەونی لەگەڵ منا جیابوو
بەڵام ئێستاش ترسم هەیە ڕۆژێك لە چاوم ئاوابی
چونکە واتۆ گەورە دەبی بڕواناکەم هەر ساوابی. (٢٠١١)

## کچێ مەڕوانە

کچێ مەنوارە قەد و باڵا و قامەتی من

تێبگە لە نووسینی زوخاوی هەناسەی من

دەست و پێنووسم بۆیارم لەنجەولارەکا

عالەم ئەیزانێ کە چۆنە شیعر و بەسەرهاتی من

گەر بڕۆی گەشتێك بکەی بەناو هۆندراوەکانا

تێدەگەی ئەوسا چلۆنە عاشق و مەعشوقی من

شیعری من وەکو ئاوە نیوە جیهان تێر ئاو ئەکا

سەرسام ئەبم کە ببینم ڕۆیشتنی دولبەری من

سەیری حەرفی شیعرەکانم وەکو ئەڵماس و دوڕە

نرخی زۆر بەرزە وتەی بەجۆشی شیعری من

بۆ سەرجەم خەڵکی بەیەکسانی کتابم

بۆ سروشتم نووسیوە یان چاوی جوانی یاری من

تاقیکردنەوە لە ژیان باشترین بەڵگەی منە

گەر سەیری ڕوخسارم کەی تێدەگەی لە ڕەنگی من

ئیدعای بۆناکەم خەڵکی ماسی لە دەریا ناگرڕدرێت

هەر وەکو شوتی بەشەرتە هۆندراوە و شیعری من.(٢٠١٣)

## چیت بیستووە

بەبێ هیوا چاو دەگێڕی چرۆی مەیلت هەڵوەریوە
لە  وڵاتی ئەم عەشقەدا چاوەکانت چی بینیوە
بۆ بەبێ ناز دەمدوێنیت هەر دڵدارەکەی جارانم
بڕوابکە خۆشم دەوێیت بەتاسەوە لێت دەڕوانم
من نازانم بۆچ خەمباریت چ هەواڵێکت بیستووە
بۆچی پێکی بەختەوەریت لەسەر مێزی دڵ ڕشتووە
نا گیانەکەم دڵگیر مەبە منیش وەکوتۆ خەمبارم
گەرچی پایز دڵی بردوم، بەڵام چاوەڕێی بەهارم.

## بێ بەختی

ئای چەند بەتبەختم چەند سەرەڕۆ و چەند نەگبەتم!
ئەوەندەش غەریبم لەئاست یەزدان چەند خەچاڵەتم
هەموو ژیانی خۆم شێواند لەپێناو کچێکی جوانی پێنەزان
تەمەنی لاوی خۆم بەخشی لەپێناو ڕۆح و گیانی ئامان
من نەمهێشت ڕۆژگار زیاتر ئازاری بدا ژیانی تاڵی بێ
بەڵکو ئەوەندە ئازاری دی ئەویش لەبیر بچێ
ئا ئەوەیە بەخشین لەناو دڵی لاوی
خۆ بەخشین ئەوە نییە ئیش بکەی بۆ هەموو ناپیاوێ.

## ناسینی عەشق

وشەی عەشق لە تۆ جوانە لە لێوانت بیدرکێنی
چرکە ساتەکانی ژیانم ئاوێتەی جوانی تۆ دەکەم
چونکە هەردوك لە هەناوی خۆشەویستی لەدایك بووین
با بۆیەك بین بۆیەك بژین بۆیەك بمرین
تەمەنی گەنجی و شادیم مەدە بەدەست ئەم پایزە
با وەك گەڵای دار نەوەرێم نەکەومە سەر ئەم ئەرزە
من هەناسە و دەروونم بەنازت ئاسوودە دەبێ
با بەهاری ئەمساڵمان لە خەندەی بێبەش نەبێ. (٢٠١١)

## دڵی شکاو

ئەوەندەت دڵ شکاندووم چاوەکانم لەسەر ناچی
سەرم سوڕماوە تا ئێستا گیان چۆن ماوە و دەرناچی
هەناسەی پڕ لە ناسۆری وا بەتین دێتە دەرێ
لە بەتبەختیم هەتا ئێستا تەمی ڕووی تۆی پێلاناچێ
بەشی عاشق لە دونیادا ئێش و دەردە هەتا مردن
چ دەربەستە هەتا گەردەن بە گێژاوی خەما داچێ
مەگەر یەزدانی بەرز بزانێ جێی داماوی پەرێشانی
دڵی ڕەقی بەردی نەرم کات تەمی شەرمی لە ڕووی لاچێ.(٢٠١١)

## مۆمی ئەوین

مۆمی ئەوین داگیرسێنە دڵم بۆتە کۆشکی خەفەت
بیسووتێنە دڵم تێیدا دیل و کۆتە
هەراسان بووم لە بێدەنگیت بە چرپەش بێ شتێ بڵێ
لێوەکانت ببزوێنە دڵ شەیدای زاری بێ گۆتە
بە بەردەمما دێت و دەچێ بە شووعلەی ڕووت سووتاندمت
گڕێ بەربۆتە هەناوم کەچی تۆش هەر هات و چۆتە
بە چاوی ڕەش و برژانگی گەش بەڕوو ڕووگەش فریو ناخۆم
دڵنیابە دڵ وەك جاران کوژراوی تیغی ئەبرۆتە
بەبێ دەنگی زەوتت کردم شێتی نیگای خۆتت کردم
بە زوولف و خەم کۆتت کردم کەچی دەڵێی خەتای خۆتە
کوا خەتایە دڵ سووتایە بۆ شووعلەی ڕووت زاری بێ دوت
بۆ بێدەنگی لە بێدەنگیم لە بیرەنگیم هەر بۆبۆتە؟
تەلای بەسە ئەم عەشق هەستە وەك بولبوول بخوێنە
کە مانجەکەت بدوێنە خوێنی خۆتە بۆتە نۆتە. (٢٠١١)

# چیت بیستووە

بەبێ هیوا چاو دەگێڕی چرۆی مەیلت هەڵوەریوە

لە وڵاتی ئەم عەشقەدا چاوەکانت چی بینیوە

بۆ بەبێ ناز دەمدوێنێ هەر دڵدارەکەی جارانم

بڕوابکە خۆشم دەوێی بەتاسەوە لێتدەڕوانم

من نازانم بۆ خەمباریت چ هەواڵێکت بیستووە

بۆچی پێکی بەختەوەریت لەسەر مێزی دڵ ڕشتووە

نا گیانەکەم دڵگیر مەبە منیش وەکو تۆ خەمبارم

گەرچی پایز دڵی بردووم بەڵام چاوەڕێی بەهارم.(٢٠١٣)

# عەشقێکی پاك

هەرچەند سەیر دەکەم لە جوانی چاوت
لە خۆشەویستیت لە زولفی خاوت
ناتوانم ساتێ لێت دوور کەومەوە
ڕۆژانی عەشقت لەبیر بەرمەوە
لەشەوی درێژی بێ حەسانەوەم
تۆ دەبیە پەری بۆ دڵدانەوەم
نەمزانی کەوا ڕۆژگارێك دادێ
دڵم بە گڕی عەشقت دەسووتێ
بۆمن دەبیتە ئەستێرەی بەختم
دەبی بە بەهار بۆژیانی سەختم
گیانە با بەس بێ ژیان و مەینەتی
وەرە دەبوورین لەبێ مروەتی
بزانە من چۆن بۆتۆ دەسووتێم
بۆدیدەنی تۆ بە کوڵ دەگرێم
وەرە ئەمجارە ئەم ڕێیە بگرە
ئەم عەشقە پاکەم لەباروەش بگرە. (ڕەشەمێی ٢٠١٣)

## خیانەت لە عیشق

نەمزانی چۆن لە چاو ون بوویت
لە پڕ ڕۆشتی
بە هەڵە چووم خۆشم ویستی
جاران پەناگای دڵم بوویت تۆ هەستم بوویت
لوتکەیەکی کێوی بەرزی مەبەستم بوویت
ئێستا وەك جاران نەماوی
نازانم بۆچی گۆڕاوی
تۆ دۆڕاوی
لە من لە خۆت لەڕەوتی جوان
لە نەریتی کۆنی کوردان دابڕاوی
نەمزانی پارە منداڵی ساوایە
ئەتۆش تەنها بووکە شووشە
قسە و پەیمان و بەڵێن
لەبەردەم ئاگری ڕاستی
گوڵێك پووشە
هاکا ئەم ئاگرەم بڵێسەی کرد
گەر دەشت تۆیت
بەهۆی سادەیی و بێباکیم
دەتخنکێنێ ڕووباری دەریای دڵ پاکیم
تۆ خائینی لەم عیشقەیا
تۆ کرمێکی بەردەوام خۆت ئەخۆیت.(٢٠١٣)

## بەیانی

له سەحەری بەیانیدا وا بولبولێ ئەخوێنێ

لەوکاتەی یار تێپەڕێ ناز و عیشووە ئەنوێنێ

کە چاوم بەیار کەوت دڵم خەم ئەڕەوێنێ

منیش هەر لەدوای ڕۆشتم بینیم هەنگاو هەڵدێنێ

دوای ماوەیەك گەیشتمە لای دەستی بۆدەستم دێنێ

من وامزانی خەیاڵە دەبێ ئەوبێ ئەمدوێنێ

پێکەوە هەردووك ڕۆیشتین وا خونچەیە و گوڵ دێنێ

گەیشتین بە کافتریایەك بینیم ساردی و کێك دێنێ

لەدواییا کە هەڵساین واسڵ کرابوو هەر دوێنێ

نامیق وایزانی خەونە سەری وا سوورِ دەمێنێ.

## وێنەی یار

وێنەی یارم لەبەرچاوە ئەگەرچی بێوەفا بوو ڕۆیی
وەکو مەجنونە دڵ دائیم هەموو دەم شین دەکا لەبۆی
بە سیحر و مەکر و ئەفسانە دڵی لێ ساندم و ڕایکرد
وەکو خەونێ لەپێش چاوم بزربوو دڵمی تەنیا کرد
شەرابی مردنی دامێ بەدەست ئەو سووتا جەرگم
نییە وەستانی دڵ هەردەم دەکا شیوەن لە بۆ مەرگم
ئەگەرچی بێوەفا بوو ڕۆیی گیانم بۆ ئەو نەبێ فیدا
نەمانی باشترە لای من خوایە لە لەشی من بیکەی جودا. ٢٠١١

## نازی گوڵ

بێوەفاییت بۆ دواجار بوو بەناهەق دڵمی سووتاند
ڕەشەبای توندی بێڕەحمیت چرای هیوای ژینمی کوژاند
گوڵ و دڕک لەسەر یەک چڵ فکری لاویمی تاساند
دەستم بۆ هەر گوڵێ دەبرد ئاسمان بارانی داباراند
ئەڵێم منیش بڕیار بدەم لە نازی گوڵ دوور بم
دەبا بەس بێ هەتاکو کەی بۆ بۆنی گوڵ بە خوێن سوور بم
تەنانەت وا سەرم شێواوە ئێستاکە نازانم کە هەشم
دائیمە وا خۆم دێتە پێش چاو لە هەموو خۆشی بێبەشم. ٢٠١١

## جوانی کچێ

به جوانییەکەت هێندە سەرسام بووم شیرازەی عشقی شێواندم
زستانی هێندە سەخت کرد بەهاری ساڵی تۆراندم
جوانی شۆخێ وای لێکردم وەک سەرخۆشم دایم بەخوا
ڕەنگە خەڵکی باوەڕ نەکەن ئەویش بەقا ناکا بە خوا
چاوی جوانی ئەو دولبەرە سەروماڵی تاڵان کردم
ئەو پێم بڵێ خۆشتمدەوێ لە خۆشیانە دەمردم. ٢٠١٢

## لێوەکانت

لێوەکانت وەک گوڵەباخی ژێر باران
لە دوورەوە سوور دەچنەوە
تکتک ئاوی بێگەردیان لێ دەبارێت
نمەنمەش ئاوی ئاگر بە لێواری لێوە
زەردەکانی منا دێتە خوارێ،
کچەکە گیان تۆ بە مژێک و ماچێکی
لێوی لە شوشە لوسترن دڵنیام
هیچت لێنایە،
بەڵام بۆ ئەو مژ و ماچەت
هەر وەختە کوێرایم دایە.

# ماڵێک لە دڵ

چەند سەدەیە بە ڕێگاوەم
بەدوای جوانی نیگاتەوە
هێلانەی چۆلەکەکان دەگەڕام
باخچەی گوڵەکانیش دەگەڕام
بیابانەکان هەڵئەتەکێنم
دەچمە ڕەشماڵی ماڵە کۆچەرییەکان
لە بەردەم کۆشکە گەورەکانی شاردا دەوەستم
ڕۆژنامەکان گشت دەخوێنمەوە
مابەینی سێبەر و هەتاو دەپشکنم
تۆ لێم ونی و ناتدۆزمەوە
دەبمە پێنووسی دەستی شاعیرەکان
بەڵکو سۆراغێکی تۆم پێبدەن
دەچمە سەر چیا بەرزەکان دەگەڕێم
هەر لێم ونی و ناتدۆزمەوە
باغ و سەیرانگاکان توێتوێ دەگەڕێم
لە کاروانچییەکان دەپرسم و
بە وردی دەڕوانمە ئاسۆ
زۆر دەمێکە من دەگەڕێم، هەر دەگەڕێم
ناتدۆزمەوە نازانم بۆ؟
شوێن بە شوێنی ئەم زەمینەم گشت شیتەڵ کرد
بیرم چوو بۆ ناو دڵم بگەڕێم
نەمزانی تۆ لەناو دڵما ماڵت هەیە
ماڵێک پڕ لە سۆز و خۆشەویستی
دوور لە هەموو ناخۆشییەکانی ژیان.

# خەم

من خەمم، نەوەی خەمم، لە خەم بووم پەیدا
خەم ناوکی بڕیم، خەم منی ناونا
ئەو کاتەی کە بووم وەکو نەمامێ
خەم لەجێی دایک شیری ئەدامێ
وتی: لایەلایە بێبەخت لایەلایە
تازە خەم بۆ تۆ بووە بە دایە
هەر لە منالّی هەتا هەژدا سالّ
کەوتمە داوی گولّ خەم داخی بردمە دلّ
بە گیان و بە دلّ خۆشیئەویستم
وازی لێ هێنام کە ناوی بیستم
وتی: تۆ نەوەی خەم و خەفەتی
لە ئاستی ئینسان نیوە قیمەتی
هەتاکو مابی نابی بە ئینسان
خەم بە نەوەی خۆی بە خەلّکمی ناساند.

## دوا تەمەن

ئەوەندەی تەمەنم ماوە
بە خۆشی دەیبەمە سەر
تۆش هێندە دڵڕەق مەبە و
بەرگی ژانم مەکە بەر
گەر چاوانت دەبینم
بەحری شیعرم لەنگەر دەگرێ
زمانیشم وشەی خۆشەویستی
بۆ جوانییەکەی تۆ دەردەبڕێ
لە گشت چرکەی ساتەکانم
وەرزی بەهار هاوڕێمە
هەرچەند وەسفی جوانیت بکەم
بە پێناسەش هێشتا کەمە
پەنجەکانم وەکو مۆمێک
داگیرساوە بۆ ڕووناکی
تاوەکو بە هۆنراوە بۆت بنووسم
وشەی عەشق و خۆشەویستی.

## پەنجە

کە دەستم خستە دەستتەوە
پەنجەکانم لێ بەجێما
شەوێ ویستم شیعرێکت بۆ بهۆنمەوە
پەنجەم نەبوو پێی بنووسمەوە
بۆ بەیانی یەکمان بینی، گوتت:
ئەم شیعرانەی کە دوێنێ بۆت
نووسیبووم ئەمشەو هەتاکو بەیانی
بەناو قژما بەدوای بۆنی هەناسەی
تۆدا دەگەڕا دەگەڕا دەگەڕا. ٢٠١١

## چ مانایەك

چ مانایەک هەیە ئەگەر
ژیان بۆ دوارۆژ پێنەکەنێ؟
چ جوانییەک دەدات
باخچەیەک دوو گوڵی
عاشقی تیا نەبێت؟
چ هەورێک بگرمێنێ
کە ئاسمان هاوڕێی باران نەبێت؟
چ شانامەیەک بنووسرێ و
کە ڕۆژانی عەشقی من و تۆ
هیچ یادگاری تیادا نەبێت؟ ٢٠١١

## کەسی بێکەس

ئەو کەسە کەسە کەسی بێکەسە
کەسانی بێکەس خودایان کەسە
کەسێ کەس نەبێ بۆ کەسی بێکەس
ئەو کەسەش هیچ کەس بۆی نابێ بە کەس
دوور لە چاوی تۆ من زۆر بێکەسم
نە کەسم هەیە و نە کەسی کەسم
سوێند بە ئەو کەسەی تەنیا و بێکەسە
لەم ژیانە سەختە تەنیا تۆم کەسە
کەسێ بۆ کەسێ کەساسی کەس بێ
یاخوا ئەو کەسە زەرووری کەس بێ.

## یاد

چەند ساتێکە دابڕاوی ئێستا دڵم یادت دەکات
ئەوەندە بیرت دەکەم ڕەنگە دڵت باوەڕ نەکات
هێدی هێدی دڵمت دزی، بوومە عەشقی چاوی مەستت
کێ وەکو من خۆشیدەوێیت؟ کوانێ وەفا و سۆز و هەستت؟
کە ئەتبینم بێهێز دەبم، وشەیەکم بۆ ناوترێ
هەرچەند سەیری جوانییەکەت کەم شەڕی عەشقم پێ ناکرێ
وەک چۆن بە چاو دڵمت دزی، ئاواش وەڵامی دەرەوە
دڵێ لەتێ گۆشت و خوێن بێ چۆن بۆ عەشق ناتوێتەوە؟
یادەکانت داخیان کردووم فێری وشەی ئاخیان کردووم
بۆیە هەرکات دڵ لێدەدات بەس ناوی تۆ تۆمار دەکات. ٢٠١١

## عاشقی تووڕە

تازە ڕۆیی وەک جاران شیعرت بۆ بڵێم
ئاوازی پڕ کەفوکوڵی عەشقی شەیدات بۆ بڵێم
ئەو هەناسە دەتاسێنم لە ناخی سینەما بەندە
کە هەر بۆ تۆم هەڵکێشاوە، تۆش نەتزانی نرخی چەندە
ئەو پەنجانە دەقرتێنم دوگمەی یەخەت بکەنەوە
جارێکی تر کۆرپەی نوستووی سەر سینەت خەبەرکەنەوە
خودای خۆشەویستی ئەمڕۆ لەلای ئێمە ئەو یارەیە
خاوەنی مێشکی بەتاڵ و گیرفانی  پڕ لە پارەیە. ٢٠١١

## بگەڕێوە مەڕۆ

مەڕۆ ئازیزم جێم مەهێڵە ماڵی دڵم هەرەس دەێنێ
نامەوێ ژینی بێ تۆیی فرمێسکی چاوم بڕژێنێ
تۆ خۆت بە ناز فێرت کردم بۆچی نازت لێ گرتمەوە؟
گریانت کرد بە هاوڕێم و بەرەو دۆزەخت بردمەوە
مەڕۆ ئازیز، ژین بەبێ تۆ پڕ ئەبێ لە گریان و خەم
نامەوێ تۆ وەک پەروانە و منیش بسوتێم وەکو شەم
هێندەی دونیا خۆشەویستیت لەنێو دڵما کۆبۆتەوە
هەر بۆیە تکات لێ دەکەم کە هەر دەڕۆیت زوو وەرەوە. ٢٠١١

## سۆز و وەفا

تازە من خۆشی دڵم بەو عەشقەی تۆ نەماوە
تۆ لە پڕدا دڵت گۆڕی عەشقی منت وەلا ناوە
بڕۆ لەگەڵ کەسێک بژی ژیانی لە سێدارە داوی
وا لە بیرت دەبەمەوە بڵێم لە ژیانا نەژیاوی
هێندە دڵت شکاندووم بەزەییم پێت نایەتەوە
کە ڕەنگی گوڵێک ژاکا قەت ئەو جوانییە ناداتەوە
وەرە سەیری دڵم بکە کە جێگای تەنگ و ئەستەمە
بەفیڕۆ چوو ڕۆژانی زوو ژیانی من تاریکی و خەمە
وامەزانە خۆشمویستی ئیتر بێ تۆ ئۆقرە ناگرم
من دڵم وەرزی بەهارە بێ تۆش نەبێ ئارام دەگرم
تۆ عاشق بە کەسێکی خاوەن ماڵ و سامان بێ
نەک شیاوی ئەو دڵەی خاوەن سۆز و وەفا بێ
وات دەزانی کە جێم بهێڵی دوای تۆ ناحەسێمەوە؟
من هەمیشە شەیدای گوڵم، لەگەڵ نێرگز دەڕوێمەوە. ٢٠١١

## مناڵ بووم

دەریایەکی بێ بەندەر و ڕووبارێکی بێ کەنار بووم
هەژارێکی بێ حەسرەت و کۆچەرێکی بێ هەوار بووم
نەمدەزانی ناوی عەشق، کچێ هات و فێریکردم
هێشتاکانە هەر مناڵ بووم لەم گەڕەکە دڵی بردم
لەو کاتەوە شەوانی من هەر گریان و خەم و ژانە
بە دەستی خۆم کوژانمەوە چرای ڕوونی ئەم ژیانە
نەمدەزانی پڕ سەرنجیم بێ هیوا و بێ عەشقی تیایە
ئەوسا دڵم بێ ئازار بوو، بەڵام ئێستا بێ پەنایە. ٢٠١١

## بێ ناونیشان

بۆچی بارگەی عەشقت هەڵدا لەژێر سایەی ماڵئاوایی
سەرت هەڵگرت بێ ناونیشان، ڕێی دوورت گرت بە تەنیایی
خۆت هاتی کاسەی ژینی پڕ حەسرەتم بڕێژی
نەوەک شنەی پەڕەی گوڵێ، گوڵی بەهارم بنێژی
من ئێستاکە لە دوا بەشی خەڵوەتی یادەوەریم
ئەوسا گوڵی چوار وەرز بووم کەچی ئێستاکە هەڵوەریم
نەمدەزانی شەڕابێکی ڕۆژێک دادێ خۆت نخون دەکەی
دڵی بە ئێش و بە ئازار بۆ دیداری مەرگ دەبەی. ٢٠١١١

## نازانم

نازانم چۆن بەبێ تۆ
ئەم شەوانە دێت و دەڕوات؟
نازانم چ فریشتەیەکە
شەوان تابلۆی عەشقت ئەبات؟
نازانم چ بەهارێکە گوڵی سوورم
لێ سیس ئەکات؟
نازانم چ هەورێکە
ئەستێرەی عەشقتم ون ئەکات؟
بەس ئەزانم کام کچە شێتێکە
بەردەوام ئازاری ڕوحم ئەدات.

## بارانی عەشق

عەشق باری بە سەرمدا، نازی هیچ کچم هەڵنەگرت

خۆشەویستیت لە دونیادا خولیای عەشقتم پێ وەرگرت

خۆشەویستیم نەدەکرد بە هیچ جۆرێ هەتا ئێستا

بەڵام کە ئەم جوانییەتم دیت خوێن لە لەشم ڕاوەستا

کچەکە گیان من زۆر حەزم لە خۆشەویستی تۆیە

گەر تۆ منت خۆشنەوێت دونیا لە لام درۆیە

خۆشەویستم گەر مردم

ئەدەسی عەشقت وا لە چاومایە

تۆ پرسیار مەکە هەرگیز نامۆ نیم

ناوی بەرزی تۆ وا لە دڵمایە. ٢٠١٢

## خۆزگەیەکی دوور

خۆزگە منیش وەک هەنگ دەبووم
شیلەی گوڵم بمژیایە
خۆزگە ڕۆژێ بمتوانیایا
ئەو بێدەنگییەی نێوانمان بشکاندایە
خۆزگە لە سەرەمەرگیشا لە سوچێکا
چاوی جوانتم چاوی لێ بووایە
خۆزگە و خۆزگە لەم غوربەتییە ڕزگارم با و
وەکو شێتێ ناوی عەشقم نەزانیایە
خۆزگە ڕۆژێ دڵی خۆتت وەک
ملوانکە پێشکەشی من بکردایە
دەسا ئەو کاتە بشمردبام
وام دەزانی کە من زیندووم لەم دونیایە. ٢٠١١

## وەفا و هەستەکانم

چاوەڕوانیت وای لێکردم پێنەکەنم لە دڵەوە
تا بە عەشقی تۆوە نەمرم یادگارییەکان نەبەمە ژێر گڵەوە
چەند حەز دەکەم تەنیا جارێک بێتە خەونم
تا بزانی هیچ شەوێک نییە بە یادی تۆوە نەخەوم
بەڵام چی بکەم کە جێتهێشتووم؟ لە مەرگی من زۆر بێباکی
وەفات نییە بۆ ئەو دڵەی  کە خۆشیویستی بەپاکی
من وەک تۆ نیم، من خاوەنی (وەفا و هەستم)
نازیش مەکە بەسەر مندا
وا مەزانە لە عەشقی تۆدا دەربەستم. ٢٠١٢

## ئەمشەو

ئەمشەو بێزارم لە ژین، خەم لە کاسەی دڵ دەڕژێ
خۆشەویستی من نەبێ پەپوولەی هیوام دەمرێ
جا چۆن نەگریم بە کەساسی بۆ بەخت و چارەنووسی خۆم؟
هەموو خەڵک دڵیان شادە و منیش ئەسیری چاوی تۆم
هەتاکو کەی نازەکانت بەسەر منا دەبارێنی؟
هەتاکو کەی وەک پەیامنێر پەیامی مەرگم بۆ دێنی؟
هەموو پەنجەکانت جوانن، تەنها ئەو پەنجەیەت نەبێ
کە بە عەڵقەیەکی داخراو داگیر کراوە. ٢٠١١

# شەو

شەو بە یادت دەناڵم لە دووریت نازدارەکەم
بەتەنیا تۆم خۆشدەوێت، تۆی لە کۆیە یارەکەم
لە خەواش دێتە خەونم، کە هەڵدەستم لە بەندم
جا بە یادی ڕابردووت دەناڵم پڕ بە دەنگم
کە دەرکەوتی لە دەرگا ڕۆژ لە ئاسمان ڕاوەستا
پەری هاتن بۆ سەیرت دەریا لە عیشقت وەستا
پیشەم بێ تۆ گریانە، بۆچی لێم دوورکەوتیتەوە؟
ڕووناکی چاوان بووی کە هاتی، بۆچی دەچیتەوە؟ ٢٠١١

## ئاوازێکی دانەنراو

وەکو مەلێ بە کز و ماتی پایز و زستان دەباتە سەر
چاوەڕوانی بەهار دەبێت هەموو زەوی سەوز هەڵگەڕێت
(چاوەڕوانتم) وەکو کەل شەونخونی و سامناکی شەو دەمباتە سەر
چاوەڕوانی ڕۆژ دەبێت و بە زەردەخەنەوە هەڵبێت
(چاوەڕوانتم) وەکو بەندێ لە سووچی بەندیخانە
لە کاروانێ بەجێ مابێت
دەست و سەری لەسەر ئەژنۆ دانابێت و
چاوەڕوانی بەیانییەک بێت
(چاوەڕوانتم) وەکو دەغڵێ تینووی ئەم خاکە و
چاوەڕوانی بارانی نیسانە،
گوڵ بگرێ و برسێتی لەناوببرێت
(چاوەڕوانتم) وەکو دڵی کەژی گەرما و تەوژمی با ئەچێژێ
چاوەڕوانی بەفر دەبێت دڵ و دەروونی داپۆشێت
(چاوەڕوانتم) چاوەڕوانی بزەیەکی تری جوانی
چاوەکانتم چاوەڕوانتم.

## پاڕانەوە

گەر ئەتەوێ لە قیبلەی نیگاکانتا نەمرم
گەر حەز دەکەی سێبەرئاسا لەگەڵتا بم
ڕێگام بدە بۆ هەمیشە ئاشناتان بم
یان ڕێم بدە بتکەمەوە وشەی شیعری پڕ ئازارم
یان گەر ویستت لە خەمەکان ئازادم کەی
یان حەزت کرد نیگای حەزمان ئاوێتەکەی
بفەرموو تا دڵی ڕەقت لە ئاستمدا نەرم بکەی
بارگەی عەشقت لەنێو دڵی من دابخەی. ٢٠١١

## چۆن دڵت دێ

خۆشەویستم نەهێڵی تەنیایی شەو کاسی کردم
لە بەهاری چاوەکانت کام بەهار بێنازی کردم؟
نەکەی بڕۆی بە دوا نیگا مەرگی خۆمم نیشان بدەی
چۆن دڵت دێ تارای سەرت بە دەستێکی تر لابدەی؟
لە بیر مەکە ئەو یادانەی لەسەر پەڕەی لێو جێماوە
شیعرم هەمووی تۆ ئەناسن، ناوت لە دڵما نووسراوە
بە وشەیەک چۆن ئەتوانی لە بیری خۆتم بەریەوە؟
خۆ بڕیار بوو لە من زیاتر باوەش بۆ کەس نەکەیتەوە.

## تاڵێک پرچت

له کاتێکدا

که دەستم لەناو پرچت ئاڵابوو

تاڵێک پرچت

لەناو دەستمدا بەجێما

ئەو تاڵە پرچە

بوو بە تیرێ درا له دڵم

ئەو تاڵە پرچە

بوو بە مەلێک، دای لە شەقەی باڵ و ڕۆیشت

چاوەڕێم کرد

که ئازادیم بۆ بهێنێ

بەڵام که بینیم

بە ئاسمانەوە دوکەڵێکە

زانیم ئاگری دۆزەخ سووتاندویەتی.

## دوا سەرنجت

نەمدەزانی دوا سەرنجت بڕیارێکە و بێ کۆتایی
لەگەڵ ژوانە وێرانەکەم نەمدەیتە دەست ماڵئاوایی
خۆ من هێندە ئاشنا نەبووم بە کۆتری فێرە سەفەر
وا هێلانەت بۆ سازداوم لەناو بەخچەی مەرگ و قەدەر
چۆن بزانم ئەو کۆچەی تۆ گەڕانەوەی لەدوا نییە؟
تۆ وشەیەک پەستی کردووی، من دەزانم کە وا نییە
نەتدەزانی منی عاشق بە بینینت چەند دڵشاد بووم؟
ئەو شەوانەت چۆن لە یاد کرد تا کازیوەی بەیان لات بووم؟ ٢٠١١

## لە یادت ناکەم

وا تێنەگەی کە جێمهێشتووی بیرت ناکەم
تۆ لەگەڵمی لە غەریبی ونت ناکەم
منم ئێستا لە ئامێزی شەوی تەنیا
مەی دەنۆشم تا یادی تۆ مەستم دەکا
چۆن لەبیرکەم ڕۆژانی زوو بە ئاسانی؟
ئەم دوورییەت پێم ئەچێژێ پەشیمانی
هەموو ڕۆژێک بۆ یادێکت میوانداری خەمێک دەکەم
زۆر دەترسێم لێرە بمرم بۆ ساتێکیش بە تۆ نەگەم. ٢٠١١

## ئەو کچەی دڵی دا پێم

به یەک نامە ڕوو لەماڵی دڵت دەکەم
لە یەک جار کە هەزار سڵاوت لێ دەکەم
هەزار کچی جوان بە گۆشەی چاوێکت نادەم
بە دڵ گرتوومە تا مردن بەرتنادەم
ویستم دڵم دەربهێنم بە نامە بۆتی بنێرم
بەڵام تۆ بۆخۆت دڵمی، پێویست ناکات بینێرم
داوای دڵم کەی دڵمت بۆ دەردەهێنم
خۆم بێ دڵ دەکەم، دڵت ناشکێنم
گەر لە دارم دەن لێت جودا نابم
خۆشەویستیت مەرگ بێت لێت بێزار نابم
ئەو کاتە ئاسوودە دەبووم کە چاوی تۆم دەبینی
تۆ نازانی لەناو دڵما چەند کەسێکی شیرینی
دونیا باخێکە تەمەن گوڵێکە ژیان ساتێکە
خۆشەویستیت لەناو دڵی من هەموو کاتێکە
دڵگران نابم گەر نامەت نەهات
باوەڕم هەیە بە سۆز و وەفات. ٢٠١١

# خەو

له خەمدا ببووم بە شای هەموو جیهان
لەو پۆستەمدا
هەر دەستبەجێ بانگی ئازادیم ڕاگەیاند
بە بڕیارێک هەرچی دیلە ڕزگارم کرد
هەرچی باڵندەی قەفەز بوو
بە دەستی خۆم هەڵم فڕاند
وەختێ بەئاگا هاتمەوە
ئەو دیلانەی ڕزگارم کردن
پاسەوان بوون بەسەرمەوە
ئەم باڵندانەی بە دەستی خۆم هەڵمفڕاند
لە ئاستی من ببوون بە دێو
بەسەر مندا دەیاننەڕاند. ٢٠١١

## خەم عاشقە یان عاشق خەمە

تا دوا ساتی هەناسەشم ژیان بۆ من وەک خەیاڵە
خۆشەویستی ئەفسانەیە ڕۆژگار پێکی بادەی تاڵە
ئارامیی تیانییە دڵم، چاوم گلێنەی خەم و ژانە
تەمەن گڵێکی ڕزیوی داخراوی ژێر بارانە
من ئەو گەڵا هەڵوەریوەم بووم بە هاوڕێ لەگەڵ بایە
وەرزی گەڵا و گوڵ بەهارە، من سەبووریم بەویش نایە
نە پایز گەڵای وەراندم نە ڕەشەبای نەهامەتی
کە ئەتزانیماڵی دڵم گۆڕستانە بۆچی هاتی؟ ٢٠١١

## نامەی جودایی

جێم مەهێلە کە ئەزانی قەت تۆم لەبیر ناچێتەوە
تەنیام مەکە خۆ ئەزانی ناتوانم دوور بم لێتەوە
نامەی جودایيم بۆ مەنووسە با دڵم بێ تۆ نەتلێتەوە
کە ئەشزانی لەناو دڵم جێی کەسێکی تر نابێتەوە
تۆ کە هیوات پێ بەخشیوم بۆ ژیانم لێ ئەستێنی؟
ئەو نامەیەی دواجار نووسیم بڵێ بۆچی ئەیسوتێنی؟
تۆ جارێک شادم ئەکەی هەزار جار ئەمگرێنی
دڵم کە هێندە عاشقی تۆیە بۆ بە دووریت دەیفەوتێنی؟ ٢٠١٢

## ڕۆحی وشکم لەبەر بارانی غوربەتا

لە فڕینی خەیاڵێک دام

ئاڵتر لە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە

بێدەنگتر لە بیرکردنەوەی مێرووله و

نامۆتر لە بێدەنگی گیانم لەگەڵیام

تا چیتر دڕکی ڕقی بیابانی

ئیحساسی نەبێتە دروشمی

نەبڕاوەی پێوەرەکان

گەردەلولێ ئەمباتەوە سەر زەپۆش

هاوڕێم بڕوانە لەنێوان خرۆشانی

ئەم کاڵییەمدا

حەسرەتێ نابەخشمە فریشتە ئێوارانی

تامەزرۆیی... وەلێ ئەمەوێت

تا سپێدەی ئەم خەیاڵە وەنەوزێ نەدەم

تاوێک خەریکی نووسینەوەی

پیتەکانی باران بم و

ساتێک پشوویەک بە ڕۆحی کوختییەک

هەڵفڕێتە بەر باران لەم غوربەتە

دڵم وەک دوگمەی سەر سینگت تەنگە
بڕوانە چۆن شپڕزەبوونی پرچی ئومێدم هەڵکێشا،
فێربووم هەر خەریکی وێنەبم و
هەر خەریکی مۆسیقا و هەر خەریکی
چنینەوەی ڕازە قەتیسییەکانی شەوبم
شەو کە ژەنین شمشاڵی شاعیرێ
لە ملوانکەی ملی شیعرێ پێم ئەهۆنێتەوە
هاوڕێ بڕوانە ئەم تەنیاییەم
لە ناخی ئەوانە ئەچێ کە تەنیا ڕوخسار ئەبینن
دەی ئازیز گیان بڕوانە
چۆن باڵندەی گومانم
بە بێدەنگی هەڵئەفڕێ؟
لەسەر ئەرخەوانەکانی کەنار
گۆڕستانی تەنیاییم ئەنیشێتەوە
بڕوانە نەبا ئەمە دوا نەشئەم بێ و
مەلەکانی ژێر ئاسمانی تەمەنم
پۆل پۆل بێت لە گۆڕستانی
کەکۆن لە پایزێکی درەنگدا
گەڵارێزان و کوتاوی باران

لەم عەسرەیا ببارێنێ

شیعرێکی غەزەل لەم خەزانەی

پایزەدا بووە هاوڕێم

بڕوانە ئەزیزم ببینە سروشتی

زەردهەڵگەڕاوی

سەر پێدەشتی دڵی پڕم

مەڵۆی وشکی هەر ئەسوتێ و

بڵێسەی دێ بە گڕی بێباکی ژیان

ئای لە من چۆن لەناو واتای

چیرۆکە تەواونەکراوەکەی ژیان

بوومەتە ئەکتەرێکی شێت

بە هەناسەیەکی بەرتەسکەوە دەژیم.

## دەمی ماچم چرۆ دەکا

ئەوەی کە بەتەنیا بژی
لە ڕۆژێکی ڕەشا ئەمرێ
چونکە ڕۆژ بەبێ ئەو هەڵدێ
ئەم عیشقەت هێندە گەورەیە
دەڵێی نیگای ئەستێرەکان
لەبەر ڕووناکی عەشقتا
بریسکەی دێ
هێندە ئاڵە
دەڵێی خوێنی کوێستانییەکان
بە ڕووی شیرینتا ڕێچکەی دێ
بە جوانییەکەتا ئەنازی و
گشت سۆزێکی سیمای بە نیگا
پێ دەکەیە سورمەڕێژی ئەم کوێستانە
ئەوەندە دەمی ئاسۆم نایە ناخی خەمەکانتەوە
تا وەک پەڕکەم لە خوێنما گیرسایەوە
ئەوەتا وەک فریشتەکان
گوڵاوپڕژێنیان کردی
بۆنی عیشقت لە خوێنما
بووکی بەفر لە گیانما گەورە بوویت
تا تەمەنم بەرەو خەزانێکی وشک بڕوا

ڕەنگی عەشقت لە گیانی بێتینما
گەورەتر و پەخشتر دەبێ
عەشقت زریانێکە، کپە
چاوەڕوانم هەڵمگرێ
تا بگەمە ئەو سروشتەی
تێیدا ئەژیت
چونکە تەنیام
تەنیاییم گشت سوچێکی
ئەم جیهانەی گرتۆتەوە
بۆ هەر لایەک
بۆ هەر جێیەک
هەر وڵاتێک
مەلی هیوا تیای هەڵنیشێ
نامۆیە بۆم چاوی حەزم
تەنها نیگای
بەفری کوێستانەکەت ئەکا
دەمی ماچم بۆ چرۆی ڕوومەتی
بووکی بەفر پێئەکەنێ
هەناسەکەم بمخەوێنە
لە باوەشت بۆ هەتایی
چونکە تۆ جوانترین کچی ئەم زەمینەی.

## منت خۆشنەوێ

برۆ، وازبهێنە، منت خۆشنەوێ

با پڕوشکی هەناسەی منت بەر نەکەوێ

پێناسەی ژینی من گران و سەختە

هەمووی نامۆیە و دوور لە بەختە

لە خاکی دڵی منا گوڵێ بەدی ناکەی

دڵی پاراوی خۆتی پێ خۆش بکەی

من دڵدارێکی بێ ئەزموونم لە درۆ

زۆر گوڵیان کردە دیاریم، زۆر کچی وەک تۆ

کەچی وەڵامی دڵی من لەجێی گوڵ دڕک بوو دڕک

جا بۆیە برۆ وازم لێ بهێنە

خۆشەویستی لای ئێمە قومارێکە

دڵی کچان هەر ساتە و میوانی لاوێکە. ٢٠١١

## بۆ کۆچ دەکەی

بۆ کۆچ دەکەی کە دەزانی دڵ دەبێتە ماڵێ بۆ خەم؟
بۆ جێم دەهێڵی ئەی نازانی بێ تۆ ناژیم بۆ یەک دەم؟
سەفەر مەکە و ئاسمانی شینم مەکە بە تەم
کە ئەزانی لە دونیادا هەر تۆی ژیان و هەناسەم
لە لام مەڕۆ چاک ئەزانم ئاهی عەشقت ئەمسووتێنێ
پەیمان دەدەم لەدوای جوانیت هیچ جوانێ نەمبزوێنێ
کە هەر ئەڕۆیت ئازیزەکەم با تاوێ لێوت بمژێت
وێنەیەکتم بۆ جێ بهێڵە تاکو مردن لام بمێنێ. ٢٠١١

## تەنیا من بووم

تەنیا من بووم دەرگای چاوم لە فرمێسکی ڕووت کردەوە
تەنیا من بووم بە باران ڕژامە ناو ڕووباری وشکی دڵتەوە
لە ناوەختا شین بووم و کاتێک گەڵایەکی پایزیشم
لە درەختی خۆشەویستیت نەکردەوە
تا خەنجەری گریانی خۆت خەندەمی کوشت
بەهێمنی ڕژایتە ناو شوشەی ڕەشی چاوانتەوە
ئەی شۆخەکەی کەنار دیجلە ئەمشەو جوانترین شەو
لە شەقامی بیرەوەریم وێنەکەت بوو.

## لەپاش چی؟

لەپاش ئەوەی دڵمت شکاند هاتووی نازم بدەیتەوە
ئەو فرمێسکەی کە پێت ڕشتم ئێستا یادی ئەکەیتەوە
چۆن بتوانم جارێکی تر دەرگا لە ڕووت بکەمەوە؟
بە کام پەیمان بڕوا بکەم تاکو دڵت بدەمەوە؟
گیانە خاکی ئەم ئەوینەت من دەزانم بێ بارانە
بە سۆزێکی نوێوە هاتووی، بەس دڵت دڵی جارانە
تازە دوای چی دڵی تەنیام ئاوێزانی شادی دەکەی؟
گوڵی جوانیم کە هەڵوەری ئیتر هەوڵ بۆچی ئەدەی؟ ٢٠١١

## ناحەزی گوڵ

بە هەر شوێنێکدا تێپەڕیت ئەو جێگا گوڵباران دەبێت
دونیا بۆنی عەتر دەگرێت دیمەنی سروشت جوان دەبێت
نیگای چاوت چەشنی موتفەرک خەڵکی سڕەی بۆ گرتووە
ئەوەی تۆزێکی بەرکەوێ تا ماوە شادوومان دەبێت
هەرچی بەرگێک تۆ دەیپۆشیت لە خۆت جوانە و هەر لە خۆت دێت
چونکە بێ شک بە لەوەی لەگەڵ جوانیت هاوشان دەبێت
نەغمەی دەنگت وەکو مۆسیقا دڵ و دەروون دەکاتەوە
ئەوەی گوێبیستی نەبووبێ بێ شک بەشی گریان دەبێت
پێکەنینت چەند لێ جوانە وەک شەپۆلی کەنار ڕووبار
بۆ تینووی دڵی عاشق چەشنی نمەی باران دەبێت
ڕۆینەکەت چەندە دڵگیرە بەم هەموو عیشوە و نازەوە
دڵی عاشق لە دوورەوە بەشی گڵپە و سووتان دەبێت
لە وەسفی ئەم هەموو جوانی و لەنجە و لاری و باڵا و بەژنەت
زمان لاڵە و قەڵەم کول و نامیقیش دەستەوەسان دەبێت.

## عەشق و مناڵی

جارێ ناوی عەشق مەبە گیانە هێشتا تۆ مناڵی
عەشق زوو پڕ خەم دەبێ تۆش کاسەیەکی بەتاڵی
تەمەنی تۆ زۆری ماوە بەرگەی ئەم ئازارە بگرێ
ڕەنگە دڵێ بێ خەیاڵت بە شەوێکی غوربەت بمرێ
زۆری وەک تۆ بە مناڵی ڕێگەی ئەم عەشقەیان بڕی
بەڵام نەگەیشتن بە ئاوات پەشیمانییان دەربڕی
وا تێمەگە چاوەکانت هیچ فرمێسکیان نەبینیوە
ڕۆژێک دادێت گوڵی هیوات لە باخی ژین هەڵوەریوە
تۆ جارێ دڵت گەورە بێ و نهێنی ئەوین بزانە
چونکە عەشق بە مناڵی باخچەیەکی بەر زریانە. ٢٠١٣

## گۆڕینەوەی ملوانکەیەک

کاتێک شیعرێک دێتە سەما ڕەنگی گۆرانی لێ دەنیشێت
ئەو کاتانە تۆش بزە سەر لێوانت دەگرێت
هەموو دنیا بە دەمتەوە پێدەکەنێت
هاوڕێی هەرە ئازیزەکەم لەم غوربەتە
ئێستا دڵم وەک دوگمەی سەر سینگت تەنگە
خەمم وەک باڵات بڵند و ژیانم وەک چاوت مەنگە
گەر تۆم لا بێت سەرەخەمە نێو باوەشت و
بۆ یەکجاری دەرگای خەیاڵم دائەخەم
تا ئەبەدی جێی ئەوینم لە دڵی تۆدا ڕادەخەم
کە ئێستاش لێت دوورم لەبەر ونبوونت وا دەکەم
دەرگای ئەندێشە و خەیاڵم واڵا دەکەم
ئەم وشانە لە ناخمدا گوزەر دەکەن
کام یار مرواری ئاسایە؟ کامیان جوانە؟
کامیان لایەق بە خۆشەویستی ئینسانە؟
دەنکە دەنک گەورە و بچوک دەیهۆنمەوە و ڕێزیان دەکەم
بەو ئومێدەی پێشکەشتی کەم
تۆ ملوانکە ئاڵتوونییەکەت وەلا بنێیت
منی (نامق) ملوانکەیەکی شیعرییت لە مل بکەم
ملوانکەیەک کە هێمای خۆشەویستی تیا بێت
نەک کۆت و بەند و ژێردەستەیی هەناسەکەم.

## چاوت جوانە

چاوم جوان بێ یان ناشیرین
هەر تۆ جوانی لەپێش چاوم
دڵنیاشم لەم بڕیارەم
چونکە گەلێک لێت ڕاماوم
لە هەموو خەڵکیش زیاتر
سەیری دەموچاوم کردووی
گەر بە دەمیش نەمگوتبێ
بە نامە زۆرم بۆ ناردووی
کاتێک سەرسامیم دەرئەبڕم
بە ڕستەیە مەڵێ گیانە
خۆ ناوێرم بڵێم: جوانی
یەکسەر ئەڵێی چاوت جوانە. ٢٠١٤

## مەرگی تۆ نا مەرگی خۆم

گەردەنی خۆم بڕی
بە دەستی خۆم نا
بە تیخی تەنیایی
ژیان کوشتمی، لە برسان نا
نە بە زامی دڵیش
بە تێربوون لە خۆم
خۆشمویستی، لەبەر تۆ نا
لەبەر خۆم
خۆم بە پەتی عەشقدا
هەڵواسی
لەبەر خۆم نا، لەتاو تۆ
پێویستم بە خۆری چاوەکانتە
بۆ بینینی تۆ نا
بۆ دۆزینەوەی زەنگیانەی دڵم
پێویستم بە شەپۆلی
هەستەکانتە
بۆ پشووی شەکەتی ماندوو
بوون نا
بۆ لەنگەری عەشقی غوربەتیم
مردن و گۆڕی تەنیاییم

پێ خۆشترە
لە ڕقی ژیان نا
لە ڕقی تۆ
دوور دەڕوانم، بە چاوانم نا
بە دووربینی نیگای تۆ
بێزار بووم، لە تۆ نا
لە وەڕزبوونی خۆم
دەمەوێت ڕاکەم
لە نیشتمان نا
لە خۆم
لە خۆشم نا
لە تۆ
لە تۆش نا
لە ژیان
لە ژیان
لە ژیانیش نا
لە عەشق
لە عەشقیش نا
لە مەرگ
لە مەرگیش نا
لە تەنیایی ژوورەکەم و
لە تەنیایی خۆم. ٢٠١٤

## من و خۆم

کەس وەکو خۆم منی نەشکاندووە
لە هەموو دونیا خۆش ئەبم، لە خۆم نەبێ
لە شەڕی نێوان من و خۆما
من... من ناکوژم لە داخی خۆم
خۆم... خۆم ناکوژێ لە داخی من
کە من پێدەکەنم، خۆم دەگری
کە خۆم پێدەکەنێ، من دەگریم
لە شەڕی نێوان خۆم و منا
هەزاران تەرم کەوتوون...
تەرمی خەن و خەیاڵەکانم
من لە خۆم تێناگەم
خۆم لە من تێناگات
ئەڵێی هەریەکەمان
لە مەملەکەتێکی ترەوە هاتووین.

## عەشق دڵداری دڵشکاوە

له فڕینی نەورەسێکدا
باڵی ئەو ڕۆژە سپیانەی ئەوم دێنێتەوە
کە لە جەنگەڵێکی عاشقانەی ئێوارانا
لەشکری پەروانەی سینە و عەتری سپی و
لیمۆی زەردت لە ناخمەوە سووتاندمی
کە یار سەیری ئاسمان ئەکات
باخ ئەچێتە ئاسمان
درەخت لەگەڵیا ئەڕوات
باڵدار لەگەڵیا ئەفڕێ
کە دڵ پڕدەبێت لە عیشق
با دەست دەگرێت بە بۆنی زوڵفی یارەوە
نەبا سەری چڵە بییەکانی شۆڕبوو مەحتەلیان بکات
ئەو کاتە با یاری ئەکات بە پرچی درێژی هەڵبەستم
ئەی یار لەبەرچاومە بەرەبەیانییەک من و تۆ
لەپاڵ دیواری سێشەممەیەکدا پیر دەبین
تۆ بۆ تابووتی خۆت و منیش بۆ تابووتی خۆم.

## ژیانی عەشق

عەشقەکەت هەر ئەوەندە بوو کە نامەم دەنارد دەتخوێندەوە
دوو وشەی جوان بە زمانی لووس نامەی خۆتت دەناردەوە
تۆ چاک بزانە هەرگیز ئەو خونچەیە نیت کە بۆنت کەم
تۆ شیاوی ئەو دڵە نیت کە ژیانت دڵخۆش بکەم
من وام زانی تۆ کەسێکی خەندەی خۆشیت لێ ئەبارێ
من نەمزانی تۆ ئەژدیهای پێوەم دەدەی هەموو جارێ
تازە ڕۆیی بەشم درا ئێستا زانیم داخە نامەت
ئەم دونیایەش بە نەحلەت بێ بێجگە لە ڕۆژی قیامەت. ٢٠١٢

## تەنیا من بووم

تەنیا من بووم دەرگای چاوم لە فرمێسکی ڕووت کردەوە
تەنیا من بووم، بووم بە باران ڕژامە ناو ڕووباری وشکی دڵتەوە
لە ناوەختا شین بووم و کاتێ گەڵایەکی پایزیشم
لە درەختی خۆشەویستیت نەکردەوە
تا خەنجەری  گریانی خۆت خەندەمی کوشت
بەهێمنی ڕژایتە ناو شوشەی ڕەشی چاوانمەوە
لەسەر گۆڕی یادەکانم ئاهی گریانێک ڕوواوە
دیارە سۆزی عەشقی  تۆیە بۆ غەریبیم بەجێماوە
دەریای عەشقم هەر ئەتۆ بووی چاوەکانی تۆشم ونبوو
ئەو دەمانەی خۆشەویست بووین یادگارییەکانم زۆر ڕوون بوو
ئەی شۆخەکەی کەنار دیجلە ئەمشەو جوانترین یادگاریم
لە شەقامی بیرەوەریمدا وێنەکەت بوو. ٢٠١١

## دڵم تەنگە

دڵم تەنگە و پەرچەمت
کەوتوومە دەریای خەمت
عەقڵ و هۆشم لا نەماوە
سوتاوم بۆ ماچێکی دەمت
لەو ڕۆژەی کە تۆم ناسی
جوانیت عەشقی پێ ناساندم
لە گەرووی ئەوی ئاگایەش
بیر و هۆشی لێ فڕاندووم
بەڵام گیانە من چی بکەم؟
هەر لەو ڕۆژەی کە تۆم بینیوە
وەک تەیرێکی باڵشکاو بێ هێلانە
لە ئاسمانی ئۆردوگای حاجیئاوادا دەخولامەوە. ٢٠١٢

## کەی دێیتەوە؟

کەی دێیتەوە تا کۆتاییت بە ژانی دووریت بهێنم؟
بۆ پێشوازی گەڕانەوە گوڵی سوورت بۆ بهێنم
هەموو شەوێک وێنەکانتم لە ئامێزی خۆم گرتووە
بەقەد دەریایەک فرمێسکم بەسەریاندا باراندووە
بگەڕێوە با چاوانم بە بینینت ڕوون بێتەوە
با سەرلەنوێ لە ئاسمانا خۆری شادی هەڵبێتەوە
ئازیزەکەم گەر تۆ بڕۆی ئیتر بۆ کێ دەربڕم هەستم؟
ئەی نازانی هەتا مردن بە عیشقی  تۆوە پەیوەستم؟
خۆت دەزانی من بە وشەی ماڵئاوایی چەندە پەستم
ئەی نازانی لەدوای عەشقت من هەمیشە گێژ و مەستم؟ ٢٠١١

## ئاشتبوونەوە

بیرتە وتت: ئەبێ هەر خۆت
تارای بووکێنیم هەڵدەیتەوە؟
هەرکاتێ کە عادزیش بووم
بە ماچێ ئاشتم کەیتەوە
بڕوا ناکەم هەرگیز خۆشەیوستی
تۆم لەبیر بچێتەوە
تەنیا جارێکی تر بتبینمەوە
گوێ نادەم گەر ڕۆحیشم دەرچێت
وا هۆگری خۆتت کردووم
مەحاڵە یادکردنت
ڕۆحم ئەکەم بە قوربانت
گیانم بە فیداکردنت.

## ڕۆحی مانگ

نیوەشەوە مانگیش وەک من تاکو سپێدە بێدارە
تا ئەو دەمەی کە تیشکی خۆر تاریکی دا لە سێدارە
من لە سایەی بێدەنگی تۆ مانگیش لە سایەی ئاسمانا
فرمێسکەکانمان خواردەوە تا نقوم بووین لە گریانا
چەند بێمروەت بوو ئەو کچەی بە سەوزی هەڵیوەراندم
لە سایەی بێدەنگی خۆیدا چی وشەیە لێی تۆراندم
ئەی مانگ لە سایەی ئاسمانا بۆ وەک من فرمێسکی ئەڕشت
وەک من لە تەنیایی خۆیدا خۆزگەکانی یەک یەک ئەکوشت
ئاخۆ ئەبێ کێ بتوانێ فرمێسکی ڕوومان لابدا؟
لە سایەی بەهارێکی نوێ سەمفۆنیای عەشق لێبدا. ٢٠١١

# نیازم

نیازم وا بوو تەمەنم لەگەڵ تۆدا بتوێنمەوە

شنەی ئەوینی ئەو دڵەم بەسەر تۆدا بشنێتەوە

گوڵی ئەم هیوا ڕووناکەم لەناو دڵتا بڕوێتەوە

نیازم بوو کە شەوانێ هەناسەکانت هەڵمژێ

بێدەربەستی ئازار و خەم سکاڵامت بۆ هەڵڕێژم

بەڵام کرداری ناپاکت ونی کردی لەبەرچاوم

بۆیە منیش بڕیارم دا بۆ تۆ نەگریم تاکو ماوم

ئیتر بڕۆ وەک پەپولە بۆنی گوڵێکی تر بکە

ئێستا باخی من ژاکاوە ئیتر چاوەڕوانی مەکە. ٢٠١١

## پیاچوونەوەی تەمەن

هەموو خۆشییەکانی تەمەنی پەرشوبڵاوییم
ژمارد یەک یەک
شەوانی جوان و ڕووبار و هاوەڵان و
ئافرەتانی کۆچەر
وەکو با لەسەر شۆستەی سوتانم
کە تۆوی هۆنراوەیان دا لە کێڵگەی دڵ و
ونبوون لەنێو قەرەباڵغی و شار و خەمدا
کێ خونچە دەپچڕێ؟
لەبەردەم شۆخێکدا
لەپاش هەنگاوێکی پڕتاوا
کێ شیعر دەچنێ؟
ئەگەر هاتوو لە ژیاندا
لکی هۆنراوە چرۆی کرد
پاشان تەزرە شکاندییەوە
خۆشییەکانی تەمەنم
لە قەوارەی ئەو حەزانە بوون کە نایەن
لەنێو دوو چنگی جوانێکدا دڵ دەلەرزێ

لەبەر تەڕبوونی بەر ڕێگاوبانێ

سەرمای تروشکەکردن

لە ئێوارانی باخچەکاندا

پاشان لە ناکاوا

بە وریاییەوە هۆشیار بوومەوە

کە تەمەنم دەدزرێت

لە دەفتەری خەوندا وێنەی جۆلانەیەکی

منالّیی لەیاد نەماو دەکێشم

ڕامکرد وەکو هەتیوە خەونێک

لەدوای قژە پێچاوپێچە ڕەشەکانی تۆ

وتم: هەندێک لەو ئەستێرانە دەبەم بۆ خۆم

کە بە پرچی تۆوە هەڵواسراون

هەندێک پەپوولە ڕاودەکەم

لەنێو دەفتەری خاتراتدا دەیانشارمەوە

تاکو ببن بە یادگاری

بۆ ئەو عاشقانەی دوای ئێمە دێن. ٢٠١٣

# پەشیمانی دادت نادات

بەسە ئیتر بۆچی دەگری بەسەر یادگاری ئەویندا؟
چاوەڕوانی گوڵێ مەکە لە وەرزی گەڵاوەریندا
چەند جار وتم ماڵی دڵم لە خۆت مەکە بە کەلاوە
کەچی ئێستا پەشیمانی بۆ دیداری ئەم دوو چاوە
جارێکی تر مەیە ژوانم، گوێ لە گریانت ناگرم
ئێستا درەختی خەندەم، گوڵی فرمێسک ئەگرم
ئەو کاتە بۆت دەگریام کە لە باوەشما ئەخەوتی
یەکەم هەنگاو بەجێتهێشتم لە دڵما مرد خۆشەویستی. ٢٠١١

## شەپۆل

له تەنیایی ژوورەکەمدا
له بیرەوەری تۆ زیاتر
چی شک دەبەم؟
که ئێستا پەلکەزێڕینەئاسا دەڕژێته سەر
چەند پەڕەیەک له یادگاری تۆز لێ نیشتوو
چی شک دەبەم؟
کێ ئاشنای ئەم شەوانەی تەنیاییەمه؟
ئەمشەو وەک جاران تەنیا نیم
ئەی ئەو کەسەی
ئێستا چەند قۆناغ لێم دووری
له هەموو بستێکی دونیادا
بۆ هەر شوێنێ که دەڕوانم وێنەی تۆیه
له هەناسەکەمدا تۆ ئەژیت
چۆن ئەتوانیت له سەرچاوەکەت
یاخی بیت؟
چۆن ئەتوانیت؟
ڕووبارێک بیت له گەرمیانەوه ڕەت نەبیت
له کاتێکدا که دڵنیای لەو ڕێبازەی
عەشقی ئەبەدی من و تۆ
له باوەشیا سەر هەڵئەدا و گەوره دەبێ.

## مەستی

مەستی عەشقت ئەندێشەیە شەوانە سەر لەسەر سینگمە
لە هاواری دووری تۆیە هەموو دونیا گوێی لە دەنگمە
زۆر دەترسێم ڕۆژێک شێت بم بەدوای نیگای ئەوینتەوە
لە شەقامێکا بمبینی، لێم بڕوانی نەمناسیتەوە
تۆش بپرسی: ئاخۆ ئەم کوڕە بۆچی شێت بووە؟
ئەوان دەڵێن: لەبەر کچێ، دەڵێ: ناوی مەستی بووە
مەستی دەستم لە دەستی تۆ نابێتەوە
ڕۆژێ نییە بە یادی تۆ زامی برینم نەکولێتەوە. ٢٠١٢

## زیزبوون

کە جاربەجار لێت ئەڕوانم
وا تێنەگەی وەکو جاران
ڕۆحم فەرشی سەر ڕێتە
ئەوە چاومە خۆشیئەوێیت
دەنا ئێستا دڵەی زیزم
هێندەی دونیا ڕقی لێتە.

# پێشنیار

مەڕۆ گیانە... دڵ بەبێ تۆ پێی گرانە

بۆ تەنها ساتێ خۆی بگرێ

مەڕۆ گیانە بەهار بێ تۆ

قوڕپێوانە

لە چاوی ڕەشی پرسەوە

خوێنی دڵداری بارانە

ئەو پرسەیەی ئاهەنگێکە

بە شینوڕۆ

زاری زەردباوی دێتە گۆ

ئەڕۆی گیانە

ئەو ڕێگەیەی لە دووت ئەکشێ

هەر گریانە

ئەچی بۆ کوێ؟

پێشنیارێ بکە لەوێ

بڵێ با گوڵ قەت نەڕوێنرێ.

نەبا بمرێ.

## عەشقێکی هەڵە

جەنگەڵستانی عەشقە و خەم باریوەتە سەر دڵم
بووم بە پێوەری دووریت و بولبول نایەتە سەر چڵم
وشە نەما کە نەیهۆنم بۆ چاوی تۆ
بێ تاوانم گەر هەڵەش بم لە عەشقی تۆ
سەمای زوڵفت بێ ئەندازە ئازارە بۆم
گەر ماچێکت هەنگوینیش بێت تازە وەک بادە تاڵە بۆم
تۆ نەتزانی کە شەوانە زیکری عەشق بۆ تۆ دەکەم
من هەڵە بووم جارێکی تر دوعای عەشق بۆ کەس ناکەم
زۆر بە ناسکی ڕوانیمە زوڵفی زەرد و تێکئاڵاوت
بە وریاییش گەڕامەوە ئەگینا ئەکەوتمە داوت
تێگەیشتم عەشقت هاوڕێیی عەشقێکی تر ناکات
سوپاسی ئەو دڵەت دەکەم کە خیانەت لە(نامق) ناکات.

## شەو لە خەیاڵی ڕۆژێکی نوێدا

تێنووی خۆزگەیەکی درەنگ بۆ ساتەکانی جوانیت بووم
بۆ شیعرێ لەدوای ڕامان کێش و قافیەی نەبێ
ئەمشەو هاتووم ڕەشی پرچت کاڵکەمەوە
ئیتر خەندەی بەیانییان ڕەنگ ناکەم
عەشق تاڵە، لە گەنجێکی سەرخۆشی شەڕقی ئەچێ
دووری تاڵە، لە سەربازێکی لە جەنگهەڵاتوو دەچێ
ئیتر بارانی عەشقی زەردبوون داناکەم
نەکا مەیلی سۆزی نیگام هەڵوەرێ
ئیتر کۆچ و دیدار لەم وەرزەیا ناکەم
نەکا مردن ڕێم پێ بگرێ و
بۆ ڕێگای وەرینم بەرێ.

# بارینی خەم

هەرچی خەمی ژیان هەیە قەدەر کردی بە میوانم
هەنسکی شەوانی درێژم بۆتە خەندەی سەر لێوانم
چاوەڕێی شنەی دڵی من مەکە شەماڵی من ڕەشەبایە
ئاگری دڵی بێ ئامانم زەمانێکە جۆش درایە
لەنێو ڕۆژمێری لاویمدا شادی ڕەت نەبوو بە لاما
لەنێو هەگبەی خەمی دڵم سەدان پرسیار بێ وەڵامە
زۆر ڕۆیشتم بەدەم گریان لە بیابانی تەنیایی
بێ ئەنجام بوو هەڵڕشتنی ئەشکی سووری ماڵئاوایی
لە جێژوانی تاریکی شەو ئێستاکەش هەر وەکو جاران
هەموو شەوێ بارانی خەم ئەپرژێنم بەسەر شاران
پڕ بووە لە بارانی خەم ئەم وڵاتە گەرمەسێرە
وەک من دڵیان پڕ حەسرەتە مانگ سەدان ئەستێرە
ئەم ڕۆژگارە بێویژدانەش بەزەیی بە کەسدا نایەت
خەڵکینە بۆ ڕۆژی دوایی خۆتان بۆ من ببنە شایەت.

## میوەیەکی نادیار

هەمیشە بە ڕێگایەکدا
کە دێتەوە سەر جادەی مێخەک
وەک جەنگاوەرێکی تەڕ بە نائومێدی
سەر ئەژنۆ بە قوڕ و زوقم و بڵێسەدا
بە پەڕۆیەکی سپییەوە دەگەڕێمەوە لای تۆ
من بە جانتایەکەوە دەستم لەسەر دڵمە و
ئێوارەیەک خۆم دەکەمەوە
بە جادەی مێخەکدا
دەگەڕێمەوە سنووری تۆ
دێمەوە ناو بارانی ماچەکانت
ئەگەر ئەگریجەت بە هانام بێت
پێش ئەوەی نووسەران بێن
من دەتنووسمەوە
هەر تۆ براوەیت
من لە پەنجەرەی زیندانی زمانمەوە
لە باخچەی موعجیزەکانت دەڕوام
تۆش درەختێکی بەلەزەتی
بنەچەت دەچێتەوە سەر مەجاز
تامێکی دیاری بۆ میوەیەکی نادیار و
بە غوباری گێڕانەوەم نالەرزیت
میوە جۆراوجۆرەکانی تۆ
لە میوەی سەر ئەم زەمینە بەلەزەتترە.

# نامەی خۆشەویستی

کاتێک کە دێمە سەر ڕێگات دەروونم پڕ لە داوایە
نازانم چۆن بۆ تۆ بدوێم هێندە ناوت لە دڵمایە
من پێت دەڵێم: خۆشمدەوێییت، تورە دەبیت لە ناخەوە
ئاخر گوڵم چیت پێ ئەبڕێت ئازارم دەی بەم ئاخەوە؟
بۆ نازانی ئەم ژیانە پڕیەتی لە زۆر و ئەوین
تەنها جارێک تورەبوونت بگۆڕە بۆ وشەی شیرین
باوەڕ بکە لە ڕازی دڵم خۆ تۆ کەسێکی بەسۆزی
خۆزگە ئەتزانی لە دڵما موددەتێکە چەند پیرۆزی
ڕەنگە ئێستا وا هەست بکەی لەلای تۆ کەسێکی شێتم
ئەگەر بێتو لێم تێبگەی خۆت پێم دەڵێی: چاوەڕێتم
ڕۆژێک دێمە سەر ڕێگاکەت ئەبم بە فەڕش بۆ ژێر پێت
یان دڵت لێ دەستێنم، یان دڵی خۆم ئەدەم پێت
هێندە هۆگری ناوت بووم لە ماڵتان دوور ناکەومەوە
بە ڕۆژ لە دڵم دەرناچی و بە شەویش دێیتە خەونمەوە
هەموو شەوێک خەو ئەبینم بەلای منا تێپەڕ ئەکەی
بەرەو دەرگاکەم ڕائەکەم وا ئەزانم بانگم ئەکەی
چرکەساتێک ڕێگە نادەی لە خەونما بۆت بدوێم

گیانە منم لەسەر ڕێگام، لێم تێبگە و بزانە کێم
من لە تاوی خۆشەویستیت فرمێسکم لە چاوم بڕی
کەچی تۆ بۆ تەنها جارێک هەستی دڵت دەرنەبڕی
وا لە دێڕی نامەیەکا وەسفی دەکەم دڵی نامۆم
گەر نامەکەت بەدەست گەیشت ئەوجا دەزانی تامەزرۆی تۆم
من گەلێکم خەم چێشتووە سکاڵای دڵی خۆم دەڵێم
گەر تۆ یەک هەنگاو بێیتە پێش من سەد هەنگاوت بۆ دەنێم
بڕوا ناکەم لە دۆزەخدا جارێکی تر ئاگری تاوان بمسووتێنێ
ئاگری عەشقت سووتاندی، خوا چۆن دوو جار دەمسووتێنێ؟
مەجنوون ئاسا ئەو سەر ڕێگام لێ مەبڕە بزانە کێم
وا لە دێری نامەیەکدا وەسفی دەکەم دڵەی نامۆم
گەر نامەکەی منت بەدەست گەیشت
ئەوسا ئەزانی چەند تامەزرۆی تۆم
بڕیاری دڵی خۆت بدە خونچەی گوڵم
پەیمانی هەڵەم پێ مەدە من بولبولێکی بێ چڵم.

# دابڕان

بەرلەوەی کە بەجێم بهێڵی بتگوتایە: گیانە تەواو
عەشقت دەهێنمە کۆتایی و سیمات ون دەکەم لەبەرچاو
خۆ من لێت زویر نەدەبووم گیانە هەر خۆشمئەویستی
عاشقت لەیەک بێزار نابێت ئەگەر پاک بێت بیر و هەستی
بەڵام سەد کەڕەت دڵنیابن لەگەڵەی زەردەی ئێوارانا
دابڕان وەک هەورێکی ڕەش باڵی کێشا بە سەرمانا
نازانم چۆن دڵت هات بمبەیتە شاری تەنیایی
بێ لە تۆ لە کەس تێناگەم بۆچی ڕۆیشتی بێ ماڵئاوایی
هەموو شەوێک خەو ئەبینم بەلای منا تێپەڕ ئەکەی
بەرەو دەرگاکەم ڕادەکەم وا ئەزانم بانگم ئەکەی
ئەو چۆلەکانەی دەیانخوێند لەسەر چڵی دارەکانا
وانیش وەک ئێمە خەمبارن، گریان بۆ ئەو دابڕانە
کاتێک کە سەرم هەڵەبڕم ئەوجا ئەزانم خەیاڵە
تۆ بە جۆرێک جێتهێشتووم یەکگرتنەوەمان مەحاڵە. ٢٠١٢

## چۆن پێت بڵێم؟

چۆن پێت بڵێم ئەو وشەیەی لە دڵمایە؟
سنووری دڵی بڕیوم شەپۆڵی وەکو زەریایە
نیگای چاوت هەموو شەوێک دەمتاسێنێ
وشەیەک بەسە بۆ وەڵامت بەڵام زمان نایدرکێنێ
ئاخۆ کەی بێ فڕی بادە بە لێوی تۆ بخۆمەوە؟
ئاساییە مەجنون ئاسا لە کێواندا بمێنمەوە
من کە بۆ تۆ پێنووسی عەشق هەڵدەگرم
وەک شەهیدانی ئەم خاکە با لەڕێی عەشقدا بمرم
با بدرکێ ئەو وشەیە کە وەک خونچە ئەپشکوێ
بۆ نەدرکێ ئەو وشەیە لە هەموو شت پیرۆزتر بێ؟
چیتر وشەی چاوەڕوانی با لە دڵما نەخولێتەوە
یەکەم وشەی خۆشمدەوێی با هەر بەویش بژێمەوە.

## چاوەڕوانییەک

بێهودەیە من جێماوم
دڵم بەو ئێوارەیە ئەسوتێ
کە من بووم لەوێ
لەبەر بارانێکی کوژاوەدا دەگریام
دڵم بۆ لەوێ مانی خۆمدا تەنگ بووە
کە لەوێ ئیتر هەور
هیچ هەلێکی نەماوە بۆ باران
زەویش لە دڵی من بێبەریتر
ئەم زامەی من هێندە پەمەیی و
ڕەشتاڵەیە
مەرهەمێ نییە بۆ تیماری
مەگەر میهرەبانی و نیانییەکانی تۆ ڕامژێنێ
لێرە ئەڕۆم ئەچمە ئەوێ
ئەڕۆم کچێ خۆشمیئەوێ
ئیتر چ کەڵکێکی نەماوە لێرە بۆم
خۆت ئەیزانی لەنێوان هەنگاوی من و
گۆڕستانە گەورەکەی کەکۆن
ماڵێکی پڕ نوورم هەیە
لەوێ کچێ چاوەڕوانمە
چاوەڕێیە گوێی لە من بێ
پێی بڵێم: خۆشمئەوێی
بۆ دواین جار من و ئەم کچە ئەگەین بە یەک
لە ئامێزی یەکدا دەمرین.

## تارامیی کچێک

بۆ کوێ ئەڕۆی هەناسەکەم
کەی بڕیار وا بوو ئێمە لە یەک جیاببینەوە؟
وەرە کۆرپەی هەتیوی خۆشەویستم
دیسان بە ئامێزی عەشقت ئاشنا بکەینەوە
ئاخر کچێ ئەم بڕیارە شێتانەیە
هەرگیز لە بڕیاری دڵی تۆ ناچێ
زۆر ئەترسێم ئەم دوورییەت بەڕاستی بێ و
لە تەنیاییدا سەری هەردووکمان تیاچێ
ئیتر ناز بەسەر کێدا ئەکەی؟
کێ شەوانە لانکی ئەوینت ڕاژێنێ؟
دوور لە دەنگ و ناوی من
کێ لە چرکەی تەنیایی دەرتبهێنێ؟
ئیتر پەنا بۆ کام یادگاریم ئەبەی؟
کام جێژوانم لە بیری خۆت ئەبەیتەوە؟
شەوان کام شیعرم لە باوەش دەگری و
لەگەڵ کامیان ڕۆژ ئەکەیتەوە؟
ئیتر گوڵم بڕیار بدە لە تەنیاییدا
هیچ کات جێم نەهێڵی
جگە لە خاکی ئەم دڵەی من
شوێن پێت لە هیچ دڵێک جێ نەهێڵی
کە من خۆشەویستیم بۆ تۆ
سێبەرێکە و هەمیشە وا بە شوێنتەوە
هەموو کات بۆ تارماییت دەڕوانم
گوێچکەکانم بۆ چپەی پێکانت
هەڵخستووە هەناسەکەم. پایزی ٢٠١٣

# خۆشەویستیت

خۆشەویستیت هەواڵێک بوو هەر زوو گەیاندم بە تۆ
بۆیە بە دووری و دابڕان هەمیشە قەت خەم مەخۆ
چاوەکانت ئەستێرە بوون تروسکایی گەیشتە زەوی
تۆ فریشتەی جوانانی بە شەو بۆم دەردەکەوی
گڕم گرتووە بۆ جوانییەکەت بەسە بەزەییت بێتەوە
نەک وەک لەیل سەرهەڵگری و بۆ لای مەجنون نەیەیتەوە
بە غەریبی هاتم بۆ ماچی لێوی کاڵی تۆ
گەر لێوانم ببڕنەوە ئامادەم ماچکەم لێوی تۆ
بۆچی بگریم؟ فرمێسکم نەما بوو بە خوێن
خەم دەبارێت، ڕۆژی سەد جار خەم بەخێربێت
بڕیاری دڵی خۆت بدە خونچەی گوڵم
پەیمانی هەڵەم مەدەیە من بولبولێکی بێ چڵم.

## پرسەی گەڵا

بە ئاوازەکانی خۆت گۆرانیت بۆ دەڵێم
کە لەناو دەمارەکانی گەڵایەکدا مۆسیقای نەمری بژەنی
من لە گۆرانیدا پڕم لە ئاواز، تۆش لە نەمری
قەسیدە زکرەکانی گەڵا لە پەرتووکە سوورەکانی ئامێزی
دارستان دەنووسرێنەوە کە هیچ وەرزێ
پەی بە پەلکی زەردی لاپەڕەکانی وەرین نابات
هەناسەکانی ئەمەل لە گوارەی کچێک دەچێت
کە غەزەلێک پێی ناوێرێت
تۆ لە سێبەری کەوشەنێک دەچی
کە لە کولەمەرگییەکانی دڕکێک ڕزگاری بووە
بە کام کامیاری هەڕاج و هەڵزنینتدا بڵێم؟
کە بە باڵای درەختێکدا
خۆت هەڵواسیوە
من لە سێبەری تۆ دەچم
تۆش لە سێبەری خوناوکەیەک
کە لە جەژننامەی لەدایکبوونی گەڵایەکدا
زکری نەمری مۆمێک دادەگیرسێت
تۆ لە مندا نەمریت و
منێک کە بەدوای تەهلیلەی گەڵایەکدام
گەڵایەکی زەردهەڵگەڕاو
گەڵایەکی بە تەمەن و هەڵوەریو
من بەتەمای پرسەی گەڵام
تا ئازار و وەزنەکانی نەمری لەسەر بنووسمەوە. ٢٠١٣

## هەناسەیەک

دەبا کاسەی ئەم و ئەو پڕ لە بادەی کەیف و خۆشی بێ

ئەنۆشم لە کاسەی خۆم لە بادەی خەم لەم لێوانە

گەر تۆ شک نەبەم ئەی دڵ ژیانی خۆم بە پاشا نادەم

بەڵام داخت بە جەرگم وا لەگەڵ تۆدا بوومە دێوانە

لەپێشدا لای چەپم ماچ کرد بەرمدا لای هۆشم

ئەوەی عاشق بێ بە خەیاڵ مەست و پەرێشانە

دەسا تۆش بولبولی هۆشم هەتا ماوی بناڵێنە

لەتاو باڵی شکاوی خۆت لەناو ڕوخاوی هێلانە. ٢٠١١

## ئێوارەیەکی ڕەنگ ئەرخەوانی

ڕۆژان خەمی من
لە ئاوابوونا کۆ دەبێت و
خۆر وەک لە خوێنی خۆیدا سوور بووبێ
بەقەد باڵای تۆی ماوە ئاوابێ
ئاسۆی ئێوارەم
دووڕیانێکە من لێی چەقیوم
پڕوشکەی دڵی ئەو وێڵی کردووم
ڕەنگێکە هێشتا پێی نەگەیوم
دار سنەوبەرێکە
وەک باڵای بەرزی
خۆزگەی دڵم بێت
شان دائەداتە
سەر سێبەرەکەم
جارجار خۆزگەی دڵ
لێم ئاوادەبێ
دەبمە درەختی بنە دەوەنێ
درەختی ڕووتەن

کز هەڵدەلەرزێ و

گەڵا لە لق و پۆپی تۆرابێ

لە پێدەشتێکا

وا بەجێماوم

بێدەنگم وەکو

ڕێبوارێ دووربێ و لە ڕێی جێمابێ

خۆر لەنێو زامی دڵی مندایە و

دوا چرکەی دڵی ئەم ئێوارەیە

ڕائەوەستێنم

یان ئەم چرکەیە من دەگرێنێ

یا من وەنەوشەی دڵی ئەم ئێوارەیە هەڵئەپڕوکێنم

ئێوارەیە و وا هاتووم

کسپەی خەم

سۆزی ناو جەستەم

هەڵبوەرێنم

سپێنەی چاوی

یەکەم ئێوارەی پایزی دیدەم

دەنگی دێ وەکو پڕوشکەی گەڵا

دەنگی وەک کۆچ و ماڵ بەجێهێشتن

دەنگی وەکو لورەی با

دڵم شەڕابی بەسەردا ئەبارێ و

چاوم خەفەبووی ناو پرچە

ڕەنگی سپی... پەمەیی.. سوور... ئەرخەوانییەکانتە

ئێستا ڕۆژ و شەو

لەم نێوانەدان

ڕۆژ ماڵئاوایی و شەو چاوەڕوانی

تۆش خەمی باڵای...

ئەم ئێوارەیەم بووی

ئێوارەیەکی ڕەنگ ئەرخەوانی

پڕە لە لێوانلێو لەگەڵ چرپەی ماچ و

ئاوازی سەمای سەمفۆنیای عەشق. ٢٠١٣

## بۆ مەرگی نازدارێک

بیست و دووساڵ
چاوم لە ڕێی بینینت بوو
خەوی شەوێک
بۆ ڕۆژانی کوێرەوەریم
نگینیت بوو
کەچی ژوانی دڵداریی من
پاش هەزاران خەوی جودان
کۆڕی ماتەم و شینت بوو
دوو تنۆک خەم  ڕژانە سەر
گۆڕی ماتەم
مەرگی ناکاوی ناکامیت
دڵی برژاند
هەتاوی کرد بە خۆڵەمێش
بە خەڵووزی ڕەش و بە تەم
یادگاری چەند ساڵەمی
لەگەڵ ناکامیدا قرچاند
سەبری سوتاند
وشەی بێدەنگی
چەند ساڵەی
لێم وروژاند
چاوەڕوانی چاوی جوانت بوو
بە یەک فنجانی قاوەیی

ڕەشی ماتەم
ڕەشتر لە خەم
لەناو دوکەڵی پرسەی شێتا
بوو بە خەیاڵ
بوو بە خەون
بوو بە دوا ماڵئاوایی تۆ
یادی پەیمان
یادی کۆن ئەو ژوانانە
سەر لە بەیان
ڕۆژ و شەوت
دە خوات لەگەڵ
چاوی نازت جوان لێک بنێ
هیچ گلەیی لە تۆ ناکەم
من زۆر گریام بۆ بەختی خۆم
وا ئەنجامی بەختیاریت
لە من ڕەشتر بوو
بە گۆڕی چاوی ڕەش و
مەرگی ناکامی ناکاویت
دە خوات لەگەڵ گەردەن ئازاد
سەرفراز بە لە ئازاری
دڵسۆزێکی تا مەرگ ناشاد
لە ئازاری دڵدارێکی
ئەو پەیمانەی  خۆشەویستی
ئەوت شکاند. ٢٠١٣

# چاوەڕێم

چاوەڕێتم ئازیزەکەم دەرگای دڵت بکەیتەوە
دەمێکە سووتاوم بۆ تۆ کەی وەڵامم ئەدەیتەوە؟
شەوانە هەر بیرت دەکەم لە خەویشا تۆم لەلایە
ئاخۆ کەی دێی بۆ جێژوانم دڵم لە پێشوازیتدایە
کاتێ کە دێم بۆ لای ماڵتان چاوەڕێمە تۆ دەرکەوی
بە خەوەوە سەیرم بکەی، بەرەو جێژوان بەڕێکەوی
کە ئەتبینم بە نازەوە خەندە ئەکەی بۆ لای من دێی
دڵی خۆمت پێشکەش دەکەم
تۆش نەکەی ڕەنجم بە با دەی
زەمانێکە گیرۆدەی تۆم دە تۆش ساتێ بمدوێنە
لە ئامێزی خۆتم بگرە و وەک عاشقێ ناوم بێنە
خۆشەویستم دڵم لاتە تاکو مەرگ ئەمباتەوە
شەوانەش لەسەر جێگادا خەو بۆ لای تۆم ئەباتەوە
وەرە بۆ لام ئەی ئەوینی ڕازی شەوانی تەنهاییم
ئەی پەپوولەی باغی ژینم ئەی تروسکایی بیناییم
چاوەڕێمە زەنگم بۆ بکەی بە سۆزەوە بمدوێنی
بە چریکە و دەنگی نەرمت وەک عاشقێ بمخەوێنی. ٧/ ٦/ ٢٠١٣

## تۆ کۆچت کرد

ساتەکانی دووریت هەمووی دڕکن ئەچن بە گیانما
تێکەڵ بوون لەگەڵ هاواری دووری و خەمی شەوانما
ئێستا سات بە ساتی ژینم بێ تۆ ئاگر و ئازارە
پێم بڵێ بەتەنیا من چی بکەم لەم شارە پڕ لە یادگارە؟
یادەکانت دانەدانە شەوان لە ڕۆحما ئەخەون
خەمت نەبێ غەریبەکەم تا بەیان لە چاوما ئەبن
سەفەر هۆشی لە من برد و لێرە کردمی بە نامۆ
شەو نییە شەپۆلی گریان کەشتیم نەبا بۆ لای تۆ
ئاهی من بۆ ئەو سەفەرەت ڕۆژێ ئەگاتە ئاسمان
تۆ کۆچت کرد و ئاوارە بووم ئەی خۆشەویستەکەی جاران. ٢٠١١

## پەشیمان ئەبیتەوە

تۆ فریشتەی پڕ لە نووری و منیش گەڵای دەستی خەزان
تۆ هاژەی تاڤگەکانیت و منیش چاوێکی پڕ لە گریان
دوێنێ زۆر زۆر تکام لێت کرد ئەپاڕایەوە لێت دڵم
تا ئەو کاتەی کە ڕازی بووی خەریکبوو ئەمردم گوڵم
ئەمڕۆش وا ڕێبواری دڵمت لە پەناگەی  دڵتا دەرکرد
پارە و سامان فریویدای ماڵی لەناو دڵتا دروست کرد
سبەی پەشیمان ئەبیتەوە دێیتە سەر ڕێگاکەم ئەگریت
بەڵام دوای چی ئەی ئەو کەسەی پارە و سامان دڵی کڕیت. ٢٠١١

## چی ڕوویداوە؟

بۆچی هێندە نامۆ دیاری؟ ئەو فرمێسکانە دەڕێژی
بۆ یادگاری ئەم ئەوینە ئەم خەندەیە بۆ ئەنێژی؟
پێڵووی چاوت بۆ لێکداوە؟ کوا سەرنجی ڕۆژانی زووت؟
بۆ ڕووناکی ژووری تارم ئەی کوا تریفەی مانگی ڕووت؟
خۆ چەند ساتێک پێش ئەم وەختە وێنەی بەهارت ئەکێشا
ئەی بۆچ ئێستا وا کتوپڕ ئاهی بێزاریت هەڵکێشا؟
بیدرکێنە ئەو خەیاڵەی وا جوانیی لێت شاردۆتەوە
چ خەمێکی بێسنوورت بۆ ماڵی دڵ بردۆتەوە؟ ٢٠١١

## چاوی ماچ

ئەمشەو دڵ و چاوەکانم لاواز و کز و ماتن
چاوەڕوانی دیداری تۆن بە ئاواتی تەماشاتن
توخوا گوڵم جێم مەهێڵە من بەم تەنیاییە فێرنیم
دائیم سوپاسی خوا ئەکەم کە بۆ بینینی تۆ کوێر نیم
لێوم ڕێبواری شەکەت بوو لە سێبەری زوڵفەکانت حەسایەوە
پەپولەی ماچ لەسەر چڵی گۆناکانت گیرسایەوە
ڕۆحم لێ دەکەیتەوە و مەسیح دەیدەی لە خاچ
ڕوخسارت وا نیشان دەدەی نە لێومت ناسیوە نە ماچ.

## دووری

گەر دەمزانی بەم سەفەرە دوور دەڕۆیت و نایەیتەوە
وام دەزانی لەم غوربەتییە دەرگای دڵم دەکەیتەوە
شەوێ نییە گڕی عەشقت باغی دڵم نەسووتێنێ
یادەکانت هەنیسکێکم لە گریانا نەتاسێنێ
سەفەری تۆ بوو بە ژانێ ڕژایە ناو هەناومەوە
وا خەریکە گیان دەسپێرم مەرگ هات بە هانامەوە
تەمەن دەڕوا و خەزانێ وا چاوەڕوانیتە
هەر شەقامێ پێیدا دەڕۆم پڕ لە وێنە و یادگاریتە
وشەکانم بێدەنگ دەگرین لەگەڵ هەست و سۆزی دڵما
تۆ ڕۆیشتیت و خۆشەویستیت هەر زیندووە لەگەڵما
دە بگەڕێوە چاوڕەش گیان ئەی خۆشەویستی جارانم
لە یادت چوو ئەو ڕۆژانەی تۆ خۆت دەکرد بە قوربانم؟
سۆز و نازی تۆ هەڵدەگرم تا ئەو ڕۆژەی ماوم لە ژین
من ئەگەر ڕۆژێک نەتبینم چاوم پڕدەبێت لە گرین. ٢٠١١

## زمانی دڵ

خۆزگە تەنیا جارێک گیانەکەم
گوێت بۆ ڕائەگرتم گوڵم
تەنیا جارێک بتهێشتایە
بۆت بدوێ زمانی دڵم
بتزانیایە چەند شێتانە
خۆشمویستی لە دڵەوە
دڵم پڕە لە عەشقی تۆ
تۆش بێ ئاگای لەو سۆزەوە
ڕۆژێک دێمە سەر ڕێگاکەت
ئەبم بە فەرش بۆ ژێر پێت
یا نا دڵت لێ دەستێنم
یاخود دڵی خۆم دەدەم پێت. پایزی ٢٠١٢

# ناوێرم

ناوێرم... نا
ئەم پەنجانە...
بۆ کۆتری دەنوک ئاڵی مەمکت
بکەم بە هێلانە
ناش...وێرم دەمت ماچ بکەم
ئەڵێم نەکا ڕۆژێ شوێن ماچی لێوت
لەسەر دەمم بناسنەوە
من ناتوانم جێژوانەکان بڕوخێنم
چونکە سیمای شار تێکدەچێ
من ناتوانم شوێن ماچی لێوت لەسەر
دەمم بسوتێنم چونکە
خۆشەویستی سەرتاپا دەسوتێنێ. ٢٠١٢

## شۆخ

ئەمشەو کیژێ هات و وتی: ناوی  ئەو شۆخەم پێبڵێ
کە تۆ خەمی بۆ ئەخۆیت و وەک چاوانت خۆشتئەوێ
منیش وتم: بڕۆ گیانە وازبێنە گەر خۆشتئەوێم
لێمگەڕێ با بەتەنیایی لەگەڵ خەمەکانما بدوێم
ئەو کچەی من خۆشمئەوێ و شیعر و هەڵبەستی بۆ ئەڵێم
ناوەکەی وا لە دڵمایە خیانەتە گەر پێتی بڵێم. ٢٠١٣

## هەڵوەرینی خەمەکان

پایز ناتوانێت یادگارییە خۆشەکانمان بوەرێنێت
زستانیش ناتوانێت خونچە گوڵەکانمان بسوتێنێت
ئەمما دڵی تۆ ئەتوانێت خەمەکانی من لەناوبەرێت
تەنها پێکەنین و خەندەت خۆشی بە دڵی من دەبەخشێ
بۆیە ئەڵێم دڵی تۆیە منی لە ژیان هێشتۆتەوە
گەر دڵی تۆ نەبوایە منیش لە دڵتا ئەسڕامەوە. ٢٠١١

## خیانەت لە عەشق

نازانم چۆن لە چاو ونبوویت؟
لەپڕ ڕۆیشتی و بەهەڵەچووم خۆشمویستی
جاران پەناگەی دڵم بوویت، تۆ هەستم بوویت
لوتکەیەکی کێوی بەرزی مەبەستم بوویت
ئێستا وەک جاران نەماوی
نازانم بۆچی گۆڕاوی؟
تۆ دۆڕاوی...
لە من، لە خۆت، لە ڕەوتی جوان
لە نەریتی کۆنی کوردان دابڕاوی
نەمزانی پارە مناڵی ساوایە
ئەتۆش تەنها بوکەشووشە
قسە و پەیمان و بەڵێنت
لەبەردەم ئاگری ڕاستی
کۆڵێک پوشە
هاکا ئەم ئاگرەم بڵێسەی کرد
بەهۆی سادەیی و بێباکیم
دەتخنکێنێ ڕووباری دەریای دڵپاکیم...
تۆ خائینی لەم عەشقەیا
تۆ کرمێکی بەردەوام
خۆت ئەخۆیت. ٢٠١٣

## خوێندنەوەیەک بۆ پڕبوون لە عەشق

به چاوە ڕەشەکانت شەوگارم دائیمە ڕووناکە
به گاڵتەوە لاپەڕەکانی دڵی یەکترمان خوێندەوە
ڕەشەباکانی ڕۆژگاریش لاپەڕەکانی بێزارکردبوو
له تەواوی لاپەڕەکان نهێنییەک خۆی لە ڕۆحما نوقمتر دەکرد
تۆ کەوتیتە ناو دڵم و بووی بە دەستگیرانی شیعرم
منیش هەر لەم نهێنییەت نەگەیشتم
تۆ لە شەقامەکانی ڕۆحما پیاسەی حەز و عەشقت دەکرد
بەرلەوەی بتدوێنم بە چاوی ڕەشت داگیرت کردم
وەرە لەنێو هەناسەکانی ڕۆحما پشووبدە
تۆ لە چاوەڕوانی عەشقدا ڕوخسارت
ڕەنگی پایزێکی خەمناکی گەڵاوەریوی گرتووە
منیش لە وڵاتی عەشقدا عەکسی تۆم هەڵگرتووە
چاوت مەملەکەتی شیعرە، ماڵی وشەیە، ژووری خەیاڵە
پردەکانی ئومێدە، باخچەکانی ئاوێتەبوونە
هەزاران ڕاز و نهێنی و سیحرە، پلیکانەی خۆشەویستییە
تۆ ڕۆشنابووی لە تاریکستانی دڵم
من لەوەتەی تۆم ناسیوە بیست و چوار سەعات ڕۆژە لە لام
ناوی چیت لێبنێم؟ کەحەرفی هەموو ناوەکان لە تۆوە دەستپێدەکەن
دوا حەرفیشیان هەر بە ناوی جوانی تۆ کۆتایی دێت.

## بێدەنگی نهێنییەک

تا لێواری دیوانەی مەرگ پەلکێشت دەکردم

یان تا ئەبەد لەم ژینەدا بمسڕیتەوە

لە دۆزەخی تەنیایی ناخی خۆمدا نغرۆم بکەیت

تۆ گەر دەتزانی چ نهێنییەکی ئەبەدیم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرتووە

گەر لە ڕۆژگارێکی سەوز یان ئەرخەوانی سپی و شینی ئاسمانی بێڕەنگ بووم

بزانە لە ئاهی مەرگی بێدەنگی یاردا هەناسەم سپاردووە

نەک لە گەمەی نهێنییەکانی تۆدا گەر لە ساتی فڕینی بەرزەخییەکانمدا

بۆ ناو ڕەنگەکان نەگەڕامەوە، ئەوە بزانە کە یارم لێ بزربووە

نەک لە گەمە نهێنییە شوومەکانی تۆدا...

گەر شەوێک لە خەوێکی یەکجار قوڵدا بە خەبەر نەهاتم

بزانە عەوداڵی شوێن پێکانی یارم و کەچی هێشتا هەر لێم ونە

گەر ئێوارەیەک سەری بێسەری خۆمم هەڵگرت

بزانە لە عەشقی یاردا من توخمی فەنابوون بووم

ڕۆیشتووم نەک قەدەری شوومی تۆ بەڕێی کردبم

تۆ بەردەوام یاری بە نهێنییەکانم دەکەیت

من لەگەڵ خۆمدا نهێنییەکم پاراستووە

کە تا ئەبەد لە ئەرشیفی پەناهی تۆ پەی پێنابات. ٢٠١١

## وەفای عەشق

هەتا دوێنێ دڵدارم بوویت، تۆ ڕووناکی شەوگارم بوویت
ئەی بۆ ئەمڕۆ بەجێتهێشتم؟ وا دەستگیرانی سەفەر بوویت
خۆ خۆت وتت دڵم بۆ تۆ داگیرساوە وەکو پشکۆ
ئەو پەیمانەی کە دات بە من ئەمڕۆ گشتی بوو بە درۆ
لەگەڵ هەڵاتنی خۆرا دڵت بۆ تاریکی شەو بڕا
ئەم عەشقەی تۆ  کوژایەوە چرای کۆتایی هەڵکرا
شین و گریانم بۆ مایەوە، برینی دڵ کولایەوە
ئەو کچەی ڕۆیی بەجێیهێشتم وەفای عەشقی نەدامەوە. ٢٠١١

## کە دەهاتی

کە دەهاتی دڵ سەمفۆنیای پڕ ئاوازی بتهۆڤن بوو
هەنگاوەکان ڕۆحی تازەی بێئەندازەکەی من بوو
کە دەهاتی شەقامەکان ئارایشتی خۆیان دەکرد
ئێستا لەگەڵ شەقامەکان دوو هەتیوی بەردەستی تۆین
بۆ دیداری چاوەکانت مات و مەلول و مەستی تۆین
من دڵی ئەو دەدەمەوە و ئەو دڵی من دەداتەوە
ئەوەندە باسی تۆ دەکەین تاکو خەو دەمانباتەوە
لەگەڵ سپێدە جارێ تر چاومان ڕادەخەین بۆ ژێر پێت
بەڵکو هەردووک بەختمان یار بێت ئەم گوزەرە بکەینە ڕێت. ٢٠١١

# (٢)
# شـــيعرى كۆمەڵايەتى

## کاری ئێستام[٦٣]

دەمکرد کاری حەماڵی بەبێ قڕە و بێ بڕە
ئێستاکە دامەزراوم حاڵم تابلێی شڕە
موچەم سەد هەزارە چی پێنایێ ئەم پارە
گەر حەماڵی نەکەم ناچار لە تەربیە ڕاکەم
خەڵك وازی نەهێنا هێندە خوێندیان لەبن گوێم
ئەو کەسەی کە من دەمویست ئا بەم شێوە دیوت پێم
هەر لەدایك و براوە ئەوسا جیران و خەڵك
زۆرم وەڵام دانەوە ئاخیری نەیبوو کەڵك
هەر پێیان دەوتم خۆت تەعینکە لە شوێنێ
موچە و مەعاش نەتدیوە ئەم خەڵکە چۆن دەیسێنێ
توشیان کردم هەموویان ئێستا حاڵم پەشێوە
لە پەروەردە دامەزراوم چۆن چۆنی بڕۆم بەڕێوە
ئەورۆژەی دەچمە دەوام دەست دەدەمە خاکەناز
یان بژارگۆڵ یا داس لەناو کۆمەڵێ بەناز
خەریکی عەرد و بەردم ئەو ڕۆژە تا دەتوانم
لەلایێ کارێکی خۆشە لەلایێ بارە لەشانم
دەڕۆم لەگەڵی ئاوا چەناو چۆنی بۆدەکەم
هەرچۆنێ بێ ئاوایی ڕۆژگاریش بەسەردەبەم
قەناعەتی پێدەکەم.

---

٦٣) لە نامیلکەی (وەرە نێومالی چاومەوە)وەرم گرتووە، ساڵی چاپ٢٠٠٩، ل ١٩ـ٢١

# پارە

فەرموو حاڵیت کەم بە کوردی
پولت هەبێ یەکەم مەردی
پول دینە هەم ئیمانە
هەم چاوە و هەم زمانە
پولت هەبێ و هیچ مەزانە
شایەت حازرە بۆ قیامەت
پول لە باب و براو خوشك چاترە
پولت نەبی لەسەر قەبران
کەس بۆت ناخوێنی قورئان
هەقت دەسووتێ وەك دەم و چاوتان
تێتهەڵدەدەن بە شەش حەوتان
شایەت حازرە بێپوول نوێژت غەڵەتە
هەرچی بڵێین لە تۆبەتە
نامیق ئێستا مەوەستە شایەت حازرە
بۆ قیامەت پول لە باب و برا و خوشك چاترە.

## ماڵ و سامان

دونیا هێندە ناهێنێ ئەوەندەت پێبێ بژی
بۆخۆت سەرگەردان دەکەیت بەدەست بڕین و دزی
قوڕبەسەر خۆت و پارەت بۆ کێی کۆئەکەیتەوە
پرسیاری گۆڕت لێکرا چۆن وەڵام ئەدەیتەوە
سەرفی کەماڵی دونیا بۆ دوارۆژ نەکبەتییە
قاسە بۆناو گۆڕ نابردرێ کفن گیرفانی نییە.(٢٠١٢)

## گەلێك شیرن

گەلێك شیرینتر لە شەکر و هەنگوین
گەلێك بۆن خۆشر لە لالە و نەسرین
خۆشتر لە دەنگی قاسپە قاسپی کەو
لە ڕاکێشانی دوو دڵدار بۆ خەو
دایکە چم نییە و پێشکەشە بە تۆ
هەموو کات شاد بی و نەبی ڕەنجەڕۆ
نامەی ڕەنگینم تەنها بۆ یەك هۆ
کە وا ناردوومە پێشکەشە بە تۆ
جا لە پێشەوە کەمێ گفتو گۆ
بهێنینە بەر ئەوجار ڕاستەوخۆ
گەلێك جار دەڵێن لە ئاسمانی شین
دەسوڕێنەوە تەیری باڵ نەخشین
هەموو تەیرێکی باڵ نەخشین
بەقەد پەنجەیەکی تۆ نابن.

## کۆچی ناوادەی مامۆستا سەردار[٦٤]

چۆن نەگریم بۆ ئەو کۆچەت کە تۆ دەڕۆیت
کە تۆ چرای دڵی منی و تیشکی ئاسۆی
خەزانی پایز هەڵیکرد، گەڵای سەوزی دڵم وەری
فرمێسکی چاوم وشکی کرد، هێندەی چاوم بۆتۆ بگری
زەریای دووریت هێندە شەپۆلی سامناکە
هەنگ تادەمرێ چاکەی گوڵ قەت لەیادناکا
دڵمان شادبوو بەناسینت هەمیشە لەیادمان ناچی
تۆ وەك ڕۆح وای لە جەستەیا وا بە ئاسانی دەرناچی
دەم بەدەم زیاتر بیری تۆ دەکەم
دێم و دەچم ناتوانم تۆ لەبیر بکەم
دەچمە هەرکوێ چاوم بە هەرکەس دەکەوێ
یادگارییەکانت هێند زۆرن لە یاد ناچێ.

٦٤) ئەم دەقە لە دەست نووس و سجلەکان نەبوو، ساڵی ٢٠٢٠ من و م.فازیل شەوڕۆ و د. هێمن عەبدولحەمید کتێبێکمان بەناوی: زایەڵەی فلوتە ئەویندارەکەی سەرداری باب سەردار، چاپ کرد، لە کتێبەکەدا مەلەفێکمان بۆ ئەو شاعیر و ئەیبانە کردەوە کە شیعریان بۆ مەرگی مامۆستا سەردار نووسیبوو، ئەوکات نامیق تەلانیش ئەو شیعرەی بۆ ناردین، کە لە لاپەڕە ٨٦ کتێبەکە بڵاوبۆتەوە.

# ئاوڕێك و ئاوڕێك

بینیم کچێکی شۆخ و شەنگ لە شەقام دەپەڕیەوە
ڕووی وەك چرا ناوقەد باریك گوڵێکی جوان بەسەریەوە
دڵ شێت دەبوو کە هەنگاوی دەهاویشت و ئەو مەمکانەی دەلەریەوە
کە بەلەنجە ئەو باڵایەی بۆ ئەملاو ئەولادا دەبرد
لەرەی جوت بەی هەروەکو مەی لاوی بەجارێ مەست دەکرد
بەبێ باڵ بوو دەنا دەفڕی و ڕووی لە ئاسمان دەکرد
کە وتەکانیم گوێ لێ دەبوو لای لایە دڵمی دەنواند
داری خەمی لە دڵ دەبڕیم نەمامی شادی لێ دەڕواند
نەیدەهێشت خەم ڕەگی خۆی داکوتێ
بەجارێ لە بنەوە دەیپساند
کە جاروبار پێدەکەنی لێوی بە لێوی دەترازاند
هەر لە دوای بووم لە کۆگایەك وەستا بۆ سەیری شتی جوان
ملوانکەیەکی دڵی دەویست، بەڵام ئاخ بەتاڵ بوو گیرفان
لە دواییدا پێم گوت بۆچی دڵم ناکەیتە ملوانکە بەقوربان
تا کەی بڕۆم بەدواتەوە ئەی شۆخ و شەنگ و پەری ئاسمان
کە ئاوڕێکی لێ دامەوە سەیری کردم بە سەرسامی
گوتی ئەی لاو من دەزانم ماوەیەکە تۆ لە دوامی
شێتی منی و شەیدای منی لە داخی من دڵ پڕ زامی
بەڵام هەوڵی تۆ بێ سوودە ئەی لاو بەڕاستی نەفامی
ڕێی ڕێگام گرت بە داماوی تا ماڵ ئاورم نەدایەوە
دڵ گڕی گرتبوو لەداخا چەشنی مۆم دەتوایەوە
بە داماوی مێزم دانا و مێز بە شەڕاب ڕازایەوە
خۆم وا مەست کرد بە چاوی ئەو چاو تاکو ڕۆژ نەکرایەوە.

## من حەماڵم

من حەماڵم بە ڕەنجی شان
دەکەم بازاڕ دەکەم کۆڵان
بارێ بۆ ئەم بارێ بۆ ئەو بارێ بۆ پیاو بارێ بۆ خان
ئا بەم جۆرە تا ئێوارە منی نامیق ئەمەم کارە
زۆر سەربەرزم لەم ژیانە لای یەك کاکەم لای یەك خاڵە
عەشیرەتم ئاغاسوری جارجار دەکەم یادی دووری
وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ ئاخ لەدەستی بێ پارە و پوڵی
پارە لەلام قۆندەرەیە قەناعەتم بە بەهرەیە
حەزم زۆرە لە قسەی خۆش بە شیعری جوان
دەبم مەدهۆش بارێ دەبەم بۆ شوێنی دوور
ئەژنۆم شل و شێوەشم سوور ناڵێم هێندە و
هێندەم دەنێ بۆ حاڵی خۆم دەخۆم مشور
بەدیارکەوتەوە نامیقی شاعیر ڕێزیان لێ دەگرت
بەگەنج و بە پیر دوژمنی بەندە تەنها تەنها گەرمایە
عارەقە دەکا خۆی لێ بەڵایە.

## هەتاو

لەم وڵاتە ورەم دارە دزی باوە

شەوانە خەڵکی دەرگایان لەسەر

خۆیان قوفڵ داوە،

منی لاتیش هیچم نەبوو

تا دەرگای خۆم دابخەم

تەنها دڵێکی لەت لەت نەبێ

شەوانە لەسەر جێگاکەم دا

حەشارم ئەدا

من نازانم سەر بۆ کام دەرگای یاسا ببەم

بە کام پەرلەمانتار بڵێم

یان لە کام مەسئول بترسم بڵێم

تۆ عاشقی یان تۆش دزی.

## عەشق سیمای ژیانە[٦٥]

کاك نامیق ڕەفیقی خۆم
خۆ پاقلاوە نی تا بت خۆم
هەرچەند قەبە و ئێسك سوکی
وەك ئاگرەکەی کەرکوکی
تیشکی خۆری بەربەیانی
وەسف ناکرێی هێندە جوانی
ڕووی ڕەش بێ نەبونی و زەمان
گوێی پێ مەدە ماڵ و سامان
مەحبوب و گفت شیرینی
وەك هەنگ خاوەنی هەنگوینی
نەك وەك خەڵك تاڵ و زەقن
لەلای یەك بە بوغز و ڕەقن
وەك چیای سەفین لەلام بەرزی
چاو نەترس و چۆك نەلەرزی
بەسودی وەك بابەگوڕگوڕ
بە هەژاری و جل شڕ و وڕ
شیعر سەرمایەی ژیانە
هەبونی خەم و گریانە
کۆڵنەدەر و تێکۆشەری

٦٥) ئەم شیعرە لەلایەن هاوڕێیەکییەوە نووسراوە و پێشکەشی کراوە، بەڵام ناوی کەسەکە نەنووسراوە، بۆوابێ تا بەڵگەمان دەست دەکەوێ.

دارێکی بەرز و بە بەری
زۆر سودت ئەبێ بۆ میللەت
ناترسی لە قەنارە و پەت
بە نان و ئاویش شوکرانەی
وەك بەچکە شێری ناوە لانەی
قەڵەمی دەستت بڕنەوە
دەنگت وەك قاسپەی کەوە
دڵت وەك باخ و بێستانە
سینگت شاخی کوردستانە
سەربەرز و چاو ئەستێرەی گەشی
شادی دونیا بگرە باوەشی
باکت نەبێ بە نەبوونی
شاخ و کێوی هەم ئەستونی
بیروباوەڕ نەگۆڕاوی
سەرکەوتووی و نەدۆڕاوی
قەڵەم چەکە و لە شانتە
مایەی سەربەرزی و مانتە
وەك دەبان و ناوکالانی
ئەی شۆڕەسواری تەلانی
ئەبێ تا ماوی تێبکۆشیت
خاك بە بێگانە نەفرۆشیت
برای تۆمە نامق کەریم
تەنها بۆ سەربەرزیت تێبینیم.

# ئەنفال

کە ڕەشەبای چواردەی چوار گوڵەکانی هەڵوەراندم
تازە بە گوڵی هیچ وڵاتێ دڵخۆش نابم
من کە دڵم لەناو بیابانێک بەجێما و ون بوو
گوڵی هەموو باخچەکانی دونیا لام بێڕەنگ بوو!
من لە هەموو بەهارێکدا گوڵی ڕەش ئەدەم لە سەرم
بەم بارگە خەماوییەوە چۆن پێشوازی لە ئەنفال کەم؟
ئاخر ئێوە ئەم ژانە گەورەیە نابینن؟
ئەم ئەوینە تاڵە وەکو عەکسی قەمەر وایە[٦٦]
لەناو چاڵێکی قوڵی خنکاودا نغرۆ بوون
من بیست و حەوت ساڵە لە چاوەڕوانی دام
خۆم پرێسکەیەک لە خەم خۆم بوخچەیەک پەڕۆی ڕەش
لە جانتایەکی شانمدا کتێبێکی چیرۆکی کێ ونبووم هەڵگرتووە
لە بەرگی کتێبەکەدا نووسراوە
پەپوولەکانی ساڵی هەشتا و هەشت چوون بۆ بەهەشت.

٦٦) ئەم دێڕەیان کاریگەری شیعری بۆ دەروێش عەبدوڵڵای گۆرانی پێوەدیارە.

## بەخت ڕەش

ئەمشەو دڵم پڕ لە خەم و
چاوانیشم پڕ لە گریان
ئەوەی ڕەحمە بەمنی ناکا
هێرشم بۆهات چەشنی زریان
هیچ لەگەڵ شەنسم ناکرێت
ئاقیبەتی من هەر وایە
ساڵانێکە چاوەڕوانم
ئەستێرەی بەختم هەڵنایە
ئاخیر خودا چیم کردووە
بۆچی ئاوام بەسەر دێنی
زۆر تووڕەمە لەبێ بەختی
پێی بڵێ وازم لێبێنێ.(٢٠١٨)

## دایە گیان

هەردەم لەیادمی و قەت لە یادم ناچی
مەگەر شاخی باواجی لەجێی خۆی لاچی
خۆزگە ئێستا منت دەدیت
چەند پەشێوە حاڵم بێ تۆ
هەموو دونیا دۆزەخە لام
وا ماچ ئەکەم وێنەکەی تۆ
من زمانم بۆچییە کە نەتوانێ
وشەی دایە بدرکێنێ
زۆر بێنازم کەسێ نییە
دەست بەسەرم دابهێنێ
دایەگیان ببەخشە کە ناتوانم
گەوریت پێناسە بکەم
لە دوای کۆچی ناوادەی تۆ
هەموو شەوێ بە هێمنی شیوەن ئەکەم
هەموو هەفتەیەك ڕۆژی هەینی
گۆڕەکەت سەد جار ماچ ئەکەم.(شەوی پێنج شەممە ٢٠١٨)

## هیچ

دونیا هەمووی هیچە
ئای! دونیا هەمووی هیچە
ئەی هیچ
بۆ هیچ خۆت سەخڵەت مەکە
بە هیچ
ئەزانی ئەوەی لە دونیا بمێنێ چییە؟
میهرەبانی و خۆشەویستییە،
باقی هەمووی هیچ...

## دونیای بێوەفا

ئەو دونیایەی دەیبینی مەخسەدم سەرتاسەرە
چەند بڵێی بێوەفایە دوور لە عەقڵی بەشەرە
هێندەی هەوڵ بۆ دەدەین لەوڕۆژە بێخەبەرە
ئەوەی لێرە دەیکەیت لەبۆ ڕۆژی مەحشەرە
لە ڕەنگ و ڕوو ببینی چەندە جوانە مەنزەرە
پێمان وایە ئاڵتوونە زێڕە یانە گەوهەرە
فکری لێناکەیتەوە بۆدونیای دی خەتەرە
شەو و ڕۆژ دائیم سەعات دەیکەیت بە شەڕ و هەرا
وەك ئەحمەد شەماڵ دەڵێ: دونیا پێچی مێزەرە.

# کێ دڵی خۆشە بەم جەژنە؟

کێ دڵی بەم جەژنە خۆشە؟ تکادەکەم دەست هەڵبڕێ
بەبێ دەنگی ڕاوەستاوین، بە زەلیلی ژین دێتە ڕێ
کێ دڵی بەم جەژنە خۆشە؟ دە پێم بڵێن کوان ئەمانە
هەنسکی گریان ڕێنادا بەبێ خەم بنووم شەوانە
کێ دڵی بەم جەژنە خۆشە؟ گشتمان حەزین و هەژارین
جەژن پارەی دەوێ پارە کەچی هەموشمان بێکارین
کێ دڵی بەم جەژنە خۆشە با بۆم بێتە قسەکردن
جەژن لای ئێمە ناوێکە وا بۆ پیرۆزبایی کردن
هەموو جەژنێك ئێمە دەڵێین پیرۆزبێت جەژنی ئەمساڵ
هەژارانیش هەروا دەڵێن، بەڵام بە گیرفانی بەتاڵ. (٢٠١٨)

## باسی نەوت[٦٧]

چیت بۆ باس بکەم لە باسی نەوت

كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ

هەرکاتێك لەم کوردستانە کێشەی نەما دەستەڵات

بزانە ئاخر زەمانە خۆر لە خۆرئاواوە هەڵات

خەڵکی خەریکی ڕاوە دینارن

لە باوك و دایکی خۆیان بێزارن

لادێیان چۆڵ کرد ئێستا لە شارن

ئێستا دووژمنی بەر سۆبای دارن

ئەوساڵ عەوداڵی پار و پێرارن

تەخەروجەکان زۆربەی بێکارن

حەڵاڵ خۆرەکان زۆبەی قەرزارن

ماستاوچی و چەتەش خاوەن تەلارن

بۆیە ئەو خەڵکە گیرۆدەی خەمن

چونکە دۆستی چاك نییە و زۆر کەمن

برا لەلای برا نەیما متمانە

عالەم لە دۆستی خۆی بە گومانە

٦٧) لە یوتیوب وەرگیراوە لە نێو دەست نووسەکانی نەبوو.

لەم وڵاتە وەرەم دارە دزی باوە
شەوان خەڵکی دەرگایان قوفڵ داوە
منی لاتیش هیچم نەبوو تا دەرگای خڕ لەسەر داخەم
ئەوەی هەمبوو تەنها دڵێکی لەتلەت بوو
شەوان لە ژێر جێگاکەم حەشارم دەدا
من نازانم سەر بۆکام دەرگای یاسا بەرم
بەکام پەرلەمانتار بڵێم لەکام مەسئول بپرسم
بڵێم تۆش عاشقی یان تۆش دزی
ئەم حوکمەتە شێتەم دەکا چۆن شێت نەبم؟!
فەرمانبەرێکی بێموچە و دزدانێکی بێپارە و
بەرمیلێکی بێ نەوت و وڵاتێکی بێ کارەبا و
مەڕێکی بێ شوان و
قونسوڵخانەیەکی بێ فیزە و
فەیس بوکێکی بێ ئینتەرنێت و
تانکییەکی بێ ئاو و موبایلێکی بێ کارت،
چۆن شێت نەبم ئەم حوکمەتە شێتم دەکا.

## پیاوێکی ڕیش سپی[٦٨]

دیم پیرە پیاوی پیر و پشت کۆماو
بەخووڕ فرمێسکی ئەهاتن لە چاو
ئارەقە و فرمێسك نەرم بە کپی
دەهاتنە خوارێ سەر ڕیشی سپی
ئەو دیمەنەی وا هەستی بزواندم
داری ویژدانی لە بن هەژاندم
لێی چوومە پێشێ دانیشتبوو بە خەم
لە گەڵی کەوتمە گفتوگۆ و وەڵام
ـ وتم: سڵاوت لێبێ خاڵۆی بن دیوار
چۆنە تۆ ڕێگات کەوتۆتە نێوشار؟
من تۆ دەبینم زۆر بەداماوی
لە بن دیوارە هەڵتروشکاوی
سەر ڕووت و پێخواست تەواو خەفەت بار
کەوتوویە ناو ئەندێشەی ڕۆژگار.
دەزانم ئەتۆش هاودەمی منی
گیرۆدەی کوشتەی دەستی دوژمنی.
ـ وتی: ئەی ڕۆڵەی غوربەت شکێنم
دەستێ بەسەر و گوێتا بهێنم

٦٨) شێخ محەمەد سوارە - یوتیوب – ٢٠١٨

کوڕی شیرینم بینایی چاوم
برسییەتی بۆ ئێرەی هێناوم
وا مێزەرەکەم ڕاخستووە بۆ پارە
بەڵکو خێرێ بکەن خەڵکی ئەم شارە
چاوەڕوانم یەکێك بێتە دەرێ
سەد و پەنجاییەکم بۆ بهاوێتە سەرێ
بیکەم بە قوتی ماڵ و منالْم
کەمێك خۆشی کات حاڵی بێ حالْم.
ـ وتم: لە جێی خۆتان ئەم کارە ناکەی
تۆ داوای پارە لە خەڵکی ناکەی
دەڵێن بەرد لە جێی خۆی سەنگ و گرانە
ئەوەش پەندێکی باشی پێشینانە
ئەو کوردستانەی بۆیکرا خەباتی
بەتاڵانیان برد نەوت و داهاتی.
ـ وتی: نازانی چی کراوە پێمان
نۆ مانگە موچە نەدراوە پێمان
ـ وتم: دەزانی بۆچی ئاوایە
چونکە ئەم خەڵکە دوور لە خودایە
بێبەرنامەنەو دوور لە قورئانە
بۆیە ژیانمان ئازار و ژانە.

## دەستەڵات [٦٩]

هەرکات لەم کوردستانە کێشەی نەما دەستەڵات
بزانە ئاخیر زەمانە و خۆر لە خۆرئاواوە هەڵات
وەختێ گۆڕان پەیدابوو وتمان کشە حەل دەکا
ئەویش ڕەخنەگر نەما کەمێ چووە دەستەڵات
لەگەڵ هاتنی ئەم وەزعە نالەبارە
لەگەڵ هاتنی ئەم داعشە هارە
نەبوونی بودجە و باقی بێ پارە
ساڵ بەساڵ دەڵێین خۆزگەم بە پارە
خەڵکی خەریکی ڕاوە دینارن
لە باوك و دایکی خۆیان بێزارن....

٦٩) یوتیوب، ساڵی ٢٠١٦

## بۆ مەلیحەی هاوسەرم [٧٠]

هەر دوو دونیا فیدای چاوت بێ
ئەی جوانترین بەنی ئادەم،
هەرچیت دەوێ من ئامادەم
خزمەتکاری باش یان قاپ شۆر،
یان بیهێنمە دەست مانگ و خۆر
بەس بیستم دڵت تەنگە
ڕووخسارت زەرد و بێڕەنگە،
بێ مەرام دەزانم وایە
کارکردن قەت لە تۆ نایە.
خانم بۆخۆت سەرۆك ماڵی
بۆ جەستەی من پەڕ و باڵی
دوو دنیا فیدای چاوت بێ
یا بەژن و باڵای لاوت بێ
کە تۆی یاری بە عەبا
دروست کەری ژیانی تەبا
دڵ پڕ لە ئیمان و چاکی
وەك مریەمەی داوێن پاکی.
بۆیە قوربان گەر دەتەوێ
پاسەوانی ڕۆژ یا شەوێ
ئەی ڕووناکی ماڵی دڵم
تا ئەو کاتەی لە ژێر گڵم
با هەر بڵێن جەستەت نارە
پەروانەم ڕازیم بەو کارە.

---

٧٠) لە دەست نووسەکانی نەبوو لە یوتیوب وەرم گرتووە.

# من حەماڵم [71]

من حەماڵم بەڕەنجی شان
دەکەم بازاڕ دەکەم کۆڵان
بارێ بۆ ئەم بارێ بۆئەو
بارێ بۆپیاو بارێ بۆخان
ئا بەمجۆرە تا ئێوارە
منی نامیق ئابەم کارە
زۆر سەربەرزم لە ژیانا
لای یەك كاكە لای یەك خارە
عەشیرەتم ئاغاسووری
جارجار دەکەم یادی دووری
وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ
ئاخ لە دەست بێ پارە و پوول
پارەم لەلا قۆندەرەیە
قەناعەتم بە بەهرەیە
حەزم زۆرە لە قسەی خۆش
بە شیعری جوان دەبم مەدهۆش
بارێ دەبەم بۆ شوێنی دوور
ئەژنۆم شل و پشووم سوور
بەدیارکەوتەوە نامیقی شاعیر
ڕێزیان لێدەگرت بە گەنج و بەپیر
دوژمی بەندە تەنها گەرمایە
عارەقە دەکاو خۆی لێبەڵایە.

71) لە نامیلکەی (وەرە نێومالّی چاومەوە)وەرم گرتووە، سالّی چاپ٢٠٠٩، ل ٦

## بیرتان دەکەم

بمبەخشە خاک گەر لاشەکەم جێی شیاوی کۆشت نەبێ

مەمدوێنە چاوەڕوانی چیم لێ دەکەی زمان نەبێ؟

پەناهێندەی شارەکەی تۆم خۆم هاوڕێکەی پێنووسم

ڕێگام بدە بەسەرهاتی شارەکەمت بۆ بنووسم

پێیان وتین: زمان تەنیا بۆ خواردن و تامکردنە

نووسین لەسەر پەڕی گوڵێ مانای لە یادنەکردنە

توخوا دایە لێم ببورە کە فرمێسکم کردە هاوڕێت

دە لێمگەڕێ هەموو ساتێ ببمە قوربانی تۆزی پێت

برا و خوشک و هاوڕێیانم بەنیاز نەبوو جێتانبهێڵم

لەگەڵ شیعری هاوڕێما بەدوای ناوداریا وێڵم

بیرتان ئەکەم ئیتر کاتی زیکری عەشقە و ئەبێ بڕۆم

بۆ ڕووناکی ژوورەکەشم پەڕەی مێژوو ئەکەم بە مۆم. ٢٠١١

## دیارییەک بۆ کاک نامیق تەلانی

## برات: شێخ‌الدین شێخ بزێنی، هەولێر، ٢٠١٣

کاک نامیق ڕەفیقی خۆم
خۆ پاقلاوە نی تا بتخۆم
هەرچەند قەبەی، ئێسک سووکی
مەشەخەڵەی ئاگری کەرکووکی
تیشکی خۆری بەربەیانی
وەسفت ناکرێ هێندە جوانی
ڕووی ڕەش بێ نەبوونی و زەمان
گوێ پێ مەدە پلە و سامان
مەحبووب و گفت شیرینی
وەکو هەنگ خاوەن هەنگوینی
نەک وەک خەڵک تاڵ و زەقن
لەگەڵ یەک بە بوغز و ڕەقن
وەکو چیای سەفین لام بەرزی
چاونەترسی و چۆکنەلەرزی
بەسوودی وەک بابەگوڕگوڕ
بە هەژاری و جل شڕووڕ

شیعر سەرمایەی ژیانە

هەبوونی خەم و گریانە

کۆڵنەدەر و تێکۆشەری

دارێکی بەرز و بەبەری

زۆر سوودت ئەبێ بۆ میللەت

ناترسێی لە قەنارە و پەت

بە نان و ئاویش شوکرانەی

وەک بەچکە شێری ناو لانەی

قەڵەمی دەستت بڕنەوە

دەنگت وەکو قاسپەی کەوە

دڵت وەک باغ و بێستانە

سینگت شاخی کوردستانە

سەربەرز و چاو ئەستێرەی گەش

شادی دونیا بگرە باوەش

باکت نەبێ بە نەبوونی

شاخ و کێوی هەم ئەستوونی

بیر و باوەڕ نەگۆڕاوی

سەرکەوتووی و نەدۆڕاوی

قەڵەم چەکە و لە شانتە

مایەی سەربەرزی و مانتە

وەکو دەبان ناو کالانی

ئەی شۆڕەسواری تەلانی

ئەبێ تا ماوین تێبکۆشین

خاک بە بێگانە نەفرۆشین

برای تۆمە شێخ بزێنیم

تەنها بۆ سەربەستی تێنیم.

# (٣)
# تـەنـزە شـــیعر

## حەزم لە کۆشتە[٧٢]

کچە حەزم لە گۆشتە
لە گۆشتەکەی لە کۆشتە
بۆوا حەشارت داوە
ئاوا کردووتە کۆشتە.
خۆ عەزیەتت نادات
گۆشتە ئەچێ بە گۆشتە
کاتێ کە تەواو دەبیت
خۆ خۆشییەکەی بۆ خۆشتە
ئی تۆ گۆشتە هی من گۆشتە
خۆشیت لە شیشەی گۆشتە
بیخۆی پێت دەڵێم خۆشتە.

٧٢) لەم شیعرە لە سجلەکانی نەبوو لە ٢٠٢١/١١/١٦ لە تیك تۆك بە دەنگی نامیق تەلانی بەرچاوم کەوت و نووسیمەوە. دوو دێڕی سەرەتای شیعرەکە پێشتر بیستراوە فۆلکلۆرە و دەسکاری کردووە و شتی بۆ زیاد کردووە.

## مەدرەسە

مەدرەسە خۆشە مەدرەسە
بیدون جەبر و هەندەسە
دەهەستن قوتابینە
گەشاو و عوسمان و مینە
ڕاستە $H_2O$ئاوە
توخواکەی ئەمە ناوە
با بێینە سەر دەرسی بیرکاری
مێشکی بەشەری دەهاڕی
توخوا ئەم باسە بەسە
با بێینە سەر هەندەسە
سێ لا جارم سین ناقس ساد
معەدەلم ٣٠ دەردەهات
وەی بابە چیم بەسەرهات.

## لەپەناتا [٧٣]

هەڵی ئەسێنم ئەو کەسەی دائەنیشێ لەپەناتا
ئەگەر حەزدەکەی دەیمژم خوێنی ئەوەی بەتەماتە
بۆتدەردێنم خوانەخواستە ئەگەر درکێك چوو بەپاتا
هیوایەتم شتی خڕە وەك پرتەقاڵ و تەماتە
بەبیرم دێ بۆمگرتیت و هاوارت کرد توند قیژاندت
پێت ئەوتم سووك بیگرە ئەو قۆڵنجەم توو ویژدانت
بەبیرت دێ لە نیوسەعات شازدەمان کرد
کولیجەی جوان بە ناوکی گوێز شل شلمان کرد
بەبیرت دێ پێت دەوتم دەستی تێخە
خەنەی چاکە پڕ ئەزمەیە بۆمی تێخە
یەکێکمان بدەرێ لەو دەسەسڕەی کەچنیوتە
کەی پیشانمی دەدەی ئەو شیعرەی کە نووسیوتە
کچێ دایکەنە با دڵخۆش بم بەرگی خەفەت و سەرسوڕمان
پێمخۆشە من بیکەم و تۆش هەڵیگری تەلەفۆن بیکەیتە سەرلێوان
هەردوو قاچت هەڵبڕە ئەم کەوشانەت با لەپێکەم
دەمم بۆ داچەقێنە ئەم نووقڵانەت با بۆتێکەم

٧٣) ئـەم شـیعرەی لەسـەر بنەمـای شـیعرەکەی مـەلا غەفـووری مهابـادی نووسـیوە، بەتایبەتـی حـەوت دێـڕی کۆتایـی نەقـڵ کـراوە. دوا دێڕیشـی لـە دەسـت نووسـەکەی نەبـوو، کاتـێ لـە یوتیـوب گوێـم بۆگـرت ئـەو دێڕەشـی لەگـەڵ بـوو بۆیـە نووسـیمەوە.

ئەوەنەم بۆپاڵنای ئارەقەی شین و مۆرم کرد
سەیارەکەت کوژابووەوە ئاخیری هەر هەڵمکرد
ئەگەر حەزکەی بیگری قەیناکا بیگرە دەست بەجێ
ڕۆژووی ڕەمەزان خێرە هیچ کات ئەوت بیرنەچێ
کون نەکراوە با کونی کەم لووتەوانە بۆلووتی تۆ
تۆزێ تەنگە بابۆتتەڕکەم ئەنگوستیلە بۆپەنجەی تۆ
گیانەکەم خۆتۆ هەزار جاری ترت داوە بەمن
قەولی بێکردەوە و هەر وشکە ڕێم هەر بەهیوات
هەرنەبێ تاقە یەکێکم بدەرێ لەو دەستەسڕەت
با پێی بسڕم دەم و لێوی نەبات
کەنگێ بۆمدادەکەنی خۆمی بەسەر دابکێشم
کەوشەکەت ماچ کەمەم و سەردانێمە ژێرپێت کز و مات
ڕەنگە لەبەر تەسکی و لەبەر تەنگی تێت نەچێ با بۆتتەڕکەم
ئەو دەستە شل و نەرمانەت بازنە و ئازاری نەدات
پێش و پاش بۆمن هەروەکو یەکە
زەردەلیمۆت بخەمە دەممەوە یا پرچی سیات
وەرە پێشێ نایەڵم بتهێشێ با بۆتتێخەم
ئەم دوو ئەنگوستیلە ئاڵتوونە لە قامکت بەخەڵات.
بەدڵخۆشم مەزانە لە کاتی پێکەنینا
باڵندەش هەڵدەپەڕێت لە کاتی سەربڕینا.

# پیرزین

ئێمە شەش کەس لە پیرزین
چوین بۆ مریشك دزین
گۆشتی مریشکی دەواجین
دەیخۆین و ناعیلاجین
گۆشتی مریشکی خۆمانە
بۆ نەخۆشی دەرمانە
گۆشتی مریشك و کەڵەباب
خۆشترە لە نان و کەباب
هەی جوجەڵە جوجەڵە
عەمر و دیدەم جوجەڵە
مەترسە هاوڕێی خۆتم
هێشتا لێم نەکردبووی تام
بە دەستی شورتەی گیرام
فڕێیاندامە محەتە
وا توش بووم بە گرانەتا
بەربوونم زۆر زەحمەتە
ئەی جوجەڵە جوجەڵە
ئاخیر جێت ناو مەنجەڵە
گۆشتت بۆمن قابیلە
ئێسقانت بۆ پشیلە
ئەی جوجەڵە جوجەڵە
عومر و دیدەم جوجەڵە.

## شیعری تەعلیق[٧٤]

کە من نەخلی مورادم بێ سەمەر بێ

حەقم چییە؟ خەستەخانە بێ دکتۆر و بێ خەفەر بێ

جا دەوەرە بەقوربانی چاوت بم

تۆ قاچاخچی من شۆفەڵ و سۆپەرت بم

وە مەرگت ئازیز دڵ نەخرۆشان

یاپراخی گەڵامێو هەر یەك جار خۆشەن

گیانم بە فیدای سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر

باوکم سێ خانوی فرۆشت من هێشتا نەمکرد سەفەر

قەومەکان بەو زادە حوکمیان لەسەر بەحر و بەڕە

لەو ئاغایە زیاتر حەزم لە بریانی مەڕە

چەشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و ڕۆحی شیرینم نەهات

ترافیك سوری تۆخیش بێ سەیارەی مەسئول هەر دەڕوات

کە تۆ قیبلەی دەمت  سابێنە قوربان

حاڵ وابڕوات ئەمساڵ کەس ناچێتە سەربان

فەلەك ڕەحمێ بە حاڵم کە بێ غایەت دڵ پەرێشانم

٧٤) دیارە شاعیر سوودی لە نیوەدێڕی کۆمەڵێ شاعیر وەرگرتووە و وتەی خۆی بۆزیادکردووە لەوانە: نالی، مەولەوی، کوردی، بێکەس. بەتایبەتیش نالی کە لە سێ چوار شوێن نیوەدێڕەکانی نووسیون.

سەیری قەد و باڵام مەکەن عانەی تێدا نییە گیرفانم

یار دڵی غەمگین بوو چاوی پڕ لە گریانی دەوێ

هەفتە نییە لەم وڵاتە دوو سێ عوتڵەی تیا نەکەوێ

دڵبەرا پەی ڕوی فیراقت دڵ دەناڵێنێ چون ڕەباب

سێ بەشی دونگ سەمونە شازی کەباب

داغداری ئەلفی باڵات با لە ڕووت مەحروم نەبێ

بە ماچی لێوەکانت پێم وانابێ چ دەبێ

من لە زکر و فکری تۆ غافڵ نەبوم وا تێ نەگەی

حەپس و تێهەڵدان و زیلە تۆی لەبیربردۆتەوە

هونەرمەندێك کۆچ دەکات بە پەیکەر یاد دەکرێتەوە.(٢٠١٣)

## کارەبا

عەمر و چاوم کارەبا

چۆنی باشی مەرەبا

مەرحەبا بەم هاوینە

وەرە حاڵم ببینە

بینین یەعنی تەماشا

ئەم وەزعە تەڕەماشا

تەڕەماشیش خواردنە

گشت ڕۆژێکمان مردنە

مردووش ڕاست بۆ گۆڕستان

لەبەر گەرما و لەبرسان

برسان یەعنی لەبرسان

بەعزێکیشیان لە ترسان

ترس یەعنی تۆقاندن

تۆقین لە دەست وەشاندن

دەست وەشاندنی بەرد و دار

وەك تێڵی دەستی توجار

توجار یەعنی بازرگان

بۆ زل کردنی ورگان

ورگن یەعنی زل زلی

زلی لە شان و مل هوڕی

تۆڕ وەك تۆڕی قاعیدە

ئینفیجار و مەوعیدە

مەوعیدیش یەعنی ژوان

ژوان لێدانی قەوان

دیسان قەوانی جاران

وەکو گەمەی منالاَن

منالْ یەعنی خەڵەتاو

وەك جۆگەیەکی پڕ ئاو

ئاو زائیدن کارەبا

بۆچی نایکەی مەرحەبا

بۆچی لێم بێ ئاگا بووی

لە کام دام و دەزگا بووی

لە کام گەڕەك چەتاڵ بووی.

لەکوێ زیندە بەچاڵ بووی[٧٥]

لە گەڕەکی دۆلار بووی

٧٥) تا ئێرە لە هەردوو سجلەکە نووسرابوو، بەڵام لە سجلی سێیەم ئەوەندەی بۆزیادکردبوو.

بەچەند دەفتەر فرۆشرابووی
وەرە سەیرێکم لێدە
یەك ئەمپێر هێزم پێبدە
هەر لەبەر موبەریدە
بەخاتری موبەریدە
موبەریدەش یەعنی با
باش بە زەبری کارەبا
کارەباش چ کارەبا
بەشەو حەیای شار ئەبا
دونیا مات و خامۆشە
خەڵك بێ مەی سەرخۆشە
ئەو خەڵکە وەکو مەڕە
لە ئاست کارەبا کەڕە
ئەو خەڵکە وەکو مەڕە
لەئاست دەستەڵات کەڕە.(٢٠١٨)

## گفت و گۆی کچ و کوڕێك

به کچێکم وت خۆشم ئەویی
ئەویش گوتی ڕقم لێته
وتم بۆچی ئەی خوێن شیرین
وتی لاچۆ ئەی ناشیرین
وتم هاتم کەپێت بڵێم
وتی قسەت ناچێته گوێم
وتم خۆشم دەوێی وەڵا
وتی لاچۆ ئەی بەرەڵا
وتم تۆمبینی سەفەرێ
وتی ئینجا چاوت دەرێ
وتم خۆت بەچی ئەزانی
وتی توخوا تۆ ئینسانی
وتم بەخوا ئەتکەپڵێنم
وتی قەپۆزت دەشکێنم
وتم کچێ با لێت نەدەم
وتی سەرزل تێکت ئەدەم
وتم من زۆر چەقاوەسووم

وتی منیش بێچاوەڕووم

وتم هەرئەبێ بۆمن بی

وتی یاخوا تۆ بۆ گڵ بی

وتم ئاخر حەزم لێتە

وتی ڕەفتارت وەك شێتە

وتم وانابێ گیانەکەم

وتی جا چۆن سیقەت پێبکەم

وتم بەسەری تۆ چاوڕەش

وتی ماستاوچی و قسەخۆش

وتم جا تۆ چیت بیستووە

وتی: ئەوەندەم ویستووە

وتم: دەی دەی وانەرم بووی

وتی: لەبەرچاوم جوان بووی

وتم: قەدری جوان لای جوانە

وتی: پەندی پێشینانە

وتم: دەست بخە نێودەستم

وتی: باشە خۆشەویستم

وتم: ئێستا دڵتم بدەرێ

وتی: وابۆت دێمە دەرێ.

## دۆلار[٧٦]

دۆلار نەمرە وەکو خاك
دۆلار باڵای بەقەد باڵای کوردستانە
سارێژکەری زامی دڵی دەوڵەمەند و
خەمی دڵی هەژارانە
دۆلار ئاوە تونیەتی زۆردار ئەشکێنێ
پەنجە و دەستە چینی هەژار ئەخنکێنێ
سۆمای چاوە تۆسقاڵێکیش حەق نابینێ
چەکی دەستە چەتە و جەردە دەتۆقێنێ
باوك و برایە لەتەنگانە هانا دێنێ
لەوەتەی من زۆردار دەناسم
بۆ دۆلار زۆر کەساسن
لە خەباتی شاخ و شارا
تەنها ئاواتیان دۆلارا.

٧٦) لەژێر کاریگەری شیعرێکی شێرکۆ بێکەس نووسراوە، کە بۆشەهید نووسراوە و دەڵێ: شەهید نەمرە وەکو شاخ – وەکو بەهار و گوڵەباغ...

# (٤)
# شـــیعری وەسـفی ســروشـت

## چنارۆك

چنارۆك ئەی بەهەشتی دڵگیر
سەرت سارایە تەختی شاهو میر
بەلای ڕاستتدا دێی باداوانە
جێی چوار شەهیدی زۆر قارەمانە
بەلای چەپتدا گوندی بڵباسان
هەوارگەی كۆن و چاك و میرخاسان
لە سەروشییەوە شاری شەهیدان
جێگای شاعیر و شوێنی تێكۆشان
لە خواروشییەوە دێی كانی كەندە
تەپۆلكەی زۆرە و بۆ لەوەڕ مەندە
هەوارگەی ڕەنگین چەند بڵێی حەزین
هەرچەند وەسفت كەم تێر نابی لە بین
وەسفی خاكەكەت چۆن بڵێی وایە
دەشت و دۆڵ و تەپۆلكەی تیایە
هەموو ئەرزەكەت پەرژین كراوە
هەركەس بەشی خۆی لەوێ پێ بڕاوە
كوردستان خاكت پیرۆز و جوانە
جێگای داستانی پێشمەرگەكانە
هەر چوار وەرزەكەت وەكو گوڵ جوانە
سەرنج ڕاكێشە و زۆر شاعیرانە

وەرزی هاوینت فێنك وەك كوێستان
تێدا دەخوێنێ بولبولی جوان جوان
وەرزی بەهارت بەهەشتی خوایە
لەكوێ دانیشی گشت سەیرانگایە
لە پایزیشا سازە بۆ شاعیر[٧٧]
چنارۆك خۆشی و قەت ناتكەم لە بیر
لە زستانیشا خۆشە بۆ ڕاوچی
كەروێشك بگرێ بەتولە و تانجی
هەرچەند شوێنەكەت تا بڵێی بەرزە
(نامیق)ی شاعیر بەتۆ سەربەزە
من نازانم چۆن پێناسەت بكەم
زۆر خۆشەویستی وەك هەناسەكەم
دەوروپشتت زێڕی ڕەشە
ئەی هەوارگە مومتازەكەم.
٢٠٢٠/١١/١٧
شەممە

٧٧) شیعری چنارۆك، شیعری (نورەدین سابیر بورهان)ە، لە دایك بووی ساڵی ١٩٥٦ ی شاری كۆیەیە، لە شیعرەكەدا باسی شەهیدان دەكات، كە مەبەستی شەهید سەرباز و (شەهید شەماڵ)ە، كە لە ساڵی ١٩٨٣ لە باداوان بەرامبەر چنارۆك شەهید بووین، نامیق ئەم شیعرەی وەرگردتووە و كەمێك دەسكاری كردووە و سێ دێڕەكەی كۆتایی هی (نامیق)ە.

## شاری کۆیە

بەیانییە و وا خۆر هەڵات ڕووناکی بۆ شارم هێنا
باواجیش بە شانەی دەستی پرچی کۆساری داهێنا
هەیبەتسوڵتان خۆی گۆڕیوە بە جلی ئاڵووالاوە
لەولاشەوە هەڵپەڕکێیە کوڕ و کچە دەست گیراوە
قشڵەی دێرین لە چوارلاوە دەڕوانێتە شاری حاجی
تا بیزانێ کێ غەمبارە بەڵکو بۆی بکات عیلاجی
حەمامۆکیش بە ئاو سەیرانگاکەی عاشقانی ئاشتکردەوە
گردی قەمبەر لەم بەهارە بەرگی نوێی لەبەرکردەوە
درەختە بەرزەکانی ئیسکان دەستیان لە ملی یەکدایە
پێشوازی لەم جەژنە دەکەن، دەڵێن: پیرۆزبێت خودایە. ٢٠١١

# (٥)

# شیعری نیشتمانی

## ڕابن

شاخێکی شیعر هات
شاخێك کە خودا ئاسۆیەتی و
کورد بناری
ڕابن
سەرچاوەی دیجلە هات
عەشق نامەی ئەم وڵاتە و
پێغەمبەری مەم و زین هات.

## کاتێك

کاتێك خۆر لە ئاسۆوە سەر دەردێنی
کاتێك شوان شمشاڵ دەژێنی
کاتێك شەماڵ سەر ڕووی زەوی دەهەژێنێ
کاتێ پێشمەرگە بۆ خاکی مێشکی خۆی دەپڕژێنی
کاتێك دڵدارەکەت نامەکانت دەسووتێنێ
کاتێك پێنووس دەیەوێ
وشەی خۆشەویستی بدرکێنێ
ئا لەوکاتەدا یادگارییەکان بەکۆمەڵ هێرشم بۆدێنێ
دێت و دەڕوات ڕۆژگار
هەر دەمێنێ یادگار.

## ئاگرە سوورە

من پشکۆیەک لەو ئاگرەم کە ئاسنیش دەتاوێنێ
من دڵۆپێک لەو بارانەم کە دەریایەک بەدی دێنێ
من شەماڵم، ئەو شەماڵەم پڕ لە شنەی  بەسۆز و تاو
دەمەو بەهار بەفری داگیرکەری وڵات دەکەم بە ئاو
من ژیلەمۆم، ئەو ژیلەمۆی دوای هەزاران ئاو بێ پرژان
کاتێ ساوای باوک کوژراو فرمێسک ئەڕژێنێ بە تاسە
من بەسۆزتر لەو ئەسرینەم بەهێزترم لەو هەناسە
من باوەڕم بومەلەرزەم دڵی زەوی دەلەرزێنم
کێو و تەلان لەبن دێنم هەموو جیهان دەهەژێنم
من ڕووناکی ئاسۆی ژینم، وەک تاو هەڵدێم بۆ ژێر دارستان
من شۆڕشم، ئاگرە سوورەم ئاگرە سوورەکەی کوردستان.

# (٦)
# شــيعرى ئايينى

## له مجنوونم مەپرسن كە

گەر نەسیمێ هەڵکا لە شنەی باخی ئەو
خەراباتی دڵ ئاوا دەکا لە تاریکی شەو
بێ نووره داگیرسانی شەمعی نووری شەو
گەر ناوی نوورینی منەوەره نەکا دڵ بێ نووره شەو
تەیکەم لە عیشقی ئەو سەرەتا سەری عالەم
ناوی هێدی بەخشە بۆ دڵی بێ ئۆقره و هاوار و ناڵەم
ئەی پەنام چ باکم لە کێشانی ڕۆح بێ
کە ئاوێتەی ڕۆح بێ چ لە ژێر خاکە بێ یا لە جەستەبێ
تەبیبی دڵ بیمار و تاساوی تێنوو دەشکێنێ
نیگا جگە لەڕووی ئەو حیفە چاو هیچی تر نابینێ
لە مەجنوونم مەپرسن ئاخۆ حاڵی دڵ چی بێ

## که تۆ هاتی[٧٨]

که تۆ هاتی بۆسەر زەوی ڕۆشنتان کرد ئەم زەمینە
که تۆ هاتی ئەی پێشەوا پێت گەیاندین ئا ئەم دینە
هەر شوێنێك کە تۆی لێژیاوە ئەو جێگا گوڵباران کراوە
دونیا بۆنی مسکی گرتووە و دیمەنی سروشت ڕازاوە
هەر نەمزانی چی بنووسم بۆ ئەم یادەت تابیخوێنم
هاتووم ئا لەم میمبەرەدا سەڵاواتت بۆ بنێرم
با لە یادی لەدایك بوون ئاسمانی شار گوڵباران کەین
ڕۆژی کۆیەش هەروەك بەهەشت پڕ ڕووناکی و چراخان کەین
ئەو شاڵەی کە دەیپۆشیت لەخۆت جوانە هەر لە خۆت دێت
چونکە بێشك لەوەی ئیسلامی پێ بەرز دەبێت
ئەڵڵاهو ئەکبەر دڵ و دەروون دەکاتەوە
ئەوەی گوێبیستی نەبووە دەبا تۆبە بکاتەوە
وا شنەی باش بەسەر جیهان عەتر و گوڵا و دەپڕژێنێ
هەر چڵە و وا گوڵ دەهێنێ کە خۆی بەتۆ بناسێنێ
دڵمان شادە کە ئیسلامین پێغەمبەرمان لەبیرناچێ
تۆ وەك ڕۆح وای لەناو جەستە وا بەئاسانی دەرناچێ

٧٨) ئەم شیعرە بە لاپەڕەیەکی جیاواز و بە دەست نووسراو نەك کۆپی لەنێو ئەرشیفەکەی زامدار ئەحمەد بوو، مسوەدەبوو زۆر خەت خەتۆکەی تێداکرابوو، هەرچۆنێك بوو خوێندمەوە و تایپم کرد، شیعرەکە ناونیشانی نەبوو، دەست پێکی شیعرەکەم کردە ناونیشان، ڕێکەوتی نووسینەکەی نە نووسرابوو.

بانگدانم چەند لاخۆشە کە ناوی پیرۆزتی تیایە

بۆ تینووی دڵی ئیماندار هەر وەك نەغمەی باران وایە

ڕۆیشتمان بۆ حەج دڵگیرە جەستەمان پێ چالاك دەبێ

دڵی سەخی لە دوورەوە بەشی خێر و چاکە دەبێ

لە وەسفی ئەم لە دایك بوونەت دەبێ بەرز ڕابگیرێ

زمان لاڵ و قەڵەم کول و شاعیریش دەستەوەستان دەکرێ.

# (٧)

# چوارینەکانی تەلانی

هەرچەنـدە چوارینـەکان چەنـد مەبەسـتێکی شـیعرییان تێدایـە، لەگـەڵ مەبەسـتە شـیعرییەکان داناندرێ، بەتایبەتـی مەبەسـتی: دڵـداری و کۆمەڵایەتـی، بـەڵام حـەزم کـرد چوارینـەکان هەمـووی پێکـەوە بـن و لێکیـان دانەبڕێنـم. سـەرجەم چوارینـەکان لـە سـاڵی ٢٠٢٠ نووسـراون، تەنهـا چەنـد دانەیـەك نەبـێ لەکاتـی تـر نووسـراون و ڕێکەوتەکەیـان لەگـەڵ نووسـراوە.

هاتومەوە تا بمبەخشی بە ڕووناکی چاوەکانت
گەرچی(نامیق) تاوانبارە لەبەردەرگای یادەکانت
ئەمجارەیان هاتومەوە فرمێسکی چاوم بۆ بسڕیت
لەژوانێکدا دابنیشین بۆ چەند ساتێك گوێم بۆ بگریت.

***

ئەو کاتانەی بە هەناسەت گوڵی حەزم ئەشنێتەوە
بەفری خەمم بەهەتاوی نیگای چاوت ئەتوێتەوە
بۆ پەرژینی چرای ڕۆحت من هەمیشە پەروانەی تۆم
دڵنیابە لێت زویر نابم تۆ فریشتەی بەهەشتی بۆم.

***

پاشاگەردانە وڵاتم لە چەوتیا بێ ئەژمارە
مامۆستای خانەنشینە لەڕاستیا نەخوێندەوارە
کەسێ ویژدانی تیامابێ خیانەت لە ماڵی خوا ناکا
سەد پاسەوان و مزگەوتێ نیوە بەنیوە بن دیوارە.

***

تێناگەم بۆچی بەو چەشنە خەڵکی بێ دەنگە ئێستاکە
مامۆستا پێشڕەوی دینە لە ئاست ئەو ئەرکە بێ باکە
ئەوەی دوێنێ کاسەلێس و کەڵبەی تیژی دوژمنم بوو
ئێستاکە فەرماندەی هێزە و خەڵکیش دەڵێن پیاوی چاکە.

***

ڕێگەمدە فرمێسکی چاوم زامی دڵت بشواتەوە
لێی گەڕێ ئەژدیهای کینەت خوێنی جگەرم بخواتەوە
لە زمانی عەشقم تێناگەی ناتەوێ گوێت لە شیعرم بێت
ڕۆژێ دادێ بۆ ئەو هەستەم فرمێسکت ڕووت بشواتەوە.

***

شادومانم کە دەبینم ئەمڕۆ گەنجەکان هۆشیارن
بۆ ئایندەی گەل پەرۆشن هەرچەندە بە ئاستەم دیارن
تاریکی هەرچەندە بەهێزبێ تیشکی مۆمێك ناخنکێنێ
وەك پەپولەی ناو قۆزاخە چاوەڕێی وەرزی بەهارن.

***

دوێنێ ڕۆیی نایەتەوە قەت ئاخی بۆ هەڵمەڕێژن
با بڕۆین بۆ قەزای دوکان گوێم لێیە هەرچیم بۆ ێژن
وەسیەتی(نامیق) ئەوەیە چەند ڕۆژێ پێش مردنی
بەخزم و کەسم گوتووە لە گوندی تەلان بمنێژن.

***

لەوڕۆژەی چاوەکانم شەیدابوو بەو چاوە جوانە
لەوڕۆژەوەی خۆشەویستیت ڕازێکی بەرزوو پەنهانە
لەوساتەوە پەنجەکانم نۆتەی ئاوازێ دادەنێت
بۆیەکەم ڕۆژی ئاهەنگت خەندەیەك بدات بەولێوانە.

***

لەوکاتەوەی تارای خاکم بە ڕەنگی گوڵاڵە سوورە
لەوکاتەوەی کانیاوەکان ڕازی کچیان دووربەدوورە
لەوکاتەوەی کزەی شەماڵ تێکەڵ بە گڕی دەروون بوو
لەوساتەوە لاشەی بێگیان ئاوارەی ئەو دیو سنوور بوو.

***

خۆزگە منیش وەك فرمێسکی چاوەکانت دەهاتمە دەر
هەموو تەمەنی بەختیاریم لەسەر گۆنات دەبردە سەر
هێندە ژیان بایەخدار بوو نزیك بام لە ڕووخساری تۆ
بێباك بووم لەو کفنە مەرگەی بەدیار لێوت دەمکردەبەر.

***

سەرم سوڕماوە لە باسی مەلێکی سەر زەوی ئادەم
گەلێ جار زڕخەوی کردوم کاتی تەنیایم دەم نادەم
هەزار و یەك پرسیار دەکەم زۆربەیان بێ وەڵام ماون
هەڵەی ئەویان یاساییە دەبێ من باجی ئەو بدەم.

***

ئەڵێن گۆی زەوی دەسووڕێتەوە

ئەی بۆ زەمانە ناگەڕێتەوە

گەر مرۆڤ لە قوڕ دروست کرابێ

ئەی بۆچی باران نایتوێنێتەوە؟!

***

گەڵێ جار پێم وایە مەستم باوەڕ بە هەندێ شت ناکەم

باوەشی دایك بە سۆزە چۆن دەبێ لەو هەستە ڕاکەم

ماسی لە ئاوی لێڵ ناژی هەرچەند شیرین و سازگاربێ

دەڵێن جام پڕبوو لێی دەڕژێ هەرچەندە باوەڕش ناکەم.

***

ئەو ڕۆژگارە نەما باوی خەڵکی گوێ لە قسەی تۆ بگرێ

بێزاربووە لەو پەندە پووچەی لەکوێ پسا بیدەی گرێ

ئێستا تێگەییەوە و شێواوە هەموو ژیانی گرێ کوێرە

وەك بەرماڵی سۆفی ڕزیوە پێوەی نەما پینە بکرێ.

***

گوتیان بۆچی بێدەنگ نابی چیت لەو خەڵکانە زیاترە

کێ لە خەمی میللەت دایە وازبێنە زمانت بگرە

زۆربوون ئەوانەی وەکو تۆ دەیاننووسی ئێستا لە کوێن

منداڵت بێ باوك مەکە و بای دێ کڵاوەکەت بگرە.

***

لەسەر و ژێری تەمەن دام، چاو بۆهەورازێ دەگێڕم
نیشانەی پیری دەرکەوتن چیتر ناتوانم وەیشێرم
ژیانی مرۆڤ کۆڵنەدانە کێ خۆی بۆمردن داناوە
بۆ دەربڕینی ئەو ڕازەش ئێوە بە تەمەن دەسپێرم.

***

ئەو ڕۆژگارە نەما باوی بڵێن وسبە دێ شەولەبان
کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵك بکڕن وەك جامباز لە گەڕ و مەیدان
فشە و درۆتان دەرکەوتن تێگەیشتین هەر خوێن خۆرن
جیاوازییەکمان لێتان نەدی جیاوازبێت لە پێخوسەکان.

***

خۆزگە منیش وەك پەپوولە بەربەست لەڕێگەم نەبوایە
لە هەرباغێك ویستبام گوڵیکم بۆن بکردایە
هەموو تەمەنی ناسۆریم بەتاسەوە جێیان هێشتم
چی دەبوو تەنها جارێ شادی لەدەرگای دابایە.

***

زایەڵەیەك دێتەبەرگوێم، دەنگی خنکاوی ڕۆژگارە
سەرسامی کردم ئەو دەنگە، لەچەشنی خێوە نادیارە
هاوارێك پچرپچرە، لە نزای سۆفییەکان دەچێ
وەك دەنگی شاعیر نووساوە، پێم وایە ناڵەی هەژارە.

***

حەوت بەنزینخانەت لە کوێ بوو پێم ناڵێی لە کوێت بووە

باوك و باپیرت دەناسم وەك من هەژاری دۆست بووە

خۆگەر باسی خەباتیش کەی تەقەیەکتان تیانەکردووە

توو ویژدان لەخۆت ناپرسی چۆن چۆنت پەیدا کردووە.

***

قەتیس ماوە لە چاوانما فرمێسکی ئەوین و دووری

هەناسەی ساردم هەڵمژی بەهانام نەهات سەبووری

کەمن مردم لە پاش من چی خۆزگەش دارێکی بێبەربوو

فەرامۆشیت نەدام جارێ بێت و بەلامدا ڕابووری.

***

هەرچەند دەڕوانم لێکدوورن هەنگاوی تۆ و حەزەکانم

لە دەرگای مێژووی زۆرمدا ورد ورد گەڕان چاوەکانم

لە ڕابردووی هەژدەساڵدا هیچ خەونێکم نەهاتە دی

لەیەك پۆلدا شێست قوتابی لە ئایندەی کوێت بڕوانم.

***

هێلانەکەی جێناهێڵێ مەلیش لەترسی مارنەبێ

گوڵ بۆنی مردووی لێنایێ سەرچاوەی ئاوی تاڵ نەبێ

لەپاش بارانی زۆر باوە کۆلکە زێڕینەی خۆر هەڵدێ

جوانی ئەستێرەکان نابن هێزی تاریکی شەو نەبێ.

***

تووله‌ماری ڕێم زۆر بڕی تاکه‌یشتمه که‌ناری تۆ
خه‌ونه‌کانم یه‌ك یه‌ك مردن دوور له‌باڵا جوانه‌که‌ی تۆ
نه‌بوو ڕۆژێ بڵێم ئۆخه‌ی له ده‌ست ئه‌و عه‌شقه ناکامه
خۆشه‌ویستیت سه‌رابێ بوو له بیابانی ئه‌وینی تۆ.

***

من که ناچارم ئێستاکه تۆم براگه‌وره و سه‌روه‌ری
گه‌نده‌ڵی وا میلله‌تی خوارد وه‌ك بڵێی تۆش بێخه‌به‌ری
هێنده‌م چاوپۆشی لێکردی پێت وابوو گێل و نه‌فامم
بۆ ڕووباری بچووك نابێ که‌شتی ڕاناگرێ له‌نگه‌ری.

***

ویژدانت چه‌شنی زیندانه هه‌زار ژووری تاکی تیایه
له هه‌ر ژووره و جۆره زه‌برێ دژ به‌و خه‌ڵکه له‌ئارایه
باکت به‌ناڵه‌ی هه‌ژار و ڕه‌شپۆشه‌کانی شار نییه
پێت وانه‌بێت ڕۆژگار دۆسته دووڕووه زۆر بێوه‌فایه.

***

له‌وڕۆژه‌وه په‌تی پاره به‌نده له‌مل نه‌وه‌ی ئاده‌م
ڕۆژێ نییه سه‌دان خۆزگه به‌ده‌ست خۆم له خاچ نه‌ده‌م
من په‌روه‌رده‌ی وڵاتێکم تیشکی خۆری تیاهه‌ڵنایه
مۆمی ته‌مه‌ن ده‌سووتێنم به‌دیار کورسی و مێزی باده‌م.

***

خۆشەویستی شەونم بایە بارانێکم بۆتدەباراند
ئەگەر شادیش چرکە بایە خۆر و مانگم بۆتدەوەستاند
ئەگەر وەفاش جۆگە بایە دەریایەکم بۆتدەخوڵقاند
خۆزگەی دوێنێ و ڕاستی ئەمڕۆ ویژدانی گەلێکی هەژاند.

***

نەفرەت لەو ڕۆژگارە سپڵەی هەر ڕۆژێ ڕەنگێ دەنوێنێ
ڕۆژێ خەندە لێوت بگری ئەوە کەمتر خەم دەڕوێنێ
پارە سەرقافڵەی ژیانە و هەم گوڵی سەرمێزی ئەمڕۆ
ئەویش ڕێواسی کوێستانە لەبن بەردێ سەردەردێنێ.

***

دونیا گەڕام بەدوای خۆشی شوێن پێشیم پێ نەدۆزراوە
بەخەندە ڕووم لە هەر کوێ کرد بەگرژی وەڵامیان داوە
سکاڵا و گریەم تێکەڵ بوو کوردم غەدرم لێکراوە
وتیان درۆ بەسیە ئیتر کەی باوی ئەو ڕۆژە ماوە.

***

سێبەری داری ئازادی هەموو جیهانی داپۆشی
خەڵکان شاد و کەیف خۆشن نەما ڕۆژانی خامۆشی
ئازادی بەرهەمی ژیرە بەرخوان و تێکۆشانە
درەنگ بەهۆش خۆی دێتەوە ئەوەی بادەی دیلی نۆشی.

***

بیابانی دڵم تینووه هەمووی تیك تیك شەق شەق بووه
جۆگەی چاوم وشكه ئێستا خۆ كانی تیا دروست بووه
هەرخەمی دووری ئێوەم خوارد شەوانه پێش كاتی نووستن
لەو سەهۆڵبەندانه تەنیام وەك پەیكەرم لێهاتووه.

***

بەخەیاڵ چوومه جێژوانێ دۆستی دێرینی چەند ساڵه
قەدەر وایكرد وا لێم دووربێ كچی جوان بووكی یەكساڵه
له ژوانی ڕۆژانی پێشوو تاڵ تاڵ پرچیم شانه دەكرد
دەستم بزواند مەی لێمڕژا وەك خەیاڵ بەتاڵ بوو پیاڵه.

***

دەبێ كەی بێ هەوری سۆزت بەسەر كێڵگەی دڵ داباریێ
ئەبێ كەی بێ كانی وەفات بەو جۆباره بێته خواریێ
ئەبێ كەی خۆری خۆزگه پڕشنگی دەركەوێ لێمان
تەرزەی ماچی لێو و كوڵمەت بەسەرما دابێته خواریێ.

***

سەردەمێ بوو وامدەزانی ژیان تەنها پێكەنینه
سەراپا خۆشی و شادییه هەڵپەڕینه مەی نۆشینه
ئەسپی سەركەشی خەیاڵم ڕوو له ئاسۆی ڕنه دەكرد
ئێستا زامدار و نەخۆشه چاوەڕێی مەرگ و تۆپینه.

***

شەوی زستانی تەنیایی ئەم وڵاتە بێزارییە
چك چكەی ڕەهێڵەی باران بزوێنەری یادگارییە
کە شەودادێ هەموو هەستم دەڕۆن گیانم بەجێ دێڵن
زایەڵەی خەم خەو دەڕەوێنێ لەو غوربەتەی ناچارییە.

***

من ڕێبواری کاروانێکم ئاسۆی دوورە لەبن نایە
شەیدای هەوارگەی خاکێکم خۆرنەوازە بێ نەوایە
پەپوولەی گیانی ناسۆرم بێزاری غوربەت و دووری
چاوەڕێی خۆری بەیانە لە ژێر هەورێکی ڕەش دایە.

***

شکاندت ئاوێنەی دڵم وریابە ئازارت نەدات
زەمانە زۆر بێوەفایە زریان خەندەی خونچەش دەبات
خێوی خەو و شەیتانی شەڕ تاریك و ڕوون تێکەڵ دەکەن
هەرکەسێ بکەوێتە دەریا دەست بۆ کەف و چڵکیش دەبات.

***

سەرمای زستانی کوردستان کرۆشکەت پێدەکات دەم دەم
ڕەشەبای بێوەفاییە یان گۆڕانی چەرخ و سەردەم
دەروێشی تەکیە نشین و خەڵوەدگای عەشقی خودا بووم
کەشکۆڵ و عەسا و تەزبیحم گۆڕا بۆماچێکی ناودەم.

***

کاکە بازاڕم مەشکێنە زۆر دەمێکە پیشەکارم
بە خوێنخۆرم لێمەنوارە هاوشانی چینی هەژارم
زستانی وڵاتم بەفرە ئاسان کاڵا دەست ناکەوێ
لەدەست باجی چەتە و ڕێگر لە هەموو ژینم بێزارم.

***

فریشتەکان لە ڕووناکین بەبێ گەردی خۆدەنوێنن
لە کازیووە و کۆچی شەودا دێن و ئاوازێ دەخوێنن
ڕاستی و درۆ گوڵ و چەقۆ تاریك و ڕوونین من و تۆ
چەپکە چەپکە گوڵی نێرگز بۆ گڵکۆی شەهیدان دێنن.

***

هۆندراوەکەم خەمبارە وەك دایکی شەهید ڕەش پۆشە
ئەوەی تێناگات بێباکە ئەوەکەیتر بۆی بە پەرۆشە
حەزم دەکرد وەك تازە بووك دەرکەوتیایە هەموو ساتێ
هۆشم نووقمی دەریای شیعرە، بۆیە بەمجۆرە خامۆشە.(٢٠١٨)

***

پەشیمانم

ئەگەر بەیادی جارانیش وێنەکەت هاتە بەرچاوم
نەك جارێ هەزار جار ئەڵێم نەفرەت لە ناخ و هەناوم
زۆر بێزارم لەوکاتانەی کە تۆم کردە ناونیشانم
ڕاستە بەدڵ خۆشم ویستی، بەڵام ئێستا پەشیمانم.(٢٠١٩)

***

باڵادەستەکانی شار ئەمڕۆ لە خزم و کەسی خۆیانن
هەرچی کارێ ئەنجام دەدەن لە ئەستۆی وانی بزانن
وەك بەربەستی حەماموٚك نین بەیەك دوو ڕەهێڵە پڕبن
گیرفانیان قوڵەو پڕنابێ وەك دەریاچەکەی دوکانن.

***

چەندە لێی جوانە ئەو ژنەی دەنگ هەڵبڕێ دلێرانە
هەست بە جیاوازی خۆی نەکا ڕەگەز نەکاتە بەهانە
بەرپرسی شارەکەم ژن بوو سەلماندی بوونی خۆی کوردە
یەکەم جاربوو دیم لەپرسە وەك هەڵۆ لەناو پیاوانە.

***

سەیری کۆیە کەن جێگاکەی چاڵە
چیای باواجی بەسەریا زاڵە
ژینم بردە سەر بەئاخ و ناڵە
تۆم لەیاد ناچێ بەخوا مەحاڵە. (٢٠١٨)

***

سینەت بەفری تەنکەشیوە چاو لەسیحری جوانی ناکات
لەباڵای تۆم نەدی جوانتر چنار هەرگیز بەتۆ ناگات
دڵ مەلێکی باڵشکاوە بێسوودە هەوڵ و بێدادی
وەیشوومەی بەیانە ساردە هەواڵم بەگوێی تۆ ناگات.

***

زەمانە چەند بێوەفایە هەر ڕۆژە و لە جۆرێ یاری
کەللەی سەری پێشمەرگەبوو دەیکردە خەڵات و دیاری
ئێستاش دەست و پەنجەی سوورە خوێنی ئەنفالی لێئەتکێ
گەر دەڵێی دوێنێ لەبیرکەم ئەمڕۆ مەمکە خزمەتکارێ.

***

بەهەدەرچوو نایێتەوە خوێنی ڕژاو بێئەژمارە
بۆسەد ساڵ دەچێ لەوجەورەین کۆمەڵکوژی بەهەزارە
بستێ نەماوە لەم خاکەی ئێمە خوێنی تیادا نەڕژێت
بەختی کورد وایە سەرکردە لەسەر شانیان چووتێ مارە.

***

هەموو ڕۆژێك چاوەڕوانم لەگەڵ خۆردا تۆش دەرکەوی
لەڕۆژئاوابوون ناترسێم، چونکە تۆ ئەستێرەی شەوی
هیچ کات لێت دانابڕێم ئەوساتانەی گەر دەشخەوی
دڵی خۆمت بۆڕادەخەم تۆ بارانی منیش زەوی.

قەتیس ماوم وەك فرمێسكی لە چاوی لێوبەبارەوە
دەڕۆم هەنگاوی پێم نایە بەو كۆڵی پڕئازارەوە
وەك شوێن پێ هەڵگرێ دیارم بەئاستەم تارمایم ماوە
بەرگەی كۆستێكی تر ناگرم تەنیا بەو كۆڵ و بارەوە.

***

چەند هەزارت بۆ بژمێرم لەناو لیستی شەهیدانت
بەدەست پێشمەرگە كوژراون خیانەتكاری نیشتمانت
سەری چەند شوان و پێشمەرگەی بەدیاری نارد بۆ دوژمنت
لەگەڵ پشیلە نان دەخوا ئەمڕۆ بەوری كێوەكانت.

***

گەر ئەوجارە لێم ببوری مەرج بێ بەخۆمدا بێمەوە
لەجێی هەر وشەی ئازارێ ڕستەی ماچت بۆ بێنمەوە
میهرەبانی تۆ شك دەبەم تۆش ڕوتم لێ وەرمەگێڕە
ئەو گوڵەی دوێنێ وشك بوو بە فرمێسكم دەیڕوێنمەوە.

***

گەلێ كەس سەرمەستی پارەن بە شەو و ڕۆژ هەر دەژمێرن
دەمبەستەن وەك بەرۆژووبن لە پیاوەتیش خۆ دەبوێرن
گەر خودا تەمەنم بدا ڕۆژی جارێ تۆ ببینم
دەیبەخشم ئەو ماڵەی هەمە بەو كەسانەی برسی و كوێرن.

***

پێی گوتم دێمە دیدارت بەبۆنەی ئەو سەری ساڵە
دەبێ مێزت ڕازاوەبێ ماچ کەین بەجووت لێوی پیاڵە
خۆشە جارجارە دانیشی تاکو درەنگانی شەوێ
تا بەیانی شەراب  بخۆیت مەزەش بێ ئەو لێوە ئاڵە.
****
ئەمڕۆ هاتوم خۆشەویستم یەکەم نامەت بۆ بێنمەوە
ئێستا هاتووم تام و چێژی یەکەم ماچت بیربێنمەوە
هاتووم پێت بیڵێم لە خەیاڵما تا ماوم بۆتۆ دەژیم
لەهەر شوێنێ تۆ ببینم من سەرلەنوێ نوێ دەبمەوە.
***
گەلێ جار خۆزگە دەخوازم زوو کۆتایی بێ تەمەنم
خەڵکان گوڵن یاخۆ دڕکن من لەوەتەی هەم چیمەنم
بەبیرم نایێ شاعیرم هەر ڕۆژە و جۆرێ هۆنراوە
لە بەرگ و جل ـ م مەڕوانە گوێ بگرە بۆ شیعرەکانم.
***
هەموو ڕۆژێك تا تێردەبم وێنەکەت لەباوەش دەگرم
هێندە هۆگری جوانیت بووم ناتوانم بۆتی دەربڕم
گوێ لە تانەی خەڵکی مەگرە و وەرە تێر ماچ کەم گەردەنت
سەبری ئەیوبم نەماوە بەرگەی ئەو دووریەت ناگرم.
***

ماڵەکەی پشت ماڵی ئێمە شەو و ڕۆژیان چراخانە
پێشتر جەلادی نەمرود بوو ئێستا پیاوی دیوەخانە
بە سێ پرسگە نایگەیتێ هەرچواردەوری پاسەوانە
ڕەنجی مانگی کرێکارێك بەشی یەك خوانی ئەوانە.

***

لەخاچم داوە دڵ چیتر فریوی دەستی ئەو ناخۆم
شوشە و دەفری مەیم شکاند چیتر شەرابی خەم ناخۆم
درەنگ لەو ڕازە گەیشتم بەباچوو تەمەنی لاویم
عەشق سەودایە بازاڕە فریوی کەسی تر ناخۆم.

***

خەڵکی ناپرسن لەبەرچی هۆکاری ئەو خۆڵ بارانە
پێم مەڵێ ڕۆحی ئەنفالی عەرعەر و نوگرەسەلمانە
هەڵناکەن لە گەرمەسێر و قینیان لە چۆڵی بیابانە
لەو هەوارە لەنگەر دەگرن، چونکە مەڵبەندی خۆیانە.

***

هۆنراوەکانم خەمبارن وەك دایکی شەهید ڕەشپۆشە
ئەوەی تێی نەگات بێ باکە ئەوەکەی تر بۆی پەرۆشە
حەزم دەکرد وەك تازە بوك دەرکەوتبای هەموو ساتێ
هۆشم نوقمی دەریای شیعرە بۆیە بەم جۆرە خامۆشە.

***

## هێزم نییە

هێزم نییە تاکو هەڵبێم لەتاڵاوی چاوەڕوانی
زۆر چاوەڕێم کردی گوڵم هەر نەهاتی بە میوانی.

***

لە دوور ناسیم کە دەرکەوتی چونکە جوانیت لەکەس ناچێ
زۆرن ئەوانەی وەکو من ژیان دەبەخشن لەڕێی ماچێ
دونیا لە تۆدا دەبینم بۆیە هێندە شادومانم
کە تۆ نەبی ژیان هیچە پەرۆش نیم تەفروتوناچێ.

***

وێنەی پەروانە سووتاوم کە دەبینم دەرگای ماڵتان
جوانییەکەت شێتی کردووم وەکو پشکۆی دەم بەسووتان
دڵڕفێنە ئەو شۆخەی کە لە فریشتەی خوا ئەچێ
تا ئێستا نامیق نەیدیوە دوو مانگ بدرەوشێ لە ئاسمان.

***

پەشیمانم مۆمی دڵم بە گڕی عەشقت داگیرساند
نە ڕووناکی هەبوو بۆخۆم نە ڕووناکیم بەتۆش گەیاند
نەمزانی مانگی ئەوینت تیشکی وەفام دەخنکێنێ
بەدیار حەزێکی تاساوا کزکز فرمێسکم داباراند.

***

دەستم ڕاکێشا بۆ پێنووس دیم ڕەنگ لە ڕووخساری پەڕی
ویستم بزانم چ باسە ڕایکرد لەدەستم دەرپەڕی
سەرم دانەواندە ژێرپای تکام لێکرد گوتم ئازیز
ئاگری دەروونت زۆر گەرمە سووتام بمسووتێنێ کڕی.

***

باوەڕ بە ماری سڕناکرێ وریابە نەیکەیتە گیرفان
پەشیمانی دادت نادات دەست لە ئەژنۆ ئاخ هەڵکێشان
بیرێکی ورد بەکار بهێنە پێشی ئەوەی دەستی بدەێێ
خێزانەکەی خۆت بیرنەچێ فریوت نەدات کچی جوان.

***

خۆت نیشان نادەم و لێم ون بوویت وەك دواکۆچی ماڵئاوابوون
لەوکاتەوە هۆشم دیلە بێئاگام لە بوون و نەبوون
شێت ئاسایی بەدەم ڕێوە بۆڵەبۆڵمە و لە خۆم ناگەم
تەمەن ڕابرد خۆشیم نەدیت دائیمە بەدەست نەبوون.

***

گیانی برسیم سکی دەکوشێ بۆ دوو وشەی لێوە ئاڵەکەت
تاوێك نایەت سەیرێکم کەیت بە نیگای چاوە کاڵەکەت
کە تۆ ژیانت لێشێواندم هەست بە ئازاری من ناکەیت
دەبێ کەی بێ بەزەیت بێ پەلکێشم کەی بۆ ماڵەکەت.

***

دەروازەی بەختت کلیل دام لەوکاتەوە کفنە بەرگم
لەوەتەی هەم تاڵە ژینم هەموو کات ئامێزە مەرگم
ژێردەستەی کچێکی شۆخم بەناو ئیسلام و مرۆڤە
هەردەم نێزەی دەستی سوورە خوێناوییە دڵ و جەرگم.

***

ڕووی خۆتم لێوەرمەگێڕە بەتاوانبارم مەزانە
ئەوەی تۆ دەیڵێی وانییە بەچاوی دڵ لێم مەڕوانە
پایز بوو سەراپای ژینم دژە ڕەوتی خواستی من بوو
گوڵی هیوات پەرپەرکردم بەهار کەی وەختی خەزانە.

***

چۆن دەتوانم بێ تۆ بژیم کە تۆ خۆت ژیانت پێدام
جارجارە کە خۆم ون دەکەم پێت وانەبێت لێت ڕەنجاوم
بەتەلەفۆن لێتدەپرسم هەردەم هۆش و دڵم لاتە
ماوەیەکە تۆنابینم بۆیە کزبووە هەردوو چاوم.

***

تاکەی ڕەفتارتان ناگۆڕن سەیرکەن دەوران گۆڕاوە
لە هەڵس و کەوتیان بێزارین هیوای چیان پێتان نەماوە
هەتیوە میللەتی کورد بێکەس و هەند دڵساف و ساویلکەیە
ئەگینا لە کێت بیستووە مافی بدرێ هەر سەندراوە؟

***

دەوەرەوە سەیرێکی کە ئازادی کوردستان ئەمڕۆ
وەك جلی هەژار پەڕپووتە بەندە لەسەر پینە و پەڕۆ
دەرچووی زانکۆیە بێکارە خۆزگەی بە ئاو و کارەبایە
چەندە پەرۆشی خۆمانم هەزار هێندەش پەرۆشی تۆ.
***
ناتوانی یاری لەگەڵ کەیت باشترە وازی لێبێنی
کۆلکە زێڕینەی بەهارنیت هەموو ڕەنگێ خۆت بنوێنی
چیت پێنەکراوە تا ئەمڕۆ هەرچەند هیوای سبەی ماوە
شێخ چوبووە سەر کەلی دار و تۆش ئێجگار نەرمی دەنوێنی.
***
تریفەی دێ لە دوور دیارە ڕووخساری مانگەکەی چواردە
کاکە ڕێنمایی تۆی ناوێ وازبێنە و بەرۆکمان بەردە
لەوەتەی هەم شیعر دەنووسم چاوی تۆ بۆتە قیبلەگام
من بەس لای تۆم پێخۆشە، تۆش بەمن دەڵێی دەردە.
***
تاڤگەی خەم ئەم ئێوارەیە گەڵای هیوام دەوەرێنێ
شەونمی عەشقێکی مردوو خونچەی خۆزگەم دەژاکێنێ
چریکەی مەلێکی سەرشێتن بەجۆرێك وەها دەخوێنێ
هەرکاروانێ شەو بێداربێ موژدەی بەیانی دەهێنێ.
***

هەندێ جار حەزەکانمان لە کەشتی چارۆگە دەچێ
لەدەریای ئەو ڕۆژگارەدا سەر لێشێواوە و دەرناچێ
بە سەوڵی دەستی ناتوانێ شەوپۆلی دەریاکان ببڕێ
چارەنووسمان چۆتە دەست با چۆن و کەیو بۆکوێ دەچێ؟

***

لە ڕێوی گەڕدەچێ ئەو کچە سیمای ڕووخساری شێواوی
بە دکتۆریش ناکرێ چارەی تێکچوونی هۆش و دۆڕاوی
بێ پارە و پوولە هەموو کات هەر ڕۆژە و لە دەرگای ماڵێ
لە هەر شوێنێ بکەن باسی خەڵك قێز دەکات لە ناوی.

***

مرۆڤێ هێزێکی ونبووە پەرێشانە بەدوو دونیاوە
تا ئێستا هەزاران سوقڕات بیردۆزی جوانیان داناوە
ئەوەی تا ئێستا نەزاندرا، بێ وەڵام بۆئێمە ماوە
چارەنووسێکی گۆڕ ونە لەدەست تۆیە یان دانراوە.

***

زەمانە جەوری گۆڕیوە دەبێ تۆ نەرمی بنوێنی
ئەوەی دوێنێ شیعری سوتان ئاژاوەچی ناوی بێنی
کلاسیك کۆن بوو لە کوردستان هەردەڵێن باوی نەماوە
لە هەر شوێنێ ئەم وتەت بیست دەبێ پشت ملت بخورێنی.

***

سەرم سوورماوە و تێناگەم بۆوا سەرمان لێشێواوە
سەرقاڵی پارە و سەرمایەین، یان سیاسەتمان بیرنەماوە
ئەوەی لە ئەستۆی تۆدایە چارەنووسی میللەتێکە
یەك پیرۆزبایی دەنێری یەك دەڵێ فێڵمان لێکراوە.

***

خەفەتباری ئەوەم هێشتا نیشتمانم کەلاوەیە
کەرکوك لە چاخی بەردینە هەنگاونانی بۆ دواوەیە
گەلی کورد گیانی خۆی بەخشی بێ هودە ڕۆیوە تا ئێستا
تورك و عەرەب باڵادەستن کوردیش تێیدا چەوساوەیە.

***

ئەوەی بەبرسییەتی بنوێ خەو بەخۆراکێ دەبینێ
هەرکەس وڵاتی خۆش بووێ دەبێ ناسۆری ببینێ
زۆرن ئەوانەی وەکو من سەوداسەری نیشتمانن
لە گۆشەی کۆمەڵگا بێدەنگ هەژاری بۆیان دەخوێنێ.

***

ئەو مەرگە چی بوو بەرۆکی گرتی
بەبێ پرس و ڕا بۆلای خۆی بردی
لەگەڵ بیستنی کۆچت کۆستی تێکەوت ژیانم
بەچاوی پڕ لە فرمێسك و هەنسکی پڕ لە گریانم.

***

سەیری کۆیە کەن جێگاکەی چاڵە
چیای باواجی بەسەریا زاڵە
ژینم بردە سەر بەئاخ و ناڵە
تۆم لەیادناچێ بەخوا مەحاڵە.

***

قەت واز ناهێنێ یاشێخ لە بەرماڵ
بەلەدیە گیانیش لە زەڕیبە و چاڵ
نامیقی حەماڵ بە ئیرادەی خوا
مەلیحەی لێبووە بە ڕۆستەمی زاڵ.(٢٠١٨)

***

هەر ڕۆژە و لە شوێنێ دیارە کەپرە هەواری ماڵەکەم
پەراگەندە و سەرشێواوم گەرمیان و کوێستانێ دەکەم
لە هیچ شوێنێ بۆ ناسرەوێ؟ وەك منالی دایك مردە
لێرە سەرما دەمتەزێنێ لەوێش سووتاوی گەرماکەم.

***

بڕوانە ژیلەمۆی عەشقم گەرمی نەما بوو بە ڕەژوو
هەموو حەز و خۆزگەکانم لە جەنگەڵی ناخت ون بوو
سۆزی عەشقت تواندمەوە پێم وانییە جارێکی تر
من شیعر بنووسم بۆ تۆ بەهاری ژینم بەسەرچوو.

***

ئێوارەیە و شەقامەکان تۆزی ماتیان لێنیشتووە
ئێوارەیە و باڵندەکان لانە و ماڵیان جێهێشتووە
تەنیا من نیم بەتەنیابم وەرە سەیری شارەکەم کە
وەك گۆڕستانە خامۆشە هەست و سۆزیان لێبردووە.

***

ڕۆژگارێ بوو سوێندت دەخوارد بە فرمێسکی تاساوی من
ڕۆژگارێ بوو سینەی نەرمت ئاوالابوو بۆ دەستی من
ئێستاکە بۆچی گۆڕاوی هەر ڕۆژە و بیانووم پێدەگری
یا وازم لێبێنە و بڕۆ یا چیتر لێم مەبە دووژمن.

***

پێت وانەبێ خەڵکی کوێرن یا هۆش و بیریان نووستووە
گەلێکیان بینی لەم جۆرە ئێستا لە ژێر خاك نووستووە
خەڵکی ماستاوچی کەسێکن کاریان تەفرەدانی خەڵکە
شۆڕشگێربووی یا گەل فرۆش ناوت سەردێڕی مێژووە.

***

گەلێ جار خەیاڵ باڵدەگرێ بۆدیداری ئازیزانم
تەنیایی سەخت و ناخۆشە دوور لە خاك و نیشتیمانم
من هیچ گرفتێکم نییە لە غوربەتا سەربەست دەژیم
بە جەستە مەلیکی دونیام، بەڵام زیندانی ویژدانم.

***

زۆریان هەڵێنجاوە بێباك خوێناوی جەرگ و هەناوم
هێندە هەواڵی تۆم پرسی وەك وەلی پڕخوێنە چاوم
لە چوار ڕیانی چارەنووسە چاوەڕوانی هەواڵی تۆم
ساڵانێکە بەدەست تۆوە نێچیر و گیرۆدەی ڕاوم.

***

ئەو هەواڵە چی بوو پێت دام دڵەی ماتی داخورپاندم
ئەو شەوە تاکو بەیانی کۆرپەی خەوت لێتۆراندم
نەمزانی هێندەم خۆش دەوێ تا ئەو ڕادەی لەناو خوێنمای
گەر تۆ پێت وتم بۆت نابم بە جەستە ناخت سووتاندم.

***

هەرچەند دەکەم بەدیناکەم لێم ونی کردووە هێلانە
بە چەشنی بولبولی وێڵم لە دەوری ئەم گوڵستانە
بەرهەڵست زۆرن لە ڕێگام گیرۆدەی لێڕوا ڕێکم
ئارەزوومە بە دڵ بگریم گەرووم تاساوی ویژدانە.

***

تاکەی ڕەفتارت ناگۆڕی سەیری زەمانە گۆڕاوە
هەتیوە میللەتی کورد بێکەس ئەگینا کەی باوی ماوە
مەرگی مەڕ شاباشی چەقۆ هەڵواسینی وێنەی گورگە
بەنوشتە و دووی بۆتناکرێ وەك داو لە گەروت ئاڵاوە.

***

بت پەرست نیم بێچارەیە وێنەی ڕازاوەی دیار سەرم
لە هەڵسووکەوتت بێزارم تۆ خۆت سەپاندووە بەسەرم
هەر دام و دەزگای جارانە خەڵکی بەپارە و شەق دەکڕێ
دەسەیری چوار دەورم کە دیلم سکاڵای دڵ بۆکوێ بەرم.

***

گوتیان هەستە بڕۆ دەنگدان شادییە جەژنی هەموانە
نوێنەر و ڕابەرمان دەوێ دڵسۆز بۆ ئەم نیشتمانە
هەموو کەس ئازادە ئەمڕۆ نوێنەی خۆی هەڵبژێرێ
وەك سەراب هاتە بەرچاوم دیموکراتی ئەو دەنگدانە.

***

زۆری نەماوە بێتەجواب گوندەکان و کانیاوەکان
دایك نەفرەت لەکۆرپەیکا کۆچی باڵندەش کپ نابێ
کەس نابینم لەم شارە تروسکەی مابێ گشت کوێرن
منیش چاوی خۆم لێوێربکەم یان بڵێم دکتۆرێ بابێ.

***

خۆرنەوازە وڵاتی من تاکەی لەسایەی هەورابێ
بڵێن ئەجارەش بێتەوە شنەی شەماڵی نوێ بابێ
دار بەڕوو لق و پۆپی وشکە گەزۆ ناباریێ بەسەریا
وڵاتێك جوان و ڕەنگین بێ دەبێ بەخوێن ئاودرابێ.

***

لەم گۆڕستانە مەمنێژن هەرچەند سەوزایی و گوڵزارە
نامیق تا ئەوڕۆژەی دەمرێ پێم وابێ پیشەی عەمبارە
من کچێکم زۆر خۆش دەوێت حەزدەکەم دائیم بدوێنم
لەبەر مەلیحەش ناوێرم زیندانی نێو چوار دیوارە.
***
هەموو تاوانبارین ئەمڕۆ لەوبار و دۆخەی هەمانە
خوێنی هەزاران گەنجی کورد ڕژاوە بۆ نیشتمانە
کەسێ نازانێ دوارۆژی چارەنووسی وڵات ونە
وڵاتێك مابێ ئەمڕۆکە سەربەست نەبێ کوردستانە.
***
گەرچی زۆر لە مێژساڵە هەرواهاتووە و هەرواباوە
باری گران بۆ کەر بووە مانگاش ئاسوودە دۆشراوە
سەگ دەلەرزێ لەبەردەرگا پاسەوانە و ئەرکی گرانە
وەرزەکانیش لەیەك ناچن یاسای گەردوونە داندراوە.
***
شەرم لەچاویان دەبارێ نێرگزەکانی کوردستان
خوناوەی فرمێسکە ڕێژن هەر فرمێسکە و ڕازی جوانە
چاو بۆهەر لایەك دەگێڕین نابینین کیژ و لاوی کورد
تامەزرۆن بۆماچی لێو و باوەشی نەرمی بووکەخان.
***

گەر هاتییە سەر مەزاری من نەکەی بگری و خەم دابگری
ئەوکاتە شاد و دڵخۆشم ئامێز لە گڵەکەم دەگری
جلی ڕەش پۆشت لێجوانە تەنها سەرپۆشەکەت لادە
من پەرۆشی ئەوەم زیاتر تۆش هەر خەریکی ڕادەبری.

***

ئەسیری چاوی کاڵ و قژی لوولم
دیلم و مەستی چرای جەمالم
مەستی بادەم خۆت دەزانی من هی تۆم
عەسقی تۆم لادە زولفت لەڕووت بۆم.(٢٠١٩)

***

بەچاوی خەونەوە دیم دوێنێ شەو تارای ڕەشپۆشی بوکی هیوام
قەل نەغمەخوانی زەماوەند چۆپی بە پوش لە هەر چوارلام
چۆلەکەی ڕۆحی بەختیاریم بێ پەڕ و باڵ ئاوەڕووت بوو
چوار پشیلەی ڕەشی چڵکن شاڵاوی مەرگیان بۆ دێنام.

***

خەفەتباری ئەوەم ئەمڕۆ دەبێ هەڵکەین بەناچاری
ئەمڕۆ سبەی دەنا ئەودێ یاسای کۆنی کوردەواری
ناحەزانیش پەپوو ئاسا یەزدان یاسای بۆداناون
هەموو ڕۆژێ بێتە سەرخوان مەرگ تاساوی پاساری.

***

له بەهاری تەمەن ئەمڕۆ خۆشیم بە گۆڕستانی گوڵڕەنگە
هۆش و بیرم دەریایەکە بۆ دەربڕین زمانم نەنگە
خەباتم خەونی هەژار و سۆمای چاوی هەتیوان بوو
ئێستاش مەزاری شەهیدم بێ گوڵزار و شەوە زەنگە.
***

تەسوویری چاو
بەچاو هێندە وێنەم گرتووی بەقەد تاڵی قژی سەرت
تاکو لەیادم نەچێت زۆر جوانە زەردی گەردنت
هەورێکی تیر لەسینەدا بارانی عەشقی داباراند
ڕێژەی خۆشەویستیمان لە سەدا سەدی تێپەڕاند.
****

شەمێك داگیرسێنە تاوێ لەسەر مەزاری گۆڕەکەم
شەم بۆتدەنووسێ بە ئەشك باسی ئەنفال و کۆڕەوەکەم
عەشقێکی دەنگ خنکاوی پرسەباری ئەوینێ بوو
هاوڕێی کازیوەی بەیان و ماسی گری گیرخواردووی تۆڕەکەم.
***

شەوێك کچ و مەی جێ بهێڵە بچووە خەڵوەتی تەنیایی
بگەڕێوە ئەو ڕۆژگارەی کێ دەیدای داڵدە و نەوایی
خۆشەویستی نیشتمان و سۆمای چاوی میللەتێ بووی
خزم خزمێنە تاکو کەی؟ بەسیەتی فەرق و جودایی.
***

بەیانی زوو کاتی کۆچە بۆ چارەنووسێکی نادیار
خۆت دەدەیتە دەستی قەدەر سەرەو ژووربێت یان بەرەو خوار
خەیاڵی چارەنووسێکی گوێ بە گرفتاری کەس نادەیت
لەیادت کرد ئەورۆژانەی پەیماند دەژمار بەهەزار.

***

گەر نابیتە شای دارستان خۆت بۆی هیلاك نەکەیت چاکە
کەللە پوتە هۆشی نییە لە هەموو کارێك بێباکە
ئاسوودەیە پەشمووردەیە چاوەکانی ڕێبەریەتی
خەیاڵی بیری ئەو تەسکە گەر هەشی بێت لەلای خۆراکە.

***

ئازیزەکەم لەورۆژەوەی دابڕاوم لێتان دوورم
دەربەدەری ئەو ڕۆژگارە ئاوارەی ئەودیو سنوورم
هێزی بینینم کز بووە هێندە فرمێسکم بۆڕشتن
دان بەتاوان دادەنێم و لەوگریانەشم دەبوورم.

***

ئەمشەو دواپێکی شەرابم لە کوپەی دڵ هەڵچۆڕا
ئەمشەو مەلی هەستی دیلم ئازادکە لەو بەند و تۆڕە
باغەوانێکی ناکام بووم لە موتروبەی ڕەنگ و بۆی گوڵ
بێ سوود بوو ڕەنجی چەند ساڵەم یاسای گەردوونە نەگۆڕە.

***

پارە لە جێگای زانستە تاجی شاهی لەسەرناوە
مێشکۆڵەی لای چەپی سەرم کلیلی تێدا شکاوە
چاو و براگەورەی ئێستاکەو مشووری خۆری ئایندەیە
پێنووسی دەستی ویژدانیش مەرەکەبی تیانەماوە.

***

ئەمڕۆ بۆ چرکەیەکت نایە نەغمە ناخوێنێ بۆ گوڵان
بەتاسەی دەنگە خۆشەکەت چاوەڕوانین شەو تا بەیان
چ دەستێکی ڕەشی چڵکن خۆشی ژیانی لێبەند کردووی
نەغمەی شادی گەرووت خنکا دێتە گوێمان ناڵە و گریان.

***

هەڵەم کرد ژیانی خۆم تێکدا چاو خیانەتی لێکردم
پێم وابوو ڕێ نیشاندەرە بەرەو هەڵدێرێکی بردم
بە هەموو سامانی دونیا ئەو تەمەنەم نایێتەوە
دوور لە دۆست و ئازیزانم ڕابوورد بە گەردەنی وردم.

***

عەشقی ئێوە شەو تا بەیان دەروازەی هۆشم دەشکێنێ
تاسەی حەزێکی بێزارە لەخەودا ڕامدەچڵەکێنێ
ئەو کاتانەی هۆش لەلامە خەیاڵی مەستی دامنەگرێ
خەم قەلێکی دەنووک تیژە بێ فەڕە چاوم دەردێنێ.

***

خۆت بپارێزە لەوانەی دەستە هاوڕێی سەردەمە
لە هەر شوێنێکی بڕوانی سەریەشە و دەرد و خەمە
هەرچی بۆ باس دەکەی تێناگات پێکەنینی بە هۆشت دێ
گەر برا و هاوپشتیشت بێ هەرچەند خۆت دوور بگری کەمە.

***

وەنەوزێك چاوی داگرتم نازانم بۆچ هەر لەخۆڕا
ئەوەی چەند ساڵ ڕەنجی دابووم لەیەك چرکە هەمووی دۆڕا
بریسکەی دەدا ئەو تاجەی بەزێر نابوومە سەرسەرم
بە گڕێکی کەم لە ئاگر بوو بە ڕەژوو ڕەنگی گۆڕا.

***

هەمووومان دیلی دەستێکین یەك ئازار ئەچێژین ئەمڕۆ
بە چوار یەك هیوا شك دەبەین بەندە لەسەر پینە و پەڕۆ
سەرگەردان و بێکەسین هەریەکە دیلی بەندێکین
هەموو خاوەن بڕیارێکین ئێمەی پێدەکەن دەست خەڕۆ.

***

لە نیازی ناپاکت دەگەم هەرچەندە خۆم لێبگۆڕی
من ناچارم ساویلکە نیم دەزانم گیرۆدەی تۆڕی
ئێستا وەك من دیلی دەستی ئەگینا باوەڕم وایە
بۆ پێنووسی مێژووی ئێستاش لە خوێنی دڵ هەڵدەچۆڕێ.

***

سەرخەوێك بشكێنە ئەی دڵ گرفتت کۆتایی نایە
جیهان ڕەوتی ژیانی گۆڕی زانست گەورە و پێشەوایە
لە کەلاوەکەی من نەبێ کەی باوی ژێردەستی ماوە
خاوەن چل ملیۆنە ئەمڕۆ هەریەکەو بۆخۆی کوێخایە.

***

ئەمشەو ناسۆرە برینم زامی کۆنم کولایەوە
هەرکەسێك شەیدای ڕاستی بێت کەسێك نایەت بەلایەوە
سەردەم سەردەمی درۆیە پیاوی دوو ڕوو پێشەوایە
پێکێکی تر بێنە ساقی تەمەن بەفرە و توایەوە.

***

سەرسام و گێژە ئەمڕۆکە بەرامبەر ئەو هەموو داوە
یەك لەتاڵی پرچی ڕەشە و ئەوەی تر زەرد نەبینراوە
سکاڵا بۆکێ دەربڕم دەنگم ناگاتە گوێی کەسێ
لە ژووری زیندانە دیلم پەتی مەرگم هەڵواسراوە.

***

بۆ دەبێ گیرۆدەی دەستی هەردەم زوحاکێك بم گەردوون
مافی مرۆڤ بوونی هەیە یا هەر قسەی هیچ و پووچ بوون
ڕەگەزپەرستی تاکەنگێ گوێ بەهاواری من نادەی
ژینی ژێردەستەی نەزانێ چ دەبەخشێ بوون و نەبوون.

***

لەوڕۆژەوەی لەدایك بووم چارەنووسم شەوی تارە
ئەوەی من بەڕاستم زانی دژ بە خواستم سەری لارە
ژیریم لە زیندانی بەختا چواردەوری تەلبەند کراوە
سەیری هەیکەلی ژینم کەن وەك داری مێو چەوت و خوارە.

***

کێ تارای بووکێنی خۆزگەی بە دوو پەنجە لەسەرلادا
کێ لە دەروازەی ئەویندا سەرکەوتووبوو قوفڵی بادا
کێ نەمامی خۆشەویستی بەر نۆبەری چین
لە وڵاتی قەدەر مەحاڵە بەربەست زۆرن لەڕێگادا.

***

(رمز العروبة)کەی دوێنێ ڕیسوای دەستی ئەمڕۆی مێژوو
وەك جرج لە کونیان دەرهێنا سیمای لە خێو و دێو دەچوو
لینگەلەرزەی بوو لەتاوا بێشەرمانە بەبێ ئابڕوو
مرۆڤی مەرد جارێ دەمرێ ترسنۆکیش سەد جار مردوو.

***

هێندەم شەرابی خەم نۆشی بۆیە دەمبینی سەرخۆشم
باڵا وێنەکەی خۆم شکاند پێم نامۆبوو سیمای خۆشم
توووند لە ئامێزم گرتووە بەهانام دێ کەوشەکانم
بەفر و زریان لە ڕێگامە بۆ ئەو زستانە پەرۆشم.

***

هەریەکە و کوڕێکی دیارە وەك بەچکە گورگی ناو مەڕن
فێریان دەکەن لەدوای خۆیان چۆن گەرووی مەڕ هەڵبدڕن
گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێ دیارە قسەی پێشینانە
گەر دەتانەوێت سەربەست بن بە تەپڵی وان هەڵمەپەڕن.

***

بە خەندەی تۆ فریوم خوارد دادی نەدام پەشیمانی
تۆپەری باغی ژینم بووی هەم شەرابی کامەرانی
هاوڕاز و سۆزی دڵم بوون پەیمانە بێ بەهاکانت
دەزانی چەند بەئازاربوو ئەوکاتەی ناوم زڕانی.

***

نەوەی شینم وجاغزادە نەوەی ئەمڕۆ خۆی دەنوێنێ
پیاوی دووڕوو پیاوی جووتە دەتوانێ خۆی بگونجێنێ
بەپاکی و ڕاستگۆیی بژی هەمیشە کارت سەرناگرێ
لە کێوی قاف بەرزتربی ئەبێ هەر نزمی بنوێنی.

***

پێشمەرگەیەك پێش مردنی وەسیەتی کرد بۆ هاوڕێکەی
گوتی گەر ڕۆژێ سەربەست بوویت نەکەی هاوڕێ لەبیرم کەی
ڕۆژگاری تاڵ و دژوار و سەرما و سەربەرزیمان دیووە
خوێنی من و ڕەنجی جوتیار لە پێکێکا ونیان نەکەی.

***

لەو تەم و مژی ئێستاکەش لە دیدەم خۆرەتاو دیارە
تەمەن پایزێکی ڕووت بوو لەناخم هەردەم بەهارە
پاشماوەی چەرخی بەردین و ژێردەستەی دەستی زووحاکێك بووین
خەونەکانم هاتۆتە دی ئەستێرەکان لە شەوی تارا.

***

دەزانی چەندە بێباك بووین لەدەست ئەو هەلە زێڕینە
لەدەستمان چوو نایێتەوە هەرچەند دەکەین کەچە و پینە
ئێمە خوێنمان بێبەهابوو کەس بایەخی نەدا پێمان
ڕووباری خوێن بەراورد کەین دیارە کە کورد درێشترینە.

***

ددانت چەشنی مرواری بزەی لێوت خەم لابەرە
پەنجە و قامکی بلوورینت پڕ لە ئەڵماس و گەوهەرە
تیژە برژانگی چاوەکەت دائیم لە کەوانەی ئەبرۆ
بۆم لەپارێزە هەموو کات دڵەی کۆیلەم لە خەتەرە.

***

لە هەموو دونیا واباوە سەرکردە وەك خزمەتکارە
نابێ هەرگیز سکی تێربێت چون باوکی خەڵکی شارە
غاندی پێی وابوو کەر ڕۆژێ بۆخۆی بژی تاوانبارە
سەرکردە بۆمێژوو دەژی نەوەك بۆ سەروەت و پارە.

***

وەك تەونەكەی باجی گوڵچین پێم تەواونابێ زۆر ماوە
هەرچی دەكەم فریودانە گلۆڵەی گەل ئاڵۆزاوە
بەچاوی تۆ قەسەم یاشێخ هەتا ئەو تەكیەی تۆم مابێ
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت داڵە كەرخۆرە و كەلاوە.

***

درزی چووتە هەناری سەرنجی ڕاكێشاوم
چەندی توانجی تێدەگرم گوێ بەمن نادا چاوم
وەك هەڵۆ لە پارێزە لە دوور جوانی دەبینێ
جوانی لە هەر شوێنێ بێت سۆفی قیبلەیە چاوم.

***

ماوەیەكە خەو دەبینم دەڵێن ئەوجارە چادەبێ
لە سەرانسەری كوردستان ڕووناكی كارەبا دەبێ
قوتابخانە و نەخۆشخانە لە شێوەی سەردەم و هاوچەرخ
هاوردەی توور پێویست ناكات گوندەكان ئاوەدان دەبێ.

***

ئەو نەیتوانی بێدەنگم كات تۆ خەریكی دەمخنكێنی
پەیمانی زۆرت بەمندا لەجێی ئەڵغام گوڵ بڕوێنی
نەتگووت ڕۆژێ كە سەربەست بین قەرزی جوتیار دەدەینەوە
كەسێ پەیمانەكەی بشكێ باشترە وازی لێبێنی.

***

بەهارە دەشت و کێو جوانە پەپوولە کەوتنە هاتووچۆ
چاوتێرنابێ لە ڕوانین، جوانی باڵا و چاو و برۆ
وەك بەهەشتی سەرزەمینە تابڵێی جوان و دڵگیرە
بەمن چی کە لە تۆ دوورم سکاڵام ناگاتە لای تۆ.

***

وەك تریفەی مانگ شەرمنە بەئاستەم هەڵدێنێ چاوی
ئەرخەوانی خۆر دەنوێنێ پێڵووی پشت چاوی ڕەنگ کراوی
لێوی بچووك و چەنگەی چاڵ گەرما ڕۆی داوە پرچی خاو
جێگەی سەرنجی خەڵکانە دوو بەهێی پەرژین کراوی.

***

ڕێگات پێدان سەرمایەدار هەژارەکان بچەوسێنن
خواردن و کاڵای بەسەرچوو لە هەندەرانەوە بێنن
ئەو ڕەز و باخەی چەند ساڵە بژێوی ژیانی چوتیار بوو
گوێت لە ناڵەی دەنگی نییە بە شۆفڵ جەرگی دەردێنن.

***

ڕازی دڵمت بۆ باس دەکەم گەر ئەمجارە بۆم ڕێککەوێت
کۆشکی خەیاڵ دروست دەکەم هێندەی پێناچی لێم دەڕمێت
وەك دەریا هێمن و مەندیت دڵم مەلەوانی سەرشێت
هەر چەند ئاسۆی عەشقم لێڵە بەدەست خۆم نییە خۆشم دەوێت.

***

ئەمڕۆ یادی ڕاپەڕینە و سەرەتای وەرزی بەهارە
ڕۆژگاری ستەم بەسەرچوو نەما زیندان و قەنارە
دەبا هەموو بەپیرۆزی یادی ئەوڕۆژە ڕابگرین
ئەگەر ویستیان ژێردەستمان کەن بابێدەنگ نەبین ئەوجارە.

***

مەیگێڕ شەرابم بۆبێنە بەپەلەم بۆ وەستاوی لەوێ
ئەمشە و ڕۆحم دوور لە مەینەت خەندەی لێوئاڵێکی دەوێ
لەدەوری مێزەکەم مەیگێڕ جاجار کەمەر بلەرزێنە
ئەمشەو رابە تاڵە ئەمشە و مەزەی وەك هەناری دەوێ.

***

ئەمڕۆ سەیری وێنەکەم کرد ئەزانی چەند بۆتگریاوم
خۆشەویستیت وەك ڕەگی دار سەریهەڵدایەوە بەڵام
جەستە کۆن دەبێ و دەشێوێ لەبەرچاوی من پیرنابێ
وەك تریفەی مانگ شەرمنە بە هێمنی دێتە وەڵام.

***

ژیان هەمووی شەوی تاربوو خۆری خۆزگەم لێهەڵنەهات
یەك یەك هاڕی ئێسکەکانم شەوگارم کۆتایی نەهات
لە بوونی خۆم پەشیمانم هێندەم خەوی ناخۆش دیوە
خەڵکان زۆربەی خۆریان بینی یەلدای من کۆتایی نەهات.

***

خۆزگە منیش تاڤگەیەك دەبووم لەوبەرزاییە دەکەوتمە خوار
یەك یەك وەرزەکانم دەژمارد تا دەگەیمە وەرزی بەهار
گەرمەسێر و لێڵەی پایز بەفر و شەختەی ساردی زستان
دەمکرد بە گوڵ و سەوزایی ڕامدەخست بۆ عەشق و دڵدار.
***
ناتوانم چیتر بنووسم پێنووسەکەم هاتە وەڵام
هەرچی دەینووسی هاوڕازم لەباسی گەندەڵی بەڵام
شەرمەزاری مێژووم مەکە لە ڕووم نایێ بڵێم هێشتا
سەدان پرسیار زەلیل ماون دەستەوئەژنۆ بەبێ وەڵام.
***
تەزبیحی دەستم بەش ناکات بۆ کێشەکان سەد دانەیە
ڕوو لە هەرکەس دەکەی ئەمڕۆ زۆر گازەندەی لەوژیانەیە
قوتابخانە و نەخۆشخانە گوندی وێران و ڕێگاوبان
جیاوازی ژیانی من و تۆش وەك چیرۆك و ئەفسانەیە.
***
بەزەیم پێدادێ دەتبینم نەفس بەرز و سەرشێواوی
بە ئاوی دەریاش تەڕ نابێ لە شێوەی سۆنە و مراوی
ئەوەی دەبینی ڕێز نییە خەڵك لە جەورت دەترسن
خەڵکی دڵسۆز بێ دەرگایە بڕوانە چۆن دەورەدراوی.
***

ڕۆژێ نەتپرسی لە کورسی گوێت لە ڕازی چەند کەس بووە
بەهەزاران وەك تۆ گەوجە لەسەر پشتیان دانیشتوە
میر و شاهی زۆری دیوە هەر لە چاخی بەردینەوە
چاوچنۆکان بێ ناز دەمرن مەردیش سەردێڕی مێژووە.

***

پەرلەمانتارەکانیشمان هەڵبژاردەی حیزبەکانن
گوێ لە کێشەی خەڵکی ناگرن  خەریکی ورگ و گیرفانن
ساڵی دووجار دانیشتنە زۆر لە قوتابخانەی شەو دەچێ
وەك هیچ گرفتێکمان نەبێ خەریکی خەتەنەی کچانن.

***

هەڵۆ هەرگیز گۆشتێ ناخوا بەدەست خۆی ڕاو نەکرابێ
لە نزمیش هێلانە ناکات هەتا لوتکەی لەپاڵا بێ
لە بیابانێکی چۆڵ دەچێ وڵاتم کپ و خامۆشە
قیژە و قاوی داڵ دەبیستم هەست دەکەم بۆنی کەلاك بێ.

***

چرکە چرکی کاتەکانم ئەمڕۆ بەدەست تۆوە دەمرن
ئەو نەمامانەی بۆت هێنام لەجیاتی گوڵ دڕك دەگرن
پەپولە ئاسودەی گوڵە لەم ژینە ناتوانێ هەڵکا
بێ چاوی تۆ شیعرەکانم هێندە وشکن یەکسەر دەمرن.

*****

ئەگەر دڵت خانەقایە من مەولەوی تەکیەی ئەوم
ئەگەر دڵت قازی شارە من مەحکومی حوکمی ئەوم
ئەگەر دڵت ڕازی دەبێ من میوانی خەونی ئەوم
دڵنیابە کە لێتدوورم هەرتۆی خەمی ڕۆژ و شەوم.(٢٠١٨)

***

چۆن بۆت بژمێرم لە تاڵی حسابی بێ ئەژمارم
لە بێ مروەتی ڕۆژگارە یان لە بێ وەفایی یارم
سەرمەست و شێتی کچێکم ئەویش هەر ڕۆژە و ئاوازێ
پەرێشانی ئەوەم ئەمڕۆ کەس گوێ ناگرێ لە هاوارم.

***

دوێ شەو دایکم لە خەو بینی تارای سپی لەبەردابوو
بەدیار کەلاوەی گوندەکەم تاجی گوڵی لەسەر نابوو
بە تاسەوە دەیڕوانی بۆ ئەوخەڵکانەی دەورەیان دابوو
دەیگوت نابێ بێ هیوا بن هەرچەند بیست ساڵ تەمەنێ بوو.

***

زستانە شۆڕابەی بەفرە ڕەشەبا چیمان پێ دەکات
کارەباش هەر جار نا جارە هەواڵێك دەپرسێ و دەڕوات
لالە و فانۆسمان داناوە وەك لە چاخی بەردین بژین
بیست ساڵە خەڵکی بێ دەنگن پێم وایە بیستی کەش دەڕوات.

***

تا شەست دەتوانی بژمێری و بۆ یەکیش گفتوگۆ دەکات
هەمووان گوێڕایەڵی دەکەن شاژن هەر فەرمانێ دەرکات
یەکێ نابینی تەمبەڵ بێ  بێخەم بنوێ تا ئێوارە
وەك مێرولەشمان پێنەکرا نەهێڵین کەس ڕەنجمان بخوات.

***

لێت نابورم ئەو جارەیان دەزانی چەندە بوراوم
هەموو ژیانم بەتۆ بەخشی نەبوو جارێ ببەی ناوم
ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەنازی لەتۆ دیاربێ هەر جوانییە
بەمن چی بەفراوی قەندیل بۆ ماچی لێوت خنکاوم.

***

دوورەپەرێزی بەسیەتی تۆش وەکو من بەرپرسیاری
وەرە ڕاستی مەشێوێنە گەر خاوەن هەست و هۆشیاری
سەیری پێشکەوتنی جیهان لە لوتکەی زانستە ئەمڕۆ
خەونی حوشترت زۆر ببینی کەچی هەر خۆزگە بەپاری.

***

ئەوەی کە ئەنفالی کردم تۆ ئێستا دەیپارێزی
خەڵکی چۆن ڕێزت لێبگرن برۆ کەی شایەنی ڕێزی
ئەی تۆ نەتگوت من پێشمەرگەی خاك و گەل و نیشتمانم
جیاوازی نێوانتان چییە؟ هاوشانن  لەسەر یەك مێزی.

***

باوەڕ بە عەشقی من ناکەی سەیرکە چەندە شێواوم
نیشانەی عاشق گەر دووان بێ من هەزار دەوری لێ داوم
بێ ئارام و خەفەت بارم لە سوچی ژوورەکەم ڕەنگ زەرد
کچێ لەچکەکەت پێم دادە نەك بباری هەوری چاوم.

***

هەندێ کەس پێی وایە مەستی خەمی دووری دەتارێنێ
وەك لەگەرمای خۆرهەتاودا سێبەری شادیت بۆ دێنێ
پێم بەهەڵەن ئەوانەی  ڕۆحیان بە مەی ئەسپاردووە
مەستی بۆ پیاوی بێهێزە لەدەست میحنەت هەرەس دێنێ.

***

ئەویش ڕەفتاری وەك تۆ بوو گوێی لە تانەی میللەت نەگرت
سەد هێندەی تۆ باڵادەست بوو نەتبینی چۆن لە کونیان گرت
تۆ خەونی تاساوی من و ئاسۆی چاوی شەهیدان بووی
وەك بەنزینە دانامرکێ ڕقی میللەت گەر گڕیگرت.

***

نیشتمانم تەکیەی شێخە بێ پاسەوان و دەرگایە
دوعای بۆ بخوێنە و بنوو دیارە چارەنوسمان وایە
ساڵانێکی دوور و درێژە موریدی تەکیەکەم ئەمما
پەشیمان نیم لەوەی کردم هەرچەند ئەنجامیش وایە.

***

زۆرن ئەوانەی وەکو من چارەنوسیان شەوی تارە
خەزان گەڵا هەڵوەرینە لە گەرمەی وەرزی بەهارە
هەناسەی زەردی ناکامم تەماوی کرد پەنجەرەکەم
دڵ پرسەبار و خامۆشە ماتەمینی پێوە دیارە.

***

گیری زەلکاوی ڕۆژگارم پێم وانیە دەربازبوونم
هەتا ئەژنۆ نوقمی لیتەم ڕوو لە مەرگە خەونی بوونم
کەسێ شك نابەم دڵسۆز بێ لەو زەلکاوە ڕزگارم کا
چەندی زیاتر خۆ دەبزوێم زیاتر بۆ ناخە ڕۆچونم.

***

پێیان گوتم خۆشەویستی مەرگەساتە لێی دوورکەوە
گوڵی هیوات بۆنی نابێ ئاسودە ناژین پێکەوە
گوتم بێتو تەنیا جارێ ئەو کچە دەست خاتە دەستم
پێموایە سەرکەوتوو منم هەموو ژیانم بردۆتەوە.

***

ئەم ئێوارەیە بێ دەنگی شەقام خامۆش و چۆڵ دیارە
دوور لە باڵات وەك پرسەیە سیمای ڕەشپۆشی ئەم شارە
ناتگۆڕمەوە بە هەزار شیرینی خەسرە و شاش
هەربۆیە هۆنراوەکانی من بێ تۆیی پێوە دیارە.

***

تا ئێوەم هەبێ دڵ خۆشم ئایندەی گەل ڕوون دەبینم
گۆشەگیری بەسە ئیتر بێ هودە نارژێت ئەسرینم
ڕۆژگارێ تاك و تەنیا بووم هاوبیرم پێنوسەکەم بوو
گڕی شیعری دادەگیرساند هەناسەی گەرمی پڕتینم.

***

وەك وەیشومەی ساردی پایز گەڵای هیوات هەڵوەراندم
بەباڵ دەفڕین حەزەکانم دەنگی ئازادیت خنکاندم
جارێکی تر کەی دێیتەوە هەڵفڕێ بازی خەیاڵم
نەتهێشت پێکی شادی هەڵدەم گەروت گرتم لێت پرژاندم.

***

سەهۆڵ بەندانی زستانیش لە بەهاردا دەتوێتەوە
بەهاریش هەرچەندە جوان بێت دوا گوڵی سەردەنێتەوە
سیستەمی ئەمڕۆی وڵاتم لە یاری منالان دەچێ
هەندێ جار شەڕ و ناکۆکی زۆر نابات چاك دەبێتەوە.

***

شوشەی پەنجەرەی ژورەکەم تەمی گرتوە بە هەناسەم
هەموو ڕۆژێ هەوری چاوم دادەبارێن کە تۆی تاسەم
زۆر دەمێکە سەری کاسم تێنوی کۆشێکی شەرمنە
بەیادی تۆیە هەموو کات ماچی لێوی پیاڵە و کاسەم.

***

چریکەی شەهێن و بولبول دێتە بەر گوێم لەم کێوانە
یەك ئاواز بۆ گوڵ دەبێژێ یەك پەرۆشی لوتکەی لانە
نازانم کامیان باشترە دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرم
سەرم سوڕماوە و تێناگەم کێ دڵسۆزی نیشتمانە.
***
پێت ناڵێم گوڵ، چونکە ئەزانم سیس ئەبێتەوە
پێت ناڵێم ڕۆژ چونکە، شەوی بەدوا دادێتەوە
پێت ناڵێم مۆم، چونکە ئەزانم ئەتوێتەوە
پێت دەڵێم دڵ، چونکە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.
***
توخوا هەڵبڕە دوو چاوی ڕەشت
چیتر مەمکوژە بەفرمێسکی گەشت
کەمن کۆترێکی بێلانە و تەنیام
بمکە میوانی گەرمی باوەشت.
***
بۆخۆم سەرم لێسوڕماوە دڵڕقی یاخود شەرمنی
هەرکەسێ تۆی لێڕەنجاندم ئۆباڵم بێتە گەردەنی
زۆر نیگەرانم لەو حاڵە تۆ دۆستی یاخود دوژمنی
بۆ هەر جێگایەك ڕێبگری تۆ هەناسە و دڵی منی.
***

حەزدەم لە خەودا ڕاپەڕم دواڕۆژم وەکو چرابێ
بەئاواتی دڵ بگەم شیعرەکانم چاپ کرابێ
هۆنراوە بۆ خەڵکی بڵێم بە درێژایی ئەم ڕۆژگارە
دوای مردنم پەیکەرەکەم لە سەد بلۆك دروست کرابێ.
***
ئیتر بەسە ئەو نهێنییە لە ناو دڵتا مەشارەوە
ئازیز ئا بەم بێدەنگییە مەمخەرە ناو ئاژاوەوە
هەزاران جار بۆم سەلماندووی کەوا من زۆرم خۆش دەوێی
هەر بە خەیاڵی تۆوە دەنووم بۆیە دێیە خەوم شەوێ.
***
نەکەی ئازیز بەجێم بێڵی کەوا من هۆگری تۆ بووم
نەکەی گیانم بسووتێنی کەوا من پشکۆی ئاگری تۆم
گەر تۆ چرای ژینم بیت واز لە تیشکی خۆر ئەهێنم
گەر ڕووناکی تۆ بۆمن نەبێ ئیتر من بۆچی بمێنم.
***
دائیم چاو بە فرمێسکم هەروەکو ئاوی نیلم
بینایم کوێرە لە جوانیت پێموایە من زەلیلم
لەوساتەوەی عاشقت بووم ژیانم زۆر لەلا خۆشە
بە شەو و ڕۆژ لەناو دڵمی منیش لەناو دڵما دیلم.
***

ئەوکاتەی گفتوگۆمان کرد ئاشنا بە خۆتت کردم
بە خەندەی سەر لێوەکانت لەوکاتەوە دڵت بردم
ماوەیەکە تۆ نامدوێنی بیر و هۆشم لا نەماوە
بە جەستە لە مردوو دەچم، کەچی لە ناخیشە مردم.

***

ئەمڕۆ هاتووم خۆشەویستم یەکەم نامەت بۆ بێنمەوە
هاتووم یادگاری منداڵیت ئێستاکە بە بیر بێنمەوە
بۆ دواجارە بەتۆ دەڵێم بەخەیاڵی تۆوە دەژیم
لە هەرشوێنێ تۆ دەرکەوی من سەرلەنوێ گەنج دەبمەوە.

***

کەس نازانێ تۆ لە دڵمی چونکە قەت ناوت ناهێنم
هەتا ئاشنای ڕۆحت نەبم ئەم نهێنییە نادرکێنم
جیا لەوانەی خۆشم دەوێن تۆم لە گشتیان خۆشتر دەوێ
کەسێ نییە هێندەی تۆ میراتی دڵمی بەرکەوێ.

***

ڕازی دڵمت بۆ باس دەکەم، گەر ئەمجارە بۆم ڕێککەوێ
کۆشکی خەیاڵ دەکەم هێندەی پێناچێ لێم دەڕمێت
وەك دەریا هیلاك و ماندوویت دڵم مەلەوانی سەرشێت
هەرچەند ئاسۆی عەشقم لێڵە بەدەست خۆم نییە خۆشم دەوێیت.

***

مۆمی تەمەن دوا تنۆکی لە ڕێی تۆدا توایەوە
ناڵەم خەڵکی هەرەسان کرد تۆش ئاوڕێکت نەدایەوە
برژانگی چاوم هەڵوەرین هێندە من فرمێسکم هەڵڕژان
بە پەنجەی خوێناوی خوێنینت وەڵامی عەشقت دایەوە.

***

ئەو فرمێسکەی تۆ ئەیڕێژی زۆر دەمێکە من ڕیشتوومە
ئەو ئازارەی تۆ ئەیچێژی زۆر دەمێکە من چێشتوومە
تکام وایە بیرم نەکەی ئەو عەشقەی من بکەلاوە
چونکە ئیتر بەمن ناگەیت بۆیە بۆمنووسی ماڵئاوا.

***

دووچاوت وەکو تیرێك کونی کردووە دڵی من
بە ئیشارە شێتی کردم وەك کەباب برژا ناخی من
مەجنوون ئاسا وەکو شێت هەردەم وێڵی سەحرام
تەنها ئەو پەنجەت تەرخانکە بۆ ئەلقەی دەستی من.

***

بێ تۆ ساتێ ئۆقرە ناگرم کەی دێیتەوە ئامێزم
چۆن ئەودڵەت ڕێگە ئەدا ئیتر ئەسرینت بۆ بڕێژم
خۆ بڕیاربوو خۆشەویستم لەناو دڵتا جێمکەیتەوە
یان ئەوساتەی بۆتۆ دەگریم فرمێسکم بۆ بسڕیتەوە.

***

خۆزگە ئەخەوتم خەوم نەزڕایە
خەمی بەبێ خەم بێ ئەوی تیایە
ڕەنگدانەوەی ڕۆژ شەو دیاری ئەدا
ڕۆژێکی بێ خەم کوا لەم دونیایە.

***

حەزم لە مەرگە و پێم مەڵێن زووە
زووخاوی ڕۆژگار بە زگما چووە
هەر ڕاستیم گوتووە گوێم لێنەگیرا
چارە گران بووم قسەم لە ڕووە.

***

چرکە چرکی کاتەکانم ئەمڕۆ بەدەست تۆوە دەمرن
ئەو نەمامانەی بۆتهێنام لە جیاتی گوڵ دڕك دەگرن
پەپوولە ئاسوودەی گوڵە ناتوانێ لەمژینە هەڵکات
بێ چاوی تۆ شیعرەکانم هێندە وشکن یەکسەر دەمرن.

***

گەلێك جار سکاڵام زۆرە لە بوونی خۆم پەشیمانم
بوونی مرۆڤ چی دەبەخشێ بە دیار خامەی شیعرەکانم
ئەوەی نەیدیوە نازانێ چەند بەسۆیە زامی عەشق[٧٩]
هێندە ڕامکرد بەدوای بەختم لێکترازان جومگەکانم.

***

---

٧٩) بەهجەت یەحیا لە گۆرانییەکی دەڵێ:
ئەوەی نەیدیوە نازانێ عەشق چ ژانێکی هەیە.

دەبمە چقڵی چاوی کەسێ بە ناڕێکی باست بکات
نییە جوانێ لە چەشنی تۆ لە هەموو ناوچەی خۆرهەڵات
هەرچەند دەمێکە لێت دوورم، بەڵام هۆش و بیرم لاتە
پەپوولەی ڕۆحی من ئەمشە و حەزدەکات تێر ماچت بکات.
***
چاو بۆ ئاسمانێ دەگێڕم ئەستێرەی تیا بەدیناکەم
زۆر دەمێکە هاوڕیی ئەم شەقامە دیل و هیلاکەم
هەناسەی خۆشەویستیم تێر بە سینەم هەڵنەمشت
خۆشیم نەدیت لەم ژیانە وەك زیندانە ماڵەکەم.
***
کاتژمێری تەمەن ئەمڕۆ چرکەکانی خاو دەژمێرێ
زایەڵەی مەرگێکی سووتاو بە گوێچکەمدا ڕادەدێرێ
سەرابی خەونی بەختیاریم هێزی هەنگاوی نەهێشتم
زەمانەش پەیمانی شادیم بە قەلەڕەش بۆ دەنێرێ.
***
هەرچەند شیعر دەنووسم وشەکانی بێ هەستە
لە پاش جوانی چاوی تۆ لاشەم وەك ماران گەستە
چاوەڕوانم تاکو مردن تا دڵت بەدەست دێنم
بارگە و بنەت لێکبنێ و بڵێ نامیق دە هەستە.
***

دەساڵە من بە ئاواتم ئەم شۆخە بجووڵێ هەستی
کەچی پێموایە وەك خەونە و یان سوعبەتە و بەقەستی
هەرچەند دەکەم تێدەفکرم پێموایە ناگەمە یارم
تا دەمرم ئەورۆژە نابینم کەمن دەست خەمە ناو دەستی.

***

هێندە جوانی لەبەر دڵان بە شاجوانی میسرت نادەم
قوربانی ئەم دوو فریشتەبم دایکە حەوا و باوکە ئادەم
شاعیر بۆت شێت و شەیدایە هەموو کات دەناڵێنێ
یان دەستی بەردەستت کەوێ یان بکات ماچێکی ناودەم.

***

لەوە زیاتر عیشوە مەکە بەرگەی ئەو نازەت ناگرم
کەمن ڕووخسارت دەبینم لە نووسین وەکو ئاگرم
نازانم چۆنت وەسف کەم پێنووس مرەکەبی نەما
واچاکە خۆت دوورخەیتەوە بەرگەی سوتانت ناگرم.

***

خۆزگە بەر لە هاتنی مەرگم تەنیا جارێك بە باڵای تۆ شاد بوومایە
بۆ چەند ساتێك بە هێمنی چاوەکانم لێکبنایە
حەز و ئاواتی چەند ساڵەم دڵەی شەیدام لێت شکاوە
زوڵفی یارەکەم و حاڵی دەروونم بە هەردووکیان بگەشتایە

***

لەبەر چی رووم لێئەگۆڕی کە تێئەگەی لە مەبەستم
یان ئەبینم ڕێ ئەگۆڕی کە بۆ چاوەکانت مەستم
تاکەی بێ هۆ ئازارم ئەدەی تۆزێ ویژدانت هەبێت
تۆ لە بەرچی دەرگای دڵت ناکەیتەوە لە دڵی من

***

من ئەو کەسەم کە ناتوانم دەستەکانم بۆ گوڵ بەرم
ئەو کەسەی بەدڵ خۆشم ویست بێوەفابوو بەرامبەرم
سەیرم بکە و مەمگرێنە سووتاوێکی بەردەستی تۆم
دەبێ جوانیت بدرکێنم کە من دیلێکی دەستی تۆم.

***

هیندە خیرا خۆشم ویستی هۆش و بیرت داگیر کردم
دڵنیابە ئەگەر مردم بۆ ئەو دووریەی تۆیە مردم
خاکی رۆحم بیابانە هیچ بارانیك تەڕی ناکات
لێوم تینووە بۆ لیوی تۆ هیچ لێویك تێری ناکات.

***

وردە وردە کڕی تاسەت ئەوا دێ و دادەگری
منی ڕاگرتووە ئەم هەستەم دەڵێم خوایە لێم نەمرێ
پەردەی شەرم ئەوا لاچوو لە بەینی من و تۆ
چەند لێی پاڕامەوە گوتی من نایدەم بەتۆ.

***

دەستی ڕەقی ئەم ژیانە پەڕەی ژینی هەلوەراندا
وەکو ڕەشەبای بێرەحم لق و پۆپی لێشکاندم
هەرچەند دەکەم تێدەفکرم لەم یارە بێویژدانە
ماوەی سێ ڕۆژە نایدوێنم، چونکە دڵەکەی ڕەنجاندم.

***

مەرگ لێمنزیکبۆتەوە پەنجەرەکەت بکەرەوە
بەس ئەمجارە دڵی گریاو بەنیگایەك ژیرکەرەوە
تا پەنجەکان هێزیان تیایە باغی سینەت بێنە پێشێ
نەبا دوای چەند ساتێکی تر مەرك دەستم بۆ ڕاکێشی.

***

هەتا حەزم لە ئاسۆیە حەزم لە تەماشای تۆیە
هەڵۆی بەرزی چاوەکانت بۆ بینینت دەستەمۆیە
ساتێك لە چاوم ون مەبە دڵم بۆت بە کڵ و کۆیە
ئاگری سەد هەزار دۆزەخ کەی وەك دووریەکەی تۆیە.

***

لەبیرمە ئەو کچەم نووسی نەمزانی چی ئەنجامە
هاتە وڵاتی دڵمەوە بێ مۆڵەت و بێ ئیقامە
لەو کاتەوەی کە دوورم لێت دەبمە دێوانە و سەرشێت
کەی ڕەوایە عاشق سۆز و وەفای بۆ من نەبێت.

***

مەژاکێنە پرچی زەردت چرۆ دەکا بەنازی هەستت
چرۆدهکات چرۆدەکات دەبێ بە گوڵ وشکی دەکا دڵت
تەنیا منم بەرگەی هەموو ئازارت دەگرم
شەوان لەگەڵ تەنیایدا کۆڕی گریانت بۆدەگرم
***
بەڵام ئێستا مەلێکی باڵشکاوم من
توخوا چارەم بکە تۆ تەبیبی بۆ دەردی من
کە دەتبینم کچی بەفر وەکو مانگ دەردەکەوی
ئەوکاتە زۆر دڵخۆش دەبم پێدەکەنێ دڵی من.
***
لە ئەنجامی جولەی دەریا و بەرز و نزمی پاڵەپەستۆ
ڕەشەبای ڕەشی بیابان وشکی کردووە من و تۆ
ئێستا خۆ جێژوان هێمنە شەماڵ سروەی دێنێ ئێستاکە
بۆچی نایتەدەر با کەمێ بکەین گفتوگۆ.
***
دەوەرەوە کچی بەفر شەوێ نییە باست نەکەم
پێنووسەکەم هیچ دەرنابڕێ لە چاو دووری تۆ گیانەکەم
کەچی ئێستا هەرخۆتم لێدوور دەخەیتەوە
شەو لە خەودا بانگت دەکەم تۆش وەڵامم نادەیتەوە.
***

هەرهەمووت تواندۆتەوە گۆشت و ئێسك و بەرز بووم
لە هیچ کەسی نییە باکم لە ژێر چاوی تۆ بەرز بووم
لە تەسویری برژانگی تۆ نامیق بۆت شێت و شەیدایە
لە خەڵوەتدام دێوانە من دائیمە دڵم بۆت بە سەودایە.

***

پێنووس ناتوانێ باسی کات لە جوانی هێند خان و مانە
باڵا بەرز و خوێن شیرینە کەمەر باریك شۆخ و شەنگە
ویستم بە چاوم سەیری کەم دایکی لەوێ بوو نەموێرا
کاتێ ڕووخساری لێم ون بوو، ئێستاکە دڵم بۆی تەنگە.

****

هەموو رۆژێ تا تێر دەبم وێنەکەت لە باوەش دەگرم
هێندە هۆگری جوانیت بووم ناتوانم بۆتی دەربڕم
گوێ لە تانەی خەڵکی مەگرە و وەرە تێر ماچ کەم گەردەنت
سەبری ئەیوبم نەماوە بەرگەی ئەو عیشقەت ناگرم.

***

گەلێك جار سکاڵام زۆرە لەبوونی خۆم پەشیمانم
بوونی مرۆڤ چی دەبەخشێ بەو یا خامەی شیعرەکانم
دڵێك تۆ لە بیربکات هەرگیز دڵی من نییە
هەمیشە لە یادمی بێ تۆ ئارامم نییە.

***

باڵدارێکم لە ئاسمانی سۆمای چاوت
هەتا دەمرم گشت ژیانم دەبەخشم لە پێناوت
من دونیام بۆچییە؟ مادام دونیا مردنە
گەر هاوڕێی وەك تۆم هەبێ دونیا بەهەشتی منە.

***

کە لێم دووری بێقەرام دەچم خولیای خەیاڵی تۆ
هەوارگەی ماڵەکەم ڕووخا لە گەل دواکۆچی تاڵی تۆ
سەرگەردان و سیاچارەم شتێ نییە بیگرێ جێی تۆ
جێم مەهێڵی بەتەنیایی ناتوانم بژیم بەبێ تۆ.

***

بۆ نەخشەی گەیشتن بەو کیژە هەنگاوی پڕ تینی دەوێ
وەك جەنگەڵە وێرانەیە چاوی پر تینی دەوێ
ئەو مەرگەساتەی بینیوتە فرمێسکی خوێنینی دەوێ
پێتوابێ گەر تۆ بێهۆشی قاقای پێکەنینی دەوێ.

***

لە چاوەڕوانی تۆ چاوم وەکو بارانە و کپ نابێ
کێ لە من زیاتر سووتاوە دەڵێ عاشقم بڵێ بابێ
دەزانم ناحەزمان زۆرن گەیشتنم پێت زۆر مەحاڵە
چی لە دڵەی بێچارەکەم خووی بەتۆ گۆتووە و گیرنابێ.

***

دڵی سەوزم لە زەدی تۆ دەلەرزێ

لە ساردی تۆ گەرم بۆ تۆ دەلەرزێ

لە دووریتا وەکو کەوێکی بەداو گیراو

بەبی سەرما لەناو قەفەس دەلەرزی.

***

نەمدەزانی کە تۆ ڕاوچی و نێچیرەکان پیاوی گێلن

تۆ کەسێکی مەکر بازی و هەزاران پیاو لە دووت وێڵن

چۆن ڕۆیشتی ئاوا بڕۆ سەد بەردت لەدوا دەهاوم

ئەگەر چاوم لە دوای تۆ بێت یاخوا کوێربێت هەردوو چاوم.

***

لە رابردوو پەشیمانم لەخۆم تووڕەم تازە دەزانم نەزانم

لەخۆم تووڕەم کاتێك من زانیم و هەستم پێکردی

نەمدەزانی کەتۆ ڕاوچی منیش وەکو ماسی ئاوی لێڵم

تازە زانیم وەکو ڕێوی ژیانت پڕە لە فڕو فێڵم.

***

چەرخی گەردوون وێران بێت ئای تاڵە ئەم ژیانە

بەشم هەر دەرد و ژانە

لەبەر نەبوونی کار دوور بووم لە بەژن و باڵات

ڕێی کۆتایم هەڵبژارد بۆیە کەوتمە مەیخانە.

***

یارم بەباڵا بەرزە گەرچی بە دیمەن منداڵە
لەم ژینەی ئەمڕۆ ناشادم سوێر و تاڵە
چاوەڕێی کچی بەفرم چوار ساڵە خۆشم دەوێ
کەچی ئەو لە وەڵامدا بانگم دەکات بە خاڵە.

***

وا چەند ساڵە دڵەی دیلم بۆ ساتێکیش نەسرەوتووە
وا چەند شەوە هۆگری، هۆ گیانی من خەو لە چاوی نەکەوتووە
چەند شەوێکە بە چرکەیەك شادی ڕووی تێنەکردووم
چەند شەوێکە لە ئازاردام خەندەیەك لێوی نەگرتووم.

***

لەسەرما ڕەق هەڵاتووم بێیتە دەر لە ماڵ چاکە
بۆ دیداری تۆ هاتووم توخوا کەمێك خێراکە
ئەگەر خوێنیشم ببەستێ لەسەرما دڵم هەر بێباکە
ساتێ وەرە بەردەرگا خۆتم نیشاندەی چاکە.

***

چ زوو تێپەڕی هەژدەساڵ تەمەن
نەمتوانی پەردە لەڕووی ڕووت لادەم
بوومە قوربانی دەستی موژگان و
هیچ مەیلت نەبوو، چون هەژار زادەم.

***

هەور بوو شەو بوو دونیا تەم بوو
لەناو باخ و نیزار و چەم بوو
تۆ وەکو سنەوبەر هەر ئەشنایتەوە
بەرزی وەك باڵات شێوەی زۆر کەم بوو.
***
سەد خۆزگە ژیان بمژەنیبای
یان گوێچکەم بۆ بگرتبای هەروەکو تارێ
نەوەك وەك ئێستا بەدائیمی
بارەبەریت کەم هەروەك ژێرداری.
***
چۆن دەبێ من بۆتبسوتێم تۆش لە کەیف و سەفای
من بۆ دووریت غەرقی خەم بووم تۆش لە خۆم بێئاگای
هەرکارێ دەکەم رۆژی بەری نووسراوە
بۆ چاك و خراپ خوا قەڵەمی لێداوە.
***
پرسیار و کردەوەی گوناهم بۆ لە منە
نووسراوە من دەبێ بیکەم ئیتر چیمە
***
ژیانی من بێوەفایە زیندانی من بوو
گوڵی خەم بەدی داماوی من بوو
خەمی یەعقوب و خەمی ژانی دەردی ئەیوب
هەر هەمووی بە نسیبی گیانی من بوو.
***

بۆکێ بەرم دەستی چەپك ڕاكێشان
خۆ دیار نییە ڕێگای دووری کا کێشان
لە من ونە کۆڕی گەرمی دەروێشان
کۆڕەکەی من بوو بە کۆڕی دڵ ئێشان.

***

چومە گوڵستان شیوەنی گوڵ بوو
قاقای دڕکی ئەهلی بێ دڵ بوو
ناڵەی بولبوولی لە قەز کراو
حەز و گۆرانی قەلی سەرچڵ بوو.

***

هۆگری تەنیایی بووم شەقام وێڵی ڕێم
با لە دونیا بۆمن نەبیت لە قیامەت چاوەڕێتم
وا هەست نەکەی ژیانی من پڕ بەهایە
لە ناخەوە بەدڵ ئەڵێم هاوڕێی مەرگی تۆم خودایە.

***

پاکانەی خۆت لای کەس مەکە مەڵێ سەفەر لای تۆ فڕی
هیچ تاوانێك لای من نەبوو ئەم تاوانەت بۆچی بڕی
کە ئەتزانی ڕۆژێ دادێ چاوەکانت ئەگرین بۆم
ڕێم پێمەگرە خۆشەویستم من کوژراوی (بەردەستی تۆم) ...سەفەری تۆم.

***

کاتێ گەنج بووم ئای چ گەنجی کاتێ پیربووم ئاخ چ پیرێ
کاتێ باسی گەنجیم دەکەم کەمێکم دێتەوە بیرێ
حەبیب و لاویم فائیدەی نەما فائیدەی نەما
ئەمما پیری خەم دایگرتم.

***

(مەکەن مەنعم لە شین و ناڵە ئەمشەو
لە دوریتا مەراقم تاڵە ئەمشە و)[٨٠]
سەفا مرد و موحیبەت بێ سەمەرما
سەفا خەوت و جەفا بێ دارە ئەمشەو.

***

شنەی با جوانی ئەو بە گوێی مندا دەچرپێنێ[٨١]
هەر دەرکەوتنی مەلیحە دڵی من بەنەشئە دێنێ
بەڵێ کاتێ ئەو دەرکەوت هۆش و فیکری من بەتاڵە
تیشکی خۆری چاوی ئەوە هەموو دونیا بۆمن دێنێ.

***

چرکە چرکی کاتەکانم ئەمڕۆ بەدەستی تۆوە دەمرن
ئەو نەمامانەی بۆتهێنام لە جیاتی گوڵ دڕك دەگرن
پەپوولە ئاسوودەی گوڵە ناتوانێ لەم ژینە هەڵکات
بێ چاوی تۆ شیعرەکانم هێندە وشکن یەکسەر دەمرن.

***

---

٨٠) دێـڕی یەکـەم کـە خسـتومەتە نێـو کەوانـە، هـی شـاعیر (زاری)یـە، ١٩٠٥-١٩٨٢ڕاسـتی نامیـق تەلانـی نەیخسـتبووە نێـو کەوانـە و ئامـاژەی پێنەدابـوو.
٨١)بـە دەرسـکارییەوە لـە ئەحمـەد هـەردی وەرگرتـووەو نـاوی خێزانەکـەی (مەلیحـە)ی نووسـیوە.

خۆشەویستت ئاسمانێکە هەمیشە وا بەسەرمەوە
دەروازەی گشت سەرنجێکم بەیادی تۆ دەکەمەوە
هەتا ماوم هەرتۆی ژینم گلێنەکانم دەرئەهێنم
جگە لەتۆ ئەم چاوانەم نابێ کەسی پێببینم.

***

ڕۆحی منت بۆ تەنیا کرد بۆ وەك جاران بیرم ناکەی
گەر بەحاڵی دڵ ئەزانی هەرگیز خۆتم لێون ناکەی
بۆچی ناپرسی لە دڵی تەنیام تۆ خۆشەویستی بۆ هەردوو دنیام
دونیا ناتوانێ دڵخۆشم بکات، دڵم هەمیشە بیری تۆ دەکات.

***

لێمبپرسن گەر لە حەشرا هۆی چی بوو هۆی مردنت
با بزانن چیم وەڵامە سوێند بە چاوی شەرمنت
دەیخەمە ئەستۆتەوە ئۆباڵی جوانیم و ئەڵێم
بێبەری بووم لە ماچی خاڵەکەی سەر گەردەنت.

***

وەرە بۆلام ئەی ئەوینی ڕازی شەوانی تەنیایم
کچی بەفر بڕوابکە هەرتۆی تروسکەی بینایم
نامیق وەك شێت دڵی لاتە تاکو مەرگ ئەیباتەوە
شەوانەش لە سەرجێگادا خەو بۆلای تۆم دەباتەوە.

***

ئەی دڵ ئەگەر جوانپەرستیت جوانیت دەوێ
تۆ بە خەت و خاڵی نیگارە دڵت ناسرەوێ
هەق جوانە جوانی دەوێ هەستە تاڵە
داینێ سەر و ماڵت بۆ هەق هیچت نەوێ.

***

نەفرەت لە تەنیایی دەکەم یادگاری تۆم دێنێتە یاد
ئەمشەو تەنیام لە غەریبی دا دەگریێم بۆ باڵات
خانەکانی مێشکم هەمووی لە تۆڕی جاڵجاڵۆکە دەچێ
ئاڵۆسکاون ناکرێنەوە تا دەستی تۆ بە من نەگات.

***

کەشتی دڵم لەنگەر دەگرێ لە برامبەر جوانی چاوت
ڕۆژێ دادێ لە ئاهی من بۆنسۆ هەڵسێ لە هەناوت
بەبەردەوام صەفا و مەڕوا بەبەردەرگای ماڵتان دەکەم
زۆر هەوڵمدا لەگەڵ دڵم، بەڵام ناسڕێتەوە ناوت.

***

ویستم بڕۆم لەگەڵ باران، کەچی باران ڕێی لێگرتم
ئەوەندە بەکوڵ دەباری ڕێگای وێڵی لێون کردم
ئێستاش چاوەڕێم بوەستێ، بەڵکو ڕێگام بدۆزمەوە
بەیەکجاری کۆچ بکەمەم و دووری لە بیرخۆم بەرمەوە.

***

لەناو گێژاوی خەما ڕۆژی ڕووناك لێم تەمە
خەریکە خەم دەمکوژێ لەم عومرە ناسك و کەمە
وەك پیرێکی مشوورخۆر من بۆتمە مامە خەمە
ئای لە دونیای بێوەفا دەتخات بەدەماودەما.
***
لەپای چی بوو لەدەستتدا خشتی گەوهەری کەماڵت
وا هەست ناکەی تاوانباری دوژمنم خۆزگەی بەحاڵت
با پیرۆزی تۆ بێ ئیتر هەر لە خۆت جوانە ئەو دەورە
پەشیمانی دادت نادا بابردووی بابردی کەپری هەوارت.
***
چاوی پرشنگی گەل نەبێ  دەبا کوێر و نابینا بێ
ئەو دڵەی بۆگەل نەسوتێ بە نوکی خەنجەر والابێ
وەك دایکمە مایەی بونم خۆشم دەوێ نیشتمانم
کوا دەتوانم بێدەنگ بژیم هەتا ناڵەی هەژار مابێ.
***
لە ئەنجامی جوڵەی دەریا و بەرز و نزمی پاڵەپەستۆ
ڕەشەبای مەرگی بیابان و وشك کردنی دار و چرۆ
ئێستا خۆ دەریا هێمنە و سروەی شەماڵە ئێستاکە
ئەدی بۆچی ناڕوێتەوە باخچەی هیوای من و تۆ.
***

شیعر بورکانی هەستێکە لە ناخی شاعیر دێتەدەر
هێزێك نییە پێشی بگرێ بێ باك لە تانەی دەوروبەر
هەرکەسەو جۆرێ دەنوسێ هەر شاعیرە و لە ئاوازێ
(نامیق) بۆ کچێك پەرۆشە ئەویش لەماڵ نایەتەدەر.

***

بڕوانە ژیلەمۆی عەشقم گەرمی نەما بوو بە ڕەژوو
هەموو خۆزگە و حەزەکانم لە جەنگەڵی ناخت ون بوو
سۆزی عەشقت تواندمەوە پێم وانییە جارێکی تر
ئەو هەستە لە ناخم بڕوێ و بەهاری ژینم بەسەرچوو.

***

مۆمی تەمەنم دوا تنۆکی لە ڕێی تۆدا توایەوە
ناڵەم خەڵکی هەرەسان کرد تۆش ئاوڕێکت نەدایەوە
برژانگی چاوم هەڵوەرین هێندە فرمێسکم هەڵڕژاند
بە پەنجەی خوێناوی خوێنین وەڵامی عەشقت دایەوە.

***

دڵ کە ئەمرۆ کۆت و بەندە ترسی زیندانی نییە
وەك کێوی بێستون بێ خەم گوێ لە ناڵەی من نییە
سوتا پەڕوباڵی عەشقم بەسۆیە ژانی کپ نابێ
کەسێ ناسۆری بچێژێ باکی بە مردن هەر نییە.

***

فەلەك زانی کەنفتم زیاتر سەنگی گرتە شانم
سەری کڕنوشی پێ بردم بۆ ئەوەی خەونی تاسانم
وەك کەمەی گۆچانە پشتم بینیایم لێڵە ئێستاکە
کەشتی تەمەنم شکستە شپڕزە و ڕوو لە خنکانم.

***

لە خەوما باپیرەم بینی ڕیشی سپی تریسکاوە
خۆی هەڵکردبوو تا پشت ئەژنۆ قوڕی دەشێلا بە کاوە
دەیویست لەنوێ بیکاتەوە ئەو گوندەی دوژمن ڕمانی
پێی گوتم شەرمە بۆ ئێوە بیر و باوەڕتان نەماوە.

***

وێنەی پەروانە سوتاوم کە دەبینم دەرگای ماڵتان
جوانییەکەت شێتی کردووم وەك پشکۆی دەم بەسوتان
دڵڕفێنە ئەو شۆخەی کە لە فریشتەی خوا ئەچێ
تا ئێستا(نامیق)نەیدیوە دوو مانگ بدرەوشێ لە ئاسمان.

***

پیرەدارەکەی سەر کانی ئێستا لانەی کوندەبۆیە
شوێنی حەسانەوەی من بوو لە هاوینان نیوەڕۆیە
بێ وەفا بووم لە ئاستی ئەو ڕووم نایە بچمە سەردانی
سەد ڕازی منی لەلایە هەندێکیان کە جێژوانی تۆیە.

***

له دواچرکەی خۆرئاوابوون ئێوارە باڵی دەکێشێ
تێکەڵ دەبوون بەو ئێوارە ئاوازی شادی دەپۆشێ
باعەی مەڕ و دەنگی مانگا و ترینگەی زەنگوڵە و چرپەی باران
مەڕ و ماڵات ڕووە و ناو دێ دیمەنی زۆر جوان دەبەخشێ.

***

ئەم هەواڵە چی بوو پێت دام دڵەی ماتی داخورپاندم
ئەو شەوە تاکو بەیانی کۆرپەی خەوت لێ تۆراندم
نەمزانی هێندەم خۆش دەوێی تا ئەو ڕادەی لەناو خوێنمای
گەر تۆ بەجەستە سوتاوی بیستنی ناخی سوتاندم.

***

فرۆید نەیتوانی وەك من ناخی مرۆڤ هەڵسەنگێنێ
داروین پێی وابوو دەتوانێ هەموو شت خۆی بگونجێنێ
ئەدیسۆن لای وابوو هەوڵە هەموو شت بەدەست دێنێ
منیش دەڵێم خۆشەویستی هەموو بەربەستێ دەشکێنێ.

***

له هۆشیاریت بێگومان نیم ئایندەکەی نادیارە
خەڵکی متمانەی پێت هەیە لە سیمات دڵسۆزی دیارە
بێ هیوا نیم لەو خەباتە هەرچەند خەڵکی ناهۆشیارە
پێم وانییە وا بەزوویی زامی هەژار بکرێ چارە.

***

ڕێسای ئەو ژینە پڕ دەردەم پێم ئاسان نییە گۆڕینم
هەمووی ئەندێشە ئاسایە ئاڵۆزە ئاسۆ نابینم
وەك ڕووباری نیلە ڕێچکەی دژە خواستی کۆمەڵگایە
هەموو ڕۆژێ دێتەوە سۆ بێ چارە ماوە برینم.

***

بۆ هەر لایەك هەنگاو دەنێی دەسەڵات ڕێگات پێنادا.
بۆ کەسانێ سەربەست بژین سەربەست زۆرن لە ڕێگادا
هەڵوێستەیەك چاکە ئەمڕۆ چاوت بۆ جیهان بگێڕە
جیلی نوێ هاتۆتە مەیدان گوێ بە ڕابردووی تۆ نادا.

***

هەر تۆ شك دەبەم ئەم جارە دەستم بگرە و فریام کەوە
چەندە تێنووی هاوەڵێکم ئەو بێ هێزیەم کەم کاتەوە
تاوانی خۆمە ئێستاکە سەوداسەر و سەرگەردانم
بەس ئامێزی تۆ دەتوانێ کڵپەی دڵم کپ کاتەوە.

*****

یادی تۆیە خۆشەویستم فرمێسکی چاوم کپ نابێ
شەماڵ و سروە تۆ شك دەبەم چاوەڕوانم بڵێن با بێ
غوربەتی هێزی نەهێشتم تەمەن ڕوو لە لێژی دەڕوا
گەر تۆ جارێك بڵێی شاعیر چییە دونیا خەرا نابێ.

***

قەت وازناهێنێ یاشێخ لە بەرماڵ
بەلەدیەکانیش لە زەڕیبە و چاڵ
(نامیق)ی حەماڵ بەئیرادەی خوا
(مەلیحە)ی لێبووە بە ڕۆستەمی زاڵ.

***

دەروازەی شارم بەجێ هێشت ئەو ڕۆژەم بیرناچێتەوە
پۆڵ پۆڵ گورگەڕێمان دەبڕی و تولە ڕێش نابڕێتەوە.
خوێن لە پەنجەی قاچم دەتکا هیوایەك هاوڕێم بوو بەڵام،
نەگەییمە ئەو بەهەشتەی وا ناخۆشیم بیربەرێتەوە.

***

دڵی من شێتە ئەزیزم دڵی تۆش شێت خانەیە
یاسای ژین وایە ئەزیزم جێگای شێت شێتخانەیە
بە ئاڵۆسکاوی فیکری دوور لە هۆشم
بە هۆشیاری سەرم شێواند لە خۆشم.

***

هەندێ کەس لای وایە شێتم پێم وابێ ناحەقیان نییە
چیم داوە لە شیعر نووسین ئەم هات و هاوارم لە چییە؟
ئەوەی ویستم نەگەیە جێ، ئەوەی ویستم نەگەییە گوێ
من کچێك سەرمەستی کردوم سەرلێشێوان مانای چییە؟

***

وا هەست دەکەم خۆشەویستیت وەك دار لە ناخم هەڵچوە
ڕەگ و ڕیشەی لەناو دڵما بۆ هەموو لایەك ڕۆیشتووە
لەو کاتەوەی تۆم ناسیوە خەیاڵم هەر لای تۆیە
دڵنیابە لەبەر تۆیە شاری کۆیەم خۆش ویستووە.

***

بەبەرچاوما ڕامەبورە کە من چیتر سەیرت ناکەم
ببیە فریشتە یان حۆری ئیتر متمانەت پێ ناکەم
جوانیت سەرنجی ڕاکێشام پێم وابو ناخیشت جوانە
بەڵام ئێستا کە تۆم ناسی کە ناوت دێ دەبێ ڕاکەم.

***

ژیانی من داوای مەرگ دەکات
دڵی من داوای وەستان دەکات
ڕۆحیشم داوای ئاسمان دەکات
ئاخر دوری تۆیە کچێ وا لەمن دەکات.

***

لە دەروازەی نائومێدی خۆشەیستیت هەڵکورماوم
کزەبای خەم ڕائەژەنێ بسکی بووکی دەرونی پڕ لە تاوم
بۆ نامدوێنێ خۆ تۆ وتت لە ناخمدا لە سوێی عەشقت داگیرساوم
ئەی ئێستاکە وەکو ئاگر دەمسوتێنێ پەشیمانیت بۆ هێناوم.

***

من قەت خۆش نابم لەو کەسەی کە دڵمی داگیر کردووە
هەتا ئێستا چاوەڕوانم یەك وشەی پێ نەوتووە
وا هەست دەکەم دڵەی شێتم شوێن عەشقی مردوو کەوتووە
تۆ خاوەنی عەشق نیت عەشق ڕێگای پێت گرتووە.

***

توخوا گیانە وەرە بۆ لام
برینی دڵم سارێژکە
چاوەڕوانی نیگایەکتم
تەنیا جارێ تەماشام کە.

***

زۆرم لە دەرگای ماڵتاندا کەس نەهات بە دەنگمەوە
حەزم دەکرد پێش ئەم دووریەت بە دیدارت شاد ببمەوە
دابڕان دەردێکی قورسە نازانم کەی دەتبینمەوە
بەرگەی ئەم دووریەت ناگرم هەرچەند بەخۆم دادێمەوە.

***

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە لە چواردەورم کۆدەبنەوە
وەکو جاران بە ماچ و گوڵ ئەم پێشوازیەم بۆ دێننەوە
هەموو ژیانی خۆم بەخشی بۆ ڕزگاری ژیانی ئێوە
دەزانم دڵتان ڕەنجاوە چۆن لەگەڵما چاك دەبنەوە.

***

هەر لەخۆمەوە حەزدەکەم هەموو ڕۆژێ بێمە سەر ڕێت
بە نیگایەکیش بێ باشە گرپەی دڵم دادەمرکێت
گوێ بە تانەی خەڵکی نادەم هەرچی دەڵێن ناگات بەوەی
چاوەکانت لێك دەنێیت و تێدەگەم پێم دەڵێن نابێت.

***

لە چاوەڕوانی تۆ چاوم وەکو بارانە و کپ نابێ
کێ لەمن زیاتر سوتاوە دەڵێ عاشقم بڵێ بابێ
دەزانی بە شیعر دوورە گەیشتنم پێت زۆر مەحاڵە
چی لە دڵەی بێ چارە کەم خوی بە تۆ گرتوە و گیر نابێ.

***

کاتژمێری تەمەنم ئەمڕۆ چرکەکانی خاو دەژمێرێ
زایەڵەی مەرگێکی سوتاو بە گوێچکەمدا ڕادەدێرێ
سەرابی خەونی بەختیاریم هێزی هەنگاوی نەهێشتم
زەمانەش پەیمانی شادیم بە قەلەڕەش بۆ دەنێرێ.

***

هەموو هەستی خۆم پێ بەخشی تەواو متمانەم پێ کردی
تەنیا دڵێکم شك دەبرد دەرم هێنا و بۆم لەت کردی
ئێستاش بێ شەرمانە دەڵێی کوڕی باش تۆ کێی؟
پێم وابێ وەك شێتێ وای هەست و سۆزیان بەدیل بردی.

***

حەزدەکا سەری کوڕنوشم لەبەرپێتا دابنوێنم
پێی خۆشە وەك کەڕ و لاڵ بم وشەی ڕاستی نەدرکێنم
یا سەیوانی سەری وان بم ڕەخنەی نمە بتارێنم
شیعرەکانم وەکو توتی بەباڵای تۆدا بخوێنن.

***

لەلام خۆشە ئەم وەرزە لەلام ئازیزە
زۆر شیرینە با بەخێربێت ئەم پایزە
وا خەریکە گەڵاکان پرسە بۆخۆیان دەگێڕن
شیوەن دەکەن بۆدواجار ماڵئاوایی دەکەن.(٢٠١٨)

***

لەم گۆڕستانە مەمنێژن هەرچەندە سەوزایی و گوڵزارە
(نامیق) تا ئەو ڕۆژەی دەمرێ پێم وایە پیشەی عەمبارە
من کچێکم زۆر خۆش دەوێ حەزدەکەم دائیمە بیدوێنم
لەبەر(مەلیحە)ش ناوێرم زیندانی ناو چواردیوارە.

***

سەیری کۆیە کەن جێگاکەی چاڵە
چیای باواجی بەسەریا زاڵە
ژینم بردە سەر بە ئاخ و ناڵە
تۆم لەیاد ناچێ بەخوا محاڵە.

***

پرسیم لە گوڵە ژاڵە تامت بۆ تاڵە
گوتی براکەم کە فڕانی مردن
گوتم ئەی ڕەنگت بۆ گەش و ئاڵە
گوتی لەبەر دۆست بە کوێری دوژمن.

***

حەز دەکەم جارجار بنووسم گەر سادەش بێ بیرەکانم
باشترە هەستم دەربڕم بە هۆنراوە و شیعرەکانم
هەرچەند دەزانم بێ سودە چیم پێ ناکرێ لەوە زیاتر
ئەشکی حەسرەت دابارێنم بەدیار مەرگی خەونەکانم.

***

هیوای هیچم پێت نەماوە تەنها لە دوژمن باشتری
ئەو وڵاتی خاپورکردم تۆش وەك ڕێبوار و کۆچەری
پیلانی دوارۆژت نییە ئەڵقە لەدەست  دەوروبەری
بۆ(نامیق)  شیعر باشترە لە سەد دۆلار و دەفتەری.

***

زانستی ئەمرۆ پێی وایە ڕەنگی شێتیش بۆماوەیە
خانەکانی مێشکی مرۆڤ یەك لە سەدی کراوەیە
گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێ مەبەستی ئەو پەندە دیارە
پێشینان درکیان پێکردووە مرۆڤیش سەرچاوەیە.

***

وێنەی خۆمی تیا ئەبینم گەر دەڵێن چاو هەستی پاکە
هەست بە لەرزەی لێوت دەکەم جارجارە پێم دەڵێی کاکە
دڵت ئازاد کە لەو بەندە تاوان نییە خۆشەویستی
پارو لە دەم بەربێتەوە کۆش بیگرێتەوە چەند چاکە.
***
ڕێکەوتێ بوو کە تۆم ناسی پێم وابێ ژیانیش ڕێکەوتە
تەمەنی گەنجیم بە با چوو ئێستاکەش پیر و پەك کەوتە
وەك چۆلەکەی پەڕ و باڵ تەڕ لە ئاست ئەو عەشقە داماوم
پێم ئەستەمە بڵێم پیربووم هەرچەندە پەتی درۆش کورتە.
***
بە بێژنگ کوا خۆر دەگیرێ خۆت بۆماندو دەکەی کاکە
چاووبەستەکی بەسە ئیتر ڕاستی بە من بڵێی چاکە
سەرچاوەکەی لەلای تۆیە دیزە و گۆزەت پڕکرد تاکەی
خەڵکی تریش ماندوو زۆرن ویژدان بۆ مرۆڤ چەند چاکە.
****
لە زیندانێکی تاریکم شیشەی ژەنگن دەورەی داوم
وەك چۆلەکەی بێ پەڕ و باڵ لە فڕین بێبەش کراوم
تیشکی ڕووناکی نابینم چاوم تینووی تیشکی خۆرە
گەرهاتی ڕووناکی بێنە خەریکە دەخنکێ چاوم.
***

سزای مانگرتن زیندانە خەڵکەکەش قینی هەڵساوە
لە دەست ئەو جەورە بێزارن چینی ناوەندیان نەماوە
سزا بۆئەوانە دانێن گەندەڵن و پشتیان بەهێزە
هەژاری خۆی زیندانێکە تەڕبوو کوا لە ئاو ترساوە.

***

لە سەر گۆڕی یادەکانم ئاهی گریانێک ڕواوە
دیارە سۆزی عەشقی تۆیە بۆ غەریبیم بەجێماوە
دەریای هێمنم هەر تۆ بوو و چاوەکانی تۆشم ونبوو
ئەو دەمانەی هاودەمم بووی یادگارییەکانم زۆر ڕوون بوو.

٢٠١١/١١/١١ هەینی

***

خۆر وەرگیراوی زوڵف و پەرچەمتە
خوێنیش سووراوی خەرمانەی دەمتە
بۆچی یاخی بووی لە منی شاعیر؟
کێ وەکو نامق هاودەمی خەمتە؟

***

هەتا بە ڕۆح بمێنم بۆ وەفات خزمەتکارم
چونکە زۆرم خۆشدەوێیت بۆ دووریت بە ئازارم.

***

چاوەکانت دووو کۆتر بوون،
چەندی کردم ماڵی نەبوون
بۆیە دایان لە شەقەی باڵ،
لە مەبەستم حاڵی نەبوون.

***

مانای جلی ڕەش شین و گریانە
شین و گریانم بۆ کچی جوانە
من هەر ڕەشپۆشم، خەمیش هەڵدەگرم
هەتا ئەو ڕۆژەی ئەجەل دێ و دەمرم.

***

کەی ڕەوایە گوڵی نێرگز لەدوای بەهار سەرباتەوە؟
یان بارانێ لە هاوینا باڵی دارێ بشواتەوە؟
بڕۆ لەگەڵ ڕووبارێکا، گەڕانەوەت لەدوا نەبێ
پەنجەرەی ئەم عەشقە داخە و هەنگاو بەسەر دڵما بنێ.

***

بیرتە نان بە پوڵی بوو؟ فەقیریش هەر هەبوو جاران
ئەدی ئێستا دەبێ چی بکا مریشکێ بوویتە گای ساران
خودا ڕوحمی گەلێک زۆرە لە برسان نامرێ هیچ کەس
هەموو ڕسقی لەسەر خوایە دەیبارێنێ وەکو باران.

***

## پەشیمان

بۆچی گەڕاوی ماڵ بە ماڵ بە شوێن ونبوونی دڵی خۆتا؟
ئەی تۆ دڵت نەدا بە من وتت بیبە لەگەڵ خۆتا؟
ئێستا بۆچی پەشیمانی داوای دڵت ئەکەیتەوە؟
تا پێم نەڵێیت خۆشمئەوێیت، هەرگیز دڵت نابەیتەوە. ٢٠١٣

***

# ئەرشـــیفە وێنـــە



باوك و دایكی تەلانی: كەریم ڕەشید ڕەحمان ـ سوڵتان هاوار نامیق



تەلانی لەتەمەنی مێرمنداڵیدا




تەلانی لەتەمەنی مێرمنداڵیدا



تەلانی لەکاتی پێشمەرگایەتیدا، لە سکرتاریەتیی لەشکری یەك، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ١٩٩٦/٣/١٧




١٩٩٦



سکرتاریەتی لەشکری یەك، ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی ١٩٩٦/٣/١٧



تەلانی، خێزانەکەی(مەلیحە)، خەسووی



تەلانی، چوارەم کەس خێزانی تەلانی



تەلانی و خێزانەکەی ٢٠٠٢/١٠/١١



تەلانی ٢٠٠٢



تەلانی و هونەرمەند سمایل سەردەشتی ٢٠٠٦



خێزانەکەی و تەلانی ٢٠١٨




ڕیزی سێیەم لەڕاستەوە تەلانی لەگەڵ فەرمانبەرانی پەروەردەی کۆیە،
٢٠١١/٤/١٣



لەڕاستەوە وریای جەلیزادە، وشیار عەزیز، نامیق تەلانی، سالار عەزیز
چەلەبی، کۆیە ـ ٢٠٠٨




نامیق تەلانی و بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆیە: نەرمێ حەمەد ـ ٢٠٠٩



تەلانی




تەلانی




تەلانی




له ئەرشیفی هیوا حەلاق: تەلانی لەکاتی خوێندنەوەی شیعردا



ناميق تەلانی لە نەخۆشخانەی كۆیە ماوەیەك بەر لە مردنی



ماڵەکەی تەلانی لە گەڕەکی ئازادی کۆیە ـ ٢٠٢١



له ڕاستەوە: مەلیحە(خێزانی تەلانی)، نەعمان کەریم ڕەشید،
د. هاوژین صلیوە، شێرکۆ جاسم، ماڵی تەلانی، لەکاتی وەرگرتنی زانیاری
لەبارەی تەلانییەوە، ٢٠٢١/٢/٧



ئەو کتێبانەی تەلانی لەماڵەوە هەیبووە


وەرە ناوماڵی چاومەوە
شیعری ..نامیق تە لانی
کۆیە
٢٠٠٩


بەدەروازەی چاوەکانت وەرە ناومالّی چاومەوە
گەلاّی شیعرم بۆرا خستوویت وەرەدل وهەناومەوە
سەیری گریانی شەوانم ییگی حەزم ئەخواتەوە
بەتەنهابەس گریانی تۆ شەوگاری من دەباتەوە



لەسەر گۆڕی تەلانی ٢٠٢١/٢/٧، لە ڕاستەوە: شێرکۆ جاسم، د.هاوژین
صلیوە، برای تەلانی(نەعمان کەریم ڕەشید)


خۆشحاڵین بەئامادەبونتان

بەمەبەستی ڕێزگرتن لەخزمەت و بەرهەمەکانی
(ڕێکخراوی ڕۆشنبیری کۆیە) مەراسیمێکی تایبەت بەساڵڕۆژی کۆچی
دوایی شاعیری لاوی شارەکەمان (نامیق تەلانی) ڕێکدەخات.

وتەی مامۆستا فازیل شەورۆ.

خستنەڕوی شیعرەکانی نامیق تەلانی لەلایەن د.هاوژین سلێوە.

دانانی تاجە گوڵینە لەسەر گۆڕی کۆچکردو.

ڕۆژی شەممە: ١١/ ١٢/ ٢٠٢١

کاتژمێر : ٣:٠٠ ی پاش نیوەڕۆ.

شوێن: هۆڵی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری کۆیە

کارتی دەعوەتنامە




٢٠٢١/١٢/١١ مەراسیمی ساڵیادی کۆچی دوایی شاعیر، فازیل شەوڕۆ و د. هاوژین صلیوە




٢٠٢١/١٢/١١ مەراسیمی ساڵیادی کۆچی دوایی شاعیر





ئێوارەی ٢٠٢١/١٢/١١ لەسەر گۆڕی تەلانی



ئێوارەی ٢٠٢١/١٢/١١ لەسەر گۆڕی تەلانی



دەست نووسی تەلانی


(ئێواران)

الموضوع :        التاريخ  /  /  ٢٠١

کە ئێواران دێتە سەر ڕێم بە پێکەنین و نازەوە
دڵۆپ دڵۆپ دەتوێمەوە بە دەم شیعرێکی تازەوە
کچێکی ئەڵێی ڕۆحەکەت چۆتە لاشەکەی پەپولەوە
دەیانبینم بە بوونێکیرەی کە دیارە بە گڕ دێتەوە
یا خود حەرفەکەی سەر سینگت ئەکە بە ناوی منەوە
کە دەستی هاوڕێکەت دەگریت
ئێواران بەرەو ماڵەوە
لە کەنارێکی مندا دەچی بە ورتەی زەرد و کاڵەوە
تۆ هەر کچە شارێکی بیت شەقامەکانی لەشوێنتا
ئەو خەڵکانەی تیادا دەژین مۆمێکی بۆکە شوێنتا

دەست نووسی تەلانی



# دیوانی
# تەلانی

ئامادەکردن و توێژینەوەی
د. هاوژین صلیوە

کە ئێواران دێیتە سەر ڕێم بە پێکەنین و نازەوە
دڵۆپ دڵۆپ دەتوێمەوە بەدەم شیعرێکی تازەوە
کچێ ئەڵێی ڕۆحەکەت چۆتە لاشەی پەپوولەوە
دە یان بمکە بەو زنجیرەی کە دیارە بە گەردنتەوە
یاخود حەرفەکەی سەر سینگت بکە بە ناوی منەوە
کە دەستی هاوڕێکەت دەگری ئێواران بەرەو ماڵەوە
لە کەنارێکی من دەچی بەو قژە زەرد و کاڵەوە
تۆ هەقە کچی شارێک بیت شەقامەکانی شووشەبن
ئەو خەڵکانەی تێیدا دەژین مرۆڤی بووکەشووشەبن.